# شەوی ئەستێرەکان

**کتێبی دووەم**

**ڕۆمان**

**یاسین خێڵانی**

**باوکم پێی گوتم: کوڕم مەڕۆ، سەفەر مەکە، ئەترسم نەگەڕێیتەوەو چیتر نەتبینمەوە، بەڵام دواجار من گەڕامەوە، ئەویشم بۆ هەتاهەتایە نەبینیەوە....**

## 1

ئەو دەمەو بەیانییەی لە نووسینەوەی سەرگوروشتەی ئەو چەند شەوەی شایگانی پوژمان لە کەناری دەریای ناوەڕاست بۆی گێرامەوە بوومەوە زۆر ماندووبووم. بەیادی شایگانی پوژمانەوە دوو پێکی خەست پاستیسم خواردەوەو لێی نووستم.
خۆشترین خەوێک مرۆڤ بتوانێت بە ئاسودەیی بیکات و چێژی لێ ببینێت، ئەو خەوەیە پاش تەواوکردنی کارێک، کە وەک کۆڵێک بە کۆڵتەوەیە و پێت وایە تەواوکردنی کەمێک ئەستەمە، بۆیە بەردەوام لە ناختدا هەست بە ماندووبوون و بێزاری دەکەیت و بە بێ هیچ هۆیەک لە خۆتەوە توڕە دەبیت، کەچی لەگەڵ تەواوکردنی کارەکەدا بزەیەکی مناڵانە دەکەوێتە سەر لێوەکانت و ئارامی و خۆشییەک سەراپای لەشت دەتەنێت و هەست بە ئاسودەیی دەکەیت.
کاتێک بێداربوومەوە کات لە نیوەڕۆ لایدابوو، لەگەڵ ئەوەدا زۆر بەباشی نووستبووم و دەمێک بوو خەوی ئەوەندە قوڵ و ئاسودەم نەکردبوو. تۆزێک هەستم بە جۆرە

سەرقورسییەک دەکرد، بۆیە باشترین دەرمانێک لەکاتێکی وادا خواردنەوەی پەرداخێک ئاوو کوپێک قاوە بوو.

لەکاتی ئامادەکردنی قاوەکەدا لە ئاشپەزخانە بچکۆلەکە دانیشتبووم و بیرم لە قسەکانی شایگانی پوژمان دەکردەوە، لەپڕ قاقاکانی وەک ئاوازێکی ڕوون لەناو گوێمدا دەزرنگانەوە.... هەندێک لە قسەکانی دەهاتنەوە ناو گوێچکەم کاتێک دەیگوت: مسیۆ، ئەوە بیر لەچی دەکەیتەوە؟ "بەو گۆڕە هەمووومان دەچینە ناوییە لەدوای ئەم ژیانەوە ئیتر شتێک نییە ناوی ژیان بێت و لە دوای مردنیشەوە شتێک نییە ناوی مردن بێت" هەڵدە پێکێک لە چاوی ئەم ژیانەی لە میوەیەکی ترش و شیرین دەچێت.

سەرم هەڵبڕی سەیرێکی ئەو ساڵنامەی بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو کردو لەگەڵ ئەو ڕۆژەدا کە شایگانی پوژمانم تێدا ناسی بەراورد کرد، ڕێک یانزە مانگ و نیو بوو.... یەکسەر قسەیەکی شایگانی پوژمانم هاتەوە یاد، کە دەیگوت: هەموو ساڵێک لەم کاتەدا باوە کریس من دەهێنێتە ئێرە بۆ پشوودان!.

هێشتا کوپی قاوەکەم بەدەستەوە و چاویشم لەسەر ساڵنامەکە بوو، بەڵام مێشکم لەسەر گابەردەکان لەلای شایگانی پوژمان چەسپابوو؛ "هەموو ساڵێک لەم کاتەدا باوە کریس بۆ پشوودان دەمهێنێت بۆ ئێرە، تا بەدڵی خۆم بخۆمەوە، قسە بکەم، گۆرانی بڵێم و بگریم". کەواتە هەموو ساڵێک لە ناوەڕاستی مانگی تەموزدا ئەو دەگاتەوە هەمان شوێن!.

بەهۆی ئەوەی بۆ ئەو وادەیە کەمتر لە دوو هەفتەی مابوو، ئەمەش خراپترین کاتێک بوو بۆ دەستکەوتنی بلیتی فڕۆکەو جێگای مانەوە لەو دورگانە، دەبوو بەهەر ڕێگایەک هەبێت بلیتێکی فڕۆکەو ژوورێکی نووستنم لە یەکێک لە میوانخانەکانی ئەو دورگەیە دەستبکەوێت، کە شایگانی پوژمان لە ناوەڕاستی مانگی تەموزدا بۆ ماوەی هەفتەیەک لە سەر گابەردەکانی کەنار دەریای ئەو دورگەیە بەسەر دەبات. بەڵام لێرە هەموو ئەو کەسانەی لەهاویندا نیازی سەفەری دورگەکانیان هەیە بەلای کەمەوە دوو بۆ سێ مانگێک پێشتر بلیتی فڕۆکەو جێگای مانەوە دەگرن.

خۆشترین کاتێک بۆ سەفەرکردنی ئەم دورگانە مانگی تەموز و ئابە، کە پشووی قوتابخانەکانیشە، ئەمەش وایکردووە زۆربەی ئەو کەسانەی نیازی گەشتیان بۆ ئەم دورگانە هەیە پشووەکانیان بخەنە ئەم دوو مانگەوەو چەند مانگێک زووتر شوێنی مانەوە دابین بکەن.

ڕوویەکی خراپی ئەم دوو مانگەش ئەوەیە بەهۆی زۆریی گەشتیارانەوە جەنجاڵی دروست دەبێت و هەموو میوانخانەو شوێنەگەشتیارییەکان لێوانلێو دەبن لە گەشتیاران، ئەمەش هۆکارێکە لەکاتێکی وادا پەیداکردنی بلیتی فڕۆکەو شوێنی مانەوە کەمێک ئەستەم بێت.

بۆیە لەخۆم پرسی: هێلەرس، تۆ بۆ کوێ دەچیت؟ خۆ تۆ بۆ گەشت و سەیران ناچیت! چ باکێکت هەیە لەوەی جێگایەکی باش و بە دڵی خۆتت دەستبکەوێت یان نا! بەتەنها بلیتی فڕۆکەیەک بەسە بۆ ئەوەی وەک حاجی لەقلەقەکانی باکوری ئەوروپا باڵ بگریت و بڕۆیت لەسەر گابەردەکانی کەنار دەریای ناوەڕاست لە باشوری ڕۆژئاوای ئەوروپا هەڵنیشیت!.

تۆ ئیتر ئەو مرۆڤە نیت بە دوای میوانخانەی کەشخەو خواردنی باش و شوێنە دڵگیرەکانەوە بیت، تۆ تەنها دەتەوێت بفڕیت بۆ دونیا جوانەکەی شایگانی پوژمان، کە لەسەر گابەردەکانی کەنار دەریای ناوەڕاست دروستی کردووە....

دیسان لەخۆمم پرسییەوە: هێلەرس تۆ کێیت؟ دوای چەندین ساڵ خوێندن و وانە گوتنەوە لە زانکۆداو ونبوون لەناو کتێبە وشکەکانی ئەکادیمیا، تازە بە تازە خەریکە تولە ڕێیەکی باریک بۆ تێگەیشتن لە خۆت و ژیان بدۆزیتەوە ئەویش لە ڕێگای شایگانی پوژمانەوە، ئایا هەست ناکەیت دوای ئەم هەموو ساڵە لەناو تاریکییەکی بێمانای ژیاندا ژیاویت و ئێستا شایگانی پوژمان مۆمێکی لەناو ئەو تاریکییەدا، کە ڕۆحیشی داگیرکردوویت هەڵکردووە، توشی شەوارە بوویت و بە دەوری خۆتدا دەخولێیتەوەو نازانیت ڕێگا ڕاستەکان لە کوێوەن...؟.

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ خۆمدا لەگفتوگۆیەکی توندا بووم و سەرزەنشتی خۆم دەکرد بەوەی، کە من تا ئێستا نەمتوانیوە وەک پێویست لەگەڵ خۆمدا قسە بکەم و هەندێک پرسیار لە خۆم بکەم، کە شتێکی ئاساییەو هەموو کەسێک توانای کردنی هەیە، کە ئایا من بۆ دەژیم و لە پێناوی چیدا یان بەسادەیی من کێم و لە ژیانمدا چیم دەوێت؟.

شایگانی پوژمان لە دوا شەودا گوتی: "مسیۆ من هیچ شتێکم لەم دونیایەدا نییە جگە لە هیوایەک نەبێت، کە تا ئێستا توانیومە لە ڕێگایەوە دژی نەهامەتییەکان بووەستمەوەو شەڕی خۆم لە دژیان بەرپا بکەم. ئەو هێزو وزەی من بۆ بەردەوامبوون لە ژیاندا هەمە تەنها یەک شتە، من جگە لەو شتە هیچ شتێکی تر لەم دونیایەدا شک نابەم، ئەویش هیوایە، هەرکاتێک ئەو هیوا مرد، ئەوا دڵنیابە منیش دەمرم".

بە پێچەوانەی قسەکانی شایگانی پوژمانەوە، ئێمە لەم دونیادا زۆر شتمان هەیە، بەڵام لەنائومێدیدا نوقم بووین، ئایا ئەمە کارەسات نییە بۆ ئێمە تەنها دەتوانین قسە بکەین و لێکۆڵینەوەی وشک و برینی بێ گیان پێشکەش بە زانکۆو قوتابیانمان بکەین، لەکاتێکدا ژیان خۆی شتێکی ترە، کە هیچ زانست و مەعریفەیەک هێشتا نەیتوانیوە تێی بگات.

ئەوەی دەمویست تەنها ئەوە بوو، هەرچۆن و بەهەر ڕێگایەک بێت بگەمە ئەو دورگەیە. لە مێشکی خۆمدا هەموو ڕێگاکانم تاقیکردبووەوە، بۆ نمونە بە سواری شەمەندەفەر زۆر بە ئاسانی دەمتوانی بگەمە شارێک لە شارەکانی باشور، کە

لەنگەرگای گەورەیان تێدابوو، لەوێشەوە بە پاپۆڕ بۆ کام دورگەت بویستایە ئازاد بوویت لە سەفەرکردن، بەڵام ئەمە بۆ ئەم تەمەن و ڕەوشەی ئێستام کەمێک ماندووکەر بوو.
لەگەنجێتیدا گەلێکجار بەناو دەریاو ئۆقیانۆسەکاندا سەفەرم کردووەو چەندین شەوی جوانم لە ناو دەریاو ئۆقیانوسە قوڵەکاندا لەگەڵ کێتی کۆنە هاوسەرمدا بەسەربردووە. هەندێکجار بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە لەگەڵ کێتیدا خۆمان بەسەر پەرژینە ئاسنینەکاندا دەداو سەیری ئەو شەپۆلانەمان دەکرد پاپۆڕەکە لە شوێنی خۆی بەجێیدەهێشتن و تا مەودایەکی دوورو درێژ ئاسەواریان لەسەر ڕووی دەریاکە دەما خەمێک دامدەگرێت و هەست دەکەم وەک شەپۆلەکان هێواش هێواش خەریکە کاڵدەبمەوەو ئاسەوارەکانم نامێنن.
هەر کاتێک ناوی پاپۆڕ و دەریای ناوەڕاست پێکەوە دێنە بەرگوێم کەمێک خەیاڵ دەمباتەوەو وەک تارماییەک ئەو شەوەم دێتەوە یاد، کە دەبوو ئیتر چاوەڕوانی ئەوە بم ئەوەی بە درێژایی تەمەنم لەسەریەک هەڵمچنی بوون هەرەس بهێنن و بەسەریەکدا بڕوخێن و چارەنوسێکی نوێ لەدەرگام بدات.
چ شتێک هێندەی ئەوە سەختە ئەو ماڵە جوانەی بە درێژایی تەمەنت بنیادت ناوە لەکاتێکدا بڕوخێت توانای دروستکردنەوەت نەمابێت! هیچ ئەوەندەی تێکشکانێک کوژەر نییە، کە هیوای هەستانەوە تەواو لاواز بێت. مرۆڤ لە پرۆسەی ژیانیدا دەتوانێت بەرگەی زۆر شت بگرێت، تەنها شتێک ئەستەمە بتوانێت بەرگەی بگرێت نائومێدییە!.
بەردەوامبوونی ژیان لەگەڵ نائومێدیدا بۆخۆی جۆرێکە لەگوزەرکردنێکی خەمناک و ترسهێنەری بەردەوام بەناو تونێلێکی تاریکدا، کە هەمیشە هەستدەکەیت ئێستا یان کەمێکی تر بەسەرتدا دەڕوخێن و دەبیت بە ژێر هەرەسێکی کوتوپڕەوە.
ئەوەی لەو شەوەدا ڕوویدا، کە نەدەبوایەت ڕووبدات وێرانبوونی ئەو ژیانە بوو چل ساڵی تەمەنم لەسەر دانابوو. خۆم وەک ئەو مرۆڤە بەتەمەنانە دەهاتە پێشچاو سامانێکی زۆریان کۆکردبێتەوە تا لە پیریدا کۆمەکیان بکات، بەڵام لەشەوێکی قومارکردندا هەمووی بدۆڕێنن و بەدەستی بەتاڵ بێنە دەرەوە.
شایگانی پوژمان دەیگوت:" زۆر پیاوم بینیوە لەگەڵ هاوسەرەکانیان بە لوتێکی بەرزەوە هاتوونەتە ئێرە، بەڵام بەتەنهاو لوتێکی شکاوەوە گەڕاونەتەوە".
ئەو ڕاستدەکات، من و کێتی لەو سەفەرە دەریاییەدا لە کەنارەکانی گێنوای ئیتالیاوە بەرەو دورگەی ئیساکای یۆنان دەڕۆیشتین و بەهەمان ڕێگەدا دەبوو بگەڕێینەوە، لەیەکەم شەوی سەفەرەکەماندا هەستم بەوە کرد، وەک ئۆدیسە کەوتوومەتە بەر تورەیی خوداکان و چیتر ناهێڵن ئێمە جارێکی تر بەیەک بگەینەوە، بۆیە نەمویست لەگەڵ چارەنووسی خۆمدا بەشەڕ بێم، جگە لەوەی

لەکاتی گەڕانەوەدا وەک پاڵەوانێکی دۆڕاو لەجەنگدا، بە تەنیشت خۆشەویستەکەیەوە هەست بە لوت شکان بکات، زۆر نا ئومێدانە لەو شەپۆلانەم دەڕوانی، کە لەبەردەم هێزو خێرایی پاپۆڕەکەدا لەت لەت دەبوون و هێواش هێواش بەسەر دەریاکەدا ئارام دەبوونەوەو جگە لەهەندێک کەفی سپی هیچ ئاسەوارێکیان لە شوێن خۆیان جێ نەدەهێشت.
ئەو سەفەرەی من لەگەڵ کێتیدا بۆ دورگەی ئیساکا یەکەم سەفەرو دوا سەفەرمان بوو دوای قوڵبوونەوەی کێشەکانی نێوانمان، ئەویش هەر لەسەر داوای دکتۆر شاسۆتی هاوڕێم بوو.
ئەو کاتەی کێشەکانی نێوانمان بەشێوەیەک بۆگەنی کردبوو، هیچکامان نەماندەتوانی پێکەوە دێڕێک قسە بکەین و سەیری چاوی یەکتر بکەین.
لەپەیوەندی خێزانیدا ئەمە خراپترین و ترسناکترین خاڵێکە خێزانەکان پێی دەگەن، باشتر وابوو ئێمە نەهێڵین بگاتە ئەم خاڵەو کاتێکیش گەیشتە ئەو خاڵە بە ئاشتی و تەبایی ماڵئاواییمان لەیەکتر بکردایە، نەک بەردبارانکردنی یەکتر. بەڵام هەمیشە دکتۆر شاسۆت، ڕێگایەکی تری دەخستە بەردەممان و دەیگوت: هیچ هێندەی دەستهەڵگرتن لەکەسێک، کە ڕۆژێک خۆشتویستووەو لە ئامێزت گرتووە قورس و گران نییە، ئەوانەی ڕۆژگارێک شێتانە عاشق دەبن و لەناو یەکتردا دەتوێنەوە، لە کۆتایی جیابوونەوەدا دڕندانە هەوڵی ئەنجن ئەنجنکردنی یەکتر دەدەن، ئەمە بۆ ئێوە هێشتا زووە، بۆیە ئەگەر نەتوانن جارێکی تر بە گەرمی وەک جاران یەکتری لە ئامێزبگرن و باوەش بۆ یەکتری بکەنەوە، ئەوا با نەگاتە ئەو جێگایەی هەوڵی لەناوبردنی یەکتر بدەن.
دکتۆر شاسۆت جگە لەوەی هاوڕێیەکی نزیکی سەردەمی منالی و قوتابخانەم بوو پزیشکێکی سەرکەوتوو شارەزاش بوو لە چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان و پەروەردەی کۆمەڵایەتییدا. ئەو تاکە مرۆڤێک بوو لە ژیانمدا، کە دەمتوانی بەبێ پەردە هەموو شتێکی خۆمی لەلا باس بکەم، خۆ ئەگەر مرۆڤ لە ژیانیدا کەسێکی نەبێت شتە پەنگخواردووەکانی ناو ناخی بە بێ هیچ ترس و دڵە ڕاوکێیەک لەلا هەڵڕێژێت، ئەوا هەرزو نەخۆشدەکەوێت و بەرەو پوکانەوە دەچێت و لە دونیاو خۆی بە شێوەیەک نائومێد دەبێت خەمۆکی تەواوی ژیان و ڕۆحی داگیردەکات.
منیش ئەگەر هاوڕێیەکی وەک دکتۆر شاسۆت لە ژیانمدا نەبوایە، ئەوا لە دوای ئەو سەفەرەوە، کە کۆتایی بە پەیوەندی نێوان من و کێتی هێنا ڕەنگە کارەساتێکی زۆرخراپم بەسەرخۆم بهێنابا.
ئەوەی لەو ماوەی ژیانمدا ئەزمونم کردبوو ئەوەیە، لەکاتی کێشە و ئەو قەیرانانەی لە ڕۆژگاری ژیاندا دێنە سەر ڕێگات، باشترین پزیشکێک هاوکاریت بکات

هاوڕێیەکی باشە، بۆیە دەڵێم: بەختەوەرن ئەو کەسانەی لە ژیانیاندا هاوڕێیەکی باشیان هەیە، کە هەمیشە خەمەکانیان لەگەڵدا بەش دەکات....

**** **** ****

پاش هەوڵ و گەڕانێکی زۆر لە ڕێگای دۆستێکمەوە، کە لە یەکێک لە بیرۆکانی گەشت و گوزار کاری دەکرد، بلیت و شوێنی مانەوەم لەهەمان دورگە پەیدا کرد.
ئەوەی ئەم سەفەرەی لە هەموو سەفەرەکانی تر جیا دەکردەوە، ئەوە بوو، کە دەبوو لە ڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ژنێڤی سویسراوە گەشتەکەم بکەم و کاتی گەشتەکەش لە نیوە شەودا بوو.
سەفەرکردن لەکاتێکی وادا، کە نزیکەی چەند کاتژمێرێکت دەوێت بۆ گەیشتن بە جێگای مەبەست، بە شێوەیەک ماندوو دەبیت، ڕۆژێکت پێویست بێت بۆ پشوودان.
شتێکی سەیر ئەوەیە هەمیشە مرۆڤەکان لەپێش سەفەرکردنیاندا تووشی جۆرێک لە دڵەڕاوکێ و شڵەژان دەبن و هەندێکجار ئەوەندە شپرزەش دەبن هەندێ لە شتە پێویستەکانی خۆیان لەبیر بچێت....
منیش وەک هەر مرۆڤێکی تر لەپێش هەر سەفەرێکەوە کۆمەڵێک خەیاڵی سەیر ناو مێشکم داگیردەکەن و بەشێوەیەک توشی دڵەڕاوکێ دەبم، کە دەڵێم: لە دوای ئەم سەفەرەوە ئیتر قەت سەفەر ناکەم. هەمووجارێک کێتی پێی دەگوتم: ئەگەر من وەک تۆ لە سواربوونی فڕۆکە بترسم بە هیچ شێوەیەک سواری نەدەبووم، خۆ ڕێگاو وەسیلەی تر زۆرن بۆ سەفەرکردن....
بەڵام من قەت ئەم دڵەڕاوکێیەم بە ترس نەدەبەستەوەو پێم وابوو ئەمە بەتەنها حاڵەتێکی دەروونییە کاتێک هەست دەکەم قاچەکانم ئیتر لەزەوی دابڕوان و من جگە لە میزەڵانێکی با هەڵگرتوو هیچی تر نیم و توانای هیچ جوڵە و بەرگرییەکم نییە و بەدەم تەوژم و شەپۆلی بایەکانەوە دێم و دەڕۆم.... کەچی کێتی بە پێچەوانەوە دەیگوت: من هەست بە گەورەیی خۆم دەکەم، کاتێک لە سەرووی هەورەکانەوە خۆم دەبینم و سەیری خوارەوە دەکەم هەموو شتە گەورەو زەبەلاحەکانیش بە بچوکی دێنە بەرچاوم....
ئەوەی لە دیمەنی ئەمجارەی فڕینەکەمدا بینیم وێنەیەکی ئەوەندە جوانە ئاسان نییە لە زەینمدا بسڕێتەوە. ڕاستە وەک هەرجارێکی تر لەکاتی بەرزبوونەوەی فڕۆکەکەدا ئیتر هەستم بە بۆشی ژێر پێم کردوو وەک هەمووجارێک دڵەڕاوکێی ئەوەی قاچەکانم لەزەوی دابڕوان سەراپای لەشی تەنیم.
زۆرجار بەتەنها دانیشتووم و بیرم لەم دڵەڕاوکێیە کردۆتەوەو تەنانەت لەلای دکتۆر شاسۆتی هاوڕێشم ئەم دڵە ڕاوکێم نەشاردۆتەوەو باسکردووە. ئەو لە وەڵامدا

دەیگوت: ئەوە بەڵگەیەکە، کە ئێمە لە بناغەدا بوونەوەرێکی خشۆکین، ئەگەرچی لەسەر دووقاچیش بڕۆین، تۆ ئەگەر دیقەتی مارێک بدەیت و بە کلکی لە زەوی بەرزی بکەیتەوە ئیتر بۆ خۆی لەجوڵە دەکەوێت، ئێمە لەو ڕەگەزانەین و کەوتووینەتە سەرقاچ، ئەمە پەیوەندی بەترسەوە نییە ئەوەندە پەیوەندی بە بچڕانی لەش و خاک هەیە لەیەکتر. تۆ سەیری ئەو مەلەوانانە بکە لە بەرزاییەکانەوە خۆیان بۆ ناو ئاوەکان هەڵدەدەن، خۆ ئەوانە ناترسن، چونکە ئەگەر مرۆڤ لە کردەیەک بترسێت جارێکی تر دووبارەی ناکاتەوە مەگەر ناچاربکرێت یان شێت بووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چەند چرکە کەمەی، کە بۆ ئێمە هێندەیی چاوتروکانێکە بۆ ئەو لە چەند خولەکێک و چاوتروکانێک زیاترەو ئەو دڵەراوکێ لەو ماوە کورتەدا هەستپێدەکات. زۆرجار وای بۆ دەچم هەر ئەم ڕۆحی پەیوەندییەی لەش بەخاکەوە وایکردبێت مرۆڤ ئەگەرچی چەند ئارەزووی فڕینیش بکات نەتوانێت بفرێت....
لەگەڵ بەرزبوونەوەی فڕۆکەکەداو لەو کاتەدا کەمێک خۆی خوارکردەوە بۆ ئەوەی بچێتە سەر ڕووگەی خۆی، لە چوارچێوەی پەنجەرە بچوکەکەوە چاوم بە گڵۆپەکانی کەنار دەریاچەی ژنێڤ کەوت، وامدەزانی ملوانکەیەکی زێڕینەو لە سەر ئەو زەوییە فڕێدراوەو لەو تاریکییەدا ئەدرەوشێتەوە. شەقامەکانی شار هەمووی لەبەر چاوەکانمدا وەک خشڵ دەدرەوشانەوە، لە دوکانێکی ئاڵتونفرۆش دەچوو لەسەر پشت پاڵخرابێت. ناتوانم ئێستا بە وردی باسی ڕوناکی سەرشەقامەکان بکەم بەتایبەتی لەو جێگایانەی پردەکان بەناو یەکدا چووبوون، هەر لە کۆمەڵێک زنجیرو ملوانکەی ئاڵتوون دەچوون و بەسەریەکەوە فڕێدرابن، هەتا ئەو کاتەی فڕۆکەکە بەتەواوی بەرزبوویەوەو لەشار دورکەوتەوە من تەناف و ملوانکەی ئاڵتونم لەسەر زەوی دەبینی بە جوانی دەدرەوشانەوە.....

## 2

کاتێک گەیشتمە میوانخانەکە دونیا بەرەو ڕوناکبوونەوە دەڕۆیشت و گوێم لە ئاوازی باڵندەکان بوو لەسەر چڵی درەخت و سەر دیوارەکان دەیانخوێند، بەتایبەتیش دەنگی مرە ڕەشەکە وەک هەرجارێک غوربەتێکی لە ناخمدا درووستدەکرد.
کازیوە ئەم دورگەیە بە کۆمەڵێک ڕەنگی جیاوازی وادا تێدەپەڕێت مرۆڤ سەرسام دەکات. سەرەتا بەڕەنگێکی شینی لێڵ دەستپێدەکات هەر دەڵێیت تەم سەرانسەری دونیای داپۆشیوە، هەندێکجار پێت وایە خەتاکە لەبینینی تۆدایەو ئەوە تۆیت وەک

ڤان گۆخ دونیا بە لێڵی دەبینیت نەک دونیا خۆی لێڵە، بۆیە چەندجارێک چاوەکانت دەگلۆفیت و کراوەتر سەیردەکەیت، ڕەنگە شینە لێڵەکە بەرەو کاڵبوونەوە دەڕوات.
لەگەڵ کاڵبوونەوەی دونیادا ڕەنگی دەریاکەش کاڵ دەبێتەوە تا ئەو کاتەی لە سنوری بێکۆتایی دەریاکەدا تاڵەکانی تیشکی هەتاو بەرەو ڕووی ئاسمان هەنگاو دەنێن، ئیتر ڕەنگە ئاڵتونییەکانی تیرۆژ سنوری نێوان ئاسمان و دەریا لەیەک جیادەکاتەوەو دونیا لە نێوان ڕەنگی شین و زەرددا دابەش دەبێت، بەڵام ئەم دابەشبوونە درێژە ناکێشێت و هێواش هێواش لەناو یەکدا دەتوێنەوە...
توانەوە و تێکەڵبوونی ئەم دوو ڕەنگە سیحرێکی گەورەی تێدایە، کە پێچەوانەی یاساکانی ئاوێتەبوونی ڕەنگەکانە. لە یاسای تێکەڵکردنی ڕەنگەکاندا هەمیشە یەکگرتنی ڕەنگی زەردو شین دەگۆڕێن بۆ سەوز، بەڵام لێرە ئەم تێکەڵبوونە دەگۆڕێ بۆ ڕەنگی پرتەقاڵی، ئەمە سیحرێکی گەورەی ئاوێتە بوونی ڕەنگەکانە، کە لەنێوان زەردو شیندا لەبری ڕەنگی سەوز ڕەنگی پرتەقاڵی وەربگریت.
هونەرمەندی مەزن ئەو هونەرمەندە نییە بەتەنها دەتوانێت لەناو یاسای ڕەنگەکاندا گەمەی خۆی بکات و ڕەنگی نوێ بخوڵقێنێت، بەڵکو ئەو هونەرمەندەیە یاساکان دەشکێنێت و لێیان یاخی دەبێت و ڕەنگگەلێک دەهێنێتە بوون لەهیچ یاسایەکی ڕەنگەکاندا بوونی نییە وەک "کلود مۆنێ".
ئەگەر هەرکەسێک لە ئێمە سەیری تابلۆی "کازیوەی ڤینیسیا"ی کلود مۆنێ بکات لەوە تێدەگات، ئەم هونەرمەندە چۆن توانیوویەتی ئەم ڕەنگانە بگوازێتەوە سەر تابلۆیەک و ئەو یاسایانە بشکێنێت، کە لە تێکەڵکردنی دوو ڕەنگ بەتەنها یەک ڕەنگت دەستبکەوێت. ئەوەی کلود مۆنێ لە تابلۆی کازیوەی ڤینیسیادا نەخشاندوویەتی، هەمان ئەو سرووشتەیە تۆ لەم دورگانەدا بە چاوەکانی خۆت دەیبینیت، کە چۆن تیشکە زەردەکانی هەتاو لەسەر وردە شەپۆلە شینەکانی دەریا سەما دەکەن و تێکەڵ نابن، کاتێکیش تێکەڵ دەبن دەگۆڕێن بۆ پرتەقاڵی.
زۆرجار لە کازیوەدا بۆ پیاسەکردنی بەیانیان ڕۆیشتوومەتە کەناری دەریاو ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرە لەبەردەم خۆیدا وەستاندوومی و تابلۆکەی کلود مۆنێیەی هێناوەتەوە بەرچاوم.
نازانم ئەمە سیحری ئەم سرووشتەیە یان تابلۆکەی کلود مۆنێ، کاتێک سەیری تابلۆکە دەکەم دیمەنی ئێرەم دێتەوە پێشچاوو هەستدەکەم لەکەناری دەریاکەدا لەو دیمەنی کازیوەیە ڕادەمێنم، کە چۆن ئەو ڕەنگانە بەشێوەیەکی هارمۆنی تێکەڵی یەکتر دەبن و لەناو دەچن و ڕەنگی دیکە لەدایک دەبن، تا ئەو کاتەی هەتاو بەتەواوەتی سەردەردەهێنێت ئەم تێکەڵبوون و لەناوچوونە بەردەوام دەبێت.
لە کاتێکی واشدا، کە لەکەناری دەریاکەم و لەو دیمەنە ناوازەی سروشت ڕادەمێنیم هەست دەکەم لەبەردەم تابلۆکەی کلود مۆنێدا ڕاوەستاوم، کە قوڵایی ئاسمان بە

شینێکی تۆخ دەستپێدەکات و تا چاوەکانت بەرەو ئاسۆ بگێڕیت ڕەنگە شینەکە بەرەو کاڵبوونەوە دەڕوات و ڕەنگە زەردەکان دەست پێ دەکەن و تا قوڵتر دەڕوانیت پرتەقاڵی و پرتەقاڵی لە ڕەنگی کاڵەوە بۆ تۆخ و لە تۆخەوە بۆکاڵ شۆڕبوونەتەوە بەسەر دەریاکەداو دەریاکەش وەک بییەوێت لە ئامێزیان بگرێت هەست دەکەیت ژنێکە بە ڕووتی پاڵکەوتووەو باوەشەکانی کردۆتەوەو چاوەکانی داخستوون....

هێشتا هەر لەبەردەرگای میوانخانەکەدا بووم و جانتاکەم بەدەستەوە بوو بۆنێکی خۆشی بەیانیانی دورگەکە گەیشتە لوتم، کە تێکەڵەیەک بوو لە بۆنی قەوزەو تۆڕی ڕاوچییەکان، هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو بەرەو ناو میوانخانەکە بەڕێکەوتم....

## 3

لەبەر ئەوەی زۆر ماندوو بووبووم و شەوی ڕابردوو هیچ نەنووستبووم، زۆر زوو خەوم لێکەوت، بەڵام چ خەوێک!.

خەوی پاش ماندووبوون ئەوەندە قووڵە لە خەوی مردوو دەچێت. ئەگەر بڵێم؛ ئەوەندە قووڵ نووستبووم، کاتێک بێداربوومەوە بۆ ماوەیەک سەرم سوڕمابوو لە وەی من لە کوێم و لێرە چی دەکەم...!.

پاش کەمێک بیرکردنەوە هاتمەوە سەرخۆم و هەستم بە لەشسوکی دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە، تۆ بڵێیت بتوانم جارێکی تر شایگانی پوژمان ببینمەوە!.

خراپترین کارێک ئەوەیە هەنگاوەکانی بۆ بنێیت و پاشان بیریی لێبکەیتەوە، منیش یەکێکم لەو کەسانەی بڕوا ناکەم کارێکم ئەنجام دابێت و پێشتر بیرم لێکردبێتەوە، بۆیە هەمیشە لە نیوەی کارەکەدا توشی دڵەڕاوکێ و گومان بووم و نەمتوانیوە بەسەرکەوتووانە کارەکە ئەنجام بدەم، خۆ ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست بهێنیت، ئەوا هیچ چێژ و خۆشییەکی لێ نابینیت.

بەسەرسامییەوە لەسەر ڕایەخەکە ڕاکشابووم و ئەم خەیاڵە خراپە بە مێشکمدا هات، کە من چۆن لەخۆمەوە ملی ڕێگایەکم گرتووەو بە بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەچێت؟. باشە نەدەبوو پێش ئەوەی هەنگاو بەرەو ئەم سەفەرە بنێم بە جوانی بیرم لەوە بکردایەتەوە، کە من جگە لەسەر گابەردەکان هیچ ناونیشانێکی تری شایگانی پوژمانم لەلا نییە!.

ڕاستە ئەو گوتی: من هەموو ساڵێک لەم کاتەدا باوە کریس بۆ ئێرەم دەهێنێت، تا تێر بە دڵی خۆم بخۆمەوە، گۆرانی بڵێم، بگریم و قسە بۆ ماسییەکانی ناو دەریا بکەم، بەڵام کێ دەڵێت: ئەمساڵ دیسانەوە لەهەمانکاتدا بێتەوە بۆ هەمان شوێن....!.

هیچ ئەوەندەی پەشیمانیی مرۆڤ لەناخی خۆیدا ڕیسواو شەرمن ناکات، بۆیە باشترین کارێک مرۆڤ بیەوێت ئەنجامی بدات ئەو کارە نییە، کە تیایدا سەرکەوتوو دەبێت، بەڵکو ئەو کارەیە پێش ئەوەی بە ئەنجامدانی هەستابێت بە باشی بیری لێکردبێتەوە.

بیرکردنەوەی باش لە هەرکارێک پێش ئەنجامدانی، ئەگەر مرۆڤ سەرکەوتنیش بەدەست نەهێنێت لەناخی خۆیدا هەست بە هیچ شکستێک ناکات و لەبری ئەوەی ئازار بچێژێت بە پێچەوانەوە هەست بە ئاسودەیی ویژدان دەکات....

هێشتا هەر لەسەر ڕایەخەکە پاڵکەوتبووم و وەک بارێکی قورس کەوتبێتە سەر هەردوو شانەکەم توانای ڕاستبوونەوەم نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پەیتا پەیتا بیرو خەیاڵی خراپ سەریان دەکردە ناو بیرکردنەوەم و لەناخەوە توڕەیان دەکردم بەمەش زیاتر لەخۆم پەست دەبووم.

ڕاستە دەڵێن: بیرکردنەوەی خراپ بەتەنها مێشک ناگەنێنێ بەڵکو لاشەش ئیفلیج دەکات، ئەوە نزیکەی کاتژمێرێکە من لەجێگای خۆم دانیشتووم و تا زیاتر بیرو خەیاڵی خراپ بە مێشکمدا گوزەر بکات، لەشم زیاتر بەرەو ئیفلیجبوون دەڕوات تا ئەو جێگای، کە نەتوانم هەستمە سەرپێ و هیچ نەبێت دەرگای باڵکۆنەکە بکەمەوەو هەوایەکی پاک هەڵمژم و بۆساتێک لەدەرەوە بڕوانم.

لەسەر ڕایەخەکە ڕاستبوومەوە بۆ ئەوەی هەستمە سەرپێ، بەڵام وەک تەنێکی قورس خرابێتە سەر هەردوو شانەکەم، توانای ڕاستبوونەوەی لێبڕیبووم و قاچەکانیشم ئەوەندە لاواز بوون توانای ڕاگرتنی جەستەمیان نەبوو، لەو کاتەدا قسەیەکی دکتۆر شاسۆتم بیرکەوتەوە، کە دەیگوت: بیرکردنەوە نێگەتیڤ و خراپەکان بەشێوەیەک ژیان لەمرۆڤ دەکەنە دۆزەخ لە ڕوناکترین ڕۆژدا هەموو شتێک بە تاریکی ببینێت، تەنانەت تام و چێژ لە جوانییەکانیش نەبینێت و لە شیرینترین خواردندا هەست بەتاڵی بکات، ئەمەش وا دەکات ئەو کەسە بەرەو گۆشەگیریی و خۆکوشتن ببات....

ئەم وتەی دکتۆر شاسۆتم چەندجارێک لەبەرخۆ گوتەوە، هەرجارەو هەستم دەکرد وزەو هێزێکی زیاتر دەگەڕێتەوە ناو گیانم و خوێنی ناو دەمارەکانم خێراتر دەسووڕێن، بۆیە پێش هەر شتێک بەپەلە خۆم گەیاندە دەرگای باڵکۆنەکە.

لەگەڵ کردنەوەی دەرگای باڵکۆنەدا گڕەیەک هەڵمەتی بۆ هێنام وەختبوو پێستەکانی سەر ڕوومەتم بسووتێنێت.

ڕاستە ئەم دورگەیە لە مانگەکانی تەمموز و ئابدا بەرزترین پلەی گەرما تۆمار دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا گەرمایەکی وەڕەسکەر نییە، جگە لەکاتێکی وادا نەبێت، کە مرۆڤ لە شوێنە فێنکەکانەوە لە پڕێکدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە یان وەک کڵپەی ئاگرێک لوتت پێیدا بچزێت.

لە باڵکۆنەکەوە بە مەبەستی تەماشاکردنێکی سەر دەریاکە، چاوەکانم بەرز هەڵبڕین، بەڵام دەریایەک سەراب لەبەر سۆمای چاوەکانمدا بەسەر سەربانی میوانخانەو ماڵەکانی بەردەممدا شەپۆلیان دەدا.
گەرماش بۆنێکی تایبەت بەخۆی هەیەو مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێت بە بۆنی گەرمادا خوێندنەوەیەک بۆ کات بکات. منیش وەک ڕاهاتبووم یان ڕەنگە پەیوەندی بە ئەزموونی ئەم شوێنانەوە هەبێت پێشتر لێیان ژیاوم، لەوە تێگەیشتم کات دەمەو عەسرە، بۆیە وا سەربان و هەموو دارو بەردەکان تینی گەرمایان لێ بەرز دەبێتەوەو سەراب وەک گەلە مێروولەیەکی باڵدار بەسەر هەموو شوێنەکانەوە باڵە فڕکەیەتی.
من زۆر پەلەم بوو زوو خۆم کۆ بکەمەوەو بەرەو کەناری دەریاکە بۆ دۆزینەوەی شایگانی پوژمان بەڕێ بکەوم، ئەگەرچی هێشتا دوودڵی و دڵەڕاوکێ بەری نەدابووم، کە ئایا ئەم ئێوارەیە ئەوەی من بەدوایدا دەگەڕێم و ئەو هەموو ڕێگا دوورەم بۆ بڕیوە دەیدۆزمەوە یان بە نائومێدییەکی گەورەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئەم ژووری میوانخانەیەو مۆتەکەکانیش ئەم لاوازیی و تەنهاییەم دەقۆزنەوەو هێرشی یەک لەدوای یەک دەکەنە سەرم و ئەوەندەی تر لەناخەوە وردو خاشم دەکەن!.
دەبوو چی زووترە خۆم لەدەست جەنگی دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی ڕزگار بکەم. بۆ ئەوەی بتوانم بە مێشکێکی کراوەوە هەڵسەنگاندن بۆ پێشهاتەکان بکەم، بۆیە لەکاتێکی وادا بیرم لەوە کردەوە، کە دوشێک بە ئاوی سارد کارێکی خراپ نەبێت، کە هەم هاوکاری بنیاتنانەوەی سوڕی خوێن دەکات و هەم دەمارە خاوبووەکان گورج دەکاتەوە، ئەمەش مرۆڤ چالاکتر دەکات.
پاش ئەوەی ڕۆیشتمە حەمامەکە ماوەیەکی زۆر لە ژێر ئاوی دوشەکەدا مامەوەو توند چاوەکانم نوقاندبوو وەک ئەوەی لەبەردەم بارانێکی بەخوڕدا وەستابم و نەمەوێت بجوڵێم تا بزانم خۆی کەی کۆتایی دێت.
من ئەگەرچی بە جەستە لەژێر شەپۆلی تەڕبوونێکی بەردەوامدا بووم، بەڵام بیرو هۆشم بەکەناری دەریاکەدا دەڕۆیشت تا ئەو جێگایەی شایگانی پوژمان دونیایەکی تایبەتی بۆ خۆی لەسەر گابەردەکان درووستکردبوو. بیرم لەوە دەکردەوە چ نائومێدییەکە، کاتێک سەردەکەوم بەسەر گابەردەکانداو لە دابەزیندا ئەو پیاوە تورە و ڕووخۆشە نەبینمەوە، جگە لە ئاسەواری کۆمەڵێک یادگاری شەوانێک، کە پێکەوە لە پەنای ئەو گابەردانەدا بەسەرمان بردووە.
لەژێر لێزمەی بارانی ژێر دوشەکەدا کەمێک سەرم شۆڕکردەوە، ئاوەکەش بە خوڕ لەپشتی سەرمەوە بەسەر پشت و شان و ملمدا هەموو لەشمی تەڕ دەکرد، لە پڕێکدا وەک ئەوەی دەنگێک لە هەناوی ئاوەکەوە بێتە دەرەوە بەنەرمی، هەر لەدەنگی هەناسەی ئاو دەچوو گوتی: "مسیۆ، ئەوە بیر لەچی دەکەیتەوە...؟ بەو گۆڕەی، کە

نازانم کەی و لە کوێ وەک سەگێکی تۆپیو فرێمدەدەنە ناوییەوە دەمزانی تۆش جارێکی تر دەگەڕێیتەوە بۆ ئێرە. مسیۆ، ئەوە چییە ئەڵێی کەروێشکێکی ترساویت گوێچکەکانت قوت بوونەتەوەو سییەکانت ئەوەندە بە خێرایی هەوا هەڵدەمژن و دەیدەنەوە مرۆڤ وا هەستدەکات سییەکانت کەوتوونەتە ناو ورگتەوە، چاوەکانیشت توانای دیقەتدانیان لەسەر شتێک نەماوەو هەریەکەیان بەلایەکدا دەڕوانێت!، وەرە خوارەوە بزانم چ ڕەشەبایەکی نەگبەتی دیسان تۆی بۆ ئێرە هەڵگرتووە...."

بە چاوە داخراوەکانمەوە هێشتا سەرم هەر لەژێر ڕێژنەی دوشەکەدایەو بیر لەو چەند قسەیە دەکەمەوە، کە ئێستا لە گەڵ ئاوازی ئاوەکەدا کەوتنە بەر گوێچکەکانم، لە پڕێکدا هەستم دەکرد هەناسەکانم خێراتر دەبن و چیتر ناتوانم بە سییەکانم هەناسە بدەم و وەک ئەو کەروێشکە ترساوە ورگم جێگای سییەکانمی گرتۆتەوەو گوێچکەکانیشم قوڵاخ وەستاون و توانای دیقەتدانی هیچ شتێکم نەماوەو هەموو شتێک وەکو تارماییەک لەبەر سۆمای چاوەکانمدا دێن و دەچن تا ئەو جێگایەی سەرم ئەوەندە گێژی خوارد نەمتوانی چیتر لەسەر قاچەکانم بووەستم، ئەگەر زوو خۆم بە بۆری دوشەکەوە نەگرتایە ئەوا بە جۆرێک دەکەوتمە ناو بانیۆکەوە دوور نەبوو ئێسکەکانی لەش و پشتم بە شێوەیەک تووشی تێکشکان ببوایەن کۆتایی بە ژیانم بهاتایە یان ئەو تەمەنە کەمەی لەبەردەمدا مابوون بە ئیفلیجی بە ڕێم بکردایەت....

لەناو بانیۆکە بە هێواشی دانیشتم، ئەوەم نەزانیبوو، لەو کاتەدا توند خۆم بە شیشی دوشەکەوە گرتبوو بۆ ئەوەی نەکەومە سەر زەوی دەستیشم بەر بەلوعەی ئاوە گەرمەکە کەوتبوو، ئەگەرچی کەمێک هەستم بەوە کردبوو ئاوەکە بەرەو گەرم بوون دەڕوات، بەڵام گێژبوون و بەرچاو تاریکبوون هۆشی تەواوی لەبەر هەڵگرتبووم، تا ئەو کاتەی وەک کترییەک ئاوی گەرم بە پشتدا بکەن هاوارێکم لێ بەرزبووەو ئەوەندە بە خێرایی دەرپەڕیمە دەرەوە قاچم لەسەر کاشییەکە خلیسکاو ئەگەر بەدەستەکانم خۆم بە دەرگاکە وە نەگرتایە ئەوا سەرم بەشێوەیەک دەی کێشا بە زەوییەکەدا دوور نەبوو وەک شوتییەکی گەیوو شەقی نەبردایە....!

هێشتا هەر لەسەر زەوییەکە کەوتبووم، ئازاری سوتانی پشتیشم بە شێوەیەک تاوی بۆ هێنام نەمدەتوانی خۆم لەبەریدا ڕابگرم، ویستم دەستم بخەمە سەر شوێنی سوتانەکە، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی دەستم تۆپەڵێک پێستی سوتا کەوتنە ناو دەستمەوە، ئیتر تێگەیشتم، زۆر خراپ پشتم سوتاوە، بۆیە بڕیارمدا بەهەر شێوەیەک بێت خۆم بگەیەنمە نەخۆشخانەیەک و خۆم تیمار بکەم.

بە پەلە سەردانی یەکێک لەو نۆڕینگانەم کرد، کە تایبەتن بە هاوکاری و فریاکەوتنی چارەسەری خێرای گەشتیارەکان. ئەم جۆرە نۆڕینگانە لە سەر شەقام و

ناو کۆڵانەکاندا، بۆ چارەسەری خێرای هەندێک ڕووداوی کتوپڕ لە ناوچەکەدا بە شێوەیەکی بەرچاو هەن.
بۆ چارەسەر بردمیانە ژوورێکەوەو لەسەردەم لەسەر تەختێک ڕاکشام و ماوەی نیو کاتژمێر بە جێڵی بەستوو هەموو شوێنە سوتاوەکانیان سارد کردەوە، ئەگەر بڵێم ئازاری ئەم ساردکردنەوە، لە ئازاری سوتانەکە بە سوێتر بوو بڕوام پێبکەن. پاشان پزیشکەکە کرێمێکی دایە دەستم و ئامۆژگاری کردم، هەموو ڕۆژێک یەکجار بەم کرێمە شوێنە سوتاوەکان چەور بکەم و هەوڵ بدەم هەمیشە شتێکم لەبەردا بێت بۆ ئەوەی لە تیشکی هەتاو خۆم بپارێزم تا پێستەکە درووستدەبێتەوە و برینەکان سارێژدەبن.
پاش ئەوەی لە نۆڕینگاکە هاتمە دەرەوە، هێشتا هەستم بە ئازارێکی زۆر دەکرد، بەتایبەتیش ئەو کاتانەی کراسەکەی بەرم لە برینەکە دەخشا، بۆیە ناچار بووم بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئازارە دەستێکم بە چمکی کراسەکەمەوە بێت، بۆ ئەوەی بەر برینەکان نەکەوێت.
لەو کاتەدا بەرەو سەر شەقامەکەی ناوشار دەڕۆیشتم، چیتر بیرم نەمابوو ئیتر من بۆچی هاتووم بۆ ئەم دوورگەیەو بەدوای چیدا وێلم! ئەو ئازارە بەشێوەیەک بڕستی لێبڕیبووم نەمدەتوانی بیر لەهیچ شتێکی تر بکەمەوە، تەنها ئەوە نەبێت خۆم بە یەکێک لە چێشتخانەکاندا بکەم و بگەڕێمەوە بۆ میوانخانەکە، ئەگەرچی ئەوەشم دەزانی بە ئازارێکی لەو جۆرەوە نووستن چەنێک ئەستەم دەبێت، بە تایبەتیش بۆ کەسێکی وەک من، کە بەتەنها لەسەر پشت دەمتوانی بنووم، ئەمەش یەکێکی ترە لەدەردەکانم، کە پزیشکەکان نەیانتوانی لەسەر ئەوە ڕامبهێنن لەسەر شان یان لەسەر دەم بنووم، چونکە نووستنی بەردەوام لەسەر پشت بۆ من دەبووە مایەی پرخە پرخی زۆرو لەمەترسییەکانی جەڵدە نزیکی دەکردمەوە.
هەروا بیرم لە مەسەلەی لەسەر پشت نووستن دەکردەوە، قسەیەکی دکتۆر شاسۆتم بیرکەوتەوە، کە دەیگوت:"پێویستە مرۆڤ لەو کاتانەدا توشی کارەسات و ناخۆشی دێت، باشترێکە هەمیشە گەشبین بێت و هیچ گازندە و سکاڵایەک نەکات، چونکە گازندە و سکاڵا مرۆڤەکان بەرەو بیرکردنەوەی خراپ و نائومێدی زیاتر دەبەن، گەشبینیش بەرەو هێزی چاکە ڕاماندەکێشێت". هەروا چەندجارێک ئەمە قسەیەم لە مێشکی خۆمدا دووبارە دەکردەوە، هەستم دەکرد بەرەو جۆرێک لە ئاسودەی و دڵخۆشبوون دەڕۆم، ئەمەشم بۆ ئەوە دەگێڕایەوە، ڕەنگە ئەم سوتانە هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی من لە خەوتنی سەر پشت دوور بخاتەوە، بەمەش هەنگاوێک لە مردن دوور دەکەومەوە، کێ دەڵێت: وانییە...!.
بەدەم ڕۆیشتن و چاوگێڕان بەدوای ڕیستۆرانتێکی گونجاودا ئازارەکەم بەشێوەیەک زیادی دەکرد ئەگەر پێم شەرم نەبوایەت لە ناوەڕاستی ئەو بازەڕەدا وەک

مریشکێکی سەربڕاو هەڵدەقونیم و خۆم بە هەموو شوێنێکدا دەدا، چونکە لەگەڵ هەر دڵۆپە ئارەقەیەکدا لەپشتی ملمەوە بەسەر برینەکەدا ڕۆدەچوو، هەستم دەکرد خوێ دەکەنە سەر برینەکەم، بۆیە ئەوەندە لە حەوسەڵەمدا نەما بەپەلە خۆم بە ڕیستۆرانتێکدا کردو هەموو شەرمێکم لەبەر هەڵگیراو بانگی یەکێک لەگارسۆنەکانم کرد پەرۆیەکم بۆ تەڕ بکەن و ئەو شوێن برینانە کەمێک ساردبکەنەوە.
ئەوەی جێی سەرنجە لەم دورگانەدا سەرەڕای ئەو هەموو جەنجاڵی و هاتوهاوارە زۆرەی تا بەرەبەیان لەناو ئەم شەقام و کۆلانانەدا ناهێلێت کەس بحەوێتەوەو کرێکارەکانیش تا ئەندازەی پروکان ماندوو دەبن، بەڵام ڕوو لە میوانێک گرژ ناکەن و هەمیشە بە سنگێکی کراوەو ڕوویەکی خۆشەوە بۆ هەر داواکاری و هاوکارییەک پێشوازیت لێدەکەن.
ئەم ڕیستۆرانتانە بە هۆی زۆری میوانەکان و گەرماوە دەرگاو جامخانەکانیان کراوەن و شەوانە تا سەر شۆشتەی شەقامەکان کورسی و مێز دانراون، منیش بۆ ئەوەی خۆم لەدەست گەرماو ئارەقکردنەوە ڕزگار بکەم سوچێکم لە بنەوە لەنزیک یەکێک لە دەزگا فێنککەرەوەکان هەڵبژارد و پاش ئەوەی دانیشتم و دوان لە گارسۆنەکان بە دەممەوە هاتن و داوایانلێکردم چۆن دەتوانن یارمەتیم بدەن، منیش حاڵ و پەرێشانییەکەی خۆم تێگەیاندن، ئەوانیش زۆر دڵسۆزانە سەتڵێکی بچوک بەفراویان هێناو بەجوانی هەموو شوێنی برین و سوتاوییەکانیان فێنککردەوە....
پاش ئەوەی کەمێک هەستم بە حەسانەوە کرد زۆر سوپاسی ئەو خزمەتکارانەم کردو بێ هیچ بیرکردنەوەو دوو دڵییەک داوای خواردنی "پایلا"م کرد، چونکە ئەو خواردنە یەکێکە لە خواردنە ناودارەکانی ئەم مەملەکەتەو هەر گەشتیارو ڕێبوارێک ڕێگای بکەوێتە یەکێک لەم دورگانەو ئەو خواردنە نەخوات وەک ئەوە وایە ئەو دورگەیەی نەدیبێت. ئەم خواردنە هاوشێوەی بریانی وڵاتانی ئاسیاو بەشێکی ڕۆژهەڵاتە، تەنها جیاوازییەکەی نێوانیشیان ئەوەیە لە وڵاتانی ئاسیاو ڕۆژهەڵات بە گۆشتی گیاندارە وشکاییەکان دروستی دەکەن بەتایبەتیش پەلەوەرەکان، بەڵام لێرە بە گیاندارە ئاوییەکان. هەرچەندە ئێستا بەهۆی ئەوەی خەڵکانێک هەن حەز بە خواردنی گیاندارە ئاوییەکان ناکەن بە چەندین شێوازی جیاواز بە گیاندارە وشکاییەکانیش دروستدەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەلیقەی خواردنی کەسەکان، کە لە منداڵیدا درووست دەبێت و لەگەڵ گەورە بووندا شێوەی خۆی وەردەگرێت.
ئەو سەردەمانەی لەگەڵ کێتی کۆنە هاوسەرمدا سەفەرمان بۆ وڵاتانی جیاواز دەکرد، هەمیشە من و ئەو لە هەڵبژاردنی خواردندا جیاواز بووین، چونکە ئەو بەتەنها دەیتوانی ئەو خواردنانە بخوات، کە دەیانناسێت و پێشتر تامی کردوون، بە پێچەوانەوە من هەمیشە حەزم کردووە خواردنی نوێ تام بکەم. ئاخر

جیاوازییەکەی من و ئەو لەوەدا بوو، من لەناو خێزانێکدا گەورەو پەروەردە بووم، قەت دایک و باوکم پێیان نەگوتووم دەبێت چی بخۆم و چی نەخۆم، بەڵکو هەمیشە هانیان دەدام، کە دەبێت هەموو خواردنێک تام بکەم، نابێت لەبەر هیچ هۆکارێک خواردن ڕەت بکەیتەوەو نەیخۆیت بەتەنها لەبەر ئەوە نەبێت، کە تامەکەی ئەو چێژەی نییە لەگەڵ سروشت و حەزی تۆدا بگونجێت.
پەروەردەی خواردن بناغەیەکی باشە بۆ پەروەردەی کەسایەتی منداڵ، چونکە جگە لەوەی لایەنی نێگەتیف لەبیرکردنەوەی منداڵدا دەکوژێت، لایەنی پۆزەتیڤیش بە شێوەیەک بەهێز دەکات بە چاوێکی ڕێزەوە لە کولتوری خواردنەکانی هەموو خەڵکانی سەر ئەم گۆی زەوییە بڕوانێت و لەبری ئەوەی قێزیان لێبکاتەوەو نەفرەتیان بۆ بنێرێت هیوا خوازە بۆ جارێک تامیان بکات، چونکە هیچ خواردنێک نییە لەم دونیایەدا پیس و خراپ یان خۆش و ناخۆش بێت، بەڵکو ئەوە ناخ و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە بڕیار لەسەر پاک و پیسی و خۆش و ناخۆشی خواردنەکان دەدات....
وەک هەموو جارەکان، هێشتا پەرداخی خوارنەوەکەم تەواو نەکردبوو تاوە پایلاکە گەیشتە سەرمێزەکەم، ڕەنگە ئەمە جیاوازییەکی تری ئەم خواردنە بێت لەگەڵ خواردنەکانی تردا، کە ئەو تاوەی خواردنەکەی تێدا ئامادە دەکرێت ڕاستەوخۆ لەسەر ئاگرەکەوە دەگوازرێتەوە سەرمێزی خواردن، بۆیە ئەوەندە گەرمە تا ماوەیەک هێشتا دەبینیت بەهێواشی لەناو تاوەکەدا قوڵپ دەدات و هەڵم لە جەستەی قرژاڵ و ڕۆبیانەکان هەڵدەسێت.
ئارام دانیشتبووم و چاوەڕوانی کەمێک ساردبوونەوەی پایلاکە بووم، هەستم دەکرد ئازاری سوتانەکەی پشتم بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات. جارناجارێک چاوم دەبڕییە ئەو میوانە تازانەی دەهاتنە ناو ڕیستۆرانتەکەوە...
زۆربەی زۆری ئەوانەی دەهاتنە ئەم جێگایانەوە هاوسەرێک یان هاوڕێیەکیان لەگەڵدا بوو، زۆر دەگمەن دەتبینی کەسێکی وەک من بە تەنها ڕوو لەم شوێنانە بکات، لە ڕاستیشدا ئەم جێگانە جێگای مرۆڤە تەنهاکان نین، هیچ مرۆڤێک ناتوانێت بەرگەی ڕۆژێکی تەنهایی ئەم دورگانە بگرێت.
ئەم ڕیستۆرانتانە بەتەنها چێشتخانەیەکی ئاسایی نین، هەرکاتێک مرۆڤەکان برسییان بوو ڕوویان لێبکەن، بەڵکو ئەم ڕیستۆرانتانە هەم جێگای خواردنەوەن هەم جێگای شادی و خۆشی میوانەکانن. لەدوای خۆرئاوابوون، ئەم جێگانە پڕ دەبن لە میوان و کاتەکانی خۆیان بە خواردنەوەو گوێگرتن لەمۆسیقا و دانسکردنەوە تا درەنگانی شەو بەسەر دەبەن.
مۆسیقا بەشێکی دانەبڕاوە لەم دورگەیە، بۆ هەر شوێنێک دەڕۆیت گوێچکەکانت پڕ دەبن لە ئاوازی جۆراو جۆری مۆسیقا. ژیانی ئەم دورگەیە پێمان دەڵێت "ژیان بەبێ

مۆسیقا نەک هەر هیچ تام و چێژێکی نییە، بەڵکو هیچ مانایەکیشی نییە"، ئەوەی دەیەوێت بۆ تاوێک چیژ لە ژیان ببینێت ئەوا با گوێ لە مۆسیقا بگرێت، مۆسیقا لێرە وەک هەوای لێهاتووە، لە هەموو شوێنێک دەتوانیت بەبێ بەرامبەرو بە ئاسانی هەڵیمژیت.
لەسەرخۆ دەستم بە نانخواردن کرد، لە پشتی سەرمەوە گوێم لە گۆرانییەکی فلامینکۆیە بەدەنگی "جیپسی کینگ". یەکەمجار ئەم گۆرانیەم لە شاری سێڤیا، کە عەرەبەکان پێی دەڵێن ئیشبیلیە بیست، یەکێک لە سیفەتە خراپەکانی عەرەبەکان ئەوەیە بڕۆنە هەرجێگایەک لەبری ئەوەی خۆیان لەگەڵ کولتورو نەریتی ئەو شوێنەدا بگونجێنن هەوڵ دەدەن ئەوان لەگەڵ خۆیاندا بگونجێنن و هەمیشە پەلاماری هەر شوێنێکیان دابێت یەکەم شت ناوەکەیان بۆسەر زمانی خۆیان گۆڕیوە و پاشان دەستیان بە گۆڕین و سڕینەوەی کولتورەکەیان کردووە بەو شێوەیەی لەگەڵ تێگەیشتن و نەریتی ئەواندا بگونجێت.
ئەو کاتە لەگەڵ کێتیدا هەڕەتی لاوێتیمان بوو و بە شێوەیەکی شێتانە یەکترمان خۆشدەویست و بەردەوام گۆرانیمان دەخوێندو پێدەکەنین. ئەو سەفەرەی سێڤیا یەکەم سەفەری من و کێتی بوو، کە باوکم وەک دیاری دەزگیرانداری پێی بەخشین، بەڵام یەکێکە لەو سەفەرانەی قەت لەیادەوەریمدا کاڵ نابێتەوە....
ئەم ژیانە وەک شایگانی پوژمان دەڵێت؛ "ئەوەندە دڵڕەقە، ئەگەر بەو ڕەقییەی خۆیەوە ڕووبەڕووی نەبینەوە ئەوا هەرزوو تێکمان دەشکێنێت و ڕیسواو نابوتمان دەکات" ئەگینا دەبوو من ئێستا دوای ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ کێتیدا شێتانە یەکترمان خۆشدەویست و بە شێوەیەک عاشقی یەکتربووین، پێمان وابوو لەم دونیایەدا جگە لە ئێمە هیچ بوونەوەرێکی تر نییە، دەبوو لە یەکێک لەو نەخۆشخانانەی تایبەتن بە نەخۆشییە دەروونییەکان بکەوتمایەتە ژێرچاودێری پزیشکان و چارەسەرەوە، بەڵام خۆشبەختانە لەسایەی هاوڕێیەکی وەک دکتۆر شاسۆتەوە وا خەریکە ژیانم بەرەو باشتر دەڕوات و ڕەوتێکی نوێ وەردەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک گوێم لەو گۆرانییەی جیپسی کینگە لە پشتی سەرمەوە بەردەوام دەڵێت: (Vuelve) بگەڕێوە ئەو ئێوارانەم بیردێنێتەوە، کە لەگەڵ کێتیدا لەناو پارکی "ماریا لوسیا" بەدەوری فوارەی بۆقەکاندا دەسوڕاینەوەو شەڕە ئاومان دەکردو لەبەر خۆمانەوە ئەم گۆرانییەمان بە شێوازی خۆمان دەگوتەوە.
ئەو گۆرانییە بۆ یەکەمجار لەیەکێک لە ڕیستۆرانتەکانی ناو شار گوێمان لێبوو، هەرزوو دڵی بۆ خۆی بردین و بە بێ ئەوەی یەک وشەی لێ تێبگەین یەکسەر لەبەرمان کرد یان ڕەنگە ئەو بەزۆرخۆی خزاندبێتە ناو مێشکمانەوە.
پاش ماوەیەک مانای ئەم گۆرانییەمان لە گارسۆنی یەکێک لە ڕیستۆرانتەکانی ئەو شارە پرسی هەر بە کورتی بۆی ڕوونکردینەوە، کە ئەو گۆرانییە بەتەنها چوار

ڕستەیە، کە دیالۆگێکی نێوان کوڕو کچێکە، کوڕەکە داوا لە کچەکە دەکات نەڕوات، ئەو لەچاوەڕوانیدا دەبێت کاتەکان بژمێرێت. کچەکەش لەوەڵامدا دەڵێت؛ من نامەوێت بگەڕێمەوە، من نامەوێت بگەڕێمەوە.
سەیرە ئەو نیوەڕۆ گەرمانەی خەڵکی بۆ خۆفێنک کردنەوە ڕوویان لە کەنار دەریاو ڕووبارەکان دەکرد، یان بۆ پشوو حەسانەوە بۆ ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونیان دەگەڕانەوە، ئێمە وەک دوو عاشقی شێت بەناو پارکەکاندا دەسووڕاینەوەو ئەو گۆرانییەمان لەگەڵ یەکدا دەگوتەوەو لەمسەری فوارەی بۆقەکانەوە بۆ ئەوسەری فوارەی شێرەکان من بە دوای کێتیدا ڕامدەکردو پێمدەگوت: ئازیزەکەم بگەڕێوە، وا دوور مەڕۆ، بگەڕێوە، ئەو بە قاقا، پێکەنین و هەناسە بڕکێوە دەیگوت: نا، ناگەڕێمەوە، نا ناگەڕیمەوە، کەچی دوای ئەو هەموو ساڵە ڕۆیشت و بەتەنها بەجێیهێشتم هەر بەڕاستی نەگەڕایەوە....
لەبەر خۆمەوە ئاهێکم هەڵکێشاو دەستم بەنانخواردن کردەوە، لەو ماوە کەمە بێدەنگییەی نێوان کۆتایی گۆرانییەک و دەسپێکی گۆرانییەکی تر، لەدەرەوە ڕەنگە زۆر دووریش بووبێت وەک با بیهێنێت گوێم لە ئاوازێکی غەمگین بوو. ئەم ئاوازە وەک سیحرم لێبکات لەگەڵ خۆیدا بردمی، هەستم دەکرد لەوماوە کورتەدا گوێم لە ئاوازی "فلوتی سیحراوی"یەکەی "مۆتسارت"ە، بەڵام دەسپێکی گۆرانییەکی تر لە پشتی سەرمەوە توانی بەسەردەنگی ئەودا زاڵ ببێت و بێدەنگی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی ئەو دەنگە لەناو مێشکی مندا بێدەنگ بکات و هەروەکو با بیهێنێت بە نەرمی و لەسەرخۆ لێی دەدایەوەو منی بەخەیاڵەوە لەگەڵ خۆیدا دەبرد....
دوای ئەوەی پشوویەکی باشمداو کەمێک ئازارەکەی پشتم هێوربووەوە مەیلی چوونەدەرەوەم دەکرد، بەتایبەتی ئەو دەنگی مۆسیقا لەناو کەللەی سەرمدا بەردەوام لێی دەدایەوەو هەستم دەکرد چواردەوریشم لەسەرخۆ قەرەباڵغ دەبێت، ئەم قەرەباڵغ بوونەش بۆ خۆی جۆرە ژاوەژاوێک دروستدەکات ئەمەش بۆ ئەم باردودۆخەی من کەمێک ماندووکەر بوو، بۆیە بڕیارمدا بڕۆمە دەرەوەو ئەو دەنگی مۆسیقایە بدۆزمەوەو کەمێک گوێ لەو ئاوازە غەریبە بگرم، کە پێش کەمێک وەک نەسیمێک بەلامدا تێپەڕبوو، بەڵام هێشتا فێنکاییەکەی ئارەزوویەکی خۆش بە گیانم دەبەخشێت....
کاتێک لە ڕیستۆرانتەکە وەدەرکەوتم هەتاو بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت و گەشتیاران کەنار دەریاکەیان بەجێدەهێشت و بەرەو ناو بازاڕو سەر شەقامەکان دەهاتن، منیش پاش ئەوەی لەسەر شەقامەکە وەستام بە باشی گوێم هەڵخستەوە بۆ مۆسیقاکە، دوور دوور کەوتەوە بەر گوێم و بەرەوڕووی کەوتمەڕێ.

ئەوەی لەلام سەیربوو لەکاتی ڕۆیشتندا بەرەو ئەو جێگایەی دەنگی مۆسیقاکەی لێوە دەهات هەستمدەکرد چەند نزیکتر دەبمەوە بە شێوەیەک بەرەو لای خۆی ڕامدەکێشێت هەموو ئازاری سوتاوییەکەی لەبیردەبردمەوە، ئەگەرچی لەکاتی ڕێکردنیشدا کراسەکەم بەر برینەکەی سەرپشتم دەکەوت....
بەدەم ڕێگاوە زووزوو لەخۆم دەپرسی، ئەم مۆسیقا نەعلەتییە چییە وا بەو شێوە پەرێشانی کردووم، باشە من زۆربەی کۆنسێرتە ناوادرەکانی جیهان لە هۆڵی "پلەیەل" ڕۆیشتووم و لەنزیکەوە گوێم لە ئاوازە ناوازەکان گرتووە، کەچی ئەم ئاوازە ناچێتەوە سەر هیچ یەکێک لەو ئاوازانەو تێکەڵەیەکیشە لەو ئاوازانەی لەناو مێشکمدا دێن و دەچن....
من هێشتا هەر لەناو خەیاڵەکانی خۆمدا دەخولامەوەو لەو سیحرە تێنەدەگەیشتم، کە چەنێک هەنگاوەکانی من لەو ئاوازی مۆسیقا نزیک دەبووەونەوە ئەو دوو هێندە زیاتر لە ڕۆحم نزیک دەبووەوەو خەیاڵەکانی داگیردەکردم....
کاتێک تەواو لە دەنگی مۆسیقاکە نزیکبوومەوە، دەبینم لەناو باخچە خنجیلانە پڕ لەگوڵەکەی ناو شاردا کوڕو کچێکی گەنجی زۆر جوان هەر لەیەکەم نیگاوە بەشێوەیەک سەرنجت بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، کە گومانت لەوە نەمێنێت بەم کەسانە ئاشنایت و لە شوێنێکی تر دیوتن....!.
وەک لەو ماوە کەمەدا سەرنجم دابوو، ئەم دوو گەنجە خۆیان زۆر لە ئاوازی مۆسیقاکانیان سەرنجڕاکێشترن و ئەمەش بە ڕوخساری ئەو هەموو خەڵکە زۆرەوە دیاربوو، کە لەوێ هەندێکیان وەستابوون و بەشێکی زۆریشیان لەناو چیمەنەکەدا دانیشتبوون و بە حەسرەتەوە گوێیان لە ئاوازەکانیان دەگرت.
شتێکی تر، کە سەرنجی ڕاکێشام ئەو ئالەتە بو بە دەستی کوڕەکەوە، کە یەکەمجارمبوو لە ژیانمدا دیبێتم، تا ئەو کاتە لە هیچ یەکێک لەو کۆنسێرت و ئۆرکسترایانەدا میوان بووم شتێکی لەو جۆرەم نەدیبوو، ئەم جۆرە سازە بەشی خوارەوەی لە تۆپێکی خڕ دەچوو، لە ژێر ئەم تۆپە خڕەدا قاچێکی تیژی هەبوو بۆ ئەوەی لەسەر زەوی بچەقێت و بەشی سەرەوەی دەسکێکی کەمێک درێژ بوو بە چوار گیرە، هەردوو دانە لەلایەکەوە چوارتاڵ ژێی پێوە بەسترابوون. ئەوەی سەیر بو ئەم سازە بە شێوەیەک درووستکرابوو، کە ژەنیار ناچار بێت بە دانیشتنەوە بیژەنێت بۆ ئەوەی لە کاتی ژەنیندا سەربەستانە سازەکەش لەگەڵ ئاوازەکەدا بجوڵێنێت. سەیرکردنی دەست و پەنجەی ژەنیارەکە و یاری کردنی بەو سازە هەستت دەکرد ئەمە سازێکی مۆسیقا نییەو بەس، بەڵکو ڕۆح و هەناسەیەکی خودایی تێدا بەندەو ئەو ژەنیارەش دەیەوێت بە دەست و پەنجەکانی دەرگاو پەنجەرەکانی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئاوازەکان بۆ دەرەوە باڵ بگرن، بەڵام ئاوازەکان ئەوەندە غەمگین و دڵنشین دەهاتنە بەرگوێ مرۆڤی بۆ ساتێک دڵپڕ دەکرد.

کچەکەش لەتەنیشتییەوە زەربێکی پێبوو، کە بە هێواشی و لەسەرخۆ لەگەڵ بزواندنی پەنجەی کورەکەدا بە ژێیەکاندا ئەی کوتی، کوتانی ئەو زەربە بەو پەنجە باریکانەی کچەکە گیانێکی تری دابووە بەر ئاوازەکە. تێکەڵکردنی دەنگی ئەو زەربە لەگەڵ ئەو ئاوازە غەمگینەدا وەک هاژەی ئەو شەپۆلە دوورانە وابوو، کە تین و گوڕێکی تر دەدات بە شەپۆلە نزیکەکان و ئاوازێکی توند درووستر دەکات.

وەک زۆرێک لەو خەڵکەی لە چواردەوی ئەو دوو مۆسیقارە گەنجە کۆببووبوونەوەو ئەگەر پێیان بکرایە هەناسەیان نەدەدا بۆ ئەوەی گوێچکەکانیان لەو ئاوازانە پڕ بێت، کە لەناو ئەو باخچە خنجیلانەدا هەمووشتێکیان بێدەنگ کردبوو، تەنانەت کاتێک سەیری درەختەکانت دەکرد لقەکان بێ بزەوت ملیان شۆڕکردبوو بۆ خوارەوە، کۆتەرەکان لەسەر لقەکان توند چاوەکانیان داخستبوو دەتگوت؛ ئێستا نا کەمێکی تر بەردەبنەوە، گوڵەکان غەمگین غەمگین خەیاڵ بردبوونییەوە... نازانم چۆن باسی ئەو مۆسیقا بکەم، کە دونیای بەسەرجەم بوونەوەرەکانییەوە بێدەنگ کردبوو.

هەروا بەسەرسامی وەستابووم و گوێیەکانم هەڵخستبوو بۆ ئەوەی پڕبن لەو ئاوازانە، کە لەژێر دەست و پەنجەی ئەو دوو لاوە جوانەوە دەهاتنە دەرێ، کەچی گوێم لە ترپەی دڵی خۆم و ئەوانەی چواردەورم بوو وەک لێدانی زەربەکە لێیان دەدا، بۆ ساتێک گومانێکم لەلا درووستبوو ئەو دەنگەی لەدوورەوەو لە پشتی هەناسەی ژێیەکانەوە دێتە دەرێ و تێکەڵ بەشەپۆلە نزیکەکە دەبێت بەتەنها دەنگی زەربەکە نییە، ئەوە دەنگی ئەو هەموو دڵەبوو لەو ناوەدا لەگەڵ بزواندنی پەنجەی ئەواندا لێی دەدا. ئەوان ئاوازێکی ئەفسوناوییان بۆ ڕۆحەکان دەژەنی، کەچی دڵەکان هەموویان هاتبوونە سەماو لەگەڵ ئاوازەکاندا ترپ ترپ هەڵدەپەڕین.

بۆ ساتێک خەیاڵێک هەڵیگرتم بۆ دونیای ژێرەوە بۆ دۆزەخ دەبینم "هادەس"یش لە تەنیشت سەگە سێ سەرەکەیەوە "کریبیرۆس" بە بێدەنگی و غەمبارییەکەوە گوێی هەڵخستووەو خەیاڵ دوور لەگەڵ خۆیدا بۆ دونیاکەی "ئۆرفیۆس" ی بردووە هیچ ئاگایەکی لە دۆزەخ نەماوەو ئۆرفیۆسیش دەستی "ئۆردیکا" ی خێزانی دەگرێت و بە هێواشی هادەس (دۆزەخ) بەجێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ سەرزەمین و ئێستا لەناو یەکێک لەباخچە هەرە جوان و دڵگیرەکانی ئەم دونیادا ئاواز بۆ ئێمە دەژەنن و یاری بە دڵ و ڕۆحمان دەکەن....

کاتێک لەناو خەونە دۆزەخییەکەی خۆمدا بەئاگاهاتمەوە، دەبینم منیش لەسەر چیمەنەکە دانیشتووم، هەرچی ئەو خەڵکە هەیە چەپڵە لێدەدات و هات و هاواریانە، لەتەنیشتمەوە گوێم لێبوو، ژنێک بە مێردەکەی دەگوت: بۆ تۆ لێرە نەبوویت کاتێک گوتیان دەڕۆین نانی ئێوارە دەخۆین و پاشان دەگەڕێینەوە، کابراش واقی وڕ مابوو! مەگەر خودا خۆی بزانێت ئەویش خەیاڵ بۆ کوێی هەڵگرتبێت و

وەک من ئێستا بە ئاگاهاتبێتەوە. لە پڕ گوێم لەدەنگی ژنێکی تر بوو بە پەلە بۆ لای پیاوەکەی دەگەڕایەوەو بەدەنگی بەرز دەیگوت؛ قسەکەم ڕاست دەرچوو ئەو سازە (کەمانچە)یە، پێشتر لە یەکێک لە جەژنە کولتورییەکاندا دیومە....

هێشتا دڵم لەسەمای لێدانەکانی هێور نەبووەوەو ئاوازەکان لەناو مێشکمدا بەردەوام لێیاندەدایەوە، لەبەر ئەوەی وام هەستدەکرد توانای ڕۆیشتنیشم نەبێت، بۆیە لەسەر یەکێک لەکورسییەکان دانیشتم و توند پاڵم پێوە دا، کاتێکم زانی بریسکەیەک لە پشتمەوە هەستا، بەڵام مەگەر خۆم بزانم چ ئازارێکی بە دڵ و ڕۆحم گەیاند، بۆیە وەک شێت لە شوێنی خۆم هەستامە سەرپێ و بەرەو خوارەوە بەربوومەوە، تا نەگەشتمە بەردەمی میوانخانەکە نەوەستام....

دونیا کەمێک بەرەو تاریکبوون دەڕۆیشت ئەگەرچی بڕیارم دابوو هەندێک لەو دیاریی و پێویستییانەی لەگەڵ خۆمدا بۆ شایگانی پوژمانم هێنابوو لە جانتایەکی کۆڵەپشت بنێم و بەرەو سەر گابەردەکان بەڕێ بکەوم، بەڵام ئێستا من بەم حاڵەوە ناتوانم هیچ شتێک لەگەڵ خۆمدا هەڵبگرم، بۆیە بڕیارم دا بەدەستی بەتاڵ بڕۆم و ئەگەر شایگانی پوژمانم دۆزییە، ئەوا بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ خۆمدا دەیهێنم و شتەکانی دەدەمێ....

## 4

وەکساڵی ڕابردوو بەکەناری دەریاکەدا کەوتمە ڕێ، ئێوارەیەکی زۆر فێنک و خۆش بوو، کراسەکەم داکەندبوو، هەوا فێنکەکە دەیدا لە شوێنی سوتاوییەکە، کەمێک ئارامی پێدەبەخشیم. لەدوورەوە گابەردەکان ڕەش دەیاننواند، هەر بیرم لەوە دەکردەوە تۆ بڵێیت ئەمجارەش بەخت یاوەریم بکات و وەک ساڵی پار لە پشتی گابەردەکانەوە چاوم بە شایگانی پوژمان بکەوێتەوە، ئەی دەبێت ئەو کاتێک من دەبینێت چ هەستێکی هەبێت؟. تۆ بڵێیت منیش لەیادەوەری ئەودا مابمەوە؟. پرسیار لەدوای پرسیار بەناو مێشکمدا لەهاتووچۆدا بوو، بەشێوەیەک مێشکمی جەنجاڵ کردبوو ئاگام لەدەورو بەرم نەمابوو تا ئەو کاتەی گەشتمەوە بەردەم مەیخانەکە، کە ساڵی پار بیرەیەکم لێکڕی و بەپەلە پروزە لە تاو هات و هاواری گەنجەکان، کە نارێک گۆرانیان دەخوێند و قاقا پێدەکەنین خۆم دەرباز کرد، ئێستاش بەهەمان شێوە هات و هاوار و گۆرانی گوتنی ئەوان هەموو خەیاڵەکانی تێکدام و بەشێوەیەک مێشکیان ماندوو کردم، پێمخۆشبوو چەند زووترە لەو ناوە دووربکەومەوەو چیتر ئەو دەنگانە لەوە زیاتر ماندووم نەکەن....

پاش ئەوەی کەمێک لە مەیخانەکە دوور کەوتمەوەو دەنگەکان نزمترو سوکتر دەگەیشتنە گوێچکەکانم، ئاوڕێکم بۆ دوای خۆم دایەوە ڕوناکی گڵۆپەکان لەکەنار

دەریاکەوە لە کشاندا بوون بەرەو قوڵایی دەریاکە، ئەویش جوانییەکی تایبەت بەخۆی هەبوو.
لەدووررا زۆر دوور، لەو جێگایەی دەریا کۆتایی دەهات هێشتا چەند تاڵێک لە زەردەی ئاوابوون بە درێژایی دەریاکە لەسەرخۆو بە هێواشی بە شێوەیەک تاریکییەکەی لە ئامێز دەگرت مرۆڤ نەیدەتوانی لەبەردەمیدا نەوەستێت و بۆ ماوەیەک لێی نەڕوانێت، سیحری ئەم خۆرە مەزنە بەتەنها هەر ئەوە نییە لە پێناوی ژیانی ئەم سەرزەمینەدا ملیارەها ساڵە دەسوتێت، بەڵکو لەوەشدایە هیچ ئاوابوونێکی نییە ئەوەندە جوان نەبێت مرۆڤ بە خۆیەوە سەرسام نەکات و یادەوەرییەکی جوان لە ناخیدا جێنەهێڵێت، ڕێک و ڕاست وەک ئەو مرۆڤانەی مردنەکانیان لە ژیانیان جوانترە.
وەک ئەوەی هیچ کارێکم نەبێت و بەتەنها بۆ سەیری ئەو دیمەنی دوا ماڵئاواییەی هەتاو هاتبێتمە ئێرە لە شوێنی خۆمدا چەقیبووم و بەسەرسامییەوە لەو پرشنگە ئاگراوییانە ڕامابووم، کە هەتاو لە دوای خۆی بەجێیهێشتبوون لە پڕێکا گوێم لەدەنگێک بوو لەپەنا گوێمەوە گوتی: "مسیۆ، ئەوە لەچی ڕاماویت؛ بەو گۆڕەی درەنگ بێت یان زوو هەموومان دەڕۆینە ناوییەوە ئەگەر ئەوەشمان بەنسیب ببێت و وەک سەگێکی تۆپیو نەمانسووتێنن، هەرهەموومان وەک ئەو ڕۆژە ئاوادەبین، بەڵام لەم دونیایەدا کەسێک نادۆزیتەوە، بەتەنها بۆ ساتێکیش بێت لەمەرگمان ڕابمێنێت، ئیتر بۆ وا بە قوڵی خۆت لەناو ئەو ئاوابوونەدا نوقم کردووە". بەم دەنگە داچڵەکیم و ئاوڕێکی خێرام دایەوە کەسم نەبینی! چەندجارێک بەدەوری خۆمدا خولامەوە جگە لەوەی لەدوورەوە گابەردەکان لە پێشووتر ڕەشتر دەردەکەوتن و گڵۆپی زەرد و سوری مەیخانەکەو بە لاوازی گەیشتنی دەنگی هات و هاوار و گۆرانی گوتنی گەنجەکان هیچی ترم نە هەست پێکردو نە دەبینی....
دەستێکم بەچاوەکانمدا هێناو هەناسەیەکی قوڵم دایەوە، بەڵام دەنگەکە هەر لە گوێمدا دەزرنگایەوە، ئەو دەنگە دەنگی شایگانی پوژمان خۆیبوو. لە خۆمەوە ترسێک ڕۆچووە ناخمەوە، کە نەوێرم زیاتر دوور بکەومەوە، چونکە ئەو قسانەی شایگانی پوژمان بە گوێچکەمیاندا چپاندی کەمێک بۆنی بەدگومانی لێدەهات.
هێشتا ترسەکە بەری نەدابووم، هەندێک قسەی ساڵی ڕابردووی شایگانی پوژمانم هاتەوە یاد، کە دەیگوت:" مرۆڤ هەندێکجار بەر لەمردنی جۆرە هەستێکی لەلا درووست دەبێت، وەک لە مەرگی خۆی بڕوانێت لە دیمەن یان شتێک قوڵ رادەمێنێت، ئەگەر باش بیرم بکەوێتەوە ئەو کاتە بوو، کە خەسرەو خەسیو بە فەرزانی دەگوت؛ کاتێک لەگەڵا زەردەکانی پاییزی دەڕوانی، وک ئەوە وابوو کەسێک لەمەرگی خۆی بڕوانێت".

هەرچەند بیرم لەو قسانەو ئەم قسەیەی ئێستا دەکردەوە زیاتر ترس ڕۆدەچووە ناخمەوەو ئارەقەم دەردەدا، تا ئەو کاتەی چەند دڵۆپە ئارەقەیەک کەوتەوە سەر سوتاوییەکەی پشتم و لە هەموو خەون خەیاڵێک دابڕیم و چاوەکانم کردنەوەو لە حەسرەتدا توند دەستەکانم بە پشتی سەرمەوە گرتن و پشتم کەمێک چەماندەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت کەمتر هەست بە ئازارەکە بکەم.
هێشتا دەستەکانم توند بەسەرمەوە نوساندنبوون و چاوەکانم داخستبوون بۆ ئەوەی هیچ نەبێت کەمێک وردترو ژیرانەتر بیربکەمەوەو نەهێڵم خەیاڵەکان بەسەر مێشکمدا زاڵ ببن، بەخۆم گوت: گریمان ئەمجارەیان مەرگ بۆ ئەم دورگەیەی بانگهێشت کردبم، ئایا بۆ پێشەوە بڕۆم یان بۆ دواوە بگەڕێمەوە چ جیاوازییەکی هەیە، ئەگەر جیاوازییەکیشیان هەبێت ئەوەیە گەڕانەوەکە کەمێک ترسنۆکانە ترە، جگە لەوەش ئەگەر لە گەڕانەوەدا توشم ببێت بە توشی مەرگەوە، ئەوا پێش ئەوەی ئەو گیانم بستێنێت خۆم لە پەشیمانیدا دەمرم، بۆیە باشترە مرۆڤ لە پێناو ئەو کارەدا بمرێت، کە بڕوای پێیەتی....
دوای ئەوەی بڕیارمدا دەبێت تا سەر گابەردەکان بڕۆم بۆ دۆزینەوەی شایگانی پوژمان، ئاوڕێکم لەدوای خۆم دایەوە ژن و پیاوێکم لە دووەرەوە وەک دوو تارمایی بینی خەریکبوو دەگەشتنە ئاست مەیخانەکە، ئەوانیش بەکەنارەکەدا نەعلەکانیان بەدەستەوە گرتبوو بەو ڕوگەی مندا دەهاتن. ئیتر ئەمە کەمێک دڵنەواییکردم و ئازایەتییەکی زیاتری پێبەخشیم تا سوربم لەسەر ڕۆیشتنەکەم، بەڵام دیسان دەنگێک لە شوێنی خۆم ڕایگرتمەوە، دەنگەکە لەدوورەوە شنەی بایەکە لەگەڵ خۆیدا دەیهێناو هەندێک جار نەدەما، ئەو دەنگە هەمان ئەو ئاوازە بوو، کە پێشتر لەناو باخچەکە گوێم لێیبوو....!.
چەند هەنگاوێکی تر ڕۆیشتمە پێشەوە ئەمجارە بەتەواوەتی دڵنیابوومەوە لەوەی ئەو دەنگە هەمان ئەو ئاوازەیە کوڕو کچە گەنجەکە دەیانژەنی، ئەمجارەیان ترسەکە لەخەیاڵدانمدا هاتە دەرەوەو لەبەردەممدا بوو بە ڕاستی، ئەوەتا گوێم لێیە، بە گوێچکەکانی خۆم، هەمان ئاواز دێتەوە بەرگوێم.
ژن و پیاوەکەش، کە بەکەنارەکەدا لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون، بەڵام ئەوەندە تاریک بوو نەمدەتوانی مەزەندەی ئەوە بکەم، کە گەنجن یان پیر، لە پشتی ئەوانەشەوە هەر خەڵکانێکی تر دیار بوون بەکەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد، ئیتر ترسەکەم کەمێک ڕەوییەوەو بەرەو لای گابەردەکان دەستم بە ڕۆیشتن کردەوە....
چەند هەنگاوێک دەڕۆیشتم و جار بەجارێ ئاوڕێکم بۆ دواوە دەدایەوە، دەبینم ژن و پیاوەکە تا دەهات زیاتر نزیک دەبوونەوەو منیش بۆ ئەوەی تەواو بەسەر ترسەکەمدا زاڵ ببم و کەمێک دڵنیایم بۆ بگەڕێتەوە لە جێگای خۆمدا وەستام، ئەوانیش وەک لەوە تێگەیشتبن من چاوەڕوانیان دەکەم کەمێک وەستان و ئاوڕیان

بۆ دوای خۆیان دەدایەوە، ئەمە وای لێکردم چەند هەنگاوێکی تر بڕۆمە پێشەوە، ئەوەی سەیر بوو هەر چەند هەنگاوێک دەڕۆیشتمە پێشەوە ئاوازەکە ڕوونترو باشتر دەهاتە بەرگوێم.
ئێستا ئیتر لەوە دڵنیابوومەوە ئەو ئاوازە هەمان ئەو ئاوازەیە، لە ڕیستۆرانتەکە هاتە بەرگوێم و پاشان لە باخچە بچکۆلەکەی ناوشار بەچاوەکانی خۆم بینیم و بە گوێیەکانی خۆم بیستم.
هەروەک ئەو کاتەی لە ڕیستۆرانتەکە هاتمە دەرەوەو بەرەو ڕووی ئاوازەکە دەڕۆیشتم، تا چەند هەنگاوێک زیاتر نزیک دەبوومەوە ئەو زیاتر بۆلای خۆی ڕایدەکێشام، ئێستا بەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێوە دیسان بەبێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت وا بەرەو خۆی پەلکێشم دەکات....
بە بێئاگایی، نازانم چۆن بەو خێراییە گەشتبوومە نزیک گابەردەکان، ئاوڕێکم بۆ دوای خۆم دایەوە دەبینم ژن و پیاوەکە بە ڕێگای خۆیاندا گەڕاونەتەوەو لە دوورەوە سێبەرەکانیان وەک دوو تارمایی ڕەش لە کەنار دەریاکەدا دەردەکەوتن، بەڵام من ئێستا بە شێوەیەک لە ئاوازەکە نزیک بوومەتەوە هەست دەکەم لە پشت گابەردەکانەوەیە، ئەمەش سەرەڕایی ترس و دڵەڕاوکێ کەمێک هیوای تێدا چاندبووم، کە شایگانی پوژمان لەوێ بێت و ئەو دوو گەنجەش میوانی ئەو بن. بەڵام ئەوەی لەلام سەیر بوو، ئەو دوو گەنجە خۆ باڵیان نەبوو بفڕن لە کوێڕا بەو خێراییە گەشتنە ئێرە، تۆ بڵێیت جادوباز نەبن و من لە ئێوارەوە فریوی جادوەکەی ئەوانم نەخواردبێت....!.
کاتێک بەسەر گابەردەکاندا وەک یەکەمجار سەرکەوتم و چەند هەنگاوێک بەرەو بەرزاییەکە ڕۆیشتم هەناسەیەکی ئاسودەیم هەڵکێشا، دەبینم شایگانی پوژمان وەک جاری پێشوو بەتەنها دانیشتووەو ئاوازی ئەو مۆسیقایە دەخوێنێت، کە ئێوارە گوێم لێبوو.
بەبێ ئەوەی بهێڵم هیچ هەست بە هاتنەکەم بکات لە شوێنی خۆم دانیشتم بۆ ئەوەی ئەو کەشە دڵگیرو غەمگینەی ئەمشەوی لێ تێک نەدەم، چونکە بەڕاستی ئەو ئاوازە غەمێکی ئەوەندە قوڵی لەناخی خۆیدا هەڵگرتبوو بەناو دەمارو خوێنی مرۆڤدا دەکەوتە هاتووچۆ.
ئەوەی لەلام سەیر بوو، کە قەت نەمدەزانی شایگانی پوژمان ئەو دەنگە دڵگیرو خۆشەی پێوەبوو، تەنانەت لە تاکە وشەیەکیشی تێنەدەگەیشتم، بەڵام بە شێوەیەک کاریگەری لەسەر ڕۆحم دادەنا هەستم دەکرد دونیایەک یادەوەری لەناخمدا زیندووبوونەتەوەو دەیانەوێت ئازارم بدەن....

بە هێمنی دانیشتبووم و دونیایەک لەیادەوەری بەناو مێشکمدا لەگەڵ ئاوازەکانی دەنگی ئەو بە شێوەیەک تێکەڵبووبوون لەو جەنجاڵییەدا هێندەی تەمەنی ژیانم هەست بەتەنهایی بکەم.
ئەو دەنگە نەرم و لەسەرخۆی شایگانی پوژمان لەو شەوە ئارام و بێدەنگەدا بە ڕۆحی هەرکەسێکدا گوزەری بکردایە لەگەڵ خۆیدا بۆ بیابانێکی دەبرد بە ئاسانی گوێی لە جریوەی ئەستێرەکان بێت و هەست بکات دەتوانێت لەگەڵیاندا بدوێت، شەپۆلی دەریاکەش بە شێوەیەک ئارام و لەسەرخۆبوو مرۆڤ هەستی دەکرد مەودای نێوانیان بیابانێکی پان و بەرینە، بەڵام دەنگێکی دڵکەش لەگەڵ شنەبای شەودا لەسەرخۆ دەگەنە گوێچکەکانی مرۆڤ....
تا ئەو کاتەی شایگانی پوژمان بۆ خۆی لە گوتنی گۆرانی نەوەستا من هەر لەسەر بەردەکان بە دڵ گوێم بۆ ئاوازەکانی ڕادەگرت، ئاوازێک هێندە بە ڕۆحی مرۆڤ ئاشنا بوو نەتدەتوانی بۆ ساتێک چاوەکانتی بۆ دانەخەیت و خەیاڵت بە شێوەیەک بفرێت ببیت بە دووبەشەوە، بەشێکت لە جیهانێکی زۆر ئەفسوناویدا مەلە بکات بەشەکەی تریشت ئەو لەشە قورسەتە لەو شوێنەدا بە زەوییەکەوە چەقیوەو توانای هیچ جوڵەیەکی نەماوە....

## شەوی یەکەم

مسیۆ، چۆن بوو وا بۆ جارێکی تر ڕێگات کەوتەوە ئێرە؟. سەیرە بیریی منت کردبێت، لەکاتێکدا دونیا منی بە فەرامۆشی سپاردووە!. من چۆن دڵنیام ناوەکەم لە هیچ دەفتەری تۆمارێکدا لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا بە زیندوێتی نەماوەتەوە، ئاواش بڕوام وابوو لە هۆش و یادی هیچ مرۆڤێکی زیندووشدا نەمابم، ئاخر زۆرن ئەوانەی وەک من بەزوویی لەدایک دەبن و لە ماوەیەکی کورتیشدا بە بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەک بەجێبهێڵن لەبەرچاوەکان بۆ هەتا هەتایە ون‌دەبن.
هەندێکجار بیر لەخۆم دەکەمەوە دەگەمە ئەو بڕوایەی ئەوانەی ئەمرن ئەوانە نین، کە کۆچی دوایی دەکەن، بەڵکو ئەوانەن ئەگەرچی بە ڕواڵەت لەم دونیادا وەک و من و تۆ دێن و دەچن، دەخۆن و دەخۆنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەیادەوەریی هیچ کەسێکدا نەماونەتەوە یان بوونەوەرێک لەم سەرزەمینەدا نییە بیریان لێبکاتەوە مردوون، کەسانێک هەن هەزاران ساڵە کۆچی دواییان کردووە، کەچی لە زەینی زۆربەی خەڵکدا بەزیندووی ماونەتەوە و بەردەوام نەوە لە دوای نەوە بەدوایاندا دەگەڕێن و دەیانەوێت پێیان ئاشنا بن و هاوڕێتیان بکەن.

مسیۆ، ڕەنگە گاڵتەت بە عەقڵم بێت، ئەگەر بڵێم چۆن کەسانی وەک من هەر لەگەڵ لەدایکبووندا دەمرن، کەسانێکیش هەن لەدوای مردنەوە لەدایک دەبن و هەتا ئەم گۆی زەوییەو مرۆڤ بمێنێت ئەوانیش دەژین!.
زۆرجار گوێم لەوەبووە، هەندێک لەو کەسانەی ڕۆژگار بەناچاری دەتکاتە هاوڕێیان بەگوێچکەمیاندا داوە، کەوا من لەهەموویان بەختەوەترم تەنها لەبەر ئەوەی هیچ کەسێکم لەم دونیایەدا نییە خەمی لێ بخۆم و بیریان لێبکەمەوە، ئەگەرچی ئەمە ڕاست نییە، ئەگەر ڕاستیش بێت ئەو جۆرە کەسانە خۆپەرستی ئەوەندە لەناخیاندا قوڵ بۆتەوە ناتوانن لەوە تێبگەن ئازاری کەسێک، کە ڕۆحی نەبەستراوە بە هیچ بوونەوەرێکی ئەم سەرزەمینەوە زۆر لەوە قورسترە کۆی ئازارەکانت ئەو دابڕانانە بن لە کەسانێک تاسەی دووریيان بکەیت.
مسیۆ، من بۆ خۆم ئەوەندەم ئازار و دەردەسەری ئەم ژیانە چەشتووە زۆر باش لە ئازاری هەموو مرۆڤەکان تێدەگەم، بەڵام خەڵکانی خۆپەرست و خۆخۆشەویست ئەگەر ئازارێک هی خۆیان نەبێت نەک لێی تێناگەن و لەگەڵتدا بەشی ناکەن بەڵکو نایانەوێت گوێیان لێی بێت و بە شتێکی بێ ماناو سادە ناوی دەهێنن. هەندێکجار بەوە تۆ تۆمەتباریشت دەکەن، کەوا تۆ کەسێکی دڵناسک و لاوازیت، بۆیە وا هەموو شتە بچوکەکانیش بە گەورەیی دەبینیت.
من باش لەمانای خۆشەویستی دایک تێدەگەم و دەزانم دابڕان لێی چ کەلێنێک لە ڕۆحی مرۆڤەکاندا دروست دەکات، چونکە مرۆڤێک نییە لەم گەردوونەدا ڕۆحی نەبەسترابێت بە ڕۆحی دایکێکەوە. پەیوەندی مرۆڤەکان بەدایکەوە وەک پەیوەندی تۆوێک وایە بەزەوییەوە. هەموو تۆوەکان لە قوڵایی دڵی زەویدا دەتروکێن و دێنە ناو ژیانەوە، بۆیە ئەگەر ئەو تۆوە ببێتە درەختێکی بەهێز و چەند بەرەو باڵا هەڵکشێت ئەوەندە زیاتر ڕەگەکانی بەناخی دایکیدا، کە زەویە ڕۆدەچێت. باش لەوە تێدەگەم ڕەگی قوڵی هەر مرۆڤێک چەند دوور بڕوات و چەند بەرز بفڕێت زیاتر بە ڕۆحی دایکیدا ڕۆدەچێت.
مسیۆ، ئێمەی مرۆڤیش وەک ئەو تۆوە واین، لەبەر هەر هۆیەک بێت پیاوێک دێت لە ناو خاکی دایکماندا دەمانچێنێت و ئیتر ئێمە لەوێوە دەتروکێین و گەشە دەکەین و گەورە دەبین تا کۆتایی سوڕی ژیانمان، کە دەبێت بێینە ناو ئەم جیهانە نەفرەتلێکراوەوە. زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە مرۆڤ بە کاملی عەقڵەوە لەدایک دەبێت و لەگەڵ گەورەبووندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ عەقڵی لەدەست دەدات، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی تێکەڵبوونی بە مرۆڤەکان و دەوروبەری بێت، کە سەربەخۆیی خۆی پێدەدۆڕێنن و وەک پەپەگاکان دەبێتە لاسایی کەرەوەی ئەوانی تر.
ڕەنگە پێکەنینت بەم قسەیەم بێت، خۆ ئەگەر واش بێت، مسیۆ لێت ناگرم چونکە من نە هیچ قوناغێکی قوتابخانەم تەواو کردووە و نە هیچ کتێبێکیشم لەسەر زانست

و تێگەیشتنی دونیا خوێندۆتەوە، ئەوەی دەیزانم بەتەنها ئەو شتانەیە لەم ژیانەدا نەگبەتی و بەدبەختییەکانم فێریان کردووم....
بەپەلە قسەکەم لە دەمی وەرگرت و گوتم: شایگانی پوژمان بڕوات هەبێت من بۆخۆم جگە لەوەی مامۆستای زانکۆ بووم، نیوەی ژیانیشم لەناو کتێب و لێکۆڵنەوەدا بەسەربردووە، بەڵام ئەوەندەی ئەو چەند شەوەی لەگەڵ تۆدا بەسەرم بردووە لە خۆم و ژیان تێنەگەیشتووم، هەر ئەمەش وایلێکردم جارێکی تر بێمەوە بۆ لات و داوات لێبکەم وەک میوانێک قبوڵم بکەیت، ئەگەر زیادە ڕۆیی نەکەم دەتوانم بڵێم تۆ باشترین مامۆستایەک بوویت، کە لە لەژیانمدا ناسیبێتم، بۆیە با پێکێک لەچاوی ئەوانە بخۆینەوە، کە لە ئازارەکانی من و تۆو ئەم دونیایە تێناگەن، نۆش....

**** **** ****

مسیۆ، نازانم قسەکەت لە کوێدا پێبڕیم! من ویستم باسی ئەوە بکەم، کە خەڵکانێکی زۆر لەم دونیایەدا تەنها کاتێک لە ئازاری خەڵکانێکی تر تێدەگەن خۆیان هەمان ئازار ڕوویان لێ بکات. من دەزانم ئازاری دابڕان و دوورکەوتنەوە ڕەگێکی قوڵی لەناو ڕۆحی مرۆڤەکاندا هەیەو مرۆڤ چەند بیەوێت زۆر لە خۆی بکات ناتوانێت تاڵێک لەو ڕەگە بپچڕێنێت، من بە درێژایی ئەو هەموو ساڵەی دەربەدەری و ناخۆشیم بینیوەو چەشتووە هەمیشە دوو لەت بووم، لەتێکم لەلای داژوی برام لە نیشتیمان ماوەتەوە. لەسەر ئەو گردەی دواجار ماڵئاواییم لێکردو چیتر نەمتوانی بەرگەی ئەو دیمەنە تراژیدیایە بگرم و وامزانی دەتوانم لەدەستی هەڵبێم، بەڵام نەمزانی بەدرێژایی تەمەنم دەبێتە مۆتەکەیەک و بۆ هەر جێگایەک بڕۆم شوێنم دەکەوێت. نەمزانی تا دوورتر بڕۆم سێبەرەکەی بە شوێنمدا گەورەتر دەبێت....
لەتەکەی تریشم وەک ئەو منداڵە وایە لەبەر هۆیەکی تەندروستی بە ناچاری لە ڕێگای نەشتەرگەرییەوە لەمنداڵدانی دایکی دەریدەهێن، بەڵام ئەو بەردەوام دڵ و مێشکی بۆ گەڕانەوە بۆ ناو منداڵدانی دایکی لێ دەدات، دایکەکەش هەمیشە هەست دەکات پارچەیەک لە ڕۆحی دەرهێنراوەو کۆدەکانی ناو مێشکی بەدوایدا دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە....
ئا ئەوە باشبوو بیرم کەوتەوە، ویستم باسی ئەوە بکەم، کە منداڵ بە تەواوی عەقڵەوە لەدایک دەبێت و لەگەڵ گەورەبووندا هێواش هێواش عەقڵی لەدەستدەدات.
مسیۆ، زیرەکی منداڵ لەوەدایە هەر لەگەڵ جیابوونەوەی لە جیهانەکەی دایکی و یەکەم هەڵمژینی هەوای ئەم جیهانە درک بە مەترسییەکان دەکات و لەوە تێدەگات هەوای ئەم سەرزەمینە هەوایەکی پاک نییە و ژیانیش تێیدا چەند سەخت و مەترسیدارە، بۆیە دەست بە زریکە و گریان دەکات.

من پێم وایە ئەگەر ئەو منالآنە لەو تەمەندا لە ڕووی جەستەییەوە لاواز نەبن و توانای بەرگریکردنیان لە خۆیان هەبێت، ئەوا لەهاتنە ناو ئەم جیهانەوە مان دەگرن و نایانەوێت سییەکانیان بە هەوای ئەم سەرزەمینە پیس ببێت، بڕوام پێبکە هەندێکجار بیر لە گریانی ئەو منالآنە دەکەمەوە، لەکاتی بووندا چی توانایان هەیە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی کۆیدەکەنەوەو دەیانەوێت بە بەرزترین دەنگ و هاوار بزریکێنن لەخۆمەوە وێنەی کەسێکم دێتە پێشچاو لە بەهەشتەوە قۆڵەکانیان توند بەستووەو بە زۆرەملێ ڕەوانەی دۆزەخی دەکەن. جا ئەمەش بۆ دایکە بەدبەختەکەی لە ڕووی نائاگاهییەوە چەند مەترسیدارە لە پڕێکدا پارچەیەک لە ڕۆحی بێننە دەرەوە، بۆیە زۆرێک لەو دایکانە لەدوای منالبوونەوە شێت دەبن یان توشی تراوما دەبن و بۆ هەموو تەمەنیان لەناو ترسێکی ترسناکدا ژیان دەگوزەرێنن. خۆ ئەگەر ئەو ژنانە دەریشی نەبڕن ئەوا لەناخەوە وێران دەبن، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ حالەتێکی لێکترازان و دابڕانێکی ڕۆحی و جەستەیی ئاوێتە بەیەک، کە خوازیار نین لەیەک داببڕێن و ببن بە دووکەرتەوە، کەچی لەو ولآتانەی ئێمە چەندینجار بیستوومە ئەو دایکە قوڕبەسەرە بەو ئازارەوە دەبەستنەوەو دارکاری دەکەن گوایا جنۆکە ڕۆیشتۆتە گیانییەوە و بە تێلآو دارکاری دەیانەوێت ڕاوی جنۆکەکان لەجەستەیدا بکەن لە کاتێکدا جنۆکەکان لەسەری داربەدەست و تێلآوەشێنەکاندایە، کاتێکیش گیان لەدەست دەدات دەلێن شەوە خنکاندوویەتی... ئەمەیە بەدبەختی ئەو مرۆڤانەی هێزە خراپ و شەڕانییەکان لەسەری خۆیاندا نابینن و لە ناو گیانی ژناندا بۆی دەگەڕێن. ئەو مرۆڤە بەدبەختانەی تاریکی ناو مێشکیانی بە شێوەیەک داگیرکردوە، پیان وایە ئەم دونیا بووە بە جەنگەلی جنۆکەکان و ئەمان بۆیە هاتوونە ناو ئەم دونیاوە تا ڕاوی ئەو جنۆکانە بکەن و زەوی لە جنۆکەکان پاک بکەنەوە....

مسیۆ، هەرچەند بیر لە مرۆڤ دەکەمەوە جگە لە دوپشک هیچ بوونەوەرێکی تر نادۆزمەوە بەئەندازەی ئەو دڕندەو ژەهراوی بێت، هەر مرۆڤێک بگریت هێندەی ئەو زیاتریش ژەهری لە هەناویدا هەلگرتووەو دەیشارێتەوە. دوپشکەکان لەوەدا هیچ گوناهێکیان نییە، کە سروشتەکەیان وایە، بۆ ئەوەی بێنە ناو بوونەوە پێویستە دایکی خۆیان بخۆن، بەلآم مرۆڤەکان بە خراپەکاری ئەم سروشتە بۆ خۆیان درووست دەکەن، کە نەک دایکی خۆیان، بەلکو بگرە باوک و منالەکانیشیان دەخۆن، تۆ سەیر بکە بۆ لەناوبردنی یەکتری خەریکن بەتەواوەتی ئەم سەرزەمینەی لەسەری دەژین پیس و ژەهراوی دەکەن، لەکاتێکدا بایی ئەوە عەقلیان هەیە، کە ئەم کارە نەکەن. دوپشکەکان ژەهرەکەی خۆیان، کە سروشت پێی بەخشیون لەیەکتردا بەتال ناکەنەوە، بەلآم مرۆڤەکان بەردەوام لەبۆسەدان بۆ خالیکردنەوەی ژەهرەکەی خۆیان لەوی تردا. کاتێک دەبینیت بەرازێک ڕێی دەکەوێتە ناو مەرەزەیەکەوەو

ئەوەندە لەناو گۆلەکاندا تل دەدات و خۆی دەگەوزێنێت هەموو گۆلەکان دەشکێنێت و بەشێک لە مەرەزەکە وێران دەکات، لەبەر ئەوە نییە ڕقی لەخاوەنەکەیەتی و خوازیارە بەم کارە تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەڵکو ئەو بەیارییەکی خۆش تێدەگات و پێی وایە شوێنێک لەمە خۆشتر و باشتر بۆ ئەم نییە، ئەو لەو زیانەی بە مەرەزەکەی دەگەیەنێت بێئاگایە، بەڵام کاتێک مرۆڤێک کارێکی لەمشێوە دەکات ئەوە ژەهرەکەی ناخێتی بۆ تۆڵەکردنەوە کۆیکردۆتەوەو دەیەوێت بە وێرانکردنی ئەو بەرهەمەی، کە دەشێت دەیان خێزان لە برسێتی ڕزگار بکات تۆڵەی خۆی لەیەک کەس بکاتەوە. ژەهری دوپشکێک دەتوانێت بەتەنها یەک کەس بکوژێت بەڵام هی مرۆڤ توانای لەناوبردنی ملیۆنەها کەسی هەیە، تەنها بۆ ئەوەی ناخی کەمێک ئاسودە بێت و لە ڕق و کینەکەی بەتاڵ بێتەوە. تۆ بیر بکەرەوە بزانە هیچ بوونەوەرێک ئەدۆزیتەوە هێندەی مرۆڤ ناخی پڕ بێت لە ژەهری ڕق و کینە بەرامبەر هاوڕەگەز و هاوخوێنەکانی خۆی....!.

مسیۆ، تۆ هیچ نەگۆڕاویت! دەتبینم دیسان لە پەنابەردەکەی پارساڵدا دەتەوێت خۆت بشاریتەوەو هیچ قسەیەک نەکەیت، دەپێم بڵێ؛ تو ئەو کەللەی من، کە ئەوە نیو سەدە زیاترە ئەوەندە گەن و گووی ئەم ژیانەی پێدا چووە هیچ خۆشی و ئاسودەییەکی بەخۆیەوە نەدەیوە دیسان نیازت نییە هیچ قسەیەک بکەیت یان دەتەوێت لەو پەنایە وەک سیخوڕێک خۆت مات بدەیت و گوێ لە قسەکانی من بگریت؟.

مسیۆ، پارساڵیش هەمان ڕام لەسەرت هەبوو، کە لەوە ناچێت پیاوێکی خراپ بیت و دڵم لێت ناترسێت کاتێک بە ئارەزووی خۆم قسە دەکەم، بەڵام هەرچەند دەکەم لەو تەمەی سەرچاوت تێ ناگەم!، ئەو وەستا نەعلەتییە زۆڵەم، کاتێک ئامۆژگاری دەکردین هەمیشە دەیگوت: بە ڕەفتار و قسەی هیچ کەسێک نەخەڵەتێن ئەگەر هەمان شت لە چاویدا نەخوێننەوە. ئەو زۆڵە پێی وابوو مرۆڤ دەتوانێت هەزاران چیرۆکی درۆ بە شێوەیەک بۆ خۆی درووست بکات، کە دڵ و جەرگت بۆی ببێت بەئاو، دەتوانێت لەگەڵتدا ئەوەندە میهرەبان و دڵسۆز بێت وا هەست بکەیت لە دونیادا مرۆڤێکی تری باش وەک ئەمە نابێتەوە، کەچی لەناوەوە لێوانلێو بێت لە ژەهری ئیرەیی و کینە، بەڵام ناتوانن هیچ کاتێک نهێنی و درۆکانی ناخیان لەچاویاندا بشارنەوە.

مسیۆ، ئەو وەستا نەفرەتییەم لەوەدا ڕاستی دەکرد؛ مرۆڤ هەیە بە یەک نیگا دەتوانیت زۆر شت لەناخ و مێشکیدا بخوێنیتەوە.... من بۆ خۆم مرۆڤم دیوە بە بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات چاوەکانی یەک دونیا شتیان پێ گوتووم، هەندێک مرۆڤ هەن چاوەکانیان زیاتر لە دەمیان قسە دەکات، بەڵام هەرچەند دەکەم لەو تەم و لێڵییەی سەر چاوی تۆ تێناگەم، ئەوەندە نەبێت خەمێکی قوڵ لەناختدا بخوێنمەوەو

هەستدەکەم بەدەست دەردێکەوە گیرۆدە بیت، کە خۆت بە بەرپرسیار دەزانیت لە ئاستیدا، لەگەڵ ئەوەشدا بە جەهەنم، من چ کارێکم بەسەر دەردی هیچ کەسێکەوە نییە، مەسەلێک هەیە دەڵێت: " ئەگەر تۆ پزیشک بای لە پێشدا دەردی خۆتت تیمار دەکرد" منیش خۆم بەدەست دەیان دەردو نەخۆشی دەروونییەوە دەناڵێنم و گویم لێ نەبوو جارێک کەسێک بێت و لێم بپرسێت؛ ئەرێ کابرا، تۆ بۆ وەک ئۆتۆمبیلێکی کۆنت لێهاتووەو هەرکاتێک بەرێگادا دەڕۆیت پارچەیەکت لێدەبێتەوە، هەمیشە ڕقیشم لەو کەسانە بووە، کە دەیانەوێت وەک دڵسۆزو خەمخۆرێک خۆیانت نیشان بدەن، کەچی دواجار دەبینیت ئەمانە نەخۆشییەکانی خۆیان لە تۆدا دەبینن و دەیانەوێت بە تۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی خۆیان بکەن یان لەسەر نەگبەتییەکانی خەڵکی تر دڵی خۆیان خۆش بکەن.
مسیۆ، ئەمجارە ناهێڵم بەبێ قسە لێرە دەرباز ببیت. تۆ وەرە نزیکەوە با پێکێکت لەم شەرابە خۆماڵییە بۆ تێبکەم، بەو خودایەی لە بەهەشتدا جگە لە شەراب و ژن هیچ شتێکی تر شک نابات پێشکەشی خۆشەویستان و ئەو کەسانەی بکات ئەم دونیایان لەو پێناوەدا لە خۆیان و چواردەورەکەیان کردۆتە دۆزەخ، ئەم شەرابە بەرد ئەهێنێتە قسە، تۆ وەرە تەنیشتمەوە با باشتر چاوم لە چاوەکانت بێت....
ها بگرە، ئەو پێکە هەڵدەو بڵێ لە چاوی ئەوانەی ئەم ژیانە لە خۆیان دەکەنە دۆزەخ بۆ ئەوەی ژیانێکی لەمجۆرەیان دەست بکەوێت، تو خوا ئەمە شێتی نییە مسیۆ، مرۆڤ هەیە هەموو تەمەنی شەراب و ژن لە خۆی حەرام دەکات، بۆ ئەوەی دواجار ئەم دوانەی دەست بکەوێت... هەڵدە نۆش....
ئەم شەرابە هی ڕەزەکانی خۆمانە، باوە کریس لەباو باپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە، لەوەتەی ئەو ڕەزانە هەیە یەک بۆڵیان لێ نەفرۆشتووە، بەڵکو دەمەو پاییز هەمووی کۆدەکەنەوەو جوان و پوختە لەناو بەرمیلە لە دارگوێز درووستکراوەکانی دەپەسێون، دەتوانم سوێندت بۆ بخۆم خودا پێش ئەوەی بیر لە درووستبوونی ئەم جیهانە بکاتەوە کوپەڵەی بۆ ترێی باغەکانی بەهەشت درووستکردووە تا بیانکات بە شەراب!.
هەندێجار بیر لە درووستکردنی ئەم شەرابە نەعلەتییە دەکەمەوە، وای بۆ دەچم، کاتێک خودا لە درووستکردنی کوپەڵەکان بۆتەوە هەندێک قوڕی لێماوەتەوە نەیزانیوە چی لێ بکات. ماوەیەکی زۆر هەر بیری لەوە کردۆتەوە لە پاشماوەی قوڕەکان چی درووست بکات، ئیتر زۆر بێتاقەت بووە، کە هزرێکی وا بە مێشکیدا نەهاتووە لەم قوڕە شتێکی تر درووست بکات.
ئیتر کاتێک دۆستە نزیک و خۆشەویستەکەی خودا "شەیتان" بە مەستی لەوێوە تێپەڕ دەبێت و دەبینێت خودا لەبەردەم هەندێک پاشماوەی قوڕدا دۆش داماوەو زۆر بێتاقەتە لەوەی نازانێت چی لەو قوڕە بکات، پێشنیاری بۆ دەکات دوو بوکەڵە لەو

قوڕە درووست بکات، بۆ ئەوەی دوو هاوڕێیان لەبەهەشتدا بۆ زیاد ببێت، خوداش ئەمە بە بیرۆکەیەکی باش دەزانێت، بۆیە بە گوێی دەکات و دوو بوکەڵە درووست دەکات.
ماوەیەک بەسەر درووستکردنی بوکەڵەکەدا تێپەڕ دەبێت، هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات، تا ڕۆژێکیان شەیتان پێشنیارێکی تر بۆ خودا دەکات، کە ڕۆح بخاتە ناو گیانیانەوە، خوداش دیسان بە گوێی شەیتانی هاوڕێی دەکات و فەرمان بە فریشتەکانی سەماو مۆسیقا دەکات بە درێژایی شەو مۆسیقا بۆ بوکەڵە قوڕەکان بژەنن و گۆرانیان بۆ بڵێن و سەمایان لەبەردەمدا بکەن، ئیتر بە درێژایی شەو ئەوانیش لەسەر خواستی خوداوەند کارەکانیان ئەنجام دەدەن و بەمەش گیان دەچێتە ناو لەشی دوو بوکەڵەکەوەو بەمەش بەهەشت دوو بوونەوەری تری بۆ زیاد دەبێت.
جا من وای بۆ دەچم، ڕاستە مرۆڤ ئافرێندراوی خودایە، بەڵام فکرەکە هی شەیتانە. ماوەیەک بەسەر درووستبوونی بوکەڵەکاندا تێپەڕ دەبێت گۆڕانکارییەکی وا لە بەهەشتدا ڕوونادات تا ئەو کاتەی شەیتان دەبینێت لە دوای درووستبوونی بوکەڵەکانەوە خودا هیچ بایەخێک بە ئەو نادات و هەر لەگەڵ بوکەڵەکان دڵخۆشە ئیتر ڕۆحی لە ئیرەیی پڕ دەبێت و هەر ڕۆژەو کێشەیەک لەناو بەهەشتدا درووست دەکات و لەگەڵ خودادا دەکەوێتە ململانێ، ئیتر لەم کەین و بەینەدا خودا و شەیتان لەسەر ئەم دوو بوکەڵە دەبێتە شەڕیان، چونکە خودا داوا لە شەیتان دەکات کڕنۆشیان بۆ ببات و ڕێزیان بۆ بنوێنێت، شەیتانیش نەک ئەمە پەسەند ناکات، بەڵکو پێداگری لە خاوەندارێتی بوکەڵەکان دەکات.
ئەگەرچی لە ڕاستیدا بوکەڵەکان لە قوڕ درووستکرابوون، بەڵام ڕۆحیان لە مۆسیقاو شادی خولقێنرابوون، کەچی لەبری هێنانی شادی و خۆشی دەبنە هۆی بشێوی و نائارامی لەبەهەشتداو دۆستایەتی مێژینەی نێوان خوداو شەیتان بە هۆیانەوە تێک دەچێت. خوداش بەمە زۆر تورە دەبێت، بۆیە شەیتانی خۆشەویستی لە بەهەشت دەردەکات، هەربەمەشەوە ناوەستێت گوێچکەی هەردوو بوکەڵەکە دەگرێت و توند بۆ شەیتانی هەڵدەدات و پێی دەڵێت؛ نەفرەت لەخۆت و فکرەکەت، بڕۆن بە نەفرەت بن، نامەوێت جارێکی تر بتان بینمەوە تا بەتەواوەتی لە هەموو گوناهێک خۆتان پاک نەکەنەوە....
ئەڵێن خودا ئەوەندە تورە بووە کاتێک بەسەر شەیتاندا قیژاندوویەتی تەقینەوەیەکی گەورە لەناو گەردووندا ڕوویداوە، ڕەنگە ئەو حەوت ڕۆژەش باسی درووستبوونی گەردوون دەکەن لە درووسبوونی بوکەڵەکانەوە بێت تا دەرکردنیان لەبەهەشت، نازانم، کێ دەڵێت ڕاستە! لەوانەیەو لەوانەش نییە....

مسیۆ، قسەیەکی تریش هەیە من خۆم لە پیاوە پیرە داناکانم گوێ لێبووە، کە گوایە پێشتر زەویش هەرێمێک بووە لە بەهەشت، بەڵام لەو کاتەوەی خودا شەیتان و فکرەکەی، کە دوو بوکەڵەکەیە و دواتر ئەبن بە مرۆڤ تور هەڵئەدات و بە تورەیی هاوار دەکات بەهەشت شەق دەبات و بومەلەرزەو بورکانێک درووست دەبێت گەردوون دەبێت بە یەک ملیارد پارچەوە، جا من وای بۆ دەچم ئەو کاتەی خودا تورەبووەو لە تورەییدا ئاگای لە خۆی نەماوە ئەو زۆڵانە فرسەتیان هێنابێت و لە کوپەڵەکانیان دزیبێت و لەگەڵ خۆیاندا بۆسەر ئەو پارچە زەویەیان هێنابێت، کە لێی گیرساونەتەوەو دواتر بووە بەم زەوییەی ئێمە لەسەری ئەژین.
مسیۆ، ئەزانم کەمێک مەستم، بۆ ئەمەیان لێم مەگرە، بەڵام تو سەری من، ئەگەر من و تۆش لەسەر ئەم زەوییە خودا بووینایەو ئەم مرۆڤانە ڕوویان لێبکردایەت توند تورت هەڵنەدەدان بۆ سەر پارچە زەوییەکی تر لەناو گەردووندا؟!.
مسیۆ، ئاخر تۆ سەیری ئەم مرۆڤە دڕەندە ناکەیت پەلاماری هەموو شتێک دەدات، تەنانەت ئاژەڵەکانیش لەناو یەکدا ئەتوانن ببنە دۆست و لەگەڵ یەکتر میهرەبان بن، بگرە ئاژەڵە کێوی و دڕەندەکانیش توانای بوون بە هاوڕێیەتی مرۆڤیان تێدایە، بەڵام لەوەتەی ئەم مرۆڤە دڕندە فڕێدراوەتە سەر زەوی هەرچی هاتبێتە بەر لوتی لەناوی بردووە، ئەوەی گۆشتەکەی خورابێت خواردوویەتی و ئەوەشی نەخورابێت کەوڵی کردووەو لە کەوڵەکەی جل و بەرگ و ڕایەخی درووستکردووە، خۆ ئەوانەشی، کە ماڵی کردوون و ڕایگرتوون هەر لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا بووە.
ئێمەی مرۆڤ لەو نەخۆشانە ئەچین نەخۆشییەکانیان لە خەڵکی تردا دەبینن، ئێمە خۆمان دڕندەین، کە چی بە ئاژەڵەکان ئەڵێین دڕندە.
ئاژەڵە دڕەندەکان تا برسییان نەبێت پەلامار نادەن و لەدوای هەر پەلامار و ڕاوکردنی ئاژەڵێک ئیتر پشوو دەدەن، بەڵام مرۆڤ لە تێریدا لەهەموو کاتێک زیاتر هاردەبێت و پەلاماری هەموو شتێک دەدات.... تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت هەرچی گیانەوەر لەدەریا، ڕووبار و دەریاچەکاندا هەیە ئێمە ڕاویان دەکەین و دەیانخۆین، کەچی خۆمان بە دڕەندە نازانین، بەڵام ئەگەر ماسییەکی دڕک ژەهراوی بۆ خۆپاراستن خۆیمان لێبخشێنێت و بمانکوژێت ئەو دەبێت بە دڕندە، یان لەبەر ئەوەی قرشەکان وەک ئێمە پەلاماری هەموو شتێک دەدەن پێیان دەڵێین دڕەندە، بەڵام ئێمە دڕەندە نین هەموو پلان و تۆڕێک بۆ ڕاوکردنی ئەوان ئەنێینەوە و ڕاویان ئەکەین و ئەیانخۆین!.
گیاندارێک زیان بە منالێکمان بگەیەنێت دونیا تێکدەدەین، کەچی ئێمە زۆرجار بۆ ئەوەی چێژێکی زیاتر لە دڕەندەیی خۆمان وەرگرین بێچوی ناوسکی گیاندارەکان دەردەهێنین و دەیخۆین، گەراو هێلکەکانیان ئەخۆین، جا مسیۆ ئێمە چی ناخۆین؟، تۆ ئەتوانیت پێم بڵێیت؛ مرۆڤ پەلاماری چی نادات و نایخوات؟!.

ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان بەتەنها پەلاماری ئەو ئاژەڵانە دەدەن، کە گۆشتەکانیان دەخوریت، بەڵام مرۆڤ ئەوەشی گۆشتەکەی نەخوریت پەلاماری دەدات و کەوڵی دەکات. ئاژەڵەکان یان گیا یان گۆشت ئەخۆن، مەگەر ئاژەڵێکی وەک بەراز نەبێت هەموو شتێک بخوات، سوێندت بۆ ئەخۆم ئەسڵی ئینسان بەرازە، ئەوە بۆیە خوداش هێندە ڕقی لەبەرازە....

**** **** ****

مسیۆ، هەر قسەیەکت نەکردو پێت نەگوتم: چۆن گەڕایتەوە بۆ ئەم دورگەیە، ها بگرە پێکێکی تر هەڵدە، ئەمجارە لە چاوی ئەوانەی لەم جۆرە مەستییە تێناگەن، نۆش....

لەم کاتەدا، ئازاری سوتاوییەکەی پشتم کەمێک پەشێوی کردبووم و نەمدەتوانی بەباشی قسە بکەم، هەر ئەوەندە نەبێت گوتم؛ شایگان حاڵم زۆرباش نییە بەتەنها قسەکانی تۆ تیماری بیمارییەکەم دەکەن، من هیچ شتێکم بۆ گوتن پێ نییە، تۆ بەردەوام بە. ئێوارە پێش ئەوەی سەربکەومە سەر گابەردەکان گوێم لە ئاوازێکی خۆش بوو، دەنگێکی زۆر هێمن و خۆشت پێوەیە، هەرچەندە هیچ تێنەگەیشتم، بەڵام خۆ گۆرانی بۆ تێگەیشتن درووست نەبووە! ئەگەر داوات لێبکەم دەتوانیت ئەو ئاوازەم بۆ بچڕێت و لە نزیکەوە گوێم لێ بێت؟. شەرابەکەشت ئەوەندە خۆشە ئەگەر بڵێم یەکەم جارمە لە هەموو تەمەنمدا شەرابێکی ئەوەندە بەتامم خواردبێتەوە بڕوام پێ بکە، ئایا ئەگەر داوا بکەم، ئەتوانم پێکێکی تر بخۆمەوە...؟.

مسیۆ، تۆ زۆر سەیریت، تۆش ڕێک و ڕاست وەک زۆربەی ئەم خەڵکە بیر دەکەیتەوە، کە قەت هیچ شتێکی خۆیان لەگەڵ هاوڕێ و خۆشەویستەکانیاندا بەش ناکەن، بەڵام هەمیشە داوا دەکەن، بە داخەوە ئەم قسەیە دەکەم؛ خەڵکی ئەم سەردەمە سیفەتی ئەسفەنجییان وەرگرتووە، هەر هەڵدەمژن قەت نایبەخشن، ئەگەر بتەوێت شتێکت لێیان دەست بکەوێت دەبێت توند بیانگوشیت، جا ئەوە چ خۆشییەکی تێدایە.

سوێندت بۆ دەخۆم لەو گوندەی ئێستا تێیدا دەژیم، کە ڕەنگە لەزۆر شوێنی دونیا باشتر بێت، خەڵک هەیە چل جووت پێڵاوی هەیە، کەچی ئامادە نییە یەک جووتیان ببەخشێت بەو خەڵکانەی پێخاوسن یان پێڵاویان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچاوی لەسەر ئەوەیە پێڵاوی زیاترو نوێتر پەیدا بکات.

مسیۆ، حەزناکەم تۆش وەکو ئەو خەڵکە چاوچنۆکانە بیت لەم دونیادا بەتەنها ئەو دوو وشەیە فێربوون، ئەمە هی منە، ئەوە هی تۆیە، کەچی ماڵەکەی سیخناخە لەجل و بەرگ و زۆربەی هەرەزۆریان ئەوەندە دەمێکە لەبەری نەکردوون لەناو دۆڵابەکاندا کەڕوویان کردووەو ڕزیون. ئەم بەشەرانە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ

ئەو دەوڵەمەندە جاوچنۆکانەدا نییە، کە بە خوێن و هێزی چینەکانی خوارووی خۆیان سەروەتەکانیان لە بانکەکاندا کەڵەکە دەکەن، کەچی تا ئەمرن پێویستیان بە یەک دۆلاریان نییە، ئاخر ئەگەر چاکەتێک دووجار لە ساڵێکدا بۆ لەبەرکردن پێویستت پێی نەبێت، کەواتە ئەوە هی تۆ نییەو هیچ کەڵکێکی بۆ تۆ نییە، ئیتر بۆ نایبەخشیت بەو کەسەی، کە پێویستی پێیەتی....

مسیۆ، ئێستا تێگەیشتی من چۆن بیر دەکەمەوە، لەوەتەی ئاوەزم کردووە هەروا بیرم کردۆتەوە، هیچ شتێکم بەهی خۆم نەزانیوە، لە ژیانمدا هەر شتێکم هەبووە لەگەڵ ئەوانەدا بەشم کردووە، کە پێویستیان پێی بووە، زۆرجاریش وا ڕێککەوتووە پێویستم بە نانێک هەبووە، کەس نەیداوە پێم، بەڵام سوپاس بۆ خوا لەبرساندا نەمردوم و ئەوەتا لەبەردەمتدا زرت و زیندوو قسەی زل دەکەم و دەخۆمەوەو گۆرانی دەڵێم.

مسیۆ، وەک گوتم: ئەم شەرابە هی ڕەزەکانی خۆمانە، باوەکریس لە ترێکان، کە بەشێکیان سپییەکی شیرینە و بەشە گەورەکەیان مۆرێکی دەنک گەورەی بێناوکە لەناو بەرمیلە کۆنە لە داربەڕوو درووستکراوەکانیان دەئاخنێت و لێیان دەگەڕێت تا دەبێت بەم شەرابەی ئێستا من و تۆ دەیخۆینەوە.

سوێندت بۆ دەخۆم بەرمیلی لەداربەڕوو درووستکراوی وا لەو ژێرزەمینەدا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی باپیرە گەورەی، ئەگەر بڵێم ئەوەندە کۆنەو ئەوەندە شەرابی تێدا هەڵگیراوە ئاوی تێبکەیت پاش ماوەیەک بۆ خۆی دەبێت بەشەراب.

باوەکریس وا بیردەکاتەوەو دەڵێت: هەر شتێک لە دونیادا کۆن ببێت ئەگەر خراپیش نەبێت ئەوا لەنرخەکەی دێتە خوارەوە، بەڵام شەراب چەند کۆن ببێت هەم تامی خۆشتر دەبێت هەم نرخەکەشی بەرز دەبێتەوە، لەبەر ئەوە شەراب ئەو ئاڵتونەیە، کە مرۆڤ دەتوانێت بە دەستەکانی خۆی درووستی بکات. هەروەها ئەوەشی نەدەشاردەوەو دەیگوت: خوداش بۆ خۆی شەراب درووستکەرێکی مەزن و لێهاتوو بووە، ئەو دەیگوت: لە ڕاستیدا نهێنی درووستکردنی شەراب لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی دزەی کردووە.

**** **** ****

مسیۆ، کاتێک مناڵ بووم ئەوەم باش لەبیرە، ئەو شەوانەی باوکم لەمەیخانەکان تا درەنگانێک لەگەڵ هاوڕێکانیدا تا ئەو جێگای عەقڵی لەسەریدا نەدەما دەیخواردەوە، نەنکم لەماڵەوە چیرۆکی سەیر سەیری بۆ دەگێڕاینەوە....

داژۆی برام لە من مناڵتر بوو، کاتێک نەنکم چیرۆکەکانی بۆ دەگێڕاینەوەو دەیویست لە ڕێگای چیرۆکەکانەوە بۆ خواپەرستی ئامۆژگاریمان بکات، کەچی هەندێکجار چیرۆکەکانی ئەوەندە هەڕەشە و ترس و تۆقاندیان تێدابوو، لە ترساندا تا سبەی دوو سێ جار میزم بە خۆمدا دەکرد، بەڵام داژۆی برام وای دەزانی باسی گەمەی

پشیلەو مشکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئاخر ئەو زۆر لەوە منالٚتر بوو لەو چیرۆکانە تێبگات.
دواجار، چەند ڕۆژێک نازانم، چەند هەفتەیەک پێش شەوی ئەستێرەکان دیسان وەک هەموو جارەکانی تر باوکم لە یەکێک لە مەیخانەکان سەرگەرمی خۆ سەرخۆشکردن بوو، ئەگەر باش بیرم بێتەوە پێم وابێت دایکم ئەو شەوە نەخۆش بوو بیتای بچکۆلەش لە تەنیشتییەوە خەوی لێکەوتبوو. نەنکم دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی کرد. ئەگەر ڕاستت دەوێت خۆی هەر یەک چیرۆک بوو، بەڵام نەنکم هەرجارەو بە شێوازێکی جیاواز دەیگێڕایەوە، لەگەڵ هەر گێڕانەوەیەکدا ئێمە وامان دەزانی چیرۆکێکی نوێیە، بەڵام کاتێک گەورە بووم و بیرم لە چیرۆکەکانی نەنکم دەکردەوە، ئینجا تێگەیشتم هەموو چیرۆکەکانی هەر یەک چیرۆک بوون و بۆیە هەرجارەو بە شێوازێکی جیاواز دەیگێڕایەوە بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێش بێت و زۆرجاریش بیروبۆچوونەکانی خۆی تێکەڵ دەکردن....
لەکاتی گێڕانەوەدا هەمیشە داژۆی برام چاوێکی دەخەوت و بە چاوە نیوە خەوتووەکەی ترەوە دەمی دەهێنایە پێشەوەو وەک چاوەڕوانی شتێک لە نەنکم بکات، یان بزانێت چیرۆکەکە بە قازانجی پشیلەکە دەشکێتەوە یان مشکەکە، بەڵام چیرۆکەکانی نەنکم لەبەهەشتەوە لە پڕێکدا ئەیکردیت بە جەهەنمداو پاش سوتان و ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر شیشێکی گەرمیان ئەهێناو ئەیانکرد بە قونتدا نوکەکەی لە ژێر دانەکانتەوە دەهاتە دەرەوە.
مسیۆ، بڕوام پێبکە تا ئێستاش ئەو چیرۆکانەی نەنکم بەناو بیرو خەیاڵمدا گوزەردەکەن هەستدەکەم یەکێک لەو شیشە داغکراوانە لە قونم ڕۆکراوە. ئەوە باشبوو بیرم کەوتەوە، ئەو ئێوارەی ساڵی پارت لەبیرماوە، کاتێک مریشکە برژاوەکەم توڕ هەڵدایە ناو دەریاکەوە؟.
- بێگومان شایگانی پوژمان زۆر باشم لەبیرماوە، دەتوانم بپرسم ئەو کارەت بۆ کرد....؟.
کەواتە مسیۆ تۆ پیاوێکی باشیت و مێشکیشت هێشتا بەباشی کار دەکات، من سوپاست دەکەم ئەو ئێوارە بێدەنگیت هەڵبژاردو هیچ کاردانەوەیەکی خراپت لەبەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتەی من نەنواند، بەڵام پێم سەیربوو نەتپرسی، کە بۆچی من مریشکەکەم بە تووڕەبوونەوە توڕ هەڵدایە ناو ئاوەکە؟.
مسیۆ، سوێندت بەو مریشکانە بۆ دەخۆم، کە بە ڕیز لەناو فڕنەکاندا شیشێکی گەرمی داغکراویان لە قونییان ڕۆکردووە، هەرکاتێک چاوم پێیان دەکەوێت چیرۆکەکانی نەنکم بیردەکەوێتەوەو لەوەتەی ئەو مریشکە شیش لە قون ڕۆکراوانەم دیوە هەمیشە خۆم وەکو یەکێکیان دێتە بەرچاو، کە لەو دونیا ئاوا بە ڕیز شیشی گەرم لە قونمان ڕۆدەکەن، ئێستا تێدەگەیت بۆچی بەو شێوەیە تووڕەبووم و

مریشکەکەم تورهەڵدایە ناو دەریاکە، چونکە نەمدەتوانی بەرگەی ئەو دیمەنە بگرم، کەبەردەوام لە مناڵییەوە لەگەڵمدا دەژی....
ئیتر مسیۆ چیرۆکەکانی نەنکم، ئا بەو شێوەیە بوو، لە دوای سزاکانی جەهەنەمەوە وەک ئەوەی بیەوێت ئازارەکانت سارێژ بکات و کەمێک هۆشت بێتەوە سەر خۆت بەسەر پردێکدا، کە لە مو باریکترە دەیپەڕانیتیەوەو دەیکردیت بەبەهەشتدا، ئەگەر بڵێم؛ ئەوەندە باسی ئەو ڕێگایانەی نێوان بەهەشت و دۆزەخی بۆ کردووم بە بێ ئەوەی دیبێتم کون و کەلەبەرەکانی لەم کەنار دەریایە باشتر شارەزام.
بە پێی چیرۆکەکانی نەنکم، بەهەشت تەواو پێچەوانەی دۆزەخە، هەموو بەهەشت یەک باخی جوانە لەمیوەو گوڵ. بەناو ئەم باخانەدا چەم و کانی لە شەراب گوزەردەکەن، لەبەر ئەوەی ڕەگی درەختەکانیش لە چەم و کانی شەرابەکان هەڵدەمژن، خواردنی میوەکان و بۆنی گوڵەکانیش مرۆڤ سەرخۆش دەکەن، لەوێ هەموو شتێک بە شەراب مەستە. نەنکم بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە باسی ئەوەشی دەکرد لەژێر هەر درەختێکدا حۆرییەکی جوان چاوەڕوانی پیاوێکە.
کاتێک نەنکم وەسفی حۆرییەکانی دەکرد، هەستم دەکرد وەک پیاوەکان دەمی پڕدەبێت لە ئاوی غەریزەو چێژێکی زۆری لێدەبینێت. ئەو ئەوەندە بە سەلیقەیەکی جوانەوە باسی حۆرییەکانی دەکرد، حەزت دەکرد لەو کاتەدا خودا لەناوت بەرێت و زوو بگەیتە ئەو شوێنە خۆشەو وەک نێرە کەروێشکێک لە هەموویان بپەڕیت.
نەنکم لە وەسفی حۆرییەکاندا دەیگوت: ئەو حۆرییانە ئەوەندە جوانن ئەڵماس ئاسا ئەبریقێنەوە، پێستیان سپی و ناسک، چاوەکانیان سەوزو شینی پیرۆزەیی، قژەکانیان زەردو کاڵ، هەندێکیان قژیان کردووە بە پەلکەو هەندێکیان تا سەر پشتییان بەریانداوەتەوە، مەمکەکانیان قوت وەک بەهێیەکی گەیوو خوار وەستاون و کاتێک دەم بۆ گۆیەکانیان دەبەیت لەبری شیر شەرابیان لێدەڕژێت.... منیش دەمپرسی: ئاخۆ جلی چۆن لەبەر دەکەن، هەروەک و جلەکانی تۆو دایکم کۆن و دڕاون، یان وەک ژنە مامۆستاکان پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ ئەکەن یان....؟.
لە وەڵامدا دەیگوت: ڕۆڵە جلی چی! هەموویان ڕووت و قوت لاشەیان وەک ماسی ساف و لوسە و لەبەردەم تیشکی هەتاودا ئەدروشێنەوە، ئەوە باسی ڕووەخۆش و دەمە قوتەکانیان هەر ناکرێت، بەردەوام پێدەکەنن و قەت بزە لەسەر لێوەکانیان نابڕێت....
مسیۆ، وا نەزانیت سەرخۆشم، بۆیە وا بێ ئەدەبانە قسە دەکەم، بەو گۆڕەی ئەو داپیرە داماوەمیان تێفرێداوە، کە هەمیشە پێی وابوو خودا بەهەشتی بەتەنها بۆ پیاوەکان درووستکردووەو بەتەنها پیاوەکان ئەو مافەیان هەیە بڕۆنە ناوییەوەو چێژ لەجوانی و خۆشییەکانی ببینن، لەم دواییەدا وام لێهاتبوو هەر لەگەڵ باسی بەهەشتی دەکرد و دەگەیشتە وەسفی حۆرییەکان و لاشە سپی و لوسە ڕووتەکانیان

و مەمکە قوتەکانیان، کە وەک هەنارێکی خڕی نەگەیوو بەدارەکەوە ملیان خوارکردۆتەوە کێرە بچکۆلە باریکەکەم لەناو بیجامە شڕەکەمدا ڕەپ دەبوو....
مسیۆ، بڕوام پێبکە ئەو کاتە هیچ لەو شتانە تێنەدەگەیشتم و نەشمدەزانی چ مانایەکیان هەیە، ئاخر من زۆر لەوە منالْتر بووم لەو شتانە تێبگەم، بەلاّم نازانم بۆ هەر کاتێک باسی ئەو حۆرییانەی دەکرد یەکسەر کێرم ڕەپ دەبوو، بۆ وا دەزانیت کێرم هەبوو! بەو شەرابە، کە یەکێکە لەو نهێنییانەی لە بەهەشت دزراوەو گەشتۆتە سەرزەوی و ئێمەش لەم پێچەی دونیادا قوزەلْقورتی دەکەین، کێرم ئەوەندی ئەو پەنجە توتەم نەدەبوو، کەچی کاتێک ڕەق دەبوو توند هەردوو دەستم دەخستە ناوگەلْم و خۆم پێچ دەدا وەک توشی ژانە سک بووبێتم.
داژۆی براشم لە چاوەڕوانی ئەوەی ئێستا نا کەمێکی تر پشیلەکە مشکەکە دەگرێت و دەیکات بەیەک قەپالْ، سەرە باریکە گێژبووەکەی ئەوەندە بەملاولادا دەخست و ڕۆدەچووە ناو خەیالْەکانییەوە خەو دەیبردەوە، منیش لەتاو ئازار هەرخۆم پێچ دەدا، خەریک دەبوو میزم بە خۆمدا دەکرد. داپیرەشم بەردەوام دەیگوت: ئای کوڕەکانم، ئەگەر ئێوە ئاگاتان لە نوێژو ڕۆژووەکانتان بێت و گوێ لە ئامۆژگارییەکانی پیاوانی ئایینی بگرن و ئیماندارێکی وا بن لە پێناو خودادا گیانی خۆتان ببەخشن ئەوا خوا لەبەهەشت بێ بەشتان ناکات و هەریەکەتان حەفتا دانە زیاتر لەو حۆرییانەتان پێشکەش دەکات، منیش زوو زوو دەمپرسییەوە: داپیرە حۆرییەکان ڕووتن؟ ڕووت و قوت وانییە؟ لە وەلاّمدا دەیگوت: قوزەلْقورت، ئەوە چەند جار دووبارەم کردەوە، خودا حۆرییەکانی لەبەر خاتری ئەو دەم و فلْقە جوانەی تۆ بە ڕووتی ئافراندووە بۆ ئەوەی هەمیشە حەزتان بچێتە سەریان و لەکاری خراپە دوور بکەونەوە.
پاشانیش دەنگی نزم دەکردەوەو لە چیرۆکەکانی بەردەوام دەبووەوە، ڕۆلْە گیان، ئەوەش نهێنی و حیکمەتی خوایە بۆ ئێوە، چونکە پیاو کاتێک زەوقی هەلْدەستێ ئەگەر ژن زوو ئامادە نەبێت، بۆ ئەوەی حەزەکەی دامرکێنێتەوە، ئەوا ئەو پیاوە حەزەکەی دەمرێت و خەمێکی ناخۆش دەنیشێتە سەر دلْی. خوداش بۆ خۆی چونکە میهرەبان و بەبەزەییە قەت ناهێلْێت کەسە خۆشەویستەکانی لەخۆشی بێبەش بکات و خەم بنیشێتە سەر دلْیان. ئەو بۆیە حۆرییەکانی ئەوەندە جوان و دلْگیر خولقاندووەو لەهەموو جل و پۆشتەیەک بێ بەشی کردوون بۆ خۆشبەختکردنی پیاوە ئیماندارەکانیەتی، چونکە دەزانێت خۆشبەختی پیاوەکان بەتەنها لە ژنی جوواندایە. خەونی هەموو پیاوێک ئەوەیە خۆی سەرخۆش بکات و لەگەلْ جوانترین ئافرەتدا ڕابوێرێت، هەربۆیە خوداش بەوە چاکەی موجاهیدەکانی دەداتەوە.
ڕۆلْەکانم خودا بەندەکانی خۆی باش دەناسێت و دەزانێت بە چی پاداشتی چاکەیان دەداتەوە، هەربۆیە حۆرییەکانیشی بەو هەموو ناسک و نازدارییەوە بە ڕوت و قوتی

لەناو بەهەشتدا بۆ ئامادەکردوون، چونکە دەزانێت پیاوەکان چەند بێ ئارامن و ناتوانن ئافرەتێکی جوان ببینن و بەرگە بگرن تا خۆی ڕووتدەکاتەوە، هەربۆیە لە بنەدارێک و لەهەر بستێکدا یەکێک لەو حۆرییانە بە ڕووتی پاڵکەوتووەو چاوەڕوانی پیاوێک دەکات خۆشییەکانی خۆی تێدا بەتاڵ بکاتەوە....

ئەگەر ئێوەش کاتێک گەورە دەبن و دەبنە ئیمانداریکی ڕاستەقینە و لە پێناو خودادا بێ ئیمان و گومڕاکان ڕەوانەی دۆزەخ دەکەن و ژیانی خۆتان لەو پێناوەدا ئەبەخشن ئەوا خودا لە پاداشتدا ژیانێکی نوێ و ئەبەدیتان لە بەهەشت پێ ئەبەخشێت.

کوڕەکانم، خودا دوو بەهەشت دوو دۆزەخی بۆ مرۆڤەکان خولقاندووە، یەکێکیان لە سەر زەوییەو ئەوی تریان لە ئاسمان، هەریەکێک لە ئێمە دەتوانێت یەکێکیان هەڵبژێریێت، ئەگەر ئێوە بەهەشتەکەی سەرزەوی هەڵبژێرن، کە کورتە ئەوا خودا دۆزەخێکی هەمیشەییتان پێشکەش دەکات و ئەگەر پێچەوانەکەی هەڵبژێرن ئەوا بەهەشتێکی هەمیشەیی لەو دونیا چاوەڕوانتان دەکات، بەهەشتێک لێوانلێو لە حۆری جوان و شەرابی بەتام....

مسیۆ، هەتا ئێستاش تێنەگەیشتم بۆچی هەرکاتێک نەنکم باسی بەهەشت و ئەو حۆرییانەی ئەکرد، کێرە بچکۆلەکەم لەناو بیجامە دڕاوەکەمدا ڕەپ دەبوو، ئیتر وەک گون ئێشەم گرتبێت هەردوو دەستم بە گەڵ و گونمەوە دەگرت و وەخت بوو میز بەخۆمدا بکەم.

ئەوە سەرووی نیوسەدە بەسەر ئەو ڕۆژانەدا تێپەڕ ئەبێت هەر لەگەڵ ناوی بەهەشت دەکەوێتە بەرگوێم قسەکانی نەنکم بیر دەکەوێتەوە، لەناو باخێکی پڕ گوڵ و گوڵزاردا کۆمەڵێک ژنی ساف و لوسی جوان، قژەکانیان بەرداوەتەوەو بە ڕووتی دەسوڕێنەوە، هەندێکیشیان لەسەر بەردە سافەکانی قەراغ ڕووبارەکان وەک پەری دەریا ڕاکشاون و مەمکەکانیان وەک تۆپێکی پیرامیدی بچکۆلە قوت وەستاون، ئیتر هەوەسم دەخرۆشێت و بەخەیاڵ لەگەڵ یەکێک لەو حۆرییانەدا خۆم بەتاڵ دەکەمەوە، کاتێکیش لەشم خاو دەبێتەوەو سوکناییەک بە ڕۆحم دەگات، لەسەرخۆ چاوەکانم دەکەمەوە یان لە گەوڕی بەرازەکان یان لەکادانەکەدا خۆم ئەبینمەوە، ئەی بە نەفرەت بیت بۆ چ ژیانێکە.... ها بگرە مسیۆ پێکێکی تر هەڵدە لە چاوی هەموو حۆرییە جوانەکانی بەهەشت....

مسیۆ، هەرچەند بیریی لێدەکەمەوە هیچ بوونەوەرێک هێندەی مرۆڤ لە دابڕانی بەردەوامدا نازی، لەدوای ئەوەی خودا ئەم بوونەوەرە نەعلەتییە لەبەهەشت دەردەکات و فڕێی دەداتە ئەم سەرزەمینە ئیتر دابڕان و لێکترازان لەخۆیی و دەوروبەرەکەی بووە بەخەسڵەتێکی ئەم بووەنەوەرە، بۆیە دەبینیت دڵی بە هیچ شتێک خۆشنابێت و بەدەروام لە نائومێدییەکی گەورەدا دەژی.

بەبۆچوونی من نائومێدی مرۆڤ پەیوەستە بە خەونی گەڕانەوەی بۆ بەهەشت، تراژیدیای مرۆڤ لەوەدایە ئەم سەرزەمینەی بۆ بکەیت بە بەهەشت ئینجا لەهەموو کاتێک زیاتر نائومێد و دڵتەنگتر دێتە بەرچاو. مرۆڤ هەموو شتێک لە پێناو گەڕانەوە بۆ بەهەشتە لەدەستچووەکەی دەکات. کێشەی ئینسان ئەوەیە لەناو تاریکیدا بۆ شتە ونبووەکانی دەگەڕێت، تا ئەم دونیا مابێت و بوونەوەرەکان لەسەر ئەم زەوییە بژین هیچکات بەختەوەری بۆ مرۆڤ دەستەبەر نابێت ئەگەر بەتەنها ئەو شتانە ببینێت، کە لە کیسیان دەچێت و نابینا بێت لەئاست ئەوانەی دەستی دەکەوێت و هەیەتی. ئەمە نەگبەتی مرۆڤە بەردەوام بە دوای شتە ونبوو لەدەستچووەکانەوەیەو ئامادەیە لەو پێناوەدا ئەم سەرزەمینە بکات بە دۆزەخ.

مسیۆ، بەو شەرابەی، کە ئێمەی مرۆڤ لە خڵتەی گۆزەکەی درووستبووین، گوناهی ئێمە ئەوەیە لە نێوان دوو هێزی گەردوونیدا بووینەتە قوربانی و هەردووکیشیان بە بەهەشت فریومان دەدەن. هێزێک پێت دەڵێت؛ بۆ ئەوەی تۆ بۆ بەهەشت بگەڕێیتەوەو چێژ لە خۆشییەکانی ببینیت، دەبێت ئەم ژیانە بکەیت بە دۆزەخ، هێزەکەی تریش پێیوایە ئەم ژیانە بۆ خۆی بەهەشتە و لەدەرەوەی ئەم ژیانە شتێکی تر نییە ناوی بەهەشت یان دۆزەخ بێت.

مسیۆ، وا نەزانیت سەرخۆشم و قسەی هەڵەت و پەڵەت دەکەم، بەو گۆڕەی ئەو نەنکە داماوەمی تێ ڕۆیشتووە، کە هەموو ئاواتی ئەوەبوو من و داژۆی برام گەورە ببین و ببینە ئیماندارێکی ڕاستەقینە و لە پێناو خودادا گیانی خۆمان فیدا بکەین و هەر لەگەڵ دەرچوونی ڕۆحماندا وەک ئەم فرۆکانە چۆن لێرە ئەنیشنەوە ئاوا باڵبگرین و لە بەهەشتدا لەناوەڕاستی حۆرییەکاندا بنیشینەوە، قەت ئاواتەخواز نەبووم ئەو بەهەشتە ببینم، ئەگەرچی خەیاڵکردن بە حۆرییەکانییەوە چێژێکی تایبەت بە خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی من لەو مرۆڤانەم ناتوانم بۆ ماوەیەکی درێژ لە هیچ شوێنێکدا بمێنمەوە، ئەگەر وەک سزایەکیش بۆ هەتا هەتایە فڕێم بدەنە شوێنێکەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە خۆم دەکوژم.

مسیۆ، ڕەنگە بەهەشت بۆ چەند ڕۆژێک خۆش بێت، ئیتر دوای ئەو چەند ڕۆژە ڕەنگە دڵم بتەقێت، ئەمە چ بێمانابییەکە هەموو ژیانت سەرخۆش بیت و سواری ژن بیت، ئەی دوای ئەوە؟. ئاخر من تەنها شتێک بە بەردەوامی هێزێکی زۆرم بۆ ژیان پێدەدات هیوایە، هیوا بۆ من واتە کارکردن و هەوڵدان، پێم سەیرە مرۆڤ بەبێ هیوا بتوانێت بژی!. ئەو خەڵکە ئیماندارەش لە پێناو ئاین و خواکەیاندا لە دژی ژیان ئەجەنگن و دونیا لە خۆیان و چواردەورەکەیان ئەکەن بە دۆزەخ ئەوەیە، کە هیوایەکیان هەیە، هیواکەیان ئەوەیە لە دوای مردنەوە خودا پاداشتیان بە بەهەشت بداتەوە، ئەی دوای بەهەشت؟.

مسیۆ، بڕوام پێبکە پڕ بەدڵ حەز دەکەم بڕۆمە دۆزەخ، من تازە بە دۆزەخ ڕاهاتووم، زەحمەتە مرۆڤ بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو جۆرە ژیانە بێت پێی ڕاهاتووە، هەربۆیە خواپەرستیش ناکەم بۆ ئەوەی خوا بە دۆزەخ سزام بدات، چونکە هیچ نەبێت لە دۆزەخدا هیوایەکم هەیە ڕۆژێک بێمە دەرەوەو ڕزگارم ببێت. تۆ بڵێیت دۆزەخ لەم ژیانە سەخیفەی تا ئێستا دیومە ناخۆشتر بێت؟!.

مسیۆ، هەڵدە پێکێکی تر، لە چاوی ئەوانەی دەیانەوێت لە پێناوی بێهیواییدا بمرن، نۆش....

مسیۆ، چەندت دەوێت دەتوانیت بخۆیتەوە، هیچ خەمێکت نەبێت، ئەوەندە شەرابم لەگەڵ خۆمدا هێناوە بەشی هەزار ڕۆژ ئەکات، بەڵام من هەر ئەمشەو شەراب ئەخۆمەوە، نامەوێت لەوە زیاتر سەرخۆش بم، خۆ ئەو پەنیرە سویسرییە کۆنەش ئەوەندەی شەرابەکە کاریگەری هەیە. هەموو جار دەڵێم؛ حەیفە شەرابی کۆن بە بێ ئەو پەنیرە کۆنە بخۆیتەوە.

ها مسیۆ، ئەو قاپە بگرەو چەند قاشێک لەو پەنیرە بخەرە ناو دەمتەوە، ئەوە پەنیری "گرویەر"ە جوتیارێکی سویسری خزمی باوە کریس هەر ساڵێک بێت بۆ سەردانمان یەک قاڵبی گەورە لەگەڵ خۆیدا بە دیاری دەهێنێت. ئەم جوتیارانەش زۆر سەیرن هەریەکێکیان خەڵکی وڵاتێکن، کەچی هەموویان بە خزمایەتی دەگەنەوە بەیەک، خزمایەتییەکەشیان لە ڕێگای مانگاکان و ئاژەڵەکانیانەوەیە.

وەک گوتم: من لە دوای ئەمشەوەوە ئیتر تا دوا شەو شەراب ناخۆمەوە، دوو پارچە پەنیری گەورەش ماوە دەتوانیت بۆ خۆت لەگەڵ دبە شەرابەکاندا نۆشی بکەیت، هەرچیشی لێ مایەوە لەگەڵ خۆتدا بیبەرەوەو لەهەر کوێیەکی ئەم دونیا قومێکت لێدا بیر لە من و چیرۆکەکانی نەنکم بکەرەوە، یان بیر لەو هەموو حۆرییە داماوەی بەهەشت بکەوە، کە لە چاوەڕوانی پیاوە گەمژەکانی ئەم دونیا، ئەوەندە بەناو باخەکانی بەهەشتدا دێن و دەچن هەموویان توشی قاچ ئێشە بوون و خۆیان بە پێوە ناگرن....

**** **** ****

مسیۆ، ئەم ئێوارە پێش ئەوەی تۆ پەیدا ببیت بە دیار قولاپەکانمەوە خەیاڵ تا ئەوسەری گەردوون بردبوومی، کەچی هەر بیرم لای ژنەکەم بوو، کە ماوەیەکە دەنگی نییە، ئەم بێدەنگییەی ئەو دەمترسێنێت، چونکە ژنان لەو کاتانەدا سەرقاڵی یارییەکی ترسناکن دەتوانن بێدەنگ بن. هەمیشە لە پشت بێدەنگبوونی ژنانەوە هەست بە مەترسییەکی گەورە دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت چی بکرێت؟.

ئێمەی پیاو هاهاها بەس ئەزانین درۆ بکەین و خۆمان هەڵکێشین و وا خۆمان نیشان بدەین دەتوانین ژن وەک ئەو کەرەستانەی پێویستمانن بەکار بهێنین، بەڵام

ئەمە درۆی ئەو پیاوانەیە لەناخەوە هێندە بچوک و گرگنن بەدەست نەخۆشی هەوەسەکانیانەوە دەناڵێنن و لەو کەسە نەخۆشانە دەچن هێشتا هێرشەکان بۆ سەریان دەستی پێنەکردووە دەست بە بەرگری کردن و پەلاماردان دەکەن.
مسیۆ، بڕوام پێبکە یان ئەمە ڕێکەوتە یان ڕەنگە ئیتر ئەمە حەقیقەتی زۆربەی پیاوەکان بێ، کاتێک هەر پیاوێکم دیبێت بە ناوهێنانی ژن فشەی هاتبێت و گاڵتەی بەو پیاوانە کردبێت لەبەردەم ئافرەتەکاندا هەموو نرخێکی خۆیان دەدۆڕێنن و بچوک دەبنەوە بە پیاوی لاواز و هیچ لەبارا نەبوو ناویان هێنابن، خۆیان لەبەردەم لاوازترین ئافرەتدا وەک ئەو مشکانەیان لێدێت لەبەردەم پشیلەکاندا قاچەکانیان دەشکێت و لە ڕۆیشتن دەکەون.
بە تەنها من دەزانم ئەو پیاوانەی پەلاماری ژنان دەدەن و بە بوونەوەرێکی قێزەون و سوک تەماشایان دەکەن، چەنێک بەدەست گرێی دەروونیی ژنەوە دەناڵێنن، زۆرم لەو جۆرە پیاوانە دیوە، شەوانە بەدەم ئاه و ناڵەی ژنانەوە تا ڕۆژ بۆتەوە گینگڵیان داوەو بۆ سبەینێش نەفرەتیان بۆ ناردوون.
مسیۆ، نازانم، بۆ پیاوان هەر لەگەڵ چاویان بە ژنێک دەکەوێت، ئیتر وەک سەگگەلێکی برسی چاویان بە ئێسقان کەوتبێت لیک بە لمۆزیاندا دێتە خوارەوەو عەقڵ لەسەریاندا نامێنێت، سوێندت بۆ دەخۆم گەمژەترین ژن دەتوانێت زۆر بە سادەو ئاسانی عەقڵ لەسەری بلیمەتترین پیاودا دەربهێنێت.
خۆزگە دەمتوانی لەو نهێنییەی ژن تێبگەم، کە وەک کلیلی جۆکەر توانای کردنەوەی سەری هەموو پیاوێکیان هەیە، ئاخر تۆ لەو بڕوایەدایت پیاوێک لەم دونیادا هەبێت ئەگەر بۆ جارێکیش بێت گیرۆدەی سیحری ژنێک نەبووبێت!.
هەرجارێك بیر لەم بونەوەرە سەیرە دەکەمەوە لەوە تێناگەم، کە سەرەڕای ئەوەی ئازاریشت زۆر دەدەن، بەڵام ناتوانیت ڕقت لێیان بێتەوە. تەنانەت خواکانیش ئافرەت بە ڕۆحی شەیتان وەسف دەکەن و بە سەرچاوەی گوناحیان دەزانن، کەچی باشترین و جوانترین دیاری خوداکان لە بەهەشتدا پێشکەشی خۆشەویستانی خۆیانی دەکەن ئافرەتە.
مسیۆ، هەستدەکەم خوداکانیش کەوتبنە ژێر سیحری ژنانەوەو عەقڵیان لە دەست دابێت، ئەوان هەموو سەرچاوەی بەدبەختییەکانی ئینسان و هۆکاری دەرکردنەکەیان لە باغی عەدەن بۆ خیانەتی ژن دەگێڕنەوە، کە بە قسەکانی شەیتان فریوی خواردووە، کەچی بە هەشتیان بۆ پڕکردووین لەم بوونەوەرە خیانەتکارە، من هەرچەند دەکەم سەر لەم بابەتە دەرناکەم، بۆ ئەوەی ئافرەتم دەست بکەوێت پێویستە لە ئافرەت دووربکەومەوە!.
مسیۆ، ئەوەی ڕاستی بێت من بۆ خۆم دەمێکە لەگەڵ خودای خۆمدا ڕێککەوتووم، کە دڵی هیچ ئافرەتێک نەشکێنم و ئەو شەرابانەی لەبەهەشتیش بۆی داناوم لەم دونیا

بیانخۆمەوە، کێ دەڵێت؛ تا ئەو کاتەی من ئەمرم و دەگەمە ڕۆژی حیسابە گەورەکە، ئەو دونیاش وێران نابێت و ڕەزو چەمەکان وشک نابن...؟. خۆ لەوانەیە من ئەوەندە نەگبەت بم لەوەڵامی پرسیارێکی خوداوەندا بۆ ڕازیکردنی دڵی ئەو درۆیەکی ئەوەندە گەورە بکەم و بەمەش وابزانم کارێکی باش دەکەم سزای هەتاهەتایی لەسەری بدرێم، نازانم، ئەوەی ڕاستی بێت من تاقەتی ئەو کێشەو هەراو هوریایەم نییە.... تا ئەم تەمەنەم نەمتوانیبێت بە گوێی عەقڵم بکەم تازە بەم تەمەنەوە ناتوانم فێری ئەوە ببم، هەر وەک و چۆن تا ئێستا فێربووم هەروا لێدەخورم و شوێن دڵم دەکەوم و لە داواکاریی و حەزەکانی خۆم ناشارمەوە.

لەسەرێکی تریشەوە، مسیۆ، من ئەم قسەیە لەسەر خۆم دەکەم، دڵنیام تۆیش و زۆربەی پیاوەکانی ئەم دونیایەش هەروەکو من و تۆ بیر دەکەنەوە، بەمەرجێک لەگەڵ خۆیاندا ڕاستگۆ بن، ئێمە لەم دونیا هەریەکەمان بەدەست ژنێکەوە گیرمان خواردووەو بەردەوام سکاڵایان لەدەست دەکەین، خۆ ئەمە مانای ئەوە نییە لەژن بێزارین، بەڵام هەڵسوکەوت و ژیانگوزەراندن لەگەڵیاندا قورسە، لەبەر ئەوەی "ژنان بۆ خۆیشیان نازانن لەژیانیاندا چییان دەوێت"، بەو گۆڕەی ئەو نەنکە داماوەمی تێفرێدراوە، کە بەردەوام خەونی بەوەوە دەبینی من و داژۆی برام گەورە ببین و وەک ئیماندارێکی ڕاستەقینە بمرین و لەو دونیا خوداش لە پاداشدا حەفتا دانە لە ژنە ساف و لوس و جوانەکانی باغی بەهەشتمان بەدیاری بداتێ، من ئێستا هەر لەگەڵ دەنگی پێی ڕێبوارێک لەودیوی ئەو گابەردانەوە دەگاتە گوێم دڵم بۆ ماوەیەک لە لێدان دەوەستێت، خوێن لە دەمارەکانمدا وەک لەترساندا مانبگرن ئەوانیش لە سوڕانەکانیان دەوەستن، چونکە وا هەستدەکەم ژنەکەمەو پەیدابۆتەوە، ئیتر ئەمە چ چاکەیەکە خودا لەگەڵ خۆشەویستەکانیدا دەیکات و هەریەکەیان حەفتا دانە ژن دەکات بە توشییەوە!.

ئاخ خۆزگە، وەک چۆن ئێستا تەلەسکۆبی هۆبل سات بەسات وێنەی ئەم گەردوونەمان بۆ ڕەوانە دەکات و دەتوانین بەزیندووی ئەو جێگانەی ئەو وێنەی گرتوون بەچاوەکانی خۆمان ببینین، ئاواش تەلەسکۆبێک پەیدا ببوایە و وێنەی بەهەشتی بۆ ڕەوانە بکردینایە، دڵنیام دەمانبینی چۆن پیاوەکانی بەهەشت لەدەست ژنە زۆرەکانیان هەڵدێن و خۆیانیان لێدەشارنەوە و ئەوانیش شوێنیان دەکەون بۆ ئەوەی بیانگرن و پێیان بڵێن ئەی ئێوە خۆتان ئەمەتان نەدەویست، هەی ترسنۆکینە، ئێوە نەبوون سەرزەویتان لە پێناوی ئەم ڕۆژەدا کردبووە بە دۆزەخ، ئێستا دەتانەوێت لەدەستمان هەڵبێن! ئەی تۆڵەی خوێنی ئەو هەموو ژنەی بە شمشێرەکانی دەستی ئێوە ڕژێنران، هەر لەپێناو ئێمەو ئەم ڕۆژەدا نەبوو....؟.

جا مسیۆ، ئەگەر ژنان بیانەوێت تۆڵەیەکی زۆر شیرین بکەنەوە، ئەوە زمانیان ئەوەندە نەرم و شل دەبێت پیاو ئەتوێننەوە، ژنانی بەهەشتیش کاتێک پیاوە

ترسنۆکە هەڵاتووەکان دەستگیر دەکەن، دڵنیام ئەوەندە بە میهرەبانی لەگەڵیاندا دەجولێنەوە، تۆڵەی یەک دانە ملیۆن ساڵیان لێدەکەنەوە. خۆ ئەوان وەک پیاوەکانی سەرزەوی ئەوەندە بێدەماغ و گەمژە نین تەنها بە کوشتن و بڕین بزانن کێشەکان چارەسەر بکەن، نا ئەوان بەو پیاوە خۆشەویستانەی خودا دەڵێن، ئازیزەکانمان ئەوە بۆ هەڵدێن، ئەی ئێوە خۆتان ئەمەتان نەدەویست؟، ئێوە دونیاتان لە خۆتان و چواردەورەکەتان لە پێناو ئەم ڕۆژەدا نەکردبوو بە دۆزەخ؟، ئێستاش دەتانەوێت ڕەتی بکەنەوە؟، مرۆڤێک ئەگەر گەردێک خۆشەویستی خودا لە دڵیدا بێت چۆن دەتوانێت دیارییەکانی ڕەتبکاتەوە، چ دیارییەک هەیە لە ئێمە جوانتر بێت بۆ پیاوەکان....؟!. هەستە سەرپێ ئازیزەکەمان، با کەمێک ئەو شان و ملە تێکشکاوەتان بشێلین، بەسە ئیتر ئەوەندە مەخۆنەوە، باتوانای ئەوەتان تێدا بێت حەزەکانی ئێمەش تێر بکەن، ئێمەش وەک ئێوە هەست و حەزمان هەیە، ئازیزەکەمان، وەک ئێوە پێویستمان بە ڕەحەتبوون هەیە، بەڵام چی بکەین ئیتر ئەمە بڕیاری خوداوەندە، ئەگینا ئێمەش حەزمان دەکرد، هەریەکێکمان بۆ حەفتا پیاو ببوایە، دڵنیام ئەو کات ئەم جەنگە هەڵنەدەگیرسا، چونکە ژنێک توانای ڕازیکردنی دڵی حەفتا پیاوی هەیە، بەڵام هیچ پیاوێک نییە توانای ڕازیکردنی دڵی تاقە ئافرەتێکی هەبێت، دەی هەستنە سەرپێ و ئەوەندە لەدەستمان هەڵمەیەن، ئەگینا ئەمجارە بە گاز لەت لەتتان دەکەین....

مسیۆ، گەمژەیی پیاو لەوەدایە پێی وایە ژنی شوێنێکی تر لە ئەوەی تەنیشتی خۆی باشترە، یان ڕەنگە ژنانی ئەستێرەکانی تر لە هی ئەم ئەستێرەی ئێمە باشتر و ژیرتر بن، لەکاتێکدا ژن لەهەر کوێیەکی ئەم گەردوونەدا بێت، هەر ئەوەیە لە پەراسووەکەی ئێمەی پیاوەوە هاتوونەتە دەر، تۆ بڵێیت خودا ژنانی بەهەشتی لە شتێکی تر درووست کردبێت؟. نا، دڵنیام شتی وا نابێت، چونکە ئەگەر ئەوە ڕوویدات، کەواتە ئەو بوونەوەرە نابێت ناوی ژن بێت.

مسیۆ، ئەم ئێوارەیە ئەوەندەم چەنە دا شەویلگەکانم دێشێن و تۆش هەر قسەیەکت نەکرد، دەهەڵدە نۆش لە چاوی ژنە ڕووت و ساف و لوسەکانی بەهەشت، کە لە چاوەڕوانی پیاوە ڕیش زبرەکانی سەرزەمیندا خەریکە باڵیان لێدەڕوێت....

## شەوی دووەم

مسیۆ، ئەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکانم نادەیتەوە!. من دوێنێ شەو لێم پرسیت؛ چۆن بوو وا هاتیتەوە، ئەمەوێت بزانم بەتەنها بۆ سەردانی من بۆ ئێرە گەڕاویتەوە یان وەک ئەو کەسانەی لەم شوێنانەدا خۆیان لێ ونەدەبێت و زوو زوو بەنیازی خۆ

دۆزینەوە بۆی دەگەڕێنەوە؟. ئەی باشە نەترسایت لەم ناوەدا توشی ژنەکەم ببیت هاهاهاهاها؟!.
مسیۆ، خۆت دەزانیت چەنێک خەوم قورسەو هەر لەگەڵ ئەم قوزەڵقورتەش ئەخۆمەوە ئەوەندەی تر خەوەکەم قورستر دەبێت، بەڵام ئەمشەو تا ڕۆژ بۆتەوە لەناڵەو نرکەی تۆ خەوم لێنەدەکەوت، هەستدەکەم بەدەم ئازارێکی قوڵەوە دەناڵێنیت و ناتەوێت دەریبڕیت، ئەگەر بەم شێوەیە لەسەر ئەو بێدەنگییە بەردەوام بیت، ئەوا گومانم نییە، کە دەتکوژێت!، مسیۆ، بێدەنگی و قوتدانەوەی ڕازەکانی ناخی مرۆڤ، مرۆڤ لەناو دەبات، بڕوام پێبکە، لەناوت دەبات، ئەگەر هەر کەسێکت نەدۆزییەوە ڕازەکانی ناختی بۆ بگێڕیتەوە برۆ لەبنە دارێکدا بۆ قەدو گەڵاکانی بگێڕەوە، بڕوام پێبکە ئەوانیش گوێت لێدەگرن و خۆشت پاک دەبیتەوەو ناخت ئاسودە دەبێت.
قەیرە ژنێک لە گوندەکەمان هەیە، بەهۆی لوتبەرزی و نێرگسیەتی خۆیەوە تا ئێستا نەیتوانیوە نە هاوسەرێکی هەبێت نەدۆستێک، ئەوەش نەبێت لەکاتی خۆیدا کەس حەزی لێنەکردبێت، بەڵام دەستی بە ڕووی هەموویانەوە ناوە تا گەشتۆتە تەمەنێک ئیتر وەک میوەیەک، کە بەدارەکەوە ئەوەندە نەرم و شل دەبێت کەڵکی گازلێگرتنی نامێنێت مەگەر بێدانێک پەیدا بێت و لەناچاریدا بڵێت خۆ کەڵکی مژینی ماوەو تەڕو شیرینیشە.
ئەو ژنە ئێستاش لە مێشکی خۆیدا هەر وا دەزانێت گەنجەو هەمیشە جۆری خۆگۆڕین و قژبڕینەکانی هەر وەکو گەنجەکانە، بۆیە هەندێک پێیان وایە، کە ئەقڵی کەمێک لە شوێنی خۆی جوڵابێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەقڵی لە شوێنی خۆیدا نەگۆڕاوە تەنها ئەوە نەبێت، کە گەورە نەبووە، ئاخر مرۆڤ زۆرن تەمەنیان دەگاتە شەستەکان، بەڵام هەر گەورە نابن، ئەمەش بەختێکی باشە بۆ ئەو مرۆڤانەی دەتوانن هەموو قۆناغەکانی ژیان وەک خۆی ببڕن و هەر قۆناغێکی تەمەن وەک خۆی پەسەند بکەن.
جا بۆیە باسی ئەم ژنەم بۆ کردیت، نهێنییەکی گەورە لەژیانی ئەم ژنەدا هەیەو ئەوەش بووە بەهۆی مانەوەی بەو شێوە تەڕو بڕە. لە هەر کۆڵانێکی گوندەکەمان یان هەر شوێنێکی تر ئەو ژنە ببینیت هەمیشە سەگە بچکۆلەکەی، کە ناوی 'بۆب'ە بەدەستەوەیە و بەردەوام قسەی بۆ دەکات و حیکایەتی سەیر سەیری بۆ دەگێڕێتەوە، سەگەکەش بە شێوەیەک لەگەڵ چیرۆکەکاندا ڕاهاتووە وەک منداڵێکی گوێگرو ژیر جوان گوێیەکانی بۆ شل دەکات و چاوەکانی لێک دەنێت تا تەواو دەبێت. ڕۆژێکیان من خۆم بێتاقەتی تا قەبری ئەژدادم ڕۆچووبوو، کەچی لە سەر ڕێگای شارۆچکەکە بوو بە توشمەوەو ئەوەندە قسەی سەیرو سەمەرەو بێتامانەی کرد خەریک بوو لە پێستی خۆم دەهاتمە دەرەوە. تا ئەو کاتە نەمدەزانی، کە مرۆڤ

هەیە تەمەنی نیوسەدە تێدەپەڕێنێت بەڵام هێشتا هەر گەنجێکی هەرزەیە. ئەو باسی چیرۆکە سەیرەکانی خۆی دەکرد، باسی پیاوە قۆزو بەناوبانگەکانی هۆلیۆدی دەکرد، کە چۆن زوو زوو بە دیاری بە نرخەوە دێن سەری لێدەدەن و داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێدەکەن و ئەمیش وەڵامیان ناداتەوە، ئەو دەیگوت: ماڵەکەم پڕە لە دیاری ئەو پیاوانە، بەڵام خۆ دەبێت من هەر یەکێکیان هەڵبژێرم، ئاخر لەمەشدا دەترسم دڵی ئەوانی ترم لێ زویر بێت، بۆیە بەردەوام پەنا دەبەمە بەر گوڵەکانم و لەگەڵیاندا قسە دەکەم، هەریەکێک لە گوڵەکانم بەناوی یەکێک لەوانەوە ناو ناوەو یەک بەیەک دەیاندوێنم و باسی ئەوەیان بۆ دەکەم، ئەگەر بێتو من تۆم هەڵبژێرم ئایا مایکل تورە نابێت و هەر بەو چاوەی جاران سەیرم دەکات....!.

مسیۆ، ئەم ژنە ئەوە نەبێت ئەقڵی لەدەست دابێت، نا بڕوا ناکەم، بەڵام نهێنییەکە ئەوەیە ناهێڵێت مەراق و خەیاڵە بێ سەرووبەرەکانی لەناخیدا پەنگ بخۆنەوەو نەخۆشی بخەن، ئەو بەوەوە ماوە، کە بەردەوام فیگۆرەکان بۆ خۆی درووست دەکات و لەگەڵیاندا ڕازەکانی خۆی بۆیان بەیان دەکات تا بۆ خۆی بەتاڵ و پاک دەبێتەوە، بۆیە پێویستە تۆش هیچ نەبێت لەم ژنەوە بایی ئەوە فێربیت، کە ناخی خۆت بەتاڵ بکەیتەوەو باری شانت سوکتر بکەیت، هیچ نەبێت چاو لەمن بکە، بۆچی هاتوومەتە ئێرە، جگە لە چەنەبازی و خۆ بەتاڵکردنەوە نەبێت بەرازێکی وەک من لێرە چی کارێکی هەیە....!.

دەی مسیۆ قسە بکە، بزانم ئەو هەموو ئاە و ناڵەی دوێنێ شەو چی بوو؟.

ئەوەی ڕاستی بێت شایگان وەک ئەوەی ئەمڕۆ خۆت برینەکانی سەرپشتت بینیم، لەوە زیاتر شتێکی تر نییە. من خوویەکی خراپم هەیە لەسەر پشت نەبێت ناتوانم بنوم و هەر لەگەڵ خەو دەچووە چاوەکانم هەڵدەگەڕامەوە سەرپشتم، ئیتر لەتاو ئازار هاوارم لێ بەرز دەبووەو دوای ئەوەش تۆ ڕاست دەکەیت، هەندێک شتی تر هەن، نازانم چۆنت بۆ باس بکەم...!، بێتاقەتییەکە بە بێ ئەوەی هیچ هۆکارێک هەبێت، جاری وا هەیە لە پڕێکدا سەرو دڵت دەگرێت و ژیانت لەبەرچاو ڕەش دەکات، من هەر لەمناڵییەوە ئەم جۆرە بێتاقەتییەم لەگەڵدا بووە، نازانم کەیی و چۆن لەپڕ پەیدا دەبێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگم دەکات.... بەڵام شایگانی پوژمان من داوایەکم لە تۆ هەیە، ڕەنگە بەشێک لەو بێتاقەتییەی ئەمڕۆی من جگە لە ئازارەکەی پشتم نیگەرانی نهێنییەک بێت، کە ناتوانم بڵێم تەواو دڵنیام، بەڵام دەزانم تۆ شتێکی لەبارەوە دەزانیت، دوێنێ شەویش داوام لێکردیت، کە بەردەوام بیت لەو گۆرانییە، وا هەست دەکەم تۆ لەگەڵ ئەو گۆرانییەدا نهێنییەکی قوڵت هەبێت، دەتوانم شتێک دەربارەی ئەو گۆرانییە بزانم....!.

ئاخ مسیۆ، داوای شتێکی زۆر مەحاڵم لێ دەکەیت، ئەم گۆرانییە حیکایەتێکی زۆر دوورو درێژی هەیە، ئەگەر بڵێم بەشێکی گەورەی ژیانی من پەیوەستە بەو گۆرانییەوە بڕوام پێبکە.
ئێمە کۆمەڵێک منالی لانەواز بووین لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان و مامۆستایەکی گەورەی وەک فەرزان سەرپەرشتیارمان بوو. نازانم پێشتر باسی ئەم فەرزانەم بۆ کردویت یان نا.....؟.
'بەڵێ، بەڵی، هەموویت بۆ باسکردووم، بەڵام ئەوەت بۆ باس نەکردم ، کەی و چۆن لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان هەڵهاتن یان سەفەرتان بۆ دەرەوە کرد'.
ئا، زۆر باشە مسیۆ، کەواتە پێشتر بۆم باسکردوویت. ئەم گۆرانییە پەیوەندی بەو شەوەوە هەیە، کە فەرزان هاتە ژوورەکەمان و وەک هەرجارێکی تر ماوەیەکی بە بێدەنگی بەسەر برد.
بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی فەرزان لەگەڵ قاچاخچییەکاندا کردبووی، دەبوو ئێمە بگەینە ئەو شوێنەی، کە فەرزان بۆی دیاری کردبوون، ئیتر لەوێوە ڕستەیەکی نهێنی بۆ دڵنیابوونمان بۆ فەرزان بنێرینەوە.
دیارە ئێمە هیچ شوێنێک شارەزا نەبووین و نەشماندەزانی فەرزان بۆ کوێمان دەنێرێت، ئەوەندە نەبێت ئەو شەوە هاتە ژوورەکەمان و وەک هەموو جارەکانی تر ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو....
بێدەنگی ئەو شەوەی فەرزان لە بێدەنگی شەوەکانی تری نەدەچوو، ئەگەر بڵێم هیچ کاتێک بێدەنگییەکانی لە بێدەنگییەکی تری چووە ئەوەش ڕاست نییە، بەڵام ئەو شەوە هەر زۆر جیاوازتر بوو، لەبەر خۆیەوە گوێمان لە ورتە ورت، و لێوە جوڵەیەک دەبوو، بەڵام هیچ تێنەدەگەیشتین و وەک ڕاشهاتبووین نەماندەویست هیچ پرسیارێک بکەین و بێدەنگییەکەی بشێوێنین. بێدەنگی ئەو شەوەی فەرزان بە تەنها بێدەنگییەک نەبوو بەس، بەڵکو لە جوڵەکانی دەم و چاویدا بە ئاسانی ئەوەت دەخوێندەوە لە شەڕێکی گەورەدایە لەگەڵ خۆیداو هەر لایەک دەیەوێت لایەکی تر ببەزێنێت.
ئەو شەوە ئەو لە پیاوێکی دیندار دەچوو شەیتان ڕۆیشتبێتە رۆحییەوەو ڕۆحی بەسەر دوو هێزدا دابەشکردبێت و نەزانێت لایەنی کامیان بگرێت. ئاخر شەیتان بە وەستای چێژ و حەزەکان دادەنرێت و تاکە شتێکیش مرۆڤ لەبەردەمیدا لاواز بێت ئەو دوو شتەیە، کە خودا بە دروستکەری شەیتانی دەزانێت و دەیەوێت مرۆڤەکان لەوان بەهێزتر بن و فریوی ئەو شتە نەخۆن، بۆیە هەمیشە بەڵێنی ئەوە بە پیاوە دیندارەکان دەدات، هەرکەسێک فریوی نەخوات و بەسەر ئەو شتانەی شەیتان دەیخاتە ناو ڕۆحیانەوە سەرکەون ئەوا بە بەهەشت پاداشتییان دەداتەوەو ژیانی داهاتوویان بۆ پڕ دەکات لە حەز و چێژ.

ئەو شەوە ماوەیەکی زۆری ویست تا فەرزان لەو جەنگە قوڵەی ناو ناخی ڕزگاری ببێت و بکەوێتە قسە. پێش ئەوەی قسە بکات وەک خوویەکی هەمیشەیی سەیرێکی بنمیچی خانووەکەی کردو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، کەمێک بە بێدەنگی لە ئێمە ڕاماو لەبەر خۆیەوە گوتی: ئێوە چی دەڵێن؟.
من و کامشاد بەپەلە سەیرێکی یەکترمان کردو وەک ئەوەی هەریەکێکمان بەویتر بڵێت؛ ئێمە چی دەزانین یان تۆ بڵێیت شتێک ڕوویدابێت و ئێمە لێی بێئاگا بین. هەروا بەسەر سوڕمانەوە سەیری یەکترمان دەکرد بە بێ ئەوەی وشەیەک چییە لە زارمان بێتە دەرەوە تا ئەو کاتەی فەرزان خۆی بێدەنگییەکەی شکاندو گوتی: ئەی ئێوە نەتاندەویست بڕۆن، یان ناتانەوێت بڕۆن و ئەم دۆزەخە جێبهێڵن و لە شوێنێکدا بگیرسێنەوە شایانی ژیان بێت و ئێوەش وەک دوو مرۆڤ دوور لە دڵشکان و نائومێدی بەردەوام بژین. ئەی ئێوە خۆتان ماوەیەک پێش ئێستا نەخشەی هەڵهاتنتان دانەڕشت، ئەی ئێستا بۆ وا واق وڕماون و وەک ئەوەی کارەساتێکی گەورە ڕوویدابێت لەیەکتر دەڕوانن، ئێستا ئەگەر دەتانەوێت بڕۆن و هێشتا سورن لەسەر ئەو بڕیارەی، کە دەبێت هەموومان بڕۆین و ئێرە بەجێبهێڵین ئەوا ئەمشەو کاتی ئەو سەفەرەیە، ئا بەڵێ کاتی ئەو سەفەرەیە، کە زۆر دەمێکە خەوی پێوە دەبینن، بەڵام من لەگەڵتاندا نایەم، چونکە هێشتا زۆر کار ماوە لێرە تەواویان بکەم، زۆر چیرۆک و نهێنی لە نێوانماندا هەن، کە دەتوانن ڕۆژگارێک بۆ دۆزینەوەی یەکتری هاوکاریمان بکەن. مرۆڤەکان دەتوانن لە هەموو شتێک هەڵبێن و خۆیان بشارنەوە بەتەنها چیرۆکەکانی ژیانیان نەبێت. براکانم، ئێمە دەتوانین لە هەموو شتێک هەڵبێین بەتەنها یادگارییەکان نەبێت، هەربۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەوا لە هەر قوژبن و جێگایەکی ئەم دونیایەدا بین، بە ئاسانی لە ڕێگای یادگاریی و چیرۆکەکانمانەوە یەکتری بدۆزینەوە. ئەوە تاکە ڕێگایەکە ڕۆژگارێک بتوانین لە ڕێگایەوە یەکتری بدۆزینەوە، بۆیە هیچ خەمێکتان نەبێت، ئەگەر ئێمە بشمرین ئەوا چیرۆک و یادگارەکانمان هەر بەزیندوویی ئەمێننەوە....
ئەو گوتی: براکانم، لێرە منداڵێکی زۆری تر هەن، کە هەروەک و ئێوە پێویستیان بە هاوکاری و دەستگرتنە، ئەمەش قەدەری منە لەلایان بمێنمەوە تا ئەوکاتەی ئەوانیش وەک ئێوە باڵەکانیان ئەوەندە پەڕی لێدەڕوێت توانای فڕینیان هەبێت و بتوانن بەرگەی گەردەلوول و ڕەشەبا وێرانکەرەکان بگرن، چونکە خراپترین فڕینێک ئەو فڕینانەیە هێشتا باڵەکان ئامادەی فڕینی تەواویان نەبێت.
مسیۆ، ئەو شەوە یان باشتر بڵێم؛ ئەو دەمەو بەیانییەی فەرزان لە میوانخانەکە هێنایینیە خوارەوەو لەبەردەم دەرگای میوانخانەکەدا بە شۆفێرێکی ناساندین، کە ئێستا ناوەکەیم لەیاد نەماوە، یەکێکە لەو چرکەساتە غەمگینانەی لەگەڵ هەر چاوداخستنێکدا وەک فیلم بە بەرچاوەکانمدا دێن و دەچن.

هەزار ساڵی تریش ئەگەر لەژیاندا بمێنم ناتوانم ئەو چرکەساتەم لەیاد بچێت، کە فەرزان بۆ دواجار توند باوەشی پێداکردم و سەری خستە سەرشانەکانم و بە دەستە ماندووەکانی چەند جارێک بە پشتیدا کێشام و پێی گوتم: ئیتر ئەمە قەدەری ئێمەیە! هیچ خەمێکتان نەبێت، ئەگەر ئێمە لە ژیاندا بمێنین ئەوا هەر ڕۆژێک دێت یەکتر بدۆزینەوەو بەیەکتر ئاشنا ببینەوە.

ئاخر مسیۆ، مرۆڤ چۆن دەتوانێت یادگارێکی لەو شێوە لەیاد بکات، کە بۆ دواجار ماڵئاوایی لە خۆشەویسترین کەسی بکات، بەبێ ئەوەی بزانێت ئاخۆ ژیان ئەو بەختەی پێدەداتەوە، کە جارێکی تر چاویان بەیەکتر بکەوێتەوە یان نا؟.

ئالەم کاتەدا، کە لەم کەنار دەریاوە قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم، هەست بە گەرمی هەناسەکانی ئەو دەمەو بەیانییەی فەرزان دەکەم، کاتێک من قوڵپ قوڵپ دەگریام و ئەویش وەک سروشتی خۆی دڵنەوایی دەکردم، بەڵام لەناو قەفەسی سینەیدا بە لێدانە خێراکانی دڵەکەیدا، کە بەسنگمەوە نووسابوو هەستم بەو ئازارانە دەکرد لەناخیدا قوڵپیان دەدا. ئەگەرچی ئەو کاتە هێشتا مێردمنداڵێک بووم و لەزۆر شت تێنەدەگەیشتم، بەڵام هەناسە گەرم و ترپە خێراکانی دڵی تا ئەم کاتە کاریگەرییەکانیان لەناو بیرو هۆشمدا نەک هەر کاڵنەبوونەتەوە، بەڵکو تا گەورە دەبم و زیاتر لەخۆم و دونیا تێدەگەم لەگەڵمدا گەورەتر دەبن....

مسیۆ، ئەو دەمە و بەیانییە لە میوانخانەکە هاتینە دەرەوەو بەرەو ئەو سەرکۆڵانە ڕۆیشتین، کە پیکابێک چاوەڕوانی دەکردین لەرزێکی سەیر دایگرتم، بڕوات هەبێت قاچەکانم تەواو خەریک بوون لە ڕۆیشتن مانیان دەگرت. بە حیسابی خۆم ویستم دەستی کامشاد بگرم هیچ نەبێت بۆ ئەوەی کەمێک ئارام ببمەوە، کەچی لەناو دەستی ئەویشدا هەمان حاڵەتم هەست پێکرد، کە لە من زیاتر پەرێشانەو بەسەری خۆی ناهێنێت، نازانم ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەو لەرزە تێنەگەیشتم، کە چۆن بەو گەرمایە من چۆقەی دانەکانم دەهات و قاچەکانم ئەوەندە لەرزۆک بووبوون بەئاستەم زەوییەکەیان دەگرت....

کاتێک گەیشتینە لای پیکابەکە پیاوێکی نورانی سەرو ڕیش سپی لەگەڵ شۆفێرەکەدا وەستابوون و چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، لەخۆمەوە هەستم دەکرد ئەو پیاوەم پێشتر لە شوێنێک بینیوە، بەڵام کاتەکە کەی هی ئەوە بوو بیر لە شتێکی لەو جۆرە بکەیتەوە!.

ئەوان جگە لەوەی چاوەڕوانی ئێمە بوون، وەک ئەوەی چاودێری ئەو دەوروبەرە بکەن زوو زوو سەیرێکی چواردەوری خۆیان دەکرد، ئەو پیاوە پیرە ناوی باوە یادگار بوو، من ئەمەم دواتر لە دەمی ئارمانەوە زانی، کە ئەو کاتەی ئێمە سواری پیکابەکە بووین ئەو لە سوچێکی پیکابەکەدا لەسەر بەتانییەک دانیشتبوو.

شتێک، کە لەلامان سەیر بوو، هەر بەگەیشتنمان فەرزان پەلاماری دەستی پیاوە سەرو ڕیش سپییەکەی داو هەردوو دەستی ماچکردو وەک فەرمانداریێک فەرمانی بە ئێمەش کرد، کە دەستی ئەو پیاوە نورانییە ماچ بکەین. ئەو کاتە من وای بۆ دەچووم ئەم پیاوە بەتەنها بۆ ئەوە هاتبێت، کە دوعای خێرمان بۆ بکات بە سەلامەتی بگەینە ئەو شوێنەی نەماندەزانی کوێیە، بەڵام دوای هەندێک بە نهێنی قسەکردنی فەرزان لەگەڵ پیاوە نورانییەکەدا ئەم بۆچوونەی ئێمە ڕاست دەرنەچوو.
ئەوە یەکەم جاربوو لەماوەی ئەو چەند ساڵەی میوانخانەی پەپولەسپییەکان فەرزان بە شێوەی فەرمانداریێک ببینین و قسەکانی لە شێوەی فەرماندا بێت، کاتێک پێی گوتین؛ من زۆر بڕوام بە ئێوە هەیەو بەتایبەتی شایگان لە تۆ زۆر ڕادەبینم، کە بتوانیت ئەم بەڵێنە بەریتە سەر، ئەویش ئەمانەتێکە لەگەڵ خۆتدا بیگەیەنیتە جێ، دەبێت ئەگەر سەریشت لەم پێناوەدا دانابێت دەستبەرداری ئەو ئەمانەتە نەبیت، ئەمانەتەکەش دڵنیام ئێوە لە زۆر کارەسات و نارەحەتی دەپارێزێت، ئەویش کوڕێکی گەنجە بەناوی ئارمان، کە ئێستا لەناو پیکابەکەدایەو لەگەڵتاندا تا ئەو جێگای مەبەستە دێت.
دوای ماڵئاوایی لەیەکتر کردن، شۆفێرەکە پێی گوتین، کە دەبێت دەستوبرد لە ڕۆیشتن بکەین، بۆیە بەپەلە فەرمانی پێکردین، کە سواری ئۆتۆمبیلەکە بین، هەر لەگەڵ سواربووندا، چادرەکانی داخست و لە ڕووی دەرەوە گرێی دان.
بۆ ماوەیەکی زۆر من هەر لە سەرسوڕمان و شۆکێکی گەورەدا دەژیام و بیرم لەو دواساتانە دەکردەوە، کە فەرزان خۆی بە ژوورەکەماندا کردو وەک هەموو جارێکی تر دەستی بە قسان کردەوە....
زۆرێک لەو قسانەی فەرزان بەو درەنگانەی شەو لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان سەبارەت بە سەفەرو خەونەکانی ئێمە بۆ گەیشتن بە مەنزڵگا کردنی لەبەر ئەوەی ئەو کاتە من مێردمنداڵێکی پێنەگەیشتوو بووم و باش نەمدەتوانی لە کرۆکی قسەکانی تێ بگەم، بەڵام ئێستا لەم تەمەنە درەنگ وەختەدا تێیان دەگەم، کە چیتر هیچ سودێکی بۆ ژیانی من نییەو بۆ هەر کەسێکیشی باس بکەم ئەگەر گاڵتە بە ئەقڵم نەکات و بە مرۆڤێکی خەڵەفاو نەیەمە پێشچاوی ئەوا پێی وایە دەردە پیری توشی جۆرێک لە سەرئێشەی کردووم.
فەرزان دەیگوت: نەگبەتی ئێمەی مرۆڤ لەوەدایە لە سەرزەمینەدا بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕێین، لە کاتێکدا بەختەوەری بە تەنها لەناو ناخی خۆماندایە.
ئا، سەرزەمینی بەختەوەری لەناخی مرۆڤەکان خۆیاندایە نەک لەدەرەوەیان یان لە شوێنە دوورەکان، بۆیە باشترە پێش ئەوەی مرۆڤ بیر لەسەفەرە دوورەکان بکاتەوە

با سەفەرێکی کورت بە ناخی خۆیدا بکات، ئەگەر ئەوەی دەیویست لەناخی خۆیدا نەیدۆزییەوە، ئینجا بیر لە سەفەرە دوورەکان بکاتەوە....
من ئەمە بۆ یەکەمجار لە مامۆستاکەم بیست و بە گوێم نەکرد، بەڵام ئەزموونەکانی ژیان فێریان کردم، کە ئێمە چەند دوورتر بڕۆین نەک هەر ناگەینە بەختەوەری، بەڵکو خەونی گەڕانەوەمان گەورەو قوڵتر دەبێت، هەتا بەنیازی شوێنە دوورەکان بەرزتر بفڕین لەناخەوە زیاتر پارچە پارچە دەبین. جا ئەمە چ کارەساتێکە، کاتێک مرۆڤێک پارچە پارچە دەبێت و هەموو کاتەکانی ژیانی دەبن بە بەشێک لە گەڕان بە دوای پارچەکانی خۆیداو تا بۆ جارێک لە جێگایەک پارچەیەکی خۆی دەدۆزێتەوە چەند پارچەیەکی تری وندەبن.
هێشتا من سەرسامیی بەری نەدابووم و بیرم لە یەک بەیەکی ئەو قسانەی فەرزان دەکردەوە، کە دوا شەوو دواجار لە ژوورێک لە ژوورەکانی میوانەخانەی پەپولە سپییەکان بۆی کردین، خەمی ئەو کوڕەشی، کە ناوی ئارمان بوو هاتەسەر، ئاخر سەختە بە بێ ئەوەی ڕوخساری کەسێکت دیبێت و وشەیەکت لەگەڵدا گوتبێت ببێتە ئامەنەتی دەستی تۆ. بیرکردنەوە لەم کوڕە خەریکبوو بەتەواوەتی خۆمی لەبیردەبردەمەوە، هەندێکجاریش لەدڵی خۆمدا دەمگوت: دەبێت ئەم کوڕە کێ بێت وا ئەوەندە بەلای فەرزانەوە بایەخدارە، خۆ ئەگەر لەوە دڵنیا نەبوومایە، کە خەسرەو خەسیو لەگەڵ خانم ئازێتا هەڵهاتووەو بۆ شوێنێکی دوورو نادیار سەفەریان کردووە، ئەوا شکم بۆ ئەو دەچوو....
مسیۆ، تۆ ئەم جۆرە سەفەرانەت نەکردووەو نازانیت چەندە دڵگووشێنەرە!. تۆ بیهێنە پێشچاوی خۆت لەپشتی پیکابێکی سەرداخراوی تاریکدا هەندێکجار شۆفێرەکە بۆ دەربازبوون لە بازگەکانی پۆلیس شەقامە خۆڵییەکانی ناو گوندەکان بەکاردەهێنێت و ئەوەندە بە خێرایی لەسەر ئەو شەقامە خاکییانە لێدەخوڕێت دڵ و جگەرت دەیانجار تێکەڵ بەیەکدەبن و لەیەکتر جیادەبنەوە، لەگەڵ هەر وەستانێکیشدا ئەوە مەگەر ئەو خودا بەتەنها بۆ خۆی بزانێت ترس توشی چ لەرزوتایەکت دەکات، کەسیش ناوێرێت نەک هەر قسە بەڵکو هەناسەیەکی قوڵیش بدات، چونکە لەو جۆرە حاڵەتانەدا ئەگەر دەستگیر بکرێیت ئەوا هەر یەکێک لەلای خۆیەوە بەدوای تاوانبارکردنی ئەوی تردا دەگەڕێت تا بە ملیدا ساغی بکاتەوە.
ئەو ڕێگا نەفرەتییە یەکەم ڕێگایەک بوو لە ژیانمدا ئەوەندە بەسەختی پێیدا تێپەڕبووبێتم، چونکە مەسەلەکە هەر بەتەنها دوورییەکەی نەبوو بەڵکو ترس و ئەو هەموو هەڵتەک هەڵتەکەی ڕێگا، کە نازانم چۆن کاسەی قنگم لە دە لاوە درزی نە بردوو نەشکا.
بڕوات هەبێت، کاتێک شۆفێرەکە لە گوندێکی ئەودیو سنوورەوە وەستاو چادرەکەی کردووەو گوتی: دەی دابەزن نەفرەت لێکراوان، هەستم نەکرد چیتر قنگم پێوە ماوە،

بڕوا بکە هەریەکەمان لە شوێنی خۆمان چەقیبووین و سەیری یەکترمان دەکرد و نەماندەتوانی یەک هەنگاو چییە بجوولێین، تا ئەو شوفێرە تورەو نەعلەتییە گوتی، ئەوە چیتانە بۆ وا لە شوێنی خۆتان وەکو بەردێک چەقیون، دەی زوو بجولێن تا بەلایەکتان بەسەر نەهێناوین....

لەو کاتەدا هەریەکێکمان وەک لەوی دیکە چاوەڕوانی وەلامێک بێت سەیری یەکترمان دەکرد، لەم سەیرکردنەدا بۆ یەکەمجار ڕوخساری ئارمان کەوتە بەرچاوەکانم....

ئەو کورە سیحرێکی سەیر لە ڕوخساریدا هەبوو، کە یەکسەر بەلای خۆیدا ڕایدەکێشایت، دواتر لە فرسەتێکدا کامشادیش بە دزییەوە گوتی: منیش لەوکاتەدا شۆفێرە نەفرەت لێکراوەکە بەسەریدا قیراندین و چاوم بە ڕوخساری ئارمان کەوت یەکسەر وەک سیحرم لێکرابێت بۆ ماوەیەک بیرکردنەوەی داگیرکردم.

مسیۆ، ئەو کورە سیحرێکی سەیر لە ڕوخساریدا هەبوو، مرۆڤ نەیدەتوانی بۆجارێک سەیری بکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو سیحرەوە. لەو ماوەیەی پێکەوە بووین تا ساتی جیابوونەوەمان بەتەنها یەک کەسم بینی، کە خۆشیی بەچارەی نەدەهات ئەویش هەتیوێک بوو پێیان دەگوت: "مالە جنۆکە" ئەم جنۆکە ناوی ڕاستی مەعروف بوو، مەعروفیش واتە ناسراو، ئەوەندە ناسراو بوو ڕەنگە شێوەی ئەو لەم دونیایەدا هەر یەک دانە بێت، چونکە هەر بەڕاستی ڕوخسارێکی ئەوەندە ناقۆلاو ناحەزی هەبوو مرۆڤ لەخۆیەوە ڕقی لێی دەبووە، ئەمەش وای کردبوو، ئەویش چارەی هیچ کەسێکی نەوێت و ڕقی لەهەموو کەسێک بوو تەنانەت لە خۆیشی.

دوای ئەوەی شۆفێرەکە ئێمەی ڕادەستی ماڵێک لە گوندەکە کرد، داوای ئەو وشە نهێنییەی لێکردین، کە فەرزان بۆ دڵنیایی گەشتنمان پێیدابووین، بەلام دەبوو ئارمان لەسەر پارچە کاغەزێک بینووسێت، چونکە ئەو بەزمانێک دەینووسی جگە لە باوە یادگار هیچ کەسێکی تر نەیدەتوانی بیخوێنێتەوە، ئەمەش تەواو لەگەیشتنمان بەسەلامەتی دڵنیا دەبوونەوە.

دوای ئەوەی لەو ماڵە گوندییەدا پشوویەکی باشماندا و نانی نیوڕۆیان پێداین، بە ئۆتۆمبیلێکی تایبەتی خۆیان ئێمەیان گەیاندە شارۆچکەیەک، کە لە گەراجی ئەو شارە ئۆتۆبوسێک چاوەڕوانی دەکرد.... یەکێک لە کوڕی ماڵەکە لەگەڵماندا هات، ئەگەرچی زمانی یەکترمان باش نەدەزانی، بەلام هەندێک شت لەیەکتری تێدەگەیشتین. ئەو کورە پێی گوتین دەمانباتە شارێک و لەوێ تەسلیمی ئەو کەسانەمان دەکات، کە دەتوانن بۆ کوێمان بوێت بمانبەن، ئەمەش ئەوەندەی تر خورپەی خستە دڵمانەوەو تا گەیشتن بەو شوێنە هەزارو یەک خەیاڵی سەیر بە مێشکماندا دەهات و دەچوو، بەلام ئیتر خەیاڵ شتێک دەڵێت و واقیعیش شتێکی تر، چونکە شاری گەورە جگە لە جەنجاڵییەکەی، پڕە لە ژیانی ساختەو درۆ....

ڕێگای ئەو شارە زۆر دوور بوو، ئێمە ئێوارەی پێشوو سواربووین بۆ ڕۆژی دوای ئێوارەکەی گەیشتنە ئەو جێگای بۆمان دەستنیشان کرابوو. ئەوە یەکەمجارم بوو لەژیانمدا ئەوەندە لەناو ئۆتۆمبیلدا بمێنمەوە.... کێشەکەش بۆ من هەر مانەوە نەبوو، بەڵکو بەدرێژایی ئەو شەوو ڕۆژە من نەمتوانی بۆ ساتێک خەوم لێبکەوێت، کەچی کامشاد بۆ خۆی بە بێخەم لێی دەخەوت و پرخەی سەرنشینانی هەراسان کردبوو، منیش چارم نەبوو لەوە زیاتر زوو زوو لەپاڵەوە ئانیشکێکی تێ بسرەوێنم.
ئارمانیش کەم تا زۆر دەنووست و ئەو کاتانەی بێدار دەبوویەوە دەستی بە ژەنینی پارچەیەک مۆسیقا دەکرد، ئەوەندە دڵگیر بوو خەیاڵی مرۆڤی تا سەر ئەستێرەکان دەبرد، بەڵام زۆر بەردەوام نەدەبوو، لێی دەنووستەوە....

****　　　　****　　　　****

کاتێک گەیشتینە ئەو شارەی بۆمان دەستنیشان کرابوو، دیسان دەبوو ئارمان بە دەستخەتی خۆی چەند دێڕێک بنووسێت و بیدات بەو ڕێبەرەی لەگەڵماندا هاتبوو، ئەویش لەوێ بە دوو کەسی سپاردین، وەک هەر خویەکی تری قاچخچییەکان هەندێک چپە چپەیان لەگەڵ یەکتردا کردو ئێمەیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ خانوویەکی سێ ژووری کۆن لە کۆڵانێکی داڕزاوی ئەو شارەدا، کە کۆمەڵێک خێزان و خەڵکی تریشی لێبوون، کە لە ڕوخساریاندا هەستت بە نائارامی و بێ ئومێدییەکی زۆر دەکرد.
پاش ئەوەی لە سوچێکی ژوورەکەدا شوێنی مانەوەی ئێمەیان پێنیشان داین، یەکێکیان گوتی؛ ئەگەر بۆ کڕینی پێداویستییەکانتان خواستان بڕۆنە دەرەوە ئەوا ئاگادارمان بکەن تاکەسێک لەگەڵتاندا بنێرین و ناوشارو بازاڕەکانتان پێ نیشان بدات.
وەک من پێشبینیم کردبوو شارە گەورەکان وەک دەریا وەهایە، مرۆڤ نازانێت چی تیایدا دەگوزەرێت. من یەکجار لە ژیانمدا شاری گەورەم دیبوو، بەڵام گەورەیی ئەو شارەش نەدەگەیشتە گەڕەکێکی ئێرە، چونکە وەک باسیان دەکرد دانیشتوانی ئەم شارە خۆی لە دەیان ملیۆن کەس دەدا، بە کورتییەکەی وەک ئەوە وابوو دانیشتوانی دوو سێ وڵاتی بچوک کۆ بکەیتەوەو بیانهێنیت لێرە نیشتەجێیان بکەیت، بۆیە هەواکەی بەڕادەیەک پیس بوو مرۆڤ لەیەکەم ساتەوە هەستی بەوە دەکرد ڕۆیشتووەتە ناو کانێکی خەڵوزەوە نەک شارێک....
وەک یەکێک لە ڕێبەرەکان بۆی گێڕاینەوە ڕۆژگارێک ئەم شارە شوێنی ململانێی ئیمبراتۆرە گەورەکان بووە، کە هەریەکەیان بۆ ئەوەی شەرعیەت بە خوداوەندێتی

خۆیان لەسەر زەوی بدەن بەناوی ئایینێکی ئاسمانییەوە پەرەیان بە دەستدرێژی و داگیرکاری داوەو هەرچییان بەردەست کەوتبێت لەناویان بردووەو تالأنیان کردووە.
جەنگی ئیمبراتۆرە گەورەکانی چەندین سەدەی ڕابردوو، جەنگی مرۆڤەکان نەبوو دژ بەیەکتری، تەنانەت جەنگی ڕەنگی پێست و زمان و ڕەگەزی جیاوازیش نەبوو بەڵکو جەنگی خوداکان بوو لەسەر زەوی، ئەمەش مانای ئەوە نەبوو هەر هێزێک سەر بکەوێت بەسەر ئەوی تردا ئیتر ئەوەیان لەسەر هەق و ڕاستترە، بەڵکو ئەوە بوو کە دڕندەترو خوێنڕێژ ترە، چونکە ئەگەر هێزێک لەهەر جەنگێکدا دڕەندە، خوێنڕێژ و دڵڕەقتر نەبێت لە بەرامبەرەکەی ئەوە جەنگەکە دەدۆڕێنێت، ئەگەر ئەوەش ڕاستبێت وەک لەکاتی سەرکەوتنەکاندا هێزی براوە دەڵێت؛ من خودام لە پشت بوو، بە پشتیوانی خودا ئەو سەرکەوتنەم بەدەست هێنا، ئەوا ئەوە دەسەلمێنێت خوداکەی ئەوان دڵڕەقتر و بێ بەزییتربووە لە خودای بەرامبەرەکەیان.
مسیۆ، لە قسەکانی ئەو ڕێبەرەدا سەبارەت بە داگیرکاری ئەو شارە بۆی کردین ئەوە تێگەیشتم، لەجەنگی ئایینەکاندا مرۆڤ بۆ ئەوەی دڵی خوداکەی خۆی ڕازی بکات تا بەهەشت بەدەست بهێنێت دەبێت بکوژو خوێنڕێژێکی دڕەندە بێت، ئاخر ئەمە چ میهرەبانی و دادپەروەرییەکە خودا داوا لەمرۆڤەکانی دەکات ببنە دڕەندە....!.
ئەو شارە وەک لەدەمی ئەو ڕێبەرە تورەو ترۆ، ساختەچی و درۆزنەوە بیستمان لەدوای ئەوەی ئیمبراتۆرێکی ئیسلامی داگیری دەکات ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ (ئیسلام پۆلی) پۆلی لە زمانی یۆنانیدا واتە "شار" کە دەکاتە "شاری موسڵمانان" بۆیە دەست بە دروستکردنی مزگەوتی گەورەو سەرسوڕهێنەر لەو شارەدا دەکەن، بەلأم ئەگەر پێت بڵێم لەو شاری موسوڵمانانەدا تاکە موسڵمانێکی ڕاستەقینەی تێدا نییە بڕوام پێ بکە. وەک هەموو شوێنەکانی تری دونیا هەر هەمووی بەناوی خواوە درۆو ساختە دەکات، هیچ کەسێک ئەوەندەی خودا لەو وڵاتانەدا غەدری لێ نەکراوەو نەبووە بە کالأیەک بۆ بەرژەوەندی چەند کەسانێک.... خودایەکی تاق و تەنهاو دروستکەری ئەم گەردوونە بۆ خۆی خاوەنی هیچ شتێک نییە، کەچی هەزاران شوێنی ساختەیان بەناوی ئەوەوە دروستکردووە، ئەمەماڵی خودایە، ئەمە پیاوی خودایە ئەمە کەنیزەکی خودایە ئەمە موڵکی خودایە.... ئەگەر یەکێک پێشتر ناوی خودای نەبیستبێت وا تێدەگات باسی ئیمبراتۆرێکی بۆ دەکەن، خودا لەهەموو شوێنێکدا بوونی هەیە، لە دوکانەکان، مارکێتەکان، مزگەوتەکان، سەرشەقام و تەنانەت لە مەیخانەکانیش، خودا لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە بەتەنها لەناو دڵی مرۆڤەکاندا نەبێت....

هەروا بە کۆڵان و شەقامەکانی ئەو شارەدا دەسوڕاینەوە، هەستت دەکرد دوای شەش حەوت سەدە هێشتا جەنگەکە کۆتایی نەهاتووە، هێشتا مرۆڤەکان بەشێوەیەکی سەیر لێوانلێون لە ڕق و کینە، دەترسایت لەهەر چرکەیەکدا یەکێک لە قەرەباڵغترین شوێندا خۆیت پیا بتەقێنێتەوەو بتنێرێت بۆ دۆزەخ، ئەمە چ نەفرەتییەکە، نەتدەویرا بە زمانی خۆت قسە بکەیت، نەتدەویرا لە شوێنێکدا بوەستیت و لە باڵەخانەیەک یان دوکانێک ڕابمێنیت، شارێک بوو شەقام بە شەقام و کۆڵان بە کۆڵانی بۆنی مەرگی لێدەهات، زۆربەی مرۆڤەکانی کەڵبەیان هەبوو، وەک باسیان دەکرد مرۆڤەکانی ئەو شارە زۆربەیان لە ڕەگەزی گورگن. بەدەم ڕێگاوە کەڵبە خوێناوییەکانت دەبینی. کاتێک سەیری دەستەکانت دەکردن هێندە پەنجە توتەو دۆشاو مژەیان بۆ لاساییکردنەوەی کەللەی گورگ بەرزکردبووەو دەستەکانیان لە کەللەسەری گورگ دەچوو، کاتێک بەلاتدا تێپەڕ دەبوون بۆدڕنیان لێدەهات. شەوانە لە پەنجەرەی شوقەکەوە سەیری شەقام و کۆڵانەکانت دەکرد دەیانلوراند، چاوەکانیان دوو دوو بەتەنیشتی یەکەوە یان بەگەلە دەبریسکانەوە، عەجەب نیشتیمانی گورگەکان بوو....

مسیۆ، نامەوێت باسی ئەو شارە سەیرو سەمەرەت بۆ بکەم، کە چۆن ملیۆنەها خەڵک تیایدا دەژیان و نەدەخنکان، ملیۆنەها خەڵک لە شارێکدا بەبێ ئەوەی کەس کەس بناسێت، کەسێک نییە لە ئەوی تر بپرسێتەوە، ئێواران ژێر پردو کۆڵانە چەپەکەکان پڕ دەبوون لەسەگی بەرەڵای لاوازو نەخۆش و مناڵە بێلانە و ئالودەبووەکان. ئەم دوو بوونەوەرە نامۆترین بوونەوەری ئەو شارە بوون، کە پۆلیسەکان ڕاویان دەکردن. مناڵانێک تەمەنیان لە نێوان دە بۆ دوانزە ساڵان، کە بەزۆر لە لایەن خێزانەکانیانەوە ڕەوانەی کاری دەستفرۆشیان دەکردن، زۆربەی ئەو مناڵانە لەبەردەم سینەما، بارو یانەی شەوانەدا جگەرە، گوڵەبەڕۆژە، فستق و دەنکە کولەکە فرۆش بوون، وەک چۆن ماسییەکان لە گۆمە لێڵەکاندا زووتر دەبن بە تۆڕەوە ئاوا لەو شوێنانەدا مناڵەکان زوو دەبوون بە نێچیری ئەو پیاوە نەخۆش، قومارچی، سەرخۆش و ناوگەڵ برسییانەی چێژ لە دەستدرێژکردنە سەر نێچیرە بچوک و بێدەسەڵاتەکان دەبینن.

مسیۆ، من بە چاوەکانی خۆم دەمبینین ئەو مناڵانە چۆن دەکران بە گەمەیەکی قێزەونی ئەو پیاوە دەروون نەخۆشانەی تۆڵەی دۆڕانی قومارەکانیان لە دەستدرێژیکردنە سەر ئەو مناڵانە بەسەرکەوتن دەگۆڕییەوە، ئەڵبەتە مناڵەکان لەپێشدا دەترسان، هەڵدەهاتن و هەندێکیان دەگریان، بەڵام بە تێپەڕینی کات ئیتر ئەوانیش بە شێوەیەک چێژیان لەو گەمەیە دەبینی نەدەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان و لەگەڵ پیاوەکاندا دەڕۆیشتنەوە بۆ شوێنی حەوانەوەیان. ئەم گەمەیەش لەگەڵ ئەو پیاوە نەخۆشانەدا ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبوو... لە کۆتایی گەمەکەشدا

پیاوەکان دەریان دەکردنە دەرەوەو دەکەوتنە سەرشەقامەکان و دواجار شوێنی حەوانەوەیان ژێر پردوو دارو پەردووی کەلاوەکان بوو.
ئەگەر ئێواران بەناو شەقامەکانی شاردا پیاسەیەکت بکردایە ئەوا بەبێ هیچ خۆ ماندوو کردنێک یەک لەشکر لەو منالە ئالودە بووانەت دەبینی، کەهەموویان لاواز، ڕەنگزەردو سیلاوی هێزی چۆلەکەیەک لەلەشیاندا نەمابوو، کەچی بەنۆرە دەستەسرِی بە بەنزین یان بە تەنەر تەرِکراویان هەڵدەمژی تا تەواو وڕوگێژ دەبوون.
مسیۆ، دیمەنی شارێکی لەم جۆرە هەروا ئاسان نییە پیادەڕەویانە بە بەرچاوەکانتدا بێن و ببنە تەپ و تۆزی بن سمی ئەسپەکان، کاتێک بە غاردان تێدەپەڕن، بەڵکو ئەوەندە کاریگەرن بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ خەو لە مرۆڤ دەتارێنن و لە ڕووی دەروونییەوە ماندووی دەکەن. تۆ خۆت خەڵکی ئەم وڵاتانەیت بۆیە لە من باشتر ئەوە دەزانیت کاتێک پیاوێک یان ژنێک دەستدرێژی دەکاتە سەر منالێک، ئەو منالە وەک قوربانی سەیر دەکرێت و بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەخرێتە ژێر چاودێری پزیشک و دەروونناسەکانەوەو سزایەکی توندی بکەرەکەی دەدرێت، چونکە منالبازی لێرە بە یاسا قەدەغەیەو بەتاوان ئەژمار دەکرێت، بەڵام لەوێ منالە قوربەسەرە قوربانییەکان لە ترسی پۆلیسەکان خۆیان دەشارنەوە چونکە وەک سەگە بەرەڵاو خوێڕییەکان لەناویان دەبردن. لەو وڵاتانە هەمیشە ئەوەی سزا دەدرێت قوربانییە نەک تاوانبار و جەلادەکان، منالبازەکانیش وەک قارەمان لەسەر شەقامەکان سمێڵیان با دەدەن و بە دوای نێچیری تازەوەن و کەسیش نییە پێیان بڵێت ئەمەی ئێوە دەیکەن تاوانە....
بینینی ئەم منالانە بۆ ماوەیەکی دوروو درێژ گەڕاندمییەوە بۆ ئەو کاتانەی لە عەلوەکە لەلای وەستا نەعلەتییەکم کارم دەکرد، کە لەوێش زۆرێک لە عەلوەچییەکان هەمان گەمەیان لەگەڵ ئەو منالانەدا دەکرد لەلایان کاریان دەکرد.
ڕۆژانی هەینییان کە ڕۆژی پشوو بوو ئەو عەلوەچییانە وەک دەربڕینی دڵسۆزیی و وەفایەک منالە بێ لانەو بێ نەواکانیان لەگەڵ خۆیان بۆ گەرماوەکانی ناوشار دەبردو لەوێ خۆیانیان پێ ڕەحەت دەکردن. زۆربەی ئەو عەلوەچیانە خاوەن ژن و منداڵ بوون، کەچی حەزیان لەو گەمە قێزەونە بوو لەگەڵ منالە کوڕەکان بیکەن، ئەگەر پێت بڵێم لەناخی هەر پیاوێکی ئەو مەملەکەتانەدا "پێدۆفیل paedophilia" (منالباز)ێک خەوتووە بڕوام پێبکە....
مسیۆ، ئەو کوڕەی ناوی ئارمان بوو وەک کەلەپچەیەک وابوو لە دەست و قاچی مندا، بۆ هەر کوێیەک دەچووین دەبوو من بە نهێنی و ئاشکرا چاوەکانم لەسەر ئەو بن نەکا لە پڕێکدا بڕوات و لێم بزر ببێت، ئیتر نازانم بۆ لەخۆمەوە ئەو هەستەم تێدا بوو، کە وەک باڵندەیەک لە پڕێکدا بدات لەشەقەی باڵ لەبەرچاوەکانم ون ببێت.

یەکێک لە سیفەتەکانی ئەو کوڕە کەمدوویی بوو، زۆر بەکەمی قسەی دەکرد، بەڵام کاتێکیش قسەیەکی دەکرد ئەوەندە بە لێڵی قسەی دەکرد پێویستمان بەوە بوو ماوەیەک بیر لە قسەکانی بکەینەوە تا لە مەبەستەکەی تێبگەین....
ئێوارەیەک ئەگەر یادەوەریم بەهەڵەمدا نەبات دوا ئێوارەی مانەوەمان بوو لەو شارەدا یەکێک لە قاچاخچییەکان هاتە خانووەکەو گوتی: سبەی شەو سەفەر دەکەین کێ پێویستی بە کڕینی پێداویستیی و خواردن بۆ ئەو سەفەرە هەیە دەتوانم یەکێکی لەگەڵدا بۆ دەرەوە بنێرم.... من، کامشادو ئارمان لە ڕۆژی هاتنمانەوە لەو خانووەدا هەمیشە هەستمان بە جۆرێک لەزیندانی دەکرد. لەکاتی گەشتنماندا بۆ ئەو خانووە ئارمان گوتی؛ خەریکم دەخنکێم، مرۆڤ چۆن دەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنێکی وەک ئەو جەهەنمەدا بژی و لەناو نەچێت، بۆیە هەمیشە پێمان خۆشبوو کاتەکانمان لەدەرەوە، لەناو شەقامە پیس و قەرەباڵغەکاندا بەسەر بەرین نەک لە شوێنێکی دڵگوشێن و خەمهێنەری وەک ناو ئەو خانووەی، کە مرۆڤەکانی چاوەڕوانی فەوتاندبوونی....
ئەو ئێوارە کوڕێکی گەنج، کە لەوە دەچوو ماوەیەکی زۆربێت لەو شارەدا بژی لەگەڵماندا هاتە دەرەوەو پێی گوتین، ئەگەر دەتانەوێت وەک یادگارییەکی جوان لەیادتاندا بمێنێت ئەوا پێویستە کەنار دەریای ئەو شارە ببینن، کە شارەکەی دەکرد بە دوو بەشەوە.
ئەو کوڕە گەنجە لەوە دەچوو بیەوێت ئەو شوێنانە بە ئێمە نیشان بدات، کە لەلای خۆی دڵگیر و خۆشبوون و بۆ خۆی زیاتر چێژی لێ دەبینین نەک لەبەر خاتری ئێمە. بە کۆڕنیشێکی درێژی قەراغ دەریاکەدا بردینی، لەو شوێنەی لەنگارگایەکی گەورەی لێبوو، کە لە کاروان سەرایەک دەچوو چەنێک خەڵک لێی دەهاتە دەرەوە ئەوەندە دەڕۆیشتنە ژوورەوە. من ئەوە یەکەمجارم بوو لەنزیکەوە پاپۆڕ ببینم، وام هەست دەکرد باڵەخانەیەکە بەسەر ئاودا بڕوات....
بە درێژایی کۆڕنیشەکە لەدەستە چەپەوە هەمووی یانەی مەی خواردنەوە، کابارە و جامخانەی لەشفرۆشی بوو، بەردەم ئەم جامخانانە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر قەرەباڵغ بوو، حاشاماتێک لەبەردەم ئەو جامخانانەدا وەستابوون و سەیری ئەو ئافرەتە ڕووتانەیان دەکرد لە پشتی جامخانەکانەوە دانیشتبوون و بە جوڵەی ئیرۆتیکی و فریودەرانە هەوڵیان دەدا پیاوەکان بخرۆشێنن یان باشتر بڵێین بیانکەن بە نێچیری خۆیان....
کوڕە گەنجەکە گوتی: ئەگەر پارەی باشتان پێیە دەتوانن لێرە لە پشتی جامخانەکانەوە جوانترینیان هەڵبژێرن و خۆتانی تیا بەتاڵ بکەنەوە، زۆربەی پیاوەکان پارەکانیان لێرەدا بە فیڕۆ دەدەن، ئێ پیاو پارەی بۆچییە ئەگەر لە شوێنێکی وادا خەرجی نەکات....!.

مسیۆ، ئەو شوێنە سەرەڕای ئەوەی بۆنێکی ناخۆشی هێڵنج هێنی هەبوو تەواو شوێنێکی قێزەونیش بوو، بەتەنها مرۆڤە چەپەڵەکان هەستیان بە پیس و پۆخڵی ئەو شوێنە نەدەکرد و چێژیان لێدەبینی، هەندێک لە پیاوەکانت دەبینی وەک مێش و مەگەزەکان چۆن سەر دەکەنە ناو پیساییەک ئاوا سەریان کردبووە ئەو شوێنە، کەچی من هێڵنجدان وەخت بوو جەرگ و ڕیخۆڵەم بهێنێتە دەرەوە.

هەروەک ئەو کوڕە گەنجە گێڕایەوە ئەم شوێنە هەر ئەوە نەبوو بەتەنها شوێنێکی پیسی قێزەون بێت، بەڵکو شوێنی ساختە و دەستبڕینیش بوو، ئەو کوڕە دەیگوت؛ ئەگەر ئاگات لەخۆت نەبێت لەم شوێنەدا هەرچیت هەیە بەجارێ لەدەستی دەدەیت و پاش فەلاقەیەکی باش و سەرو گوێ شکاندن فڕێت دەدەنە دەرەوە. پیاو ئەگەر بڕواتە ژوورەوە بۆ لای یەکێک لەو لەشفرۆشانە لەهەڵسوکەوتکردن لەگەڵیاندا دەبێت زۆر بە ئەدەب و ئەخلاق بێت، ئەگینا بە قۆندەرە پاژنە بەرزەکانیان تێی هەڵدەدەن، پیاو لەکاتی چوونە ژوورەوەدا بۆ یەکێک لەم جامخانانە دەبێت وا خۆی نیشان بدات دەڕواتە شوێنێکی پیرۆز و بەرز، وا لە مێشکی خۆیدا دابنێت ئەمە کۆشکی یەکێک لە سوڵتانە مەزنەکانەو ئەم جگە لە مرۆڤێکی بچوکی بودەڵە، کە دەیەوێت بگاتە شوێنی نووستنی شازادە هیچی تر نییە، هەر بێ ڕێزی کردنێک بەرامبەر بەو شازادانە سزای قورسی بەدوادا دێت، بەڵام بە پێچەوانەوە هەر یەکێک لەو ژنانەی ناو جامخانەکە تۆ هەڵیان ئەبژێریت دەتوانێت لە ژوورەوە وەک سەگێک پەتێک بکاتە ملت و بە ژوورەکەیدا بتسوڕێنێت و پاژنەی پێڵاوەکانی بخاتە دەمتەوەو داوات لێ بکات ماچی بکەیت، دەتوانێت پاڵت بخات و وەک کەرێک سواری پشتت بێت و بڵێت هەچە دەی، تۆش وەک کۆیلەیەک هەموو شتێکی لێ قبوڵ بکەیت بەتەنها بۆ ئەوەی ڕێگات بدات خۆتی تیا بەتاڵ بکەیتەوە، ئەگەر دواجار ڕێگات بدات.....

دیمەنی ئەم شەقامە ئەوەندە قێزەون بوو هەرزوو داوامان لە کوڕە گەنجەکە کرد لێرە دوورمان بخاتەوەو بۆ شوێنێکی ترمان ببات، بەڵام ئەو دەیتوانی بۆ کوێمان ببات، بەدرێژایی کۆڕنیشەکە بە قەراغی دەریاکەدا هەمووی کابارە وبازاڕی تایبەت بوو بە ئەو دونیا پیسەی پیاوەکانی وەک مەگەز لەو شوێنەدا کۆکردبووەوە.

مسیۆ، دیمەنێکی تری قێزەون، کە قەت وێنەکەی لە خەیاڵمدا کاڵ نابێتەوە ئەوەبوو هەر لە جامخانەکان تێپەڕبووین کەوتینە ناو چەند کابارەیەکی نوێیەوە، کە ژنانێک بە نیوە ڕوتی و بە مایۆوە وەستابوون و ڕێگایان لێدەگرتیت تا سێکسیان لەگەڵدا بکەیت، بەڵام ئەوە یەکەمجارم بوو ببینم ژن ڕیش و سمێڵی هەبێت، ژنانێک قەدو بالایەکی ڕێک، مەمکی قوت و لێوی ئەستوری سوورکراو بەڵام بە ڕیش و سمێڵەوە ئەو ناوەیان پڕ کردبوو، کوڕە گەنجەکە گوتی: ئێرەش شوێنی نێرە موکەکانە، لەو کاتەدا کوڕە گەنجەکە قسەی بۆ ئێمە دەکرد چاوم بڕیبووە یەکێکیان یەخەی بە

کوڕێکی گەنج گرتبوو نەیدەهێشت بڕوات، منیش لە کوڕە گەنجەکەم پرسی خۆ ئەوە دەنگیشی هەر دەڵێی پیاوە، ئەوە چی لەو کوڕە دەوێت وا یەخەی گرتووەو نایەڵێت بڕوات، گەنجەکە لە وەڵامدا گوتی؛ ئەو کوڕە پرسیاری لێکرد بە چەند؟ ئەویش پێی گوت: بە سی دۆلار، بەڵام کوڕەکە پێی گوت ئەی بە دە دۆلار نابێت، ئەویش لە وەڵامدا بە کوڕەکەی گوت؛ من پەنجات دەدەمێ من لەگەڵ تۆدا بیکەم.... ئیتر خەریک بوو تەواو گێژ دەبووم، پەلەم بوو زوو بگەڕێینەوە بۆ خانووەکەو لەو شەیتان بازاڕە دەربچینە دەرەوە، بەڵام لەوە دەچوو کوڕە گەنجەکە چێژ لەم شوێنانە ببینێت و هەرجارێک نەفەرەکان بۆ بازاڕ بهێنێت سەردانی ئێرەیان پێ بکات، بۆیە چیتر نەمتوانی بەرگەی ئەو هەموو دیمەنە قێزەونە بگرم، بۆیە بەناوی هەموومانەوە داوام لێکرد بمانبات بۆ شوێنێکی تر، کەچی بە نابەدڵییەکەوە گوتی؛ باشە دەتانەوێت بۆ کوێ بچن...؟.

ئێمە نەماندەزانی بۆ کوێ بچین...! ئێمە کوێ شارەزا بووین...! ئەوەی ئێمە دەمانوسیت دەرچوون بوو لەو کەشە دڵگوشێنە قێزەونە، گرنگ نەبوو بۆ کوێ، ئەگەر بۆ دۆزەخیش بوایە....

بە مەبەستی دەرچوون لەو شوێنە بە قەراغ دەریاکەدا ماوەیەک ڕۆیشتین تا گەیشتینە سەر پردێک، کە دەپەڕییەوە بۆ بەشێکی تری شارەکە، ماوەیەک لە سەر پردەکە وەستاین و سەیری ئەو پاپۆڕ و قەیاغانەمان دەکرد بەناو دەریاکەدا دەهاتن و دەچوون، گەلە نەورەسەکان بەسەرسەرمانەوە دەیاقیژاند، تاوێک دەنیشتنەوەو تاوێک هەڵدەفڕینەوە.... تا ئەو کاتە ئارمان هیچ قسەیەکی نەکردبوو، بێدەنگ خۆی دابوو بەسەر پەرژینە ئاسنینەکەی پردەکەداو خەیاڵی دوور ڕۆیشتبوو، منیش بۆ ئەوەی بیهێنمە قسە پرسیم ئەوە بیر لەچی دەکەیتەوە، گوتی: " خودایە ئەم شارە چەند تاریکە".

مسیۆ، دوای درەنگانێک گەڕاینەوە بۆ خانووەکە، هەموو ئەو شتانەی پێویست بوون وەک خواردن و خواردنەوە لەگەڵ خۆماندا کڕیبوومان و لەجانتا کۆڵە پشتەکانمان ئاخنی بوو....

کاتێک گەڕاینەوە خانووەکە، لە پیاوەکان یەک کەس زیادی کردبوو، کە گوتیان لەگەڵ کچێکی گەنجدا ئەم ئێوارە گەیشتوون. ئێمە پیاوەکان نزیکەی پانزە کەسێک دەبووین و بەسەر دوو ژووردا دابەشکرابووین و ژنەکانیش دە ژنێک دەبوون لە ژوورەکەی تر بوون.

هەر لەگەڵ گەیشتنەوەمان بۆ خانووەکەو پاش پشوویەک هەستمان دەکرد شتێکی نوێ هەیە و ئێمە لێی بێ ئاگاین. خۆ پیاویش سەبارەت بە جوانی ئافرەتان وەک ژن وایە دەمی ناوەستێ و ناتوانێت ئەو هەستەی بشارێتەوەو دەری نەبڕێت.

گوتیان کچێک هاتووە ڕوخساری وەک مانگ ئەدروشێتەوە، دوو چاوی پێوەیە بە نیگایەک پیاو وڕو گێژ دەکات، هەموو دەیانگوت؛ سیحرێکی سەیر لە جوانی ئەو کچەدا هەیە، بۆیە قاچاخچییەکان و ڕێبەرەکانیش ئاگریان تێبەربووەو هەرجارێک یەکێکیان بەناوی ژماردنی نەفەرەکانەوە دێن و دەڕۆنە ژووری ژنان بەس بۆ ئەوەی لەو کچە بڕوانن....

سیامەند، کە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە شوێنی نووستنەکەی ئێمە کەوتە تەنیشت ئەو بە بێ ئەوەی هیچ بڵێت زوو زوو ئاهێکی هەڵدەکێشا، تا من بەسەر سوڕمانێکەوە پرسیم ئەرێ زۆر بێتاقەت دیاریت شتێک هەیە ئێمە نەیزانین؟. لەوەڵامدا گوتی: بەڵی شت ئەوەندە زۆرە، کە گێڕانەوەیان تەواو نابن، بەڵام ئەوەی ئێستا من بێتاقەت دەکات ئەوەیە دەترسم ئەو کچە ببەن و شتێکی بەسەر بهێنن، من ئەوە بۆ ساڵێک زیاترە ئەزمونم لەگەڵ ئەم هەرچی پەرچیانەدا هەیە، دەزانم بەرامبەر بە ئافرەتە گەنج و جوانەکان چۆن بیردەکەنەوە، کەس وەک من ئەم خوێڕێ و هیچ و پوچانە ناناسێت، بەڵام خۆ هەر ڕۆژێک دێتە پێشەوە ئەمانەش بکەونە ژێر دەستی ئێمەو تۆڵەی خۆمانیان لێ بکەینەوە....

سیامەند بە غەمێکی قوڵەوە بەردەوام بوو گوتی: ئەمانە زۆر بێ شەرەفن، هەرکە ئافرەتێکی گەنج و جوان دەبینن ئیتر بە بیانووی جیاواز لە پیاوەکانیان جیای دەکەنەوەو دەیبەن بۆ شوێنی تایبەتی خۆیان تا کاتی دەرچوون بە هەموویان دەستدرێژی دەکەنە سەری و ئەگەر پیاوەکەش نارەزایی دەرببڕێت هەڕەشەی جێ هێشتن یان بە دەستەوە دانیان لێ دەکەن.... ئەو لەوە دڵنیا بوو ئەگەر ئەم سەفەرەیان دوا بخستاییە نەیاندەهێشت ئەو کچە هەروا بە بێ دەستدرێژی لە دەستیان دەربچێت....

سیامەند لەبەرئەوەی ئەزموونی ساڵێک فرت و فێڵ و ساختەچێتی لەگەڵ قاچاخچییەکاندا هەبوو لە کوڕەکە نزیک بووەوە، کە سەرەتا وای زانی مێردێتی، کوڕەکەش بۆی ڕوونکردەوە، کە براژنێتی و براکەی لە هەندەران خواستوویەتی، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمی ناتوانێت بۆ لای خۆی ببات ناچاربووە ئەم ڕێگا بگرێتە بەرو بۆ سەلامەتی گیانی ئەویش من لەگەڵیدا هاتووم....

ئەو کچە هێشتا کەسمان نەماندەزانی ناوی چییە، بەڵام سەرسوڕهێنەر جوان بوو، بە یەک نیگا پیاوی دەستەمۆ دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دیاربوو زۆر بڕوای بەخۆیەتی و ئاسان نەبوو پیاوێک وێرانی ئەوەی تێدا بێت لێی نزیک بێتەوە یان بەشێوەیەکی خراپ لێی بڕوانێت، ئافرەتێک کاریزمایەکی سەیری هەبوو، پیاوێک نەبوو بیبینێت و ئیرەیی بەو کەسە نەبات توانیویەتی ئەو چاوبازە بۆ خۆی دەستەمۆ بکات، دەبوو پیاوێک بێت لەو بەهێزتر بێت....

مسیۆ، با پێکێک بخۆینەوەو کەمێک پشوو بدەم، چونکە چیرۆکەکە لێرەوە زۆر تاڵە لەو عارەقە پیسە تاڵترە.... نازانم نهێنی ئەوە چییە مرۆڤ لەهەر شتێک بترسێت هەر ئەو شتە دێتە ڕێگای؟.

**** **** ****

من دەمویست، لەهۆکاری بێتاقەتی و خەمی سیامەند تێ بگەم، کە لە ڕوخساریدا بە ئاسانی مرۆڤ هەستی پێدەکرد، ئەو کوڕێکی گەنج و جوان بوو بەڵام خەفەت داغانی کردبوو، زۆر لەتەمەنی خۆی پیرتر دەردەکەوت، ئەوەندەی جگەرە کێشابوو هەناوی ژەنگی جگەرە گرتبووی بۆیە بە بەردەوامی دەکۆکی، شەوان دە جار لەبەر کۆکە کۆکی ئەو بێداردەبوومەوە. لەهەمووی سەیرتر وەک سەرنجم دابوو قاچاخچییەکان زۆر ڕێزیان لێدەگرت، ڕێزەکەشیان لەئاستێکدا بوو هەندێکجار وات هەست دەکرد لە ترسدایە....

مسیۆ، منیش زۆر بەدبەخت بووم لە ژیانمدا، چونکە هەرچەند سەیری ئەو کوڕەم دەکرد پرسیاری بێزارکەرو گومانی قوڕم بە مێشکمدا دەهات، شتێکیشم بیستبوو، کە قاچاخچییەکان بەردەوام بۆ ئەوەی نهێنی نەفەرەکانیان بزانن سیخوڕێک لەناویاندا دادەنێن، بەڵام ئەم لە سیخوڕ نەدەچوو، نەشدەکرا بڕوای پێبکەین....

لەپاڵەوە لەگەڵ کامشاددا قسەم کرد، گوتی: هەر ئەم شەومان ماوە، بە حیسابی قاچخچییەکان سبەی شەو دەردەچین، ئیتر با بێدەنگ بین و خۆمان لەکێشەی کەسەوە نەگلێنین، لێرە کەس بە کەس نییە، هەر ئەوەندە ونبوویت ئیتر بۆ هەتا هەتایە سەرت دەچێتە قەبری ئەژدادتەوە....

تا ئەوکاتە ئارمان هەر بە بێدەنگی مابووەوە، جا کەی بێدەنگ نەبوو، بەڵام لە لەرزینی قاچەکانیدا، کە وەک شەقشەقە یاریان دەکرد هەستم بە نائارامی دەکرد، لەلای خۆمەوە سەرەتا بیرم بۆ ئەوەچوو، کە پێش سەفەر هەموو کەسێک ئەم حاڵەتە دەرووننییەی بەسەردا دێت، کەچی دوای ئەوەی قسەیەکی تری لێڵی کرد، تێگەیشتین نائارامییەکەی شتێکی ترە، کاتێک گوتی: "دەزانم سبەینێ خۆرێکی تر هەڵدێت، ڕۆژێکی نوێ دەست پێدەکات، بەڵام نازانم لەو ڕۆژەدا چی ڕوودەدات".

بە بێ ئەوەی هیچ بڵێین من و کامشاد بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەکترمان کرد، ئارمان بە نیازی تەوالێت هەستا، چۆن ڕێککەوتبوو ئەو کچەش لەو کاتەدا بۆ تەوالێت دەچوو هەردووکیان چاویان بەیەکتر کەوتبوو، کاتێک ئارمان گەڕایەوە گیانی یەک پارچە ئارەقە بوو، ڕەنگی سور هەڵگەڕابوو، تایەکی خێرای لێهات و بۆ ماوەیەک لەناو جێگاکەی دامانپۆشی، ئیتر بۆ خۆی خەوی لێکەوت....

ئەو شەوە هیچ شتێک ڕووی نەدا، وەک هەموو شەوەکانی ترمان لەناو بۆنی گۆرەوی و دووکەڵی جگەرەدا بەسەربرد. بۆنی ئەو ژوورە ئەوەندە پیس بوو مرۆڤی کاس

دەکرد، سەرەتا زۆر قورس بوو، بەڵام ئەو ماوەی لەوێ بووین کەمێک ڕاهاتبووین، بۆنی بەتانی و ڕایەخەکان، کە مەگەر ئەو خوا خۆی بزانێت پێشتر چەند کەسی پیس و پۆخڵی تری وەک ئێمە بەکاری هێنابوو، جارێک بەتانییەکان ئەوەندە بۆنیان پیس بوو زەحمەت بوو مرۆڤ بتوانێت تەنها خولەکێک بیدات بەسەرو چاویداو نەخنکێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەمانتوانی چی بکەین، لە کاتێکی وادا مرۆڤ کەی تاقەتی ئەوەی هەیە بیر لەو شتە بچوک و بێمانانە بکاتەوە....!.

سبەینێ وەک ڕۆژەکانی تر لەناو دووکەڵی جگەرەدا بێداربووینەوە، چەند کەسێک لەوانەی لەوێ بوون وەک بڕیاریان دابێت پێش ئەوەی سەفەرە نەعلەتییەکەمان دەستپێبکەین لە ناو دووکەڵی جگەرەدا بمانخنکێنن، نازانم ئەمانە چۆن بەشەرێک بوون هێشتا لەناو جێگاکە نەهاتبوونە دەرەوە جگەرەیەکیان پێدەکرد، ئیتر تۆ بە دووکەڵەکەی نارەحەت دەبیت یان نا هەردوو چاوت دەردەهات....

لەگەڵ کامشاد و ئارمان بڕیارماندا وەک هەموو بەیانییەکانی تر دابەزینە خوارەوە، بۆ چایخانە پیسەکەی سەرکۆڵانی خانووەکە.

ئێمە گەیشتنە بەردەم دەرگاکە کچە جوانەکە وەک ئەوەی چاوەڕوانی ئێمە بێت لە پڕ دەرپەڕییە دەرەوەو هات بە دواماندا، گوتی: بۆ کوێ ئەڕۆن منیش دێم؛ خەریک بوو سەرم دەئاوسا، ئەم کچە بۆ دوای ئێمە دەکەوێت، هەموو دانیشتوانی ناو ژوورەکان بەم ڕەفتارە ئەبڵەق بوو بوون، هێوەرەکەی لەپڕ وەک بییەوێت پەلاماری بدات توند قۆڵی گرت و بە زۆر بردیە ژوورەکەیەوە، ئارمانیش بەدەنگی بەرز گوتی: ئەگەر بڕیار بێت ئێمە بڕۆین، ئەوا بە دڵنیاییەوە پێکەوە دەڕۆین....

لەدەرگاکە بەرەو چایخانە پیسەکە وەدەرکەوتین، بۆیە دەڵێم؛ چایخانە پیسەکە، خودا خۆی شاهیدە، ئەو پیاڵەو ژێر پیاڵەی چای بۆ ئێمە تیادا دەهێنا ژەنگی سەردەمی ئیمبراتۆری پێوە بوو، ئەو مێزانەی لەسەری چامان دەخواردەوە هەزار ساڵ تەمەنی بوو، لەو هەزار ساڵەدا ئەوەندە چای بەسەردا ڕژابوو ڕەش هەڵگەڕابوو، ئەمەش هۆی ئەوەبوو ئەوەندە چاڵ و چۆڵی تێدابوو لەهەر جێگایەک پیاڵەو ژێر پیاڵەکەت دابنایە دەکەوتە چاڵێکەوەو نیوەی دەڕژا..... بە پێی ئەو وێنانەی بە دیوارە چڵکن و نیمچە داڕوخاوەکەوە هەڵواسرابوون لەسەردەمی سوڵتانەکانەوە ئەم چایخانە بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ ماوەتەوەو تا ئێستاش هەر بەردەوام دەبێت. ئەو پیاوەی چایخانەکەی بەڕێوەدەبرد لەدەستە چرچ و لۆچ بووەکانیدا مرۆڤ وای بۆ دەچوو ئەمە وەستای بۆیەی ژەنگ بێت نەک چاییچی، لۆچی دەست و پەنجەکانی هەمووی ژەنگی چایی ڕەشی کردبوون، جا لە هەمووی خۆشتر ئەویش بەردەوام سیگارێکی بەدەمەوە بوو ئەو کاتانەی چایەکی زۆری بەدەستەوە دەگرت سوتوویەک لەسیگارەکە بەردەبووەوەو دەکەوتە ناو یەکێک لە

پیاڵە یان ژێر پیاڵەکانەوەو بەدەم مژلێدانی جگەرەیەکەوە دەیگوت؛ پاردۆن، ئیتر بە شێوەیەک ڕاهاتبووین نەک نارەزایی بەڵکو دەبوو بۆی بخەنینەوە.
مسیۆ، مرۆڤ ناکرێت ئەوەندە بەد سیفەت بێت هەر شتە خراپەکان ببینێت، لەگەڵ هەموو پیس و پۆخڵی چایخانەکەدا بەڕاستی سەمونێکی گەرم و ماست و قەیماغێکی بەلەزەتی هەبوو، لە هەموو تەمەنمدا ئەوەندە چێژم لە قاوەڵتی نەدیبوو، ئەگەرچی جار جار لەناو سەمونەکەدا لەتە گوێنی و بەچکە قالۆنچەمان ئەدۆزییەوە، بەڵام ئەوە کەی کێشەبوون، وەک کامشاد ئەی گوت؛ خۆ دەستمان نەشکاوە دەری دێنین و فڕەی دەدەینە سەر زەوییەکە، هەروەک چۆن موی ناو ماستەکە دەر دەهێنین، بە ڕاستی قاوەڵتی ئەو چایخانە زۆر بەلەزەت و چێژ بەخش بوو....
دوای قاوەڵتی بە کۆڵانە بۆگەنەکەدا، کە جرج فرکان فرکانی تێدا دەکرد گەڕاینەوە بۆ خانووەکە. ئەم کۆڵانە بۆ خۆی لە ئاوەڕۆی زێراب دەچوو، هەرچی زبڵ و پیسی گەڕەک هەبوو لەم کۆڵانەدا فرێدرابوو، جا کێ گوێی بە پاک و پیسی دەدا!، سەگ و پشیلەی تۆپیو بۆگەنیان پیاوی هەراسان دەکرد، قورو چڵپاوی ماڵەکان، بۆنی میزی بن دیوارەکان سەری پیاوی دەهێنایە ژان، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ڕاهاتبووین، نە دیمەنەکانی نە بۆگەنەکەی هەراسان و بێتاقەتی نەدەکردین، ئێمە ڕەوتەنی بووین، ئەگەر قەدەریش لەوێی نیشتەجێی بکردینایە هەروەکو ئەو خەڵکانەمان لێدەهات، کە زەمەنێک بوو لەوێ دەژیان....
کاتێک گەیشتنەوە خانووەکە، لە پێش دەرگاکەدا گوێمان لەدەنگە دەنگ بوو، دیاربوو لە غیابی ئێمەدا شتێک ڕوویدابوو!.
لەبەردەم دەرگاکەدا کەمێک وەستاین و گوێمان هەڵخست، دەنگی یەکێک لە قاچاخچییەکان لەگەڵ چەند پیاوێکدا قسەی دەکرد، ئەوەندەی لەو ماوە کورتەدا تێگەیشتین ئەوەبوو دەیگوت: ئێمە ناتوانین هەمووتان بەیەکجار بەرین، بۆیە لەپێشدا ژنەکان دەبەین دوایی دێینەوە بە شوێن پیاوەکاندا، لەپڕ ئارمان وەک بەلەسە بووبێت خۆی بەژووردا کرد....
ئەوەی ئێمە تێگەیشتین ئەو بۆچوونەی سیامەند بوو، کە دەیگوت؛ ئەگەر سەفەرەکەیان دوا خستبێت تا دەست بەو ئافرەتانە نەگەێنن ناهێڵن برۆن.... ئەو خوێڕییانە نیوەی ئافرەتە گەنج و جوانەکانیان جیاکردبووەوە بە نیازی ئەوەی لە پێشدا ئەمانە ببەن و دوایی بێنەوە بە شوێن ئەوانی تردا.....
سیامەند پێشتر بە هەموو پیاوەکانی گوتبوو ئەگەر ویستیان ژنەکانتان لە پێشدا ببەن ڕێگە نەدەن، چونکە ئەو خوێڕیانە دەیانبەن بۆ شوێنی تایبەتی قاچاخچییەکان، ئەمانە بۆ خۆیان قاخاچی ڕاستەقینە نین، بەڵکو کۆمەڵێک دەلالی هیچ و پوچن، ئێمە لە ئێستادا ناتوانین قاچاخچییە ڕاستەقینەکان ببینین، بەتەنها

دەلاڵەکان نەبێت، ئەمانە بۆ بەڕێ کردنی کارەکانیان کۆمەڵێک پۆلیسیشیان بە پارە کڕیوە، جگە لەوەش ئەمانە گەوادیش دەکەن و ئەم ژنانەیان بۆ دەبەن.
لەناو خانووەکەدا بووبوو بەهەراو دەنگە دەنگ، پیاوەکان بووبوون بە دووبەشەوە، بەشێکیان پێیان باش بوو لەبەر ئەوەی ناتوانن هەمووبان بەیەک ئۆتۆمبیل بگوێزنەوە ئاساییە با ژنەکان لەپێشەوە ببەن بە مەرجێک زوو بگەڕێنەوە بە شوێن ئێمەدا، بەشێکیان کەوتبوونە ژێر کاریگەری قسەکانی سیامەندەوەو پێیان وابوو ئەوان دەتوانن بە مینی بوسێک هەمووبان بەجارێک بگوێزنەوە، خۆ ئەگەر مینی بوسیش نەبێت با خێزاندارەکان پێکەوە بگوازنەوە....
قسەکەی سیامەند تەواو ڕاستبوو چونکە ئەو پێنج ئافرەتەی دەستنیشان کرابوون بۆ گواستنەوە جوانترین و گەنجترین ئافرەتەکان بوون، کەرێکیش هەستی بەوە دەکرد ئەم پێنج ئافرەتە هەڵبژاردەن، کە یەکێک لەناویاندا کچە جوانەکە بوو توند چاوی بڕیبووە ئارمان....
لەپڕ شتێک ڕوویدا، کە نەدەبوو ڕووبدات، هەمووبانی بە خۆیەوە سەرسام کرد، نازانم هەندێک ڕووداو هەن بۆ لە کاتی نائاساییدا ڕوودەدەن! ڕەنگە ئەمە بێت مرۆڤ ناوی ناوە قەدەر، کە ڕووداوێک لە کاتێکی نەگونجاودا ڕوودەدات!.
نازانم، دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستاش ئەو دیمەنە دەهێنمەوە پێشچاوی خۆم ناتوانم بڕوا بەو ڕووداوە بکەم، دەکرێت بۆ ساتێک هەمووبان شێت بووبین، یان خەوێکمان دیبێت، ئیتر وەک مۆتەکە بنیشێتە سەر بیرەوەریمان، لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئەو خەوو شێت بوونە بوو بە ڕاستی و بەشێک لە ژیانی منیشی لەگەڵ خۆیدا وێران کرد....
مسیۆ، ئەو کاتەی پیاوەکان لەگەڵ قاچاخچییەکاندا یان سیامەند گوتەنی؛ دەلاڵەکاندا دەمەقاڵێیان بوو ژنەکان بێدەنگ وەک مەڕگەلێک چاوەڕوانی بڕیاری قەسابەکان بن وەستابوون و نە دەجولان و نە هیچیان دەگوت، بەتەنها ئافرەتێک، کە هاتە قسە کچە جوانەکە بوو، دەیگوت؛ بەبێ ئەم پیاوانە هیچ هێزێک لێرە نامانباتە دەرەوە، ئەوەشی دەیەوێت بڕوات با ئارەزوومەندا بۆ خۆی بڕیار بدات، لەو کاتەدا ئەو قسەکەی تەواو کرد ئارمان پەلاماری داو توند قۆڵی گرت و گوتی: نابێت تۆ بڕۆیت، بە هیچ شێوەیەک نابێت تۆ بڕۆیت، تۆ لەگەڵ مندا دەمێنیتەوە....
هەر هەمووبان بەم هەڵوێستەی ئارمان واق وڕمابووین، هەستمان دەکرد ئارمان شێت بووبێت، لەپڕ هێوەرەکەی لە دواوە پشتی ملی ئارمانی گرت و پاڵێکی پێوە ناو گوتی: تۆ کێیت، خوێڕی نەهێڵێت ئەو بە بێ تۆ بڕوات؟!، ئەو برازنی منە، من لێرە بڕیار دەدەم بڕوات یان نەڕوات، ئیتر تۆ گووخۆری کوێیت!.
دیسان بووە بە دەمەقاڵێی و پیاوەکان کەوتنە ناوبژی کردن، هێشتا ژاوەژاوو بگرەو بەردە لە ڕاڕەوی خانووەکەدا بەردەوام بوو کچەکە پاڵێکی نا بە هێوەرەکەیەوەو

پێی گوت: تۆ کێیت تا بڕیاردەربیت؟، من خۆم بڕیار دەدەم کەیی و لەگەڵ کێدا سەفەر بکەم، وای گوت و توند دەستی ئارمانی گرت و بەرەو دەرەوە هەڵهاتن، منیش بەپەلە ویستم شوێنیان بکەوم کامشاد نەیهێشت، ئەوان بە خێرایی بە قادرمەکاندا ڕۆیشتنە خوارەوە، هێوەرەکەی ویستی دوایان بکەوێت یەکێک لە دەڵاڵەکان ڕێی پێ گرت و گوتی؛ پێویست ناکات، خۆیان بە قاچی خۆیان دێنەوە بۆ ئێرە، بۆ هەر کوێیەک بڕۆن دێنەوە بۆ لای ئێمە، ئەو کات دەتوانیت چ تۆڵەیەکت بوێت لێیان بکەیتەوە، دیسان بە دەنگی بەرز بۆ ئەوەی هەموومان گوێمان لێی بێت گوتییەوە؛ کەس بیر لەهەڵهاتن نەکاتەوە، ئەم شارە پڕە لە پیاوەکانی ئێمە، هیچ کەسێک بە بێ ئێمە ناتوانێت هەنگاوێک بۆ شوێنێک بنێت، ئیتر هەریەکێک لە ئێوە خۆی بەرپرسە لەو سزایەی دێتە سەر ڕێگای، بەڵام هێوەری کچە جوانەکە هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی بە دوایاندا ڕابکات، بۆیە چیتر کەس ڕێگای ڕۆیشتنی لێ نەگرت، بە دوای ئەودا من زۆرم هەوڵدا بەڵام ڕێگایان نەدام و گوتیان؛ چیتر ڕێگە بەیەک کەس نادەین لێرە بڕواتەوە دەرەوەو کێشەمان بۆ درووست بکات، ئەوەشی بیر لە دەرچوون بکاتەوە بەڵایەکی بەسەر دێنین، لەبەر ئەوەی ئێمە بەم جۆرە فیلمانە ڕاهاتووین و ئەوەندەمان دیوە بێزاربووین لێیان....

## شەوی سێهەم

مسیۆ، نازانم دوێنێ شەو باسم کرد یان نا، ئارمان وەک خۆم پێشبینیم کردبوو لە بەرچاوەکانمدا لە باڵندەیەک دەچوو ئێستا نا کەمێکی تر لە شەقەی باڵ دەدات و لەبەر چاوەکانمدا بۆ هەتا هەتایە وندەبێت، کە دواتریش هەروا دەرچوو....

ئەو بەشەی لەخانووەکە مابووین ئێوارە بە مینی بوسێک بۆ شوێنێکی دوور لە دەرەوەی شار گوازراینەوە، دونیا تاریک بوو، نەماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن و لە کوێین.... لە گوندێکی تاک و تەریک ئێمەیان دیسان خزاندە ناو خانوویەکەوە، شەوێکیش لەوێ ماینەوە....

شەوی دواتر بوو بە دەنگە دەنگ و هاتوو چۆی بەردەوام و چپ و هوڕ، مرۆڤ لە خۆیەوە هەستی دەکرد شتێک ڕوویداوە یان ڕوودەدات، هەموو دەڵاڵ و قاخچییەکان لەو ناوە بوون. دونیا کش و مات بوون، ئەستێرەکانی ئاسمان بە جوانی ئەدرەوشانەوە، چەند پەڵە هەورێک دەردەکەوتن و هەرزوو نەدەمان. گوێم لێبوو

یەکێکیان بە زمانێکی تر قسەی دەکردو بۆ یەکێکی تری وەردەگێڕا، هەرباسی کەش و هەوایان دەکرد، ئەو دەیگوت؛ هیچ خەمت نەبێت کارەکان بە باشی بەڕێوە دەچێت، دوای ئەوان یەک دوانێکی تر شپرزە دەردەکەوتن، وەک سەرمایان بێت دەستەکانیان زوو زوو لەیەکتر دەخشاندو بە دەم فوویان لێدەکرد....
هەموو ئەو خەڵکەی لەوێ بووین، لە دوو ژووریان ترنجاندبووین، نازانم چەند کەس دەبووین، بەڵام لە بیست نەفەرێک زیاتر بووین، بێدەنگی بە شێوەیەک باڵی بەسەر ئەو دوو ژوورەدا گرتبوو جگە لە لێدانی دڵ و هەناسەی مرۆڤەکان گوێت لەهیچی تر نەدەبوو، هەموو گوێیەکانیان بۆ دەرەوە هەڵخستبوو تا لە ڕووداوەکان ئاگادار بن و تێبگەن.... پاش ماوەیەک بێدەنگییەکی ترسناک باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا، هێندە بێدەنگ بوو لە دوورەوە دەنگی شەپۆلی دەریا دەگەیشتە گوێمان، لەگەڵ بیستنی ئەم دەنگەدا لەناو خەڵکەکەدا بوو بە چپە چپ، هەموو لەوە دڵنیابوون لەنزیک دەریاین و بەم زووانە سواری یەختێکمان دەکەن و دەپەڕینەوە بۆ وڵاتێکی تر، کە مەترسی لەسەر ژیانمان کەمدەبێتەوە....
ماوەیەکی زۆر ئەم دۆخە بەردەوام بوو، لەپڕ دیسان دەنگە دەنگ و هاتوچۆی دەلاڵ و قاچاخچییەکان پەیدابووەوە، یەکێکیان هاتە ژوورەوەو گوتی خۆتان بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکەن، ها پێتان دەڵێم؛ نەیکەن بە ژاوەژاوو هات و هاوار، بە بێدەنگی دوو دوو لێرە دەڕۆنە دەرەوە، لە دەرەوە نیشانتان دەدەن بۆ کوێ دەڕۆن....
مسیۆ، من و کامشاد، دواهەمین کەس بووین خانووەکەمان بەجێهێشت، ئەگەر بڵێم؛ شوێنەکە ئەوەندە ترسناک بوو بڕوا بکە. هەر لە دەرگاکە دەڕۆیشتیتە دەرەوە دەنگی سەگوەڕی گوندەکە دەهات، سەگەکان بەردەوام دەوەڕین، تاریکییەکی سامناک.... بە کۆڵانێکی خۆڵیندا بەرەوە دەرەوە ڕۆیشتین، ئیتر کەوتینە ناو زەل و زیواڵێک چاومان هیچی نەدەبینی، من ئەو کۆڵە نەفرەتییەی ئارمانیشم بە کۆڵەوە بوو، کە لە خانووەکە بەجێی هێشت، ئەو نەفرەت لێکراوە خۆی ڕۆیشت و بارەکەی بۆ من بە جێهێشت، دەجار زیاتر قاچم کەوتە چاڵەوەو سەرسمم دەدا، هەندێک جێگای ئەوەندە قوڕاوی بوو پێڵاوەکانم پڕبووبوون لە ئاو، دەرقاچەکانم قوڕاوی بوو بوون، هەر ماوەیەک یەکێک لە سەر ڕێگاکەدا ڕێنمایی دەکردین، تا گەیشتینە بەرزاییەک دەریاکە دەرکەوت، ئیتر کەمێک بەرچاومان ڕۆشنبووەوەو دەمانزانی بەرەو کوێ دەڕۆین....
لەبەرزاییەکە بەرەو خوار بووینەوە یەختێک لەکەنار دەریاکە لەنگەری گرتبوو، لە دوورەوە لە گردۆڵکەیەک دەچوو لەو کەنارەدا چەقی بێت، ئێمە دوا کەس بووین بەناو کەناری ئاوەکە ڕۆیشتین و سوار بووین....
یەختەکە لێوان لێو بوو لە خەڵک، زۆر زیاتری لێ بوو لەوەی لە ناو خانووەکە ئێمەی تێدابووین، دوو کەس بە پێوەبوون و جێگای دانیشتنی خەڵکەکەیان

دەستنیشان دەکرد، جگە لە ڕوناکی دەریاکە بۆ ئەوەی بتوانیت بەرقاچی خۆت ببینیت هیچ ڕوناکییەکی تر نەبوو، شەوقی دەریاکە بۆ ئێمە بەس بوو، لەگەڵ ئەوەشدا تا گەیشتمە شوێنی دیاریکراو دەجار پێم بە خەڵکدا نا و هاواریان لێ بەرز دەبوویەوە....

ئەو شوێنەی بۆ ئێمە دیاریکرابوو بەشێکی بچوک و زۆر تەسک بوو لەبەشێکی سەرەوەی یەختەکەدا، کاتێک لەگەڵ کامشاددا بە کوڕە کوڕ ڕۆیشتینە ژوورەوە، سیامەند و دوو پیاوی تری لێبوو، ئیتر ئەوەندە تەسک بوو بەزۆر جیگا قونی خۆمان کردەوە....

پێش ئەوەی یەختەکە بجولێت یەکێک لەو دوو کوڕەی ڕێنمایی خەڵکەکەیان دەکرد بەزمانێکی کەمێک هەڕەشە ئامێزەوە داوای کرد، کە تا یەختەکە دەگاتە شوێنی خۆی دەبێت بێدەنگ بن و کەس لە شوێنی خۆی نەجولێت، ئەگەر بۆ حاڵەتێکی زۆر تایبەت و پێویست نەبێت، ئەویش دەبێت داوا لە ڕێبەرانی ناو یەختەکە بکەن، کە چوار کەسن لە پێشەوە دانیشتوون، لە کاتی ڕوودانی شەپۆلی بەهێزدا وەک چۆن ئێستا دانیشتوون ئاوا لە شوێنی خۆتان ناجولێن، هەموو شەڕو ئاژاوەیەک بە سزای خۆتان دوایی دێت، دەبێت هەمووتان لەوە تێبگەن، کە لە یەختێکدان و تا دەگەنە جێگای مەبەست، کە دورگەیەکە لەوبەری دەریاکەوە یەک چارەنووستان هەیە، نامانەوێت دیسان کارەساتێکی تر ڕوو بدات، دەمانەوێت هەمووتان بەسەلامەتی بگەنە جێگای خۆتان، ئیتر من هیچ قسەیەکم نییە، ناشمەوێت کەس قسە بکات، دەی سەفەرێکی خۆش، ئەوەی گوت و لەگەڵ برادەرەکەیدا بازیان هەڵدایە خوارەوە....

ماوەیەک بێدەنگییەکی سەیر هەموو ئەو ناوەی تەنی، مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێت هەرکەسێک لەو کاتەدا بیری لەچی دەکردەوە، کەسێک نەبوو لەو کاتەدا ترس و نائارامی سەراپای نەتەنیبێت، بە بێ ئەوەی بتوانین کۆنترۆڵی لاشەی خۆمان بکەین هەموو گیانمان دەلەرزی، سەرمایەکی خراپ ڕۆچووبووە ناو گیانمانەوە، بۆ ئەوەی گەرممان بێتەوە توند خۆمان بەیەکەوە دەنوساند، لەپڕ دەنگێک، کە لێی تێ نەگەیشتین بێدەنگییەکەی شکاند. دوو کەس بوون لە سەرپەرشتیاری ناو یەختەکە، لەگەڵ ئەو دوو کوڕەدا پێشتر دابەزین قسەیان دەکرد، دواتر زانیمان ئەوان لە خوارەوە لەنگەرەکەیان ئازاد کردو ئەمان گوریسەکەیان بۆ سەرەوە هەڵکێشا، لەو کاتەدا کەمێک یەختەکە سوڕا، ئیتر هەستمان کرد خەریکە بە هێواشی دەجولێت....

هێشتا ترس کەسمانی بەر نەدابوو، بۆیە بێدەنگی هێشتا لەو ناوەدا سەروەر بوو، هەندێکجار لە خوارەوە هەستمان بە دەنگی ئاوەکە دەکرد کاتێک یەختەکە وەک مقەست دەیبڕی.... هەروا بە هێواشی یەختەکە ئاوەکەی لەت دەکرد بۆ ئەوەی ڕووگەی خۆی بگرێتەبەر، کەمێک سەرم سوڕی دەخوارد، ئەوە یەکەمجارم بوو

سواری کەشتی و بەلەم بم، ئەم یەختەش کەشتییەکی بچوک بوو.... دەبوو چەند کاتژمێرێک ئێمە بەم شێوەیە بمێنینەوە....!. سیامەند وەک ئەوەی گوێی لە قسەکەی من بێت لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەگەر ئاوا بە باشی بڕوات حەوت سەعاتی تر دەگەینە دورگەکە.
یەختەکە هێشتا بە هێواشی و ئارامی سینەی ئاوەکەی دەبڕی، جگە لە دەنگی لەتبوونی ئاو گوێمان لەهیچ دەنگێکی تر نەبوو، مرۆڤ لەو کاتانەدا هەر لەخۆیەوە بۆ دڵنیایی حەز دەکات پرسیار لەکەسانێکی تر بکات، ڕەنگە لە کاتی ئاساییدا، قەت شتێکی وا قۆڕ بە مێشکیدا نەیەت، بۆیە منیش لەبەر خۆمەوە لە سیامەندم پرسی بۆ تۆ جارێکی تر بەم ڕێگادا هاتوویت؟.
لە وەڵامدا سیامەند هەناسەیەکی هەڵکێشاو ویستی شتێک بڵێت، بەڵام بێدەنگ بوو.... بەم بێدەنگییە پەشۆکام، لەناخەوە حاڵم پەشێو بوو، ئاخر لە کاتێکی وادا پێویستم بە کەسێک هەبوو دڵنەواییم بکات، گرنگ نییە درۆ دەکات، گرنگ نییە ئەویش دەیەوێت بە هەندێک قسە دڵی خۆی خۆش بکات، دەزانم لەکاتێکی وادا مرۆڤ چەند خۆش خەیاڵ دەبێت و بەتەنها حەز دەکات گوێی لەو قسانە بن باسی سەرکەوتن و ڕزگاربوون دەکەن....
دوای ماوەیەک بێدەنگی هەستم دەکرد تا زیاتر دێت هەناسەم توند دەبێت و دڵم تێکەڵ دێت و جار بە جاریش هێلنج تا قوڕگم دێت و ئەوەندی تر باری تەندرووستیم تێک دەدات. سیامەند دەستی بە گیرفانیدا کردو پارچەیەک حەبی دەرهێناو دانەیەکی خستە ناو دەستمەوەو گوتی؛ ئەوە قوت بدە ئیتر چاک دەبیت.
وەک بمەوێت بیر لە شتێک بکەمەوە، دەنکە حەبەکەم لەناو دەستمدا گوشی، بۆچی نەمدەوێرا ئەو دەنکە حەبە بخۆم، دوایی بیرم کەوتەوە، کە پێشتر هەواڵێکی لەو جۆرەمان بیستبوو هەندێک خەڵک هەن پەمپی بورانەوەو دەرمانی خەولێخستن بەکار دەهێنن لەدژی هاوڕێی و هاو سەفەرەکانیان تا ڕووتیان بکەنەوەو هەرچی پارەیەکیان پێیە لە گیرفانیانی دەربهێنن.... هێشتا هەر لەو بیرکردنەوەدا بووم سیامەند گوتی؛ ئەوە بیر لەچی دەکەیتەوە بۆ حەبەکەت قوت نادەیت، بەبێ ئەوەی بەرهەڵستی بکەم و هیچ کاردانەوەیەکم هەبێت حەبەکەم یەکسەر قوتدا....
دوای قوتدانی حەبەکە سیامەند گوتی؛ هیچ مەترسە، من لەو مرۆڤانە نیم تۆ بیریان لێ دەکەیتەوە، ئەو حەبە پێی دەگوترێت؛ حەبی نەخۆشی دەریا، کە لەڕاستیدا نەخۆشی نییە، بەڵکو کاردانەوەی مێشکە بەرامبەر ئەو زانیارییانەی لە ڕێگای چاوو ناردنی گوێچکەی ناوەوە درووست دەبێت، کە هاوسەنگی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا دێت یان تێک دەچێت، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییەو هەریەکێک لە ئێمە لە سەفەرێک لەسەفەرەکاندا ئەشێت تووشمان ببێت.....

وەک ئەوەی قسەکانی سیامەند هیچ بایەخێکیان نەبێت، بۆ خۆیشم تێنەگەیشتم بۆ لەو کاتەدا وەک دزێک لەکاتی هەڵهاتندا ئاوڕ لەدوای خۆی بداتەوە بۆ دڵنیابوون لە دوورکەوتنەوەی لەمەترسی سەرێکم هەڵبڕێ و ئاوڕێکم لەدواوە دایەوە ماوەیەک کەنارەکەمان بەجێ هێشتبوو، هەندێک لە گڵۆپی گوندەکانی ئەو ناوە لەبەر چاوەکانمدا پرتە پرت کز دەسووتان.

مسیۆ، نازانم ئەگەر توشی حاڵەتێکی لەو جۆرە بووبیت، کاتێک سەیری چواردەوری خۆم دەکرد، جگە لە تاریکییەکی قووڵ تا ئەو سەری گەردوون هیچ ڕوناکییەک بەدی نەدەکرا جگە لەو چەند گڵۆپە دوورانەی گوندەکان نەبێت، کە پێشتر بەجێمان هێشتن و وا بە هێواشی لەوانیش دوور دەکەوینەوە، لە خۆمەوە هەستم بە ترسێکی زۆر سەیر دەکرد، ئەگەر ئەم یەختە لە ناو ئەم دەریایەدا پەکی بکەوێت یان تێکبشکێت و پڕی ببێت لە ئاو دەبێت ئیتر ژیان بۆ ئێمە کۆتاییەکی حەتمی بێت، چونکە جگە لەوەی من هیچ مەلەم نەدەزانی، درۆ ناکەم دەشترسام قرشێک یان ماسییەکی دڕەندە پەلامارم بدات و پارچە پارچە گۆشتی لەشم بخۆن....

مسیۆ، تۆ ئەو دیمەنە بهێنە بەرچاوی خۆت، کاتێک دەکەویتە ناو ئەو دەریاوەو ماسییە دڕەندە و قرشەکان پەلامارت دەدەن و تۆ توانای هیچ بەرهەڵستییەکت نیە، دەبێت چەند ئازاردەر بێت.... هەروا بەردەوام لەناو ئەو خەیاڵانەدا دەژیام، تا وای لێهات هەندێک لەو شەپۆلە بە جێماوانەی دوای یەختەکەم لێدەبوون بە قرش و ماسی زەبەلاح و دڕەندە، کە بە شوێنمانەوەن و چاوەڕوانی ئەوەن لەهەر ئان و ساتێکدا پەلامارمان بدەن و هەنجن هەنجمان بکەن....

خودایە، مەگەر خۆم بزانم ترس چەنێک ئەو شەپۆلانەی لەبەرچاوەکانمدا لێ کردبووم بە قرش و ماسی زەبەلاح و دڕەندە، تا ئەو جێگایەی چیتر خۆم پێ ڕانەگیراو بە کامشادم گوت؛ تۆش دەیانبینی، سەری ئەو هەموو قرشە دەبینیت بە دوامانەوەن....!.

لەدوای ئەم قسەی منەوە کامشاد سەرێکی بۆ دواوە بەرزکردەوەو بە دەنگێکی ترساوەو پرسی؛ ئەوە هەمووی قرشن بە دوامانەوە؟!، هەستم دەکرد ئەویش بە شێوەیەک ترسابوو وێنەی شەپۆلە ڕەشەکان لەبەرچاوەکانیدا بووبوون بە قرش، تا ئەو کاتەی سیامەند هەڵی دایەو گوتی؛ قرشی چی، کوا قرش لەم ئاوەدا دەژی!، ئەوە شەپۆلەکانن لەدوای یەختەکە جێدەمێنن، هاوڕێیان قرش لەم دەریایەدا نییە، بۆ بە بێ هیچ هۆیەک زیڕەتان بە خۆتان کردووە، خۆ ئەگەر قرشیش بێت، خۆ ناتوانێت بێتە ناو یەختەکەوە، ئێوە دوعای ئەوە بکەن باو بۆران هەڵ نەکات و هەر ئاوا بە هێمنی سەفەرەکەمان بەردەوام بێت، هیچ شتێک بۆسەر ئەم یەختە مەترسی نییە جگە لە باوبۆران نەبێت، لەبری ئەوەی سەیری ئاوەکە دەکەن سەیری ئەو هەورە ڕەشانە بکەن، کە خەریکن یەکدەگرن، ئێوە نزا بکەن تا چەند

کاتژمێرێکی تر ڕەشەبا هەڵنەکات شەپۆلەکان بوروژێنێت ئیتر هەموو شتێک بەباشی دەڕوات.
بۆ دڵنیابوونەوە لە سیامەندم پرسییەوە، کە دڵنیایە قرش لەم ئاوەدا نییە! چونکە ئەوەی من بیرم لێدەکردەوە تەواو جیاواز بوو لە بیرکردنەوەی ئەو، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبوو ئەو زۆر لە ئێمە بە ئەزموون تر بوو، بەڵام ئێمە وەک منالێک بەتەنها هەستمان بە مەترسییەک دەکرد خەیاڵمان خاوەنی بوو نەک مەترسییە ڕاستەقینەکان، بۆیە بۆ دڵنیایی گوتم؛ هەر تیمساح و قرش و ماسی دڕەندەی تێدا نەبێت با هەر باوبۆران بێت، خۆ باوبۆرانەکە نایەتە ژوورەوەو بمانخنکێنێت ئەوپەڕی تەڕ دەبین، ئەمەش کەی کێشەیە لەوبەرەوە هەرکاتێک گەیشتینە دورگەکە ئاگرێک دەکەینەوەو خۆمان وشک دەکەینەوە....
سیامەند، کە قەت پێنەدەکەنی گوێم لە بزەیەکی گاڵتەجاڕانەبوو وەک نەرمە کۆکەیەک کەوتە سەر لێوەکانی و هەناسەیەکی قوڵ و درێژی هەڵکێشاو لەبەر خۆیەوە گوتی؛ چاک ئەم سەگبابانە ناهێڵن جگەرەیەک بکێشین، کەچی بۆ خۆیان لە پێشەوە بە بەردەوامی جگەرە دەکێشن، خودایە ئەم هەموو نادادوەرییە قبوڵ نەکەیت، کە هەر مرۆڤێک لە بستە زەوییەکدا دەسەڵاتی کەوتە دەست ئیتر لەبەردەم ئەوانی تردا خۆی لێ دەبێت بە خوا....
مسیۆ، سیامەند هەمیشە دوو دڵی و ڕاڕاییەکی زۆری پێوە دیاربوو، ئەو وەک خۆی دەیگێڕایەوە نزیکەی ساڵ و نیوێک بوو لەنێوان سنوری ئەم دوو وڵاتەدا بۆ پەڕینەوە لە ململانێدا بوو، چەندینجار خۆی گوتەنی لە سنوور پەڕیوەتەوەو پێیوابووە ئیتر سەرکێشییەکانی بە کۆتایی گەیشتوون، کەچی لەیەکێک لە وێستگاکانی شەمەندەفەر یان ترمینالی ئۆتۆبوسەکاندا دەستگیر کراوەو جارێکی تر سنووورداش کراوەتەوە، بۆیە وەک دوا چارەسەرێک لە ڕێگای ئەم قاچاخچییانەوە پەنای بۆ پەڕینەوەی دەریا هێناوە، چونکە ئەو دەیگوت؛ ئەگەرچی ئەم ڕێگایە پارەیەکی زۆری دەوێت، یەکجارەو بەس یان دەپەڕیتە ئەوبەرەوەو ڕزگارت دەبێت یان بۆ هەتا هەتایە نوقمی ناو دەریا دەبیت و لە هەموو ئازارو دەردی سەرییەکانی ژیان ڕزگارت دەبێت و چیتر چرو چاوی پۆلیس و ژەندەرمەکان نائومێد و ماندووت ناکەن، بەڵام ڕێگای وشکانی وەک یاری مارو پەیژە وایە دە جار سەردەکەویت و دەپەڕیتەوە، کەچی لە پڕێکدا مارێک قوتت دەدات و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا.
یەختەکە هێشتا بە هێواشی بەناو تاریکی شەودا سنگی ئارام و بێدەنگی دەریای دوولەت دەکردوو لەپاش خۆیەوە هەندێ شەپۆلی بەجێماوی بە جێدەهێشت، ئێمەش سەرنشینەکانی ناو یەختەکە، کە نازانم پەنجا کەس یان زیاتر دەبووین هەریەکەو لە شوێنی خۆی بە کزۆڵییەوە خۆیان لەپاڵ یەکتر پەسی بوو. دیمەنێکی سەیر بوو، بەبێ ئەوەی دەنگێ، ورتەیە لەزاری کەسێکەوە بێتە دەرەوە هەرهەموو وەک لە

کێوێکی بەفریندا گیریان خواردبێت خۆیان بەیەکەوە نووساندبوو، چاوەڕوانی چارەنووسێکی نادیاریان دەکرد.
ئەوەی جاربەجارێک قسەی دەکرد بەتەنها من بووم، قسەکردنەکەی منیش پەیوەندی بەترسەوە هەبوو، دەمویست سیامەند یان هەر کەسێکی تر دڵنەواییم بکات تا بەسەر ترسەکەمدا زاڵ بم. سیامەند وەک ئەوەی بەتەنها پیشەی چاودێریکردنی ئاسمان بێت بە بەردەوامی سەیری ئاسمانی دەکردو لەبەر خۆیەوە زوو زوو دەیگوت: تا ئێستا زۆر بە باشی یەختەکە بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەگەر ئەو پەڵە هەورە نەفرەتییانە لێمان تێک نەدات ئەوا چەند کاتژمێرێکی تر دەگەینە دورگەکە، بەڵام لەوە ناچێت ئەوان پێچەوانەی ڕووگەکەی ئێمە بن و وا هەست دەکەم بەهەمان ئاراستەی ئێمەدا دێن، چونکە لە پێشووتر خێراترن و هەست بە هەڵکردنی بایەک دەکەم لە پێشمانەوە، خودایە ئەمجارە یارمەتیمان بدە....
کاتێک گوێم لە نزاو پاڕانەوەی سیامەند بوو هەستم بە ترسێکی گەورە لە لەرەی دەنگیدا دەکرد، کە مایەی بەزەیی بوو، بۆیە گوتم؛ خوا گەورەیە هیچ مەترسە، ئەگەر بارانیش بباریێت با هەر تەڕبین، ئەوە کەی کێشەیە، من ئامادەم جلە وشکەکانی خۆمت بدەمێ، گرنگ ئەوەیە ئێمە بەسەلامەتی بگەین.... سیامەند دیسان بە دەنگە نەرمە ترساوەکەی خۆیەوە گوتی، ئەوەی من چاوەڕوانی دەکەم و لێی دەترسم دوور نییە نوقممان بکات، هەموو ئەو یەختانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا تێکشکان و سەرنشینەکانی نوقم بووم، کە لە یەکێکیاندا ئامۆزایەکی خۆمی تێدا بوو بەهۆی باوبۆرانەوە بوو، تۆ نازانیت، کاتێک باوبۆران هەڵدەکات و شەپۆلەکان دەوروژێن چ کارەساتێک ڕوو دەدات! خودا بمانپارێزێت و ئەوە بە چاوی خۆمان نەبینین، کەچی ڕوودەدات، چۆن ئەو شەپۆلانە ئەم یەختە لەبەر یەک هەڵدەتەکێنێت و نوقمی دەکات، ئەو کات ئێمە دەتوانین جگە لە مردن چاوەڕوانی چی بکەین!.
سیامەند زۆر بە غەمگینی و ترسەوە باسی ڕووداوێکی دەکرد، وەک ئەوەی هەر بەڕاستی کەوتبینە ناو ڕەهێڵەو باو بۆرانێکەوە لەگەڵ هەر پێکێشانی شەپۆلێکدا پارچەیەک لەیەختەکە بێتەوەو بەشێک لە سەرنشینەکانی فڕێ بداتە ناو دەریاکەوە، کەچۆن لە فیلمە ئاکشنەکاندا پیشاندەدرێن، هێشا هیچ ڕووینەدابوو من وێنای ئەوەم دەکرد، کە چۆن لەبەردەم تووڕەیی شەپۆلەکاندا ئیتر هەموو سەرنشینەکە سەریان لێ دەشێوێت و بەناو یەکدا دێن و دەچن و ژن و منداڵەکان دەست بە قیژەو هاوار دەکەن، ئەوەم دەبینی پیاوەکان بە شێوەیەک دەپەشۆکێن بۆ خۆیشیان نازانن خەمی خۆیان یان منداڵ و ژنەکانیان بخۆن....
مسیۆ، هەر بەڕاستی وەک ئەوەی لەبەردەم تەلەفزیۆنێکدا دانیشتبووم و تسونامییەک یان فیلمی نوقمبوونی کەشتییەک نیشان بدات هەموو دیمەنەکان بە

زیندوویی بە بەرچاومدا دەهاتن و دەچوون، کەچی یەختەکە هەر بەهەمان ڕیتم و جوڵەی پێشوو بەئارامی سنگی دەریاکەی شەق دەکرد، ئەوە نەبێت جار بەجارێک وەک ئۆتۆمبیلێک بەسەر تاسەیەکدا تێپەڕ ببێت تاسەیەکی دەکرد، لەو کاتەدا دڵم بە شێوەیەک خورپەی دەکرد دەم و زمانم یەکسەر وشک دەبوون، بڕوا ناکەم لە ژیانمدا ئەوەندەی ئەو چەند کاتژمێرە ئاوم خواردبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەک تینوێتیم نەدەشکا بەڵکو زمانم بە شێوەیەک وشک بوو هەندێکجار بە مەڵاشوومەوە دەنووسا....

پاش ماوەیەک بەردەوامی و بێدەنگی هەستم دەکرد قسەکەی سیامەند ڕاستە، یان من بۆ خۆم سەرمام بوو هەوایەکی سارد هەڵی کرد، تا زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتین بایەکە زیادی دەکرد و دونیا زیاتر تاریک دەبوو، هەورەکان بەتەواوەتی یەکیان گرتبوو، ئاسمان جگە لە ڕەشاییەک بە ئاستەم ڕۆشناییەکت تێدا بەدی دەکرد، لە دڵی خۆمدا گوتم؛ ئەو هەتیوە، ئارمان باش خۆی قوتار کرد، دڵنیام دوای ئەوەی هەواڵی نوقمبوونی ئێمە بڵاو دەبێتەوە، ئەو هەواڵەکە بە فەرزان و میوانخانەی پەپولە سپییەکان دەگەیەنێت، ئای لەو کاتەی فەرزان ئەو هەواڵەی پێدەگات دەبێت چەند ئازار بچێژێت!. دڵنیام جگە لە ئازاری مەرگی ئێمە، ئازاری ئەوەش دەچێژێت، کە خۆی بە بەرپرس بزانێت لەناردنی ئێمە بەرەو مەرگ، بەڵام ئیتر ئەمە چارەنووسەو کەس لێی بەرپرس نییە....

مسیۆ، ئەگەر بە پێشبینییەکانی سیامەند بوایە چەند کاتژمێرێکی کەممان مابوو بگەیەنە کەناری دورگەکە. هەوایەکی خێرا هەڵی کردو نمە نمە بارانیش لەگەڵیدا دەباری. یەک دوانێک لە قاچاخچییەکان بەناو خەڵکەکدا هاتن و داوایان کرد لەکاتی باوبۆران و زیادکردنی شەپۆلەکاندا کەس لە شوێنی خۆی نەجوڵێت و هەندێک سەتڵ و قاپیان بەسەر خەڵکەدا دابەشکرد بۆ ئەوەی لەکاتی هاتنە ژوورەوەی ئاودا بەو سەتڵ و قاپانە ئاوەکە دەربکەن....

ئێمە لە قاتی سەرەوەی یەختەکە بووین، ڕەنگە شوێنەکەی ئێمە لەوەی ئەوانەی خوارەوە باشتر بێت بۆ هاتنە ژوورەوەی ئاو، بەڵام لەسەرووی ئێمەشەوە شوێنێکی بچوک هەبوو وەک سەربان، لەوێش چەند کەسێکی لێبوو، کە نەماندەزانی چەند کەسن، ڕەنگە شوێنی ئەوان لەهی هەمووومان باشتر بێت، من وام بیر دەکردەوە، کەچی سیامەند گوتی؛ بە پێچەوانەوە ئەوێ خراپترین شوێنە بۆ بەربوونەوە لەکاتی شەپۆلە بەهێزەکاندا....

پاش ماوەیەک شەپۆلەکان تا دەهات خێراو خێراتر دەبوون و کاتێک خۆیان بە یەختەکەدا دەکێشا بە ئاسانی گوێمان لەناڵەی دەبوو، باوبۆرانیش لە پڕێکدا بە شێوەیەک پەرەی سەند، ئیتر شتێک نەبوو مایەی ترسی ڕاستەقینە نەبێت، چونکە

هەستمان دەکرد یەختەکە چیتر توانای ڕۆیشتنی نییەو لە شوێنی خۆی بە شێوەیەک وەستاوە وەک ئەوەی ئەویش چاوەڕوانی چارەنووسی خۆی بکات.
بێدەنگیی بەتەواوەتی ناو یەختەکەی تەنی و جگە لە گڤەی باو ڕەهێڵەی باران گوێمان لە هیچی تر نەبوو، ئەو خەڵکە بە شێوەیەک بێدەنگ بوون وەک لە چاوەڕوانی مەرگێکی لەسەرخۆدا بن تا ئەو کاتەی شەپۆلێک بەهەموو هێزی خۆی بەیەختەکەدا کێشاو قاتی خوارەوەی پڕ لەئاو کرد، ئیتر ناڵەو هاوارو قیژەی ژن و مناڵ وەک بورکان تەقییەوە.
قیژەی ژن و مناڵ و هات و هاواری پیاوەکان بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە و گڤەی ڕەشەباو ناڵەی شەپۆلەکان نەک هەر بێدەنگی ئەو شەوە ئارامەی ناو قوڵایی دەریای شکاند، بەڵکو لە پڕێکدا ناو ئەو یەختە لەناو بێدەنگی ئەو تاریکە شەوەو قوڵایی دەریادابووبوو بە قیامەتێک، هەریەکەو وەک ئەوەی سزاکەی لەوەی تر قورستر بێت پڕ بەگەروویان دەیانقیژاند و بۆ ڕزگار بوون لە خودا دەپاڕانەوە....
یەختەکە وەک بێشکەیەکی شکاو بەسەر دەریاکەوە بەردەوام یاری دەکرد، ئێمە تا ئەوکاتە بە شێوەیەک پەشۆکاوبووین زمانی دەربڕین و قسەکردنمان شکابوو، لەپڕ شەپۆلێکی بەهێزتر بەشێوەیەک خۆی بەیەختەکەدا کێشا ئاو بەسەر ئێمەشدا بۆ ئەودیو بازیدا. لەدوای ئەو شەپۆلە ئیتر جێگایەک نەمابوو جێگای مەترسی نەبێت، چونکە هەندێک لەشەپۆلەکان ئەوەندە بەرزبوون بەئاسانی بەسەر یەختەکەدا بازیان دەدا، لەگەڵ هەر پیاکێشانێکیشدا گوێمان لە قرچەو لێکترازانی پارچەیەک لە یەختەکە دەبوو....
شەپۆلەکان وەک لەشکرێکی ئامادە لەکاتی هێرشدا چۆن بە ناڵەو هاوارەوە پەلامار دەدەن بەو شێوە پەلاماری ئێمەیان دەدا، هێرشێکی وێرانکەرو لەناوبەر بەرامبەر بە ئێمە، ئیتر شتێک نەمابوو ناوی هیوای ڕزگاربوون بێت جگە لەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکەین لە چەند ساتێکی کەمدا یەختەکە بەتەواوەتی تێکبشکێت و ئێمەش بکەوینە ناو دەریاکەوە، چیتر کار لەوە ترازابوو بتوانین ئاوی ناو یەختەکە بە سەتڵ و قاپی گەورە بەتاڵ بکەینەوە، چونکە شەپۆلەکان بەردەوام بە شێوەیەک هێرشیان دەهێنا ماوەی کەسی نەدەدا لە شوێنێ خۆی بجوڵێت....
هێرشی یەک لەدوای یەکی شەپۆلەکان، کە خۆیان بەیەختەکەدا دەکێشا بەردەوام بوو، لەپڕ لەدوای شەپۆلێک زریکەی ژنێک تا سەر ئەستێرەکان بەرزبووەوە بۆ مناڵەکەی. ژنەکە لە خوارەوەی ئێمە بوو لە جێگایەکی قوڵی یەختەکەدا، دیاربوو کاتێک جێگاکەیان پڕ لەئاو دەبێت بۆ ئەوەی خۆیی و مناڵەکەی لەمردن ڕزگار بکات هەڵدەستێتە سەرپێ تا بەرەو سەرەوە جێگاکەی بگۆڕێت، کەچی شەپۆلێکی بەهێز خۆی بەیەختەکەدا دەکێشێت و مناڵەکەی لەدەست فڕێ دەدات، ئیتر ژنە قوڕبەسەر ئاگای نە لەیەخت نە لە مردنی خۆی نەمابوو بەتەنها ئەوە نەبێت توند یەخەی

پیاوەکەی گرتبوو داوای لێدەکرد منداڵەکەی بۆ بدۆزێتەوە، ئەم دیمەنە ئەوەندە ترسێنەر بوو کەسمان چیتر ئاگامان لەخۆمان نەمابوو، من و کامشاد باوەشمان بەیەکتردا کردو پڕ بەدڵ دەگریان....
کامشاد گوتی؛ دەبوو ئێمە پێکەوە هەر بەم شێوەیە بمرین، شایگان چیتر چارەیەکمان نییە، هیچ کەس ناتوانێت لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا بجەنگێت، دیارە چارەنووسی ئێمە تا ئێرە بوو بەس.... سیامەند کە هێشتا هەر لەشوێنی خۆی نەجولابوو، ئەگەرچی تا سەر ناوکی لەئاودا نوقم بوو، هاتە قسەو گوتی؛ لەدوای چەند ساتێکی تر چیتر ژیان هیچ مانایەکی نامێنێت تا لە پێناویدا ئازار بچێژین، ژیان تا ئەو کاتە مانای هەیە کە ئێمە هەین، لەدوای ئەوە پێویستە کەسانی تر بەدوای ماناکانی مەرگی ئێمەدا بگەڕێن، کە ئایا بەڕاستی مردن لەپێناو ژیاندا واتایەکی هەیە!. لەپڕ شەپۆلێکی بەهێز جارێکی تر بەشێوەیەک خۆی بەیەختەکەدا کێشا هێندەی نەمابوو سەروخواری بکات....
مسیۆ، مرۆڤ چەند سەیرە! لەوکاتەدا وەک فیلمێک داژۆی برام هاتەوە یاد کاتێک لەسەر گردەکە بۆ دواجار ماڵئاواییم لێکردو بەڵێنی ئەوەم پێدا، کە هەر ڕۆژێک دێت بگەڕێمەوە بەدوایداو لەگەڵ خۆم بیبەم بۆ ئەو شوێنەی شایستەی ژیانکردن بێت. بیرم لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان دەکردەوە، لە فەرزان کاتێک ئەم هەواڵەی ئێمەی پێ دەگات، بە خەیاڵ دەمبینی چۆن تەوس دەیباتەوەو بۆ هەتا هەتایە غەمگین دەبێت، بیرم لەو شەوە نەفرەتییە دەکردەوە، شەوی ئەستێرەکان، ئەو شەوەی دایکم تێیدا هەڵهات و باوکم وەک سزایەک من و داژۆی برامی لەسەر شەختەی حەوشەکە سزادا.... سەیرە بیرم لەهەموو شتێک دەکردەوە مردن نەبێت، هەستم دەکرد چۆن مرۆڤێک دەخەوێت و خەو دەبینێت بەو شێوە من لە خەیاڵێکی لەو جۆرەدا بووم، ئێستاش بیرم دێتەوە لەناو ئەو قیامەتەی یەختەکەدا چۆن بەئاسودەیی خەیاڵم ڕۆیشتبوو....!.
ماوەیەکی زۆر من لەناو خەیاڵەکانی خۆمدا بووم و ئاگام لە لەهیچ نەمابوو، بیرم لەوە دەکردەوە ڕەنگە مردنیش هەروا بێت، مرۆڤ وەک بچێتە ناو قولایی خەوەوە ئیتر بۆ هەتا هەتایە لەناو ئەو خەوەدا بژی و بێدار نەبێتەوە.
لەپڕێکدا هۆشم ئەوەندە هاوکاری دەکردم هەستم بەدەستێک کرد، کە بەر ڕومەتم کەوت، مۆسیقایەکی زۆر دووریش ئاوازەکانی دەگەیشتە گوێم، کەمێک چاوەکانم کردەوە، دیسان سەیر دەکەم من هێشتا لەناو یەختەکەدام و بەئارامی سنگی دەریاکە دەبڕێت و کامشاد و سیامەندیش بەسەر سەرمەوەن، لەسەرەوەش مۆسیقایەکی دڵبزوێن، کە خەیاڵی مرۆڤ تا ئەوسەری گەردوون دەبات لێدەدرێت....
مسیۆ، سەرەتا من وامزانی ئەوەی ڕوویداوە بەتەنها خەون بووەو بەس، بەڵام ئەوەی ڕوویدابوو ڕووداوێکی ڕاستی بوو، چونکە هێشتا ناو یەختەکە پڕ لە ئاو بوو، زۆرێک

لە سەرنشینەکان قولْپ قولْپ دەڕشانەوەو گریانی منالان و ژنان کۆتای نەهاتبوو، پیاوەکانیش بە بەردەوامی لە خوارەوە ئاویان دەردەدا و ژێری منیش پڕ لەئاو بوو.
کاتێک بێداربوومەوە دەم و قورگم پڕ لەئاو بوو، مۆسیقاکەش بەردەوام بوو، کامشاد گوتی؛ شایگان ڕزگارمان بوو، ئەمجارەش لەمردن ڕزگارمان بوو، سوپاس بۆ خوا تۆیش زیندوو بوویتەوە، لەوەش خۆشتر دەزانیت ئەوە کێیە مۆسیقا لێدەدات، ئەوە ئارمانە، ئەویش لەناو هەمان یەختدایەو کچەکەشی لەگەڵدایە....
ئای مسیۆ، کە گوێم لەو قسە بوو لەشوێنی خۆم یەکسەر ڕاستبوومەوە، ویستم قسە بکەم سەتڵێک ئاوم لە دەم و لوتەوە هەڵهێنایەوە، ئاوێکی سوێری ناخۆش، بەڵام باری لەشم تەواو سوک بوو، لەخۆمەوە چیتر هەستم بەترس و دڵەڕاوکێ نەدەکرد، لە کامشادم پرسی ئەوە گوتت چی؟. دیسان وەڵامەکەی ئەوە بوو، ئەو مۆسیقا ژەنە لەسەرەوە ئارمانە، ئەو ئێمەی لە مردن ڕزگار کرد، ئەو هەمووومانی لەمردن ڕزگار کرد، ئەو بوو لەکاتی شەپۆلە وێرانکەرەکاندا لە سەر یەختەکەوە دەستی بە ژەندنی مۆسیقا کرد، ئیتر لەگەڵ ئاوازەکانی ئەودا هێواش هێواش شەپۆلەکان ئارامبوونەوە، شایگان، ئەو بوو، بە ئاوازی مۆسیقاکەی شەپۆلەکانی دامرکاندەوە، هەستە سەرپێ ئەی نابینیت، ئێستا دونیا چەند کش و مات و خامۆشە، گوێ بگرە، گوێ لە ئاوازەکانی بگرە دونیای لەگەڵ خۆیدا بێدەنگ کردووە، مۆسیقاکەی ئەو هێزێکی خودایی تێدایە، ئەگینا ئەو هێزە نەبوایە یەک تاقە نەفەرمان لێرە ڕزگاری نەدەبوو....
وەک جەنگاوەرێکی تێکشکاوو بریندار ی دوای جەنگ ویستم هەستمە سەرپێ و بۆ دڵنیایی بەرەو سەرەوە بڕۆم، بەڵام ئەوەندە بێ هێزو گێژبووم ئەگەر کامشاد نەیگرتمایە ئەوا بۆ ناو دەریاکە بەردەبوومەوە. کەمێک دانیشتم و گوێم بۆ ئاوازی مۆسیقاکە ڕادێرا، ئەوەندە قوڵ بە ڕۆحی مرۆڤدا ڕۆدەچوو وەک سیحرت لێکرابێت هەموو ئەندامەکانی لەشت خاو دەبوونەوە و ئارامییەکی تەواو سەراپای دەتەنیت.
پاش تێپەڕینی ماوەیەک، هێشتا ئارمان بەسەر یەختەکەوە لە مۆسیقا ژەنین بەردەوام بوو، شەپۆلەکانیش وەک بەدەم ئاوازی مۆسیقاکەوە خەیاڵ بردبنییەوە کپ و بێدەنگ، گەواڵە هەورە ڕەشەکان لە شێوەی پۆلە قەلەڕەشێک لەیەکتر جیابوونەو هەرچەند دانەیەکیان بەلایەکدا بفڕێت لەیەکتر ترازان و دانە دانە ئەستێرەکان بەدەرکەوتن....
جگە لە ئاوازی مۆسیقاکەی ئارمان بۆ ماوەیەک جیهان نوقمی ناو بێدەنگی بوو. لە کۆتایی لای ڕاستی دەریاکەوە وەک ژنێک لەپشتی پەنجەرەیەکەوە سەردەربێنێت و بیەوێت گوێ لە شتێک بگرێت مانگ سەری دەرهێنا، ئەم سەر دەرهێنانەی مانگ بزەی خستە سەر دەریاکەو وردە شەپۆلەکان لەبەر تریفەی مانگەکەدا بەدەم ئاوازی مۆسیقاکەوە ورد ورد سەمایان دەکرد....

تریفەی مانگەشەوەکە ڕوناکییەکی سەیری بە ڕۆحی دەریاکە بەخشیبوو، لەدوورەوە هەتا چاو بڕبکات وەک ئەستێرەی کشاو لەناو وردە شەپۆلەکاندا دەبریسکانەوە، دونیا ئەگەرچی هێشتا تاریک و چارەنووسی ئێمەش لەبەر ڕەحمەتی شەپۆلەکاندا بوو کاتێک هەڵدەچوون و تورە دەبوون، بەڵام تریفەی مانگەشەوەکە ڕوناکییەکی هیوابەخشی لە ڕۆحماندا هەڵکردبوو، ئارمانیش لەسەرەوە چیتر لە مۆسیقا ژەنین کەوتبوو، لەگەڵ کچەکەدا بە بێدەنگی خەیاڵیان بەسەر دەریاکەدا پەرش بووبوو....
ماوەیەک بێدەنگی باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا، ژن و منداڵەکانیش هاوشێوەی مرۆڤە ماندووەکان، چۆن دوای کارێکی پڕوکێنەر خەو دەیانباتەوەو بێدەنگ و خامۆش دەبن، ئاوا بەتەواوەتی بێدەنگ بوون، تەنانەت چیتر گوێت لە دەنگی بەتاڵکردنەوەی ئاویش نەبوو، هەموو شتێک بێدەنگ وەک بێدەنگی دوای کارەساتە گەورەکان، یەختەکەش بەئارامی دەریاکەی دەبڕی و لەدوای خۆی شەپۆلگەلێکی بەجێدەهێشت، کە لە کریستاڵی شکاو دەچوون لەسەر دەریاکە بەجێ مابن، منیش بەمەبەستی بینینەوەی ئارمان سەرکەوتمە سەر یەختەکە.
لەو کاتەدا سەردەکەوتمەوە سەرەوە لەگەڵ کچەکەدا گۆرانییەکی زۆر دڵگیرو ئارامبەخشیان بە جووتە دەخوێند، دوو دەنگی ئەوەندە هێمن و ئارام جیهانیان لەگەڵ خۆیاندا بێدەنگ کردبوو، بەڵام بە بینینی من ئارمان لە گۆرانییەکە وەستا و کەمێک شڵەژاو بە هێمنی گوتی؛ بمبورن، کە توشی دڵەڕاوکێ و نائومێدیم کردن، ئیتر کەسمان نازانین چارەنووسمان بە چییەوە بەستراوەو لەکوێدا کۆتایی دێت، بەڵام شتێک پێویستە هەموومان بیزانین ئەوەیە مۆسیقا ڕۆحی خودایە، کە لەناخ و هەر بەشێک لە ئۆرگان و لەشی ئێمەدا بوونی هەیە، بۆیە دوورکەوتنەوە لە مۆسیقا دوورکەوتنەوەیە لە ڕۆحی خودا، بەتەنها ئەو دەتوانێت ئاراممان بکاتەوە، لە تاریکی شەوەزەنگ ڕزگارمان بکات و لەو بەڵایانە بمانپارێزێت دێنە سەر ڕێگاکانمان....
مسیۆ، ئارمان وەک هەر خویەکی زۆر کەمدوو بوو، کاتێکیش قسەی دەکرد زۆر لەسەرخۆ و نەرم قسەی دەکرد، مرۆڤ حەزی دەکرد بەردەوام گوێی لە قسەکانی بێت.... پاش ئەوەی هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوتی: تەنها شتێک لە ئایندەدا دەتوانێت ڕزگارمان بکات مۆسیقایە، مۆسیقا تەنها چەکێکە ئێمە دەتوانین جەنگی خۆمانی دژ بە هەموو نەهامەتییەکان پێبکەین، پێویستە هەموومان ئەم ڕاستییە بزانین، کە هیچ شتێک لەم دونیا ناتوانێت وەک مۆسیقا هاوکاریمان بکات و بەسەر نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیاندا سەرمان بخات، هەر گەل و نەتەوەیەک مۆسیقای نەبێت، لە چڵپاوی نائومێدی ڕزگاری نابێت و هەتا ماوە وەک مرۆڤێکی لاوازو نەخۆش بندەست و کۆیلە دەمێنێتەوە....

ئەشێت منیش بۆ ئەوە لەدایک بووبێتم لەداهاتوودا ئێوە لە نەهامەتییەکانی ژیان ڕزگار بکەم، باپیرم، باوە یادگار، کە لەگەڵ ئێوەدا منی نارد تا لەمردن بمپارێزێت، چونکە ئەیزانی لەداهاتوودا بەتەنها من دەتوانم بە مۆسیقا خەڵکەکەم لە لەناوچوون بپارێزم....

مسیۆ، منیش بە سەرسوڕمانێکەوە پرسیم، بۆ کەس نیازی لەناوبردنی تۆی هەبوو، تا پێویست بکات ئەم ڕێگا مەترسیدارە بگریتە بەر؟.

لە وەڵامدا گوتی: بەڵێ، ئەوە چیرۆکێکی دوورو درێژە، ئەوانەی مۆسیقایان بە ڕۆحی شەیتان وەسف دەکرد، ئەوانەی لە سیحری هونەر تێنەدەگەیشتن و ئەوانەی دوژمنی هەموو ئەو جوانییانە بوون، کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە، بەڵی ئەوانە دەیانویست، بمکوژن، چونکە دەیانزانی لەداهاتوودا مۆسیقا دەبێتە هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر ئەوان. نازانم مامۆستا فەرزان هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە ئێمە پێگوتوون یان نا، ئێمە بەتەنها گەلێکین لەناوچەکەدا، کە مۆسیقا لە لەناوچوون پاراستووینی، ئێمە بەتەنها گەلێکین کتێبی پیرۆزمان مۆسیقایە، هەر ئاوازێکی مۆسیقا بۆ ئێمە تێکستێکی پیرۆزە، کاتێک ئێمە بمانەوێت دوعا و نزا بکەین و لەگەڵ خودای خۆماندا، کە خۆرە ڕازو نیاز بکەین مۆسیقا دەژەنین، زمانی قسەکردنمان لەگەڵ خودای خۆماندا ئاوازەکانی مۆسیقایە، بۆیە ئەگەر بەتەنها یەک کەس لەناو گەلەکەی ئێمەدا بمێنێت و بتوانێت مۆسیقا بژەنێت ئەوا ئەو گەلەی ئێمە هەر بەزیندووی دەمێنێتەوەو لەناو ناچێت.

نازانم بیستووتانە یان نا، ماوەیەکە پیاوەکانی بیابان بە خۆیان و شمشێرەکانیانەوە وەک ڕەشەبایەکی نەفرەتلێکراو نیازی کوژانەوەی ئاگرەکانی ئێمەیان هەیە، کە تەنها ڕوناکییەکە لەناوچەکەدا، ئەوان وەک ڕەوە کوللەیەک وان، بەسەر هەرشوێنێکدا بدەن وێرانی دەکەن، ئێستا تێدەگەن، کە بۆچی باپیرم منی ڕەوانەی دەرەوە کرد....!.

مسیۆ، نازانم پارساڵ باسی ئەوەم بۆ کردی، کە ماوەیەک لە جێگایەک بووم خۆریان وەک خودای خۆیان ئەپەرست، کاتێکیش شەو دادەهات ئاگریان دەکردەوە بۆ ئەوەی هەمیشە چاویان لە ڕوناکی بێت، چونکە خودای ئەوان لەناو ڕوناکیدا بوو، یان باشتر بڵێم ڕوناکی خودی خودا خۆی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا شەوانە لە پەرستاگەکە کۆدەبوونەوەو مۆسیقایان دەژەنی و گۆارنییان دەخوێند؛ ئەو گۆرانییەی ئێوارە دەمخوێند، یەکێک بوو لەو ئاوازانەی شەوانە لەبەردەم ئاگری پیرۆزدا دەیانخوێند، من دەمێک بوو لەبیرم چووبوو، بەڵام ئەو ماوەی لەگەڵ ئارماندا بووم لەبەرم کردەوە. ئەڵبەتە گۆرانییەکان زۆربوون، دەتوانم بڵێم هەر ئاوازێکی گۆرانی و مۆسیقا لەلای ئەوان تێکستێکی پیرۆز بوو.

ماوەیەک لەسەر یەختەکە پێکەوە بە بێدەنگی ماینەوە، سەیرێکی ئەو جیهانە ئەفسوناوییەمان کرد، کە ماوەیەک پێش ئێستا خەریک بوو دەریاکەمان بەسەردا قڵپ بکاتەوەو وەک هەر کارەساتێک لەکارەساتە گەورەکانی دونیا بێدەنگییەکی کوشندەو سامناک لەدوای خۆی بەجێبهێڵێت، ئارمان دەستێکی بۆ دوور ڕاکێشا، کە هەندێک ڕوناکی وەک چاوی گەلە ئاژەڵێکی کێوی لەتاریکیدا ببریسکێتەوە کزو لێڵ دەبینران و نەدەبینران گوتی؛ ئەوە ئەو شوێنەیە ئێمە بۆی دەڕۆین، دەبێت ئێمە هەمیشە بەرەو ئەو جێگایانە بڕۆین، کە هێشتا ڕوناکی تیایدا نەکوژاوەتەوە، لەهەر جێگایەک ڕوناکی کوژایەوە ئیتر ژیان بۆ مرۆڤەکان دەبێتە تاریکستان....

نازانم چۆن بوو لە خۆمەوە هەستێکی سەیر مێشکی داگیرکردم، وەک ئەوەی من لە شوێنێکدا ونبوبێتم و ئێستا هەستی پێبکەم، پرسیم: ئەرێ بەڕاست ئێمە لە کوێین و بۆ کوێ دەڕۆین؟.

ئارمان لە وەڵامدا گوتی: ئێمەش وەک ئەو ملیاردەها ئەستێرەو بوونەوەرانەی ناو گەردوون لەبۆشاییەکدا دەخولێینەوەو جێگۆڕکێ دەکەین و دەگەڕێینەوە هەمان شوێن، یان لەبەریەککەوتنێکدا لەناو دەچین و هیچ ئاسەوارێک لە شوێنی خۆمان بەجێ ناهێڵین. ئێمە لە هیچ کوێیەک نین جگە لە ناو بۆشاییەکی قوڵی ئەم گەردوونەدا نەبێت، ئێمەش وەک ئەو هەموو ئەستێرەی بە ئاسمانەوەن، وەک ئەو مانگە ڕوون و گەشەی دەڵێی گلۆپێکی داگیرساوەو بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە لەناو بۆشاییدان، بۆیە هەر شوێنێکیش بۆی دەڕۆین جگە لە بۆشایی هیچی تر نییە، تەنها شتێکیش دەتوانین بیکەین ئەوەیە؛ وەک ئەستێرەکان تا لەناو ئەچین و بۆ هەتا هەتایە کۆتاییمان پێ دێت لەناو ئەو بۆشاییەی خۆماندا لە خولانەوە بەردەوام بین، دەبێت ئێمە بەردەوام لەجووڵەدا بین و بە هیچ شێوەیەک نەوەستین، ئەگینا دەبینە هۆی وێرانکردنی ئەوانی تر، کە لەجوڵەدا بەردەوامن....

هەمووومان لەناو ئەم گەردوونەدا بوونەوەری تەنیاو غەریبین بۆیە پێویستە لە کۆچی بەردەوامدا بین لە خولگەیەکەوە بۆ خولگەیەکی تر....

بەسەرسوڕمانەوە لە ئارمانم پرسی؛ ئەی کەواتە خودا لە کوێدا وەستاوە؟.

گوتی: شایگان گوێبگرە، خودا لەهیچ کوێیەکدا نەوەستاوە، ئەو لەناو دڵ و ڕۆحی هەریەکێک لە ئێمەدایە، بۆیە هەرکاتێک بەدوایدا گەڕایت جگە لەناخی خۆت هیچ شوێنێکی تری بۆ مەگەڕێ، خودا لەهیچ کوێیەک بوونی نییە لە دەروونی ئێمەدا نەبێت، بۆیە هەرکاتێک یەکێک لە ئێمە دەمرێت ئیتر ئەویش لەگەڵیدا دەمرێت، خودا تا ئەو کاتە بوونی هەیە، کە ئێمە هەین. هەرکاتێک ویستت خودای خۆت بدۆزیتەوە ئاسمان و زەوی بەدوادا مەگەڕێ، بەڵکو چاوەکانت دابخەو گوێ لە مۆسیقا بگرە، ئەو کاتەی بەئارامی ڕادەکشێیت و گوێ لە مۆسیقایەکی ئارام دەگریت زیاتر هەستی پێدەکەیت، بۆیە لەم گەردوونەدا جگە لە بۆشایی شتێک

نییە ناوی شوێن بێت تا خودا لەوێوە چاودێریمان بکات. من پێت دەڵێم؛ هیچ خودایەکی تر نییە جگە لەو خودا نەبێت لەگەڵ ئێمەدا لەدایک دەبێت و هەر لەگەڵ ئێمەشدا دەمرێت، بۆیە هەتا یەک مرۆڤ لەم گەردوونەدا زیندوو بێت خودا هەر ئەمێنێت و نامرێت....
دوای ئەو قسانەی ئارمان بۆ ماوەیەک هەموومان بێدەنگ بووین و دوور سەیری ئەو کەنار ئاوەمان دەکرد، کە گڵۆپەکانی کز دەبینران، یەختەکەش بە هێواشی لەبەر تریفەی مانگە شەوەکەدا سنگی دەریاکەی لەت دەکرد، کەمێک سەرم بەرزکردەوەو سەیرێکی ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەم کرد، قسەکەی ئارمانم هاتەوە یاد، کە جگە لە بۆشایی شتێکیش نییە ناوی ئاسمان بێت، ئەو ملیاردەها ئەستێرە، هەسارەو گەلە هەسارە هەر هەموویان لەناو بۆشاییدان، بەڵام بۆ من قورس بوو بزانم چۆن وەستاون، یان چی ڕایگرتوون وا بەر نابنەوە....!.
هێشتا هەر لە خەیاڵی ناو ئەستێرەکان بووم، سیامەندیش سەرکەوتە سەرەوە بۆ لامان و گوتی؛ وەرنە خوارەوە با ئەو قاچاخچییە خوێڕییانە گیچەڵمان پێ نەکەن، چونکە کاتێکی کەممان ماوە بگەینە شوێنی مەبەست....
ئارمان بە پێکەنینەوە گوتی؛ شوێنی مەبەست! هەم، شوێنی مەبەست، شتێک نییە ناوی شوێنی مەبەست بێت، بەتەنها یەک شوێنی مەبەست هەیە، ئەویش ئەو شوێنەیە، کە بەیەکجاری تیایدا دەوەستیت و کۆتاییت دێت....
مسیۆ، من لە قسەکانی ئارمان سەرم سوڕمابوو، کاتێک لە قسەکانی تێ نەدەگەیشتم خۆم زۆرکەرو دەبەنگ دەهاتە پێشچاو، هەندێکجاریش هەستم دەکرد، ئەو شێت بووەو لەبەری خۆیەوە وڕێنە دەکات، بڕوات هەبێت لەنێوان ئەو خۆمدا ونبووبووم، نەمدەتوانی بە بەردەوامی بیریی لێ نەکەمەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت بە ئێستاشەوە لەو کوڕە تێنەگەیشتم، کە بەڕاستی شێت بوو یان بلیمەت!.
دوای قسەکەی سیامەند ئێمەش گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان، ناو یەختەکە لە بێدەنگیدا نوقم بووبوو هیچ دەنگێک نەدەبیسترا جگە لە دەنگی نەرمی ئەو شەپۆلانەی بەجێ دەمان. جار بەجارێکیش دەنگی گریانی مناڵێک بەرزدەبووەوە، بەڵام هەرزوو بێدەنگیان دەکرد، ئێمە لەو مەخلوقانە دەچووین بە کۆمەڵ بەرەو کوشتارگەیەکمان بەرن، دەبوو تا ئەو کاتەی کۆتایی بەهەموو شتێک دێت بێدەنگ بین، بەڵام لەناوەوە هەریەکێک لە ئێمە لێوان لێو بوو لە دڵەڕاوکێ و ترس، هەندێکجار هەستم دەکرد بێدەنگی ئێمە زیاتر پەیوەندی بەوە هەبوو، کە گوێ لە ناخی خۆمان بگرین، لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێکانماندا بژین وەک ئەو کەسانەی کاتێک بەرەو کوشتنی دەبەن، دەبوو لەگەڵ دەروەوەی خۆماندا بێدەنگ بین بۆ ئەوەی ئەو کاتە کەمەی ماوە لەگەڵ خۆماندا بەسەری بەرین....

ماوەیەکی زۆر بەناو ئەو بێدەنگییە ترسناکەدا تێپەڕی، لە پڕێکدا دەنگێک لەیەختەکەوە بەرزبووە، دەنگی ماشێنی یەختەکەبوو، کە دەبوو هێواش بێتەوە بۆ ئەوەی ڕووگەکەی بەرەو شوێنێکی تر بگۆڕێت، سیامەند سەرێکی بەرزکردەوەو گوتی؛ یەختەکە بۆ لەنگەرگرتن خۆی ئامادە دەکات، پێم وابێت دەبێت، ئیتر ئێمەش خۆمان بۆ دابەزین ئامادە بکەین، وەک بیستوومە دەبێت زۆر بە خێرایی ئەو کارە ئەنجام بدرێت و بەپەلە بەکەنارەکەدا بڵاو ببینەوە، ئەگینا دەستگیر ئەکرێین و ڕەوانەی ئەوبەرمان دەکەنەوە. ئەم قسانەی سیامەند کەمێک دڵخۆشکەر بوو، چونکە دڵنیابووین لەمردن دەربازمان بووە، بەڵام دیسان ترسی دەستگیرکردن و زەحمەتکێشان، پاشانیش بەهەمان ڕێگادا بمانگێڕنەوە مایەی مەترسییە.... من و کامشاد لە تەنیشت یەکەوە توند دەستی یەکترمان گوشی، دەست گوشینێک لە ڕێککەوتنێکی نهێنی دەچوو، ئەگەرچی ئێمە دەمێک بوو لەسەر ئەوە ڕیککەوتبووین، بە مەرگیش یەکتر بەجێ نەهێڵین، ئەم ڕێککەوتنە چەندینجار لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان دووپاتمان کردبووەوە....
هەروا هاوار و گرمەی ماشێنی یەختەکە بۆ لەنگەرگرتن بێدەنگییەکەی شکاندبوو، یەختەکە چەند خاودەبووەو خێرایەکەی کەمدەکردەوە بە پێچەوانەوە لێدانی دڵی ئێمە خێراتر دەبوو تا ئەو کاتەی دوو لە قاچاخچییەکان بەپەلە بەناو سەرنشینەکاندا گەڕان و داوایان کرد خۆمان بۆ دابەزین ئامادە بکەین. هەر هەمووومان وەک سەربازگەلێک بۆ پەلامارێکی کتوپڕ خۆیان ئامادە بکەن خۆمان ئامادەکردبوو....

***** ***** *****

مسیۆ، دوای ئەوەی یەختەکە وەستاو ڕێگایان بۆ ئێمە کردەوە بە خێرایی وەک سەربازگەلێکی ڕاهێنراو خۆمان فڕێبدەینە خوارەوە، مەگەر ئەو خودا بۆ خۆی بزانێت، چیمان بەسەر هات. ئەگەر بڵێم؛ ڕەنگە حاڵی ئێمە زۆر لەو خێزانانە باشتر بووبێت، کە منداڵیان پێ بوو، چونکە قوڕ بەسەرانە زۆر ئاسان نەبوو بتوانن بەو خێراییە خۆیان بە شوێنێکی ئارام بگەیەنن.
ئەو جێگای یەختەکە لەنگەری تێدا گرتبوو تەنگەیەک بوو لە کۆڵانێکی تەسک دەچوو، لەدەستی ڕاستەوە گردۆڵکەیەکی بەرزبوو، گابەردەکانی لەدیوێکی ڕەش دەچوون، لە چەپیشەوە دارستانێکی تاریک دیاربوو. لەبەر ئەوەی چەند مەترێک لەکەنارەکەوە تا ناو دەریاکە تەنک بوو، دەبوو ئێمە خۆمان فڕێبدەینە ناو ئاوەکەو ئەو چەند مەترە تا کەنارەکە بەپێ ببڕین، ئەمەش ئاسان نەبوو، هەموو گیانمان

تەڕبوو، ئەوانەشی کەمێک بالآیان کورت بوو، قوڕبەسەرانە جانتاکانی کۆڵێشیان، پڕ لەئاوبوو.
مسیۆ، هەندێک دیمەن هەن لەکاتی خۆیدا زۆر تراژیدی دێنە بەرچاو، بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕ ئەبێ و مرۆڤ بیریی لێدەکاتەوە لەبەر خۆیەوە قاقا پێ دەکەنێ....
لەو کاتە سامناک و پڕ لەترس و دڵەڕاوکێدا، کە قاچاخچییەکان داوایان لێکردین یەک یەک بە خێرایی خۆمان فڕێ بدەینە خوارەوە لە پێش منەوە کوڕێکی بچکۆلە بوو، ئەگەر بڵێم؛ کەمێک لە جانتاکەی کۆڵی گەورەتر بوو بڕوام پێبکە، هەر لەگەڵ بازیدایە خوارەوە قوڕبەسەرە یەکسەر نوقمی ناو ئاوەکە بوو، بەهەر پەلە پڕوزەیەک بوو هاتە دەرەوەو دەیوست بەهەر نرخێک بێت خۆی بگەیەنێتە کەنارەکە، لەبەدبەختی مندا ئەو لە پێشمەوە هەر هەنگاوێکی ئەناو بەدامدا ئەکەوتە ناو ئاوەکە، منیش پەلەم بوو زوو خۆم دەرباز بکەم، بەڵام هەر کە ئەو دەکەوتە ژێر ئاوەکە ناچاربووم زوو دەستی بگرم و بیهێنمە دەرەوە، لەدڵی خۆمدا ئەمگوت؛ خوایە ئەمە چ نەگبەتییەکە ئەم پیاوە بچکۆلەت کردووە بە توشمەوە!، هەرچۆنێک بێ بە دەردەسەری ئەو نەگبەتە خۆی گەیاندە کەنارەکە و وەک دزێک بەرەو ناو دارستانەکە بۆی دەرچوو، ئیتر تاوەکو ئەمڕۆ ئەو کوڕەم نەبینییەوە....
من و کامشاد، ئارمان و کچەکە و سیامەند هەرکە گەیشتنە کەنارەکە بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە، کە یەکسەر بۆ ناو دارستانەکە ڕایان دەکرد، بۆ ئەوەی لەوێ خۆیان بشارنەوە بەرەو سەر گردەکە ڕۆیشتین، لەوێوە بەکەناری ئاوەکەدا، بەسەر ئەو هەموو تاشە بەردانە ڕێگامان بڕی تا گەیشتینە گەزەلانێک، ئیتر لەوێ بڕیارماندا پشوویەک بدەین و پلانێک بۆ خۆ دەرباز بوون دابڕێژین.
دوای ئەوەی کەمێک پشووماندا، تاڵە زێڕینەکانی هەتاو لەسنووری کۆتایی دەریاکە خەریکبوو بە جیهاندا بلاو دەبوونەوە، دونیا خەریک دەبوو لە زەردێکی پرتەقاڵی ڕەنگدا نوقمم ببێت. ئێمە نەماندەزانی چەند کاتژمێر بە ڕێگاوە بووین، چەنێک بوو بۆ پشوو دانیشتبووین، زۆر ماندوو بووین، لەو ماوە کەمەدا کامشاد وەک هەر خوویەکی سەرخەوێکی بۆ شکاند....
دوای پشوویەکی باش و ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونەکانمان، ئیتر بڕیارمان دا لە نزیک دەریاکە دوور بکەوینەوەو بەرەو ئاوەدانی بڕۆین، تا لەوێوە ڕێگایەکی تری دەرچوون لەم دورگەیە بدۆزینەوە.
لەناو گەزەلانەکە دەرچووینە دەرەوە یەک دوو گردو تەپۆڵکەمان بڕی، لە پشت تەپۆڵکەکانەوە گوێمان لە فیکە لێدان و پڕمەی ئاژەڵ و زرنگانەوەی زەنگ بوو، کە دیاربوو بەرەو لای ئێمە دەهاتن، ئێمەش جگە لە خۆ حەشاردان هیچ ڕێگایەکی ترمان نەبوو، بۆیە دیسان گەڕاینەوە بۆ ناو گەزەلانەکە و لە ژێر کۆمەڵێکی

دارگەزی چڕی بەیەکچوودا خۆمان شاردەوەو بە بێدەنگی چاوەڕێ بووین تا شوانەکە تێپەڕ دەبێت...
پاش ماوەیەک چاوەڕوانی و گوێ هەڵخستن، لە دەلاقەیەکەوە مەڕو بزگەلەکەمان بینی بەسەر تەپۆڵک و گردەکاندا بڵاو بوونەوە، وا دیار بوو نیازی ناو گەزەڵانەکەیان هەبێ، بۆیە هیچ چارێکمان نەما جگە لەوەی بەدەستی چەپدا بەناو گەزەڵانەکەدا بڕۆین تا دەگەینە شوێنێکی دڵنیاتر، بەڵام نەگبەتی ئێمە هەر لەگەڵ هەستانیە سەرپێ و کەوتینە ڕێ هەردوو سەگی شوانەکە شوێنمان کەوتن، ئیتر ئێمەش لەترسا هەڵهاتین و بەناو ئەو گەزەڵانەدا ئەوەندە ڕامان کرد هەناسەمان سوارو سکمان پڕ ژان بوو، جا بەختمان هەبوو هەر لقی شۆڕی گەزەکان کوێری نەکردین، من دوو سێ شوختی باش کەوتبووە سەر ڕومەتم، جا لەهەمووی ناخۆشتر کاتێک دەم و چاوم ئارەقەی دەکردەوە بەجۆرێک دەچوزایەوە وەخت بوو ڕۆحم دەربچێت....
مسیۆ، کاتێک مرۆڤ لەدەست شتێک هەڵدێت ڕاستە بەرەو پێشەوە دەڕوات و بەتەنها خەیاڵی هەر لەسەر مەترسییەکەی پشتەوەیە، بۆیە هیچ ئاگای لە مەترسییەکانی پێشەوە نامێنێت و پێی وایە هەر لەدەست مەترسییەکانی پشتەوە ڕزگاری ببێ ئیتر بە تەواوەتی هیچ مەترسییەکی لەسەر نامێنێت، بە بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ زۆرجار مەترسییەکانی پشتەوە بەرەو مەترسی گەورەتر لە پێشەوە ڕاوت دەنێن. جا ئێمە وامان لێهات، چونکە وامانزانی گەورەترین مەترسی لەسەر ژیان و چارەنووسی ئێمە شوانێکی داماوە، بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت، مەترسییە گەورەکە ئەوە نییە لە پشتمانەوە، بەڵکو ئەوەیە لە بەردەماندا، ئەویش کاتێک لەناو گەزەڵانەکە دەرچووین و گەیشتنە سەر شەقامێکی خاکی، کە دیاربوو بۆ گوند یان شارۆچکەیەک دەچوو، یان باشتر بڵێم؛ کەنار دەریاکەو شوێنێکی بەیەکەوە گرێ دەدا، هەندێ کەسیشمان دەبینی بەرەو سەر دەریاکە دەڕۆیشتن....
سەرەتا ئێمە لەهەموو کەسێک سڵمان دەکردەوەو دەترساین، بەڵام ئیتر ئێمە لە هەڵوێستێکدا بووین دەبوو ڕووبەڕووی مەترسییەکان ببینەوەو وا خۆمان نیشان بدەین ئێمەش مرۆڤی ئاساییین و بۆ گەشت هاتووینەتە ئەم ناوچەیە، ئەمەش جۆرێک بوو لە خۆهەڵخەڵەتاندن، چونکە ڕوخساری شێواوو ماندوومان لەگەڵ جل و کۆڵەپشتەکانمان هەموو کەسێک بە ئاسانی درکی بەوە دەکرد ئێمە ڕێبوارێکین و لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتووین، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ چارێکمان نەبوو بەتەنها ئەوە نەبێت لەو کاتەدا دەتوانین چی بکەین و چیمان پێبکرێت هەر ئەوە بکەین....
بەسەر ڕێگا خاکییەکەدا دەڕۆیشتین بەبێ ئەوەی کەسمان لەگەڵ ئەوی تردا قسە بکات، لەدوورەوە گوێم لەلێدانی زەنگی کڵێسا بوو، کە بەو بەیانییە زووە وەک ئەویش ماندوو بێت زۆر بە قورسی لێیدەدا، دنگ....دنگ....دنگ....

بەو بەیانی زووە ئەگەرچی ئەو دەنگە بۆ ئێمە زۆر سامناک بوو، بەڵام بێدەنگییەکەی ئێمەی شکاند، بەوەی ئارمان گوتی: لەهەر شوێنێک ماڵێکی خودا هەبێت، هەمیشە پەنایەکی باشە بۆ ئەو مرۆڤانەی پێویستیان پێیەتی، بۆیە سەرەتا ئێمە دەڕۆینە ئەوێ و لەوێ پشوویەک دەدەین و داوای هاوکاری لە قەشەی ئەو کڵێسایە دەکەین، دڵنیام، کە ئەو دەتوانێت هاوکاریمان بکات.
مسیۆ؛ پاش ئەوەی خۆر لەو سەری دەریاکەوە سەری دەرهێناو دونیای ڕوناک کردەوە، ئێمە تەواو نزیکی گوندەکە بووینەوە، هیوایەکی باش سەرودڵی گرتین، هەستمان دەکرد مەترسی لەسەر ڕێگامان نەماوە، بەڵام لەپڕێکدا ئۆتۆمبیلێک، کە بە خێرایەکی سەیر بەرەو ڕوومان دەهات هەموو شتێکی شێواند...!
بە دەرکەوتنی گوندەکە کەمێک لە دڵەڕاوکێ و ترسەکەمان ڕەوی بووبووەوە، بۆیە زۆر بێخەم و بێ باکانە بەدوای یەکدا قەراخ ڕێگاکەمان گرت بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلەکە تێپەڕێ، بەڵام هەر لەگەڵ گەیشتە لای ئێمە یەکسەر وەستاو دوو پۆلیس بەپەلە دابەزینە خوارەوەو چەند خولەکێکی پێ نەچوو ئۆتۆمبیلێکی تری پۆلیسیش هات و داوای ناسنامەو بەڵگەیان لێکردین ئێمەش هیچ شتێکمان پێ نەبوو بۆیە بەرەو پۆلیسخانە سواریان کردین و بەبێ هیچ پرسیارو لێکۆڵینەوەیەک فڕێیان داینە زیندانەوە.
ئێمەیان لەژوورێک پەسیو کچەکەیش لە ژوورێکی تر، کە دیاربوو هی ژنان بوو، ئەوەی سەیربوو، هەر لەگەڵ ڕۆیشتینە ژوورەوە هەندێکمان لە زیندانییەکان ناسییەوە، کە هاوسەفەرو چارەنووسمان بوون.
مسیۆ، تەنها شتێک لەزینداندا بۆ زیندانییەکان سەرنج ڕاکێشەو هەرلەگەڵ یەکەم ساتی زیندانیکردندا مێشکی زیندانییەکان بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات نووسینی سەر دیوارەکانە، تا ئێستاش من لەوە تێنەگەیشتم بۆ زیندانییەکان یەکسەر عەشقی خوێندنەوەی ئەو ڕستانەی سەر دیوارەکان دەبن، کە جگە لەناوو ڕێکەوت نووسینێکی ئەوەندە گرنگ و بایەخداریش نین....!
لە پاڵەوە داوام لەئارمان کرد ئەوەندە خۆ پەرست نەبێت هەر بۆخۆی بخوێنێتەوە، با ئێمەش تێ بگەین بزانین چی نووسراوە، بەڵام کاتێک هەندێکی بۆ خوێندمەوە، هەرهەمووی ناوی ئەو کەسانە بوو، کە ئەوانیش ڕۆژگارێک لێرەدا بەند بوون لەگەڵ مێژووی بەندکردنەکەیاندا، هەندێکیشان دیارە یەک دوو دێڕە شیعری لەبەربووە لەگەڵ ناوەکەی خۆیدا نووسیوێتی، وەک سۆران ناوێک نووسیبووی؛ "بە دەستگیرکردنم ناتوانن خەونەکانم بۆ ئازادی دیل بکەن" ئەڵبەتە وەک ئارمان گوتی؛ ئەو ناتوانێت هەمووی بخوێنێتەوە، چونکە بە دەیان زمانی جیاواز نووسراون، جا لەهەمووی خۆشتر ئەمانیش یەکەم شت ئەیانکرد نووسینی ناوی خۆیان و ڕێکەوتی ئەو ڕۆژەبوو، کە تیایدا دەستگیرکراین، وەک ئەوەی ئەم زیندانە

خاڵی بەیەک گەیشتنیان بێت، یان لێرەوە لەیەکتری دڵنیابینەوەو درێژە بە سەفەرەکانیان بدەن، من تا ئێستاش لە نهێنی نووسینی سەر دیواری ئەو بەندیخانەو هەموو ئەو بەندیخانانەی تر دیومە تێنەگەیشتم....
ئەو زیندانەی ئێمەی لێ بەند کرابووین، لە بنکەیەکی پۆلیسی پەڕپوتی گوندێکی یەکێک لە دورگە تەریکەکانی دونیا بوو، کە ڕۆژگارێک بەهۆی بورکانەوە وەک قارچک هەڵتۆقیبوو، بۆیە ئەشێت لەهەر زەمین لەرزەو بورکانێکی تردا بۆ هەتا هەتایە ئاسەواری نەمێنێت و ببێتە ئەفسانەیەک لە ئەفسانە زۆرەکانی دونیا وەک ئەو شارانەی دەڵێن ڕۆژگارێک بوونیان هەبووە، بەڵام نوقم بوون، بەبێ ئەوەی چیرۆکی ژیانی ئێمەو ئەو سەدان کەسەی تیا جێگا بێتەوە، کە لەم دورگەدا زیندان دەکرێن، مافی ژیان و ئازادییەکانیان پێشێل و زەوت دەکرێ، بەتەنها لەبەر ئەوەی ئەیانەوێت ئێرە وەک ڕاگوزەرێک بەکاربهێنن بۆ گەیشتن بەو جێگای خەونی پێوە دەبینن.
مسیۆ، شەوان ئەو کاتانەی زۆربەی هەرەزۆری زیندانییەکان ئەنووستن من بەتەنها بیرم لە چارەنووسی ئەم دورگەیە دەکردەوە، کە ئەگەر لە بەرزایی هەزار پێوە سەیرت بکردایە لە گردۆڵکەیەک دەچوو لەناو دەریادا هەڵتۆقی بێ، کەچی لە واقیعدا ئەویش سەرزەمینێک بوو وەک هەموو سەرزەمینەکانی دونیا، کە لێوان لێوە لە چیرۆکی شاراوەی ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان، لێوان لێوە لە خەونی کوژراو لە پێکەنینی تاڵ و گریانی شیرین، ئەگەرچی دورگەیەکی بچوکە، بەڵام زیندانی گەورەی تێدایە بۆ سنوردارکردنی ئازادی مرۆڤەکان. ئەوانەی لەم زیندانەدا بەندکراون وەک زۆربەی زیندانەکانی تری دونیا ئەوانە نین تاوانی گەورەیان ئەنجامداوەو بوون بەهۆی لەناوبردنی ملیۆنەها کەس، ملیۆنەها مرۆڤیان برسی کردووەو چەکی کوشندەی وا درووست دەکەن، کە لە توانایدایە لە چرکەیەکدا سەدان هەزار مرۆڤ لەناو ببات، ئەوانەی لێرەدا زیندانن بە شێوەیەکی گشتی قوربانی دەستی ئەوانەن بەتەنها بیر لە قڕکردنی مرۆڤەکان و وێرانکردنی ژیان دەکەنەوە، ئەوانەی لێرەدا زیندانن جگە لە بوونەوەرێکی ترساوو تۆقیو لە کارەساتەکانی جەنگ هیچی تر نین....
شەوانە بیرکردنەوە لە ژیان بەشێوەیەک ماندووی دەکردم تا دەمەو بەیان نەم دەتوانی خەوم لێ بکەوێت، بەڵام یەکێکی وەک کامشاد لەوەتەی ناسیومە بەتەنها هەلێکی دە چرکەیی بۆ هەڵبکەوێت ئەگەر لەسەر ئاگریش بێ خەوی خۆی دەکات، بۆیە زۆرجار ئیرەییم پێ ئەبرد، کەچی دەیگوت؛ بۆ ئیرەییم پێ ئەبەی خۆ تۆش ئەگەر بتەوێ دەتوانی وەک من هەرکات ویستت لەهەر جێگایەکدا بێ خەوت لێ بکەوێت.

جیاوازی نێوان من و ئەو لەوەدا بوو، ئەو بەتەنها بیریی لەوکاتە دەکردەوە تیا دەژیا، بەڵام من بیرم لە هەزارساڵی داهاتوو دەکردەوە، بیرکردنەوەی من تا ئەودیو سنووری تەمەن بڕی دەکرد، ئاخر کامشاد لەوەدا ڕاستی دەکرد، جارێک لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان پێی وتم؛ کەرێتی تۆ لەوەدایە نازانین ئێمە چەند ڕۆژی تر دەژین، کەچی تۆ بیر لە دەیان ساڵی تر دەکەیتەوە، ئەوەی تۆی ماندوو کردووە بیرکردنەوەیە لە ساڵە دوورەکان، کە ڕەنگە قەت پێی نەگەین، بۆیە ئەگەر تۆ بتوانی لە ئێستادا، لەمڕۆدا بژی ئەوا ئەوەندە ماندوو نابیت و بەئاسانی وەک من خەوت لێ دەکەوێت.
لەوەتەی کامشادم ناسیبوو هەمیشە وام دەزانی کەسێکی بێ خەمە لە ژیان، بەڵام ئەو بەتەنها بۆ ئێستا و ئەمڕۆ دەژیا و خۆی نەئەدایە دەست قەدەری سبەینێ، چونکە پێی وابوو مرۆڤ ناتوانێت شەڕ لەگەڵ چارەنووسدا بکات، بۆیە بە ئاسانی و بە بێ هیچ گرژبوونێک خۆی دابوو بەدەم چارەنووسەوە....
مسیۆ، مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر سەیرە، لەسەخترین و ناخۆشترین ساتەکانی ژیاندا بۆی هەڵ بکەوێت زیان لەوی تر دەدات. من دڵنیام ئەگەر چەند پڵنگێک بکەوێتە ناو ڕەوە ئاسکێکەوە، کە هەموویان یەک چارەنووسیان هەبێت، ئەوا بیر لە زیان گەیاندن بە ئاسکەکان ناکەنەوەو پێکەوە ملی چارەنووس دەگرنەبەر، بەڵام مرۆڤ زۆر لەو ئاژەڵانە دڕەندەترە، چونکە بەچاوی خۆم بینیم لەو ڕەوشە خراپەی ئێمەی تێدا بووین و هەموومان یەک چارەنووسمان هەبوو، کە نەماندەزانی پۆلیس و پاسەوانەکانی سنور ڕۆژبێتەوە چیمان لێ دەکەن و بۆ کوێمان دەبەن، کەچی دوو لەبەندکراوەکانم بینی وەک خۆیان بۆ کاتێکی وا مەڵاس دابێت تا هەمووی خەوی لێ دەکەوێت گیرفانی ئەوانی تەنیشتیان ببڕن و هەرچی لە گیرفانیاندایە تاڵانی بکەن.
ئەوان پێیان وابوو هەر هەمووی خەوی لێکەوتووە، بۆیە بە تیلەی چاو بینیم یەکێکیان سیخوڕمەیەکی گیراندە ئەوەی تەنیشتی، ئەمەش وەک وشەیەکی نهێنی نێوانیان بوو ئیتر لەپاڵەوە بەهێواشی بینیم دەست بۆ گیرفانی ئەوانەی چواردەوریان دەبەن، کە ماندوویێتی تەواو شەکەتی کردبوون، بۆیە خۆم پێ نەگیراو کوتامە کەلەکەی کامشاد، کە پرخەی تا سەر کەناری دەریاکە دەڕۆیشت، ئەویش یەک هاواری لێ بەرزبووە نیوەی زیندانیانی بێدارکردەوەو ئەو دوو دزەش زۆر بێ شەرمانە بەپێچەوانەی ئەوانی ترەوە خۆیان مت کرد وەک ئەوەی نووستبن....
لەهاوارەکەی کامشاد زۆربەیان بێداربوونەوەو بوو بە غەڵبە غەڵب منیش چیم بینی بوو وەک خۆی بۆیانم گێڕایەوە، ئیتر بوو بە هات و هاوار و شەڕو تێهەڵدان و بەربوونە گیانی یەکتری، ئەمەش وای کرد پۆلیسی ئێشگرەکان هاتن و سزای یەک بەیەکیان دا، بە بێ ئەوەی کەسێک هەبێت بایی ئەوە زمان بزانێت کێشەکەیان تێ

بگەیەنێت بۆ ئەوەی بە تەنها ئەو دوو دزە بێ ئابڕووە سزا بدەن، بەڵام دادوەری لە کوێ ئەم دونیادا هەیە تا لەزینداندا هەبێت....!.

دوای ئەو پشێویە تا دەمەو بەیان کەس نەیتوانی خەوی لێبکەوێتە جگە لەوانەی وەک کامشاد، کە هەر وەک دەست بە پلاکی گڵۆپێکدا بنێن دەکوژێنەوە.

شتێک قەت ناتوانم لەبیرم بچێتەوە ئەوەبوو، ئێمە هەمووومان یەک لەیەکتر نەگبەت و بەدبەختتر بووین، کەچی کەسمان چارەی ئەوی تری نەدەویست، ڕەنگە ئەمە یەکێک لە خراپترین خەسڵەتەکانی مرۆڤ بێت، کە لە خراپترین کاتەکانی ژیان و تەنگانەدا نەتوانین یەکترمان خۆش بوویێت و باوەش بەیەکدا بکەین بۆ ئەوەی یارمەتی یەکتر بدەین لەو تەنگانە تێی کەوتووین ڕزگارمان بێت....

ئەو دوو دزەی ئەو شەوە پشێوییەکەیان نایەوە وەک دوو جرجی تۆقیو خۆیان لە پشتی سیامەندەوە لە سوچێکی ژوورەکە خزاندبوو، مرۆڤ نەک هەر بەزەیی پێیاندا نەدەهاتەوە، بەڵکو هێندەی تر ڕقی لێیان دەبووەوە، ئاخر مرۆڤ هێندە ترسنۆک و خوێڕی بێت چۆن ئەوێرێ دەست بۆ کارێکی چەپەڵی لەو شێوە ببات. ئەو دوو کوڕەی تریش، کە دزییەکەیان لێکرابوو، بە بەردەوامی بە چاو هەڕەشەیان لێدەکردن، ئەگەر بێت و لەو زیندانە بڕۆنە دەرەوە تۆڵەی خۆیانی لێ بکەنەوە، ئەمەش ئەوەندەی تر تۆقاندبوونی....

مسیۆ، ئێمەی مرۆڤ زیاتر لە بەرازەکان پۆخڵترو لە دڕەندەکان دڕەندەترین، بەڵام کێشەکە ئەوەیە وەک شەوگەرد بە پێی کات و شوێنەکان ڕەنگی خۆمان دەگۆڕین، بۆیە کەمێک درەنگ یەکتر دەناسین. مرۆڤ هەیە نیوەی تەمەنت لەگەڵیدا بەسەر دەبەیت و پێت وایە پاکترین و ڕاستگۆترین کەسێکە لەگەڵتدا، بەڵام لەو کات و شوێنەی ئیتر پێویستی پێت نامێنێت و دەبێتەوە بە خۆی بەبێ دەمامک ئینجا تێدەگەیت چەندین ساڵە لەگەڵ چ مرۆڤێکی ژەهراویدا ژیانت گوزەراندووە، ئەمە هەقیقەتێکی تاڵە دەربارەی ئێمەی مرۆڤ و تەنها جیاوازیشمانە لەگەڵ ئاژەڵەکاندا.

تۆ سەیر بکە، پڵنگێک هەر پڵنگە، دوو پشک هەر دووپشکە، گورگ و چەقەڵەکان هیچ کامیان وەک مرۆڤ دەمامک نابەستن و هەرجارەی بەشێوەیەک دەرناکەون، جارێک وەک فریشتە و جارێک وەک شەیتان، ئەگەر بێتو ئێمە بە وردی پشکنین بۆ ناخی هەر مرۆڤێک بکەین بە بێ هیچ گومانێک دڕەندەیەکی نووستوو یان گیاندارێکی ژەهراوی ئەدۆزینەوە....

ئەوەی من لە ئەزموونی ژیانمدا لە مرۆڤەکانم بینیوە، بڕوام وایە ئەگەر لەگەڵ ئاژەڵە کێوی و دڕەندەکاندا بژیمایە ئەوەندە نیگەران نەئەبووم، چونکە وەک گوتم: ئیتر ئەوان ئاژەڵن و ئەوە سروشتی ئەوانە، بەڵام سروشتی مرۆڤەکان لە هەڵوێست و کاتە جیاوازەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە مرۆڤی ئەم سەردەمە هەمووی

بە دەمامکەوە ئەژی، بۆیە گەشتوومەتە ئەو بڕوایەی لەم سەرزەمینەدا مرۆڤێکی بێ دەمامک نەبێت.
من و کامشاد تەمەنێکی زۆرمان پێکەوە بەسەر برد، دەتوانم بڵێم؛ ئەو هاوڕێی نیوەی تەمەنم بوو، هەر لە سەردەمی منالییەوە تا ئەو کاتەی گەیشتینە یەکێک لە کەمپەکانی پەنابەران، کە ئیتر پێمان وابوو ئەوە دوا وێستگەی ژیانمانەو دەبێت لەوێدا ڕابوەستین و وەک هەر مرۆڤێکی تر دەست بە ژیانکردن بکەین، چونکە هەم ماندوو بووین هەم ئەو شوێنەی خەومان پێوە دەبینی پێی گەیشتبووین، بەڵام....
" لە دوای ئەو قسە ئیتر وەک سروشتی خۆی شایگانی پوژمان لە قسەکردن کەوت و جگەرەیەکی داگیرساند و قومێکی لە پێکەکەی بەردەمی دا، وەک ئەو کەسانەی لە پڕێکدا خەیاڵ ئەیانباتەوەو هیچ ئامادەییەکیان لەو شوێنەدا نامێنێت، کە تیایدان، دوور سەیری سنوری بێ کۆتایی دەریاکەی دەکرد، کە هەندێک بەلەم و قەیاغ لە ناویدا لەنگەریان گرتبوو، دڵۆپ دڵۆپیش فرمێسکی قورس لە چاوە کزەکانی بەر دەبوونەوە، منیش وەک ئەوەی لەو ماوەدا ناسیبووم هیچم نەگوت و لێی گەڕام تا ئارام بێتەوەو بۆ خۆی بکەوێتەوە قسە....".
ئەمجارە بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو بێدەنگییەکەی زۆری کێشاو، چەند جگەرەیەکی لەسەریەک داگیرساند و زوو زوو قومی لە پێکەکەی بەردەمی دەداو لەجاران زیاتر بە قوڵپ دەگریا، بۆیە خۆم پێ نەگیراو گوتم؛ شایگانی پوژمان هەستدەکەم شتێک ئازار دەدات، بەڵام ناتەوێت دەریببڕیت، تۆ خۆت فێرت کردم، کە نابێت ئەوەی لە ناخماندا ئازارمان دەدات بەندی بکەین، بۆیە قسە بکە با تەواو بەتاڵ بیتەوە، چونکە هیچ هێندەی ئەو گرێی لەسەر دڵمانەو ناهێڵین بۆ خۆی بێتە دەرەوە تا لەدەستی ڕزگارمان بێت ئازاردەر نییە، ئەگەر ئێمە گرێکانی دەروونمان ئازاد بکەین بۆ خۆمان لە ئازار ڕزگارمان دەبێت، دەی قسە بکە بزانم؛ دوای زیندانەکە چیتان بەسەر هات، من هەر چاوەڕوانی ئەوەبووم باسی زیندانەکەم بۆ تەواو بکەیت، دەی قسە بکە....
مسیۆ، هیچ شتێک هێندەی پەشیمانی مرۆڤ ئازار نادات، بێگومان بەتەنها ئەو کەسانە هەست بە پەشیمانی دەکەن، کە هەست و ویژدانیان هەیە، مرۆڤی ویژدان مردوو شتێک ناناسێت ناوی پەشیمانی بێت چونکە هەمیشە پێی وایە ئەو مافی بەسەر هەموو کەسێکەوە هەیە، تەنانەت لە تەنگانەترین کاتدا دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەیت، ئەو هەر پێی وایە، کە تۆ لەسەرتە ئەو کارە بکەیت و بۆ ساتێک خۆی ناخاتە ژێر ئەو پرسیارە مرۆڤدۆستییەی ژیان بەشکردنە لەگەڵ ئەوانی تردا، ناکرێت تۆ هەموو تەمەنت وەک "ئیسفەنج هەر هەڵبمژیت".
مسیۆ، بەڕای من مرۆڤ بتوانێت ئەوەندە بەخشندە بێت، کە هەر ببەخشێت بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک بێت، دواتر پاداشتەکان بە قاچەکانی خۆیان

دێنەوە بۆلای بەبێ ئەوەی بەدوایاندا بڕوات، بەڵام دەڵێی چی مرۆڤی ئەم سەردەمە ناتوانێت هیچ ببەخشێت ئەگەر لەبری شتێک وەرنەگرێت.
ئەو ماوە زۆرەی من لەگەڵ کامشاددا ژیانم گوزەراند، هەمیشە من بەخشندەکە بووم و زۆرجار سەرزەنشتی خۆیشم بەوە دەکرد، کە هێشتا کەمتەرخەمم، کەچی ئەو بیرم نایەت شتێکی بەمن بەخشی بێت جگە لە هاوڕێیەتی زیاتر، کە چارەنووسێک پێکەوەی گرێدابووین، ناتوانم بڵێم؛ هاوڕێیەکی خراپ بوو، بەڵام ئێستا کاتێک بیر دەکەمەوە، هەمیشە باشییەکە لەلای منەوە بووە نەک ئەو، ئەگەر من ئەوەندە لەگەڵیدا باش و بەخشندە نەبوایەم هەرزوو بەجێی دەهێشتم، چونکە دوای بشێوی ئەو بەیانییەی زیندانەکە هەڵویستێکی زۆر سەیرم لێ بینی لەگەڵ ئەوەشدا وەک هەمووجارێ بەخشیم و خۆمم سەرزەنشت کرد، کە ئەگەر ئەو هەڵەش بێت من مافم نییە بەو دڵڕەقییە وەڵامی بدەمەوە، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت، کە ئەو چۆن ئەو هەموو بەخشندەییەی منی وەک ڕقێک لەناو خۆیدا کۆکردبووەوە بۆ ئەوەی تۆڵەم لێبکاتەوە، ئەمەش کاتێک زانیم زۆر درەنگ بوو....
ئەو بەیانییە، کە لە شەوەکەیدا پشێوییەکە ڕوویدا، هەندێ سەمون و چەند پاکەتە پەنیرێکیان بۆ هێناین و بە ڕێکەوت لەبەر ئەوەی من لەبەر دەرگاکەدا بووم دایانە دەستم، تا دابەشی بکەم، منیش بەبێ جیاوازی و بە پێی سەرژمێر وەک یەک هەموویم دابەشکرد، کەچی کامشاد بەمنی گوت؛ دەبێت زۆرترین بەش بۆ خۆمان دابنێین. منیش گوتم؛ هیچ یەکێک لە ئێمە لەوی تر زیاتر نییە، ئەم خواردنە بۆ هەموومانە بە بێ جیاوازی.... کەچی بە توانجێکەوە گوتی؛ سوپاس منیشت خستە ئاستی دزو خوێڕییەکان....!. منیش لە وەڵامدا گوتم؛ کامشاد تۆ پێت خۆشبوو ئەم خواردنە بە کەسێکی تر دراباو ئەویش زۆرترینی بۆ خۆی و هاوڕێکانی دابنایەو کەمترینی بە ئێمە بدایە!. ڕاستە لێرەدا مرۆڤی خراپ، دزو خوێڕی هەن، بەڵام خۆ مافی ئەوەیان هەیە وەک من و تۆ نان بخۆن، ئەم خوارنە بەبێ جیاوازی بۆ هەمووبمان هاتووە، بۆیە جارێکی تر من خواردن وەرناگرم، تۆ خۆت وەری بگرەو بەو شێوەی خۆت پێت خۆشە دابەشی بکە، کەچی وەڵامەکەی ئەوە بوو، ئەگەر پیاو دۆستی وەک تۆی هەبێت، لەسەر هیچ پەکی ناکەوێت و پێویستی بەهیچ نابێت....
لەو کاتەدا، زۆربەمان سەرقاڵی قاوەڵتی بووین ئارمان دەستی بە مۆسیقا ژەنین کرد، مۆسیقایەکی هێندە غەمناکی دەژەنی دڵ و ڕۆحی مرۆڤی بەئاو دەکرد، ئاوازی ئەو مۆسیقایە هەمان ئاوازی ئەو گۆرانییە بوو کاتێک تۆ بۆ ئێرە هاتیت من لەبەر خۆمەوە ئەمخوێند، بەڵام خوێندنەکەی من لەچاو ئەوەی ئەواندا گەڕەلاوژەیە، کەچی کچەکە، کە لەگەڵ چەند ئافرەتێکی تردا لە ژوورێکی تر بە تەنیشت ژوورەکەی ئێمە زیندانکرابوون بە دەنگێکی هێندە ناسک و دڵبزوێن بۆی ئەسەندەوە

هەموومانی تەواو سەرسام کردبوو، تەنانەت پۆلیسەکانیش نەیانتوانی خۆیان ڕابگرن و نەیەن گوێ لەو مۆسیقا غەمناکە بگرن....
ماوەیەک ئەو مۆسیقاو گۆرانییە بەردەوام بوو، هارمۆنییەکی سەیر لە نێوان مۆسیقاو گۆرانییەکەدا هەبوو، مرۆڤ هەستی دەکرد چەندین ساڵ بێت پێکەوە پرۆڤەیان بۆ ئەو ئاوازو گۆرانییە کردبێت لەکاتێکدا ئەگەر ئارمان لەگەڵ خۆمدا نەبوایە و خۆم چۆنێتی ناسینیم بەو کچە نەدیبایە ئەوا نەمدەتوانی بڕوا بەوە بکەم، کە ئەم دوانە ماوەیەکی زۆر کەمە یەکتریان ناسیوە، بەڵام لەیەکەم بینینەوە هەمووان هەستمان بەوە کرد ئەم دووانە دەمێک بێت بە ڕۆح بەیەکتر ئاشنا بن....
دوای تەواو بوونی مۆسیقاکە پۆلیسەکان گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانیان، وەک هەموو جارێک کاتێک ئارمان لە مۆسیقاکەی تەواو ئەبوو بێدەنگییەکی سەیری لە دوای خۆی بەجێ دەهێشت، لەو بێدەنگیانەی مرۆڤەکان بۆ ماوەیەک وڕو کاس دەبن و وەک سیحریان لێ کرابێت لە زمان و جوڵە ئەکەون....
بێدەنگی ناو زیندانەکە لە دوای مۆسیقاکەی ئارمانەوە لە بێدەنگی ئەو شەوەی دەریاکە دەچوو، کە هەموو شەپۆلەکان خاوبوونەوەو دەریا بە شێوەیەک بێدەنگ و ئارام بوو مرۆڤ هەستی دەکرد لە سەر گۆمێکی مەنگ وەستاوە تا ئەو کاتەی لە پڕێکا پۆلیسێک هات و کۆتایی بە بێدەنگییەکە هێنا، یەکەم کەس بانگی ئارمان و کوڕێکی تریان کرد و بردنیان، لە شیشی دەرگاکەوە بینیمان ئافرەتەکانیشیان لەگەڵیاندا برد.
بردنی ئارمان بۆ ئێمە دڵخۆشکەربوو، چونکە لە دوای ئەزموونی ناو دەریاکەوە لەوە گەیشتبوون لە دوای ئاوازی هەر مۆسیقایەکەوە شتێکی باش ڕوودەدات، بەڵام ئەو جارە بۆ ئێمە وا نەبوو....
پاش کەمێک ئارمان گەڕایەوە بۆ کۆڵەپشتەکەیی و ماڵئاوایی لە ئێمە کردو گوتی: ئەمە قەدەری ئێمەیە کەس ناتوانێت ڕێگای لێبگرێت، ئەگەر قەدەر وابێت یەکتری ببینینەوە ئەوان هیچ کاتێک پێویست ناکات کەسمان بەدوای ئەوی تردا خۆی ماندوو بکات.... دوای ئەم قسانە دەستی کردە ملمان و بە پەلە لە زیندانەکە ڕۆیشتە دەرەوە....
دوای ڕۆیشتنی ئەو دیسان بێدەنگییەکی دڵگوشێنەر ناو زیندانەکەی تەنییەوەو هەریەکێک لە جێگای خۆیەوە بە تیلە تەماشای ئەوی تری دەکرد، لەنیگای هەریەکێک لە زیندانەکاندا ئەوە دەخوێندرایەوە، کە هەواڵێک سەبارەت بە ئێمە هەیە و هەریەکە دەیەوێت ئەوی تر ئەو هەواڵە ڕابگەیەنێت، چونکە چەند کەسێک لەو زیندانییانە ئەمە چەندەمین جاریان بوو لەم زیندانەدا یان زیندانێکی تری یەکێک لەم دورگانەدا بەندبکرێن.

دواتر بۆم دەرکەوت جگە لە من و کامشادو یەک دوو گەنجی تر نەبێت هەموو ئەوانی تر پێشتر ئەم ئەزموونەیان دیبوو دەیانزانی چارەنووس بەرەو چ جێگایەکمان دەبات، ئەمەمان دواتر لەناو ئەو ئۆتۆبیلە قەفەسەدارەی پۆلیسدا بیست، کە زیاتر لە ئۆتۆمبیلی ئاژەڵ گواستنەوە دەچوو، ڕێک و ڕاست لەو ئۆتۆمبیلانە لێرە مانگاو کەرو ئەسپەکانی پێ ئەگوازنەوە....

لە تەنیشتی منەوە کوڕێکی گەنجی لاواز، کە لەوە دەچوو تازە لە نەخۆشی سیل چاکبووبێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕوخساری ئەوەندە قوپابوو کاتێک قسەی دەکرد هەستت دەکرد هەردوو چاوەکانی ئێستا دەر دەپەڕنە دەرەوە، بە هاوڕێکەی دەگوت: تۆ یاری مارو پەیژە دەزانیت....؟. ئەوەی تەنیشتیشی بەسەرسامییەوە دەیگوت: ئا.... کوڕە چاو دەرپۆقیوەکەش پێی دەگوت؛ ئەمە ڕێک وەک یاری مارو پەیژەیەو ئیتر ئەوەنەش مەپرسە....

من و کامشاد و بگرە زۆرێک لەوانەی گوێمان لەو مشتو مڕەی ئەو دووانە بوو سەیری یەکمان دەکردو بە نیگای چاو لەیەکترمان ئەپرسی یاری مارو پەیژە....!.

*****　　　　*****　　　　*****

کاتێکمان زانی ئۆتۆمبیلەکە وەستا، لەدەرەوە گوێمان لە دەنگە دەنگی خەڵک بوو، دیاربوو لە جێگایەکدا وەستابوو، قەرەباڵغ بێت، شانم دا لە لە شانی کامشاد ئەویش وەک ئەوەی هەمان هەستی منی هەبێت شانەکەی پیا کێشامەوە....

حاڵەتێکی دڵخۆشکەر لەلای زیندانییەکان هەیە ئەویش جێگۆڕکێیە، هەموو زیندانییەک لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی تری ئەگوازنەوە کەمێک هەست بە ئاسودەیی دەکات و پێی وایە ئەو جێگۆڕکێ لەبەرژەوەندی ئەو کۆتایی دێت و لە ئازادکردن نزیکی دەکاتەوە، ئەگەرچی زۆرجاران خراپتر ئەشکێتەوە....

ئەو هەستەی ئێمە دڵخۆشکەربوو، ڕەنگە ئەوە هەستی هەموو زیندانییەک بێت، کاتێک گوێی لەدەنگی پێی مرۆڤەکان لەسەر شەقامەکان دەبێت و دەبیسێت پێکەوە قسە دەکەن، کاتێک گوێی لە دەنگی هاتوچۆی ئۆتۆمبیلەکانە هەست دەکات لەئازادبوون نزیک بۆتەوە، بەڵام ئەوانە بەتەنها ئەو خۆشخەیاڵیانەن مرۆڤ لە کاتی زیندانیدا مێشکی داگیر دەکات، بۆیە کاتێک ئۆتۆمبیلەکە کەمێک جوڵاو تەکانێکی قورسی دا وەک ئەوەی بەسەر گردۆڵکەیەکدا سەربکەوێ هەموومانی بەسەریەکدا خست و دواتر لەسەرخۆ کەمێک ڕۆیشت و دیسانەوە وەستاو ماتۆڕەکەی کوژاندەوە....

بەم وەستانە دڵی هەموومان بەخێرایی کەوتە لێدان، چونکە دوای ئەو تەکانە قورسە لە پڕێکدا ئەو تۆزە ڕوناکییەی لە دەلاقەی پەنجەرە تەلبەندکراوەکەوە دەهاتە ژوورەوە نەماو تاریکی هەموومانی لەناو خۆیدا قوتدا....

تاریکی و بێدەنگی بەشێوەیەک ئاوێتەی یەک بووبوون هەریەکەمان گوێمان لە لێدانی دڵی ئەوی تربوو، لەدەرەوەش دەنگە دەنگ و هەراو هوریاو تەقەتەق بۆ ماوەیەک بەردەوام بوو، بەڵام ئەویش درێژەی نەکێشاو هەموو شتێک تاریکی و بێدەنگی هەڵیلوشی، تا ئەوکاتەی گوێمان لە دەنگی ترساوی ئەو کورە بوو پێشتر پرسیاری لە کورە دەموچاو بە قولاچووەکە دەکرد، گوتی: ئێرە کوێیە.... ئێمە لە کوێین؟. ئەو کورەش چەند لاوازو بێهێز دیاربوو، بەڵام دەنگێکی گڕی بەرزی وای پێوە بوو، کە نەی دەتوانی لەسەرخۆ قسە بکات وەک لە پرسیارەکانی تورە بووبێت گوتی: ئەی نەمگوت: مارو پەیژەکەیە، لەوە ئەچی تۆ کێشەی تێگەیشتنت هەبێت یان نەتەوێت قەت تێبگەیت، ئەمە یاری مارو پەیژەیە، لە پڕێکا وەک ئەوەی شتێکی بەخەیاڵدا هاتبێت پرسی تۆ بە چی هاتیت بۆ ئێرە؟. کورەکە گوتی؛ بە پاپۆڕ، ئەو پرسییەوە پێش پاپۆڕەکە، گوتی؛ بە ئۆتۆمبیل. دیسانەوە بەدەنگێکی نێرانە کاتێک قسەی دەکرد مرۆڤ دەیگوت، ئێستا هەردوو چاوی وەک هەڵمات دێتە دەرەوە گوتی؛ دە ئیتر مەپرسە؛ لە کوێوەو چۆن هاتوویت بەهەمان ڕێگە ئەگەڕێیتەوە بۆ هەمان شوێن بەڵام بە پێچەوانەوە، من و کامشادیش خۆمان پێ نەگیرا، نائاگاهیانە پێکەوە گوتمان؛ بە پێچەوانەوە....!.

لە پڕێکدا غەڵبە غەڵبێک لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا درووست بوو، ئەو کورە دەموچاو بە قولاچووە، چاو دەرپۆقیوە بەدەنگێکی گڕی نێرانەوە، وەک ئەوەی فەرمان بەسەر ژێردەسەکانیدا بکات، گوتی: لەوە دەچێ ئێوەش تێنەگەن، خوایە گیان توشی چ جۆرە بەشەرێک بووم لەم ژیانەدا!، نازانم ئەمانە بۆ تێ ناگەن، کاتێک دەڵێم: ئەمە وەک یاری مارو پەیژەیە، ئەم هیچ حیکمەتێکی تێدایە تا تێ نەگەن!. یاری مارو پەیژە دوو ڕێگایە، ڕێگایەکیان ئەوەیە؛ بە پەیژەکاندا سەرئەکەوی، لەهەر شوێنێکدا شکستت خوارد ئەڕۆیتە قورگی مارەکەوەو ئەتگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی سەرکەوتوویت، ئێمەش بە ئۆتۆمبیل، دواتر بە یەخت بەسەر پەیژەکاندا سەرکەوتووین، ئێستاش لە قورگی مارەکەداین، یانی چی، یانی بە پێچەوانەوە، بە پاپۆڕ دواتر بە ئۆتۆمبیل دەمانبەنەوە ئەو شوێنەی دواجار لێوەی سەرکەوتین، ئێستا تێدەگەن، کە ئێمە ئێستا لەناو پاپۆڕداین و دواتر سواری ئۆتۆمبیلمان دەکەن، پۆلیسەکانیش وەک ئێمە فێربوون، هەمان یاریمان لەگەڵدا دەکەن، کە ئێمە لەگەڵیاندا دەیکەین....

دوای ئەو قسانە ماوەیەک دیسانەوە بێدەنگی ناو ئۆتۆمبیلەکەی تەنی، جگە لەوەش بۆنی دووکەڵی ئۆتۆمبیل و کەمبوونەوەی هەوا خەریک بوو هەموومان دەخنکاین....

مسیۆ، نازانم ئەم بوونەوەرە دوو پێیەی ناوی مرۆڤە بۆ ئەوەندە سەیرە، هەر لەگەڵ قاچەکانی لە زەوی بچڕا ئیتر هەست بە لاوازبوون و بێ دەسەڵاتی خۆی ئەکا!، بڕوا بکە من قەت بۆ جارێکیش سواری فڕۆکە نەبووم، بەڵام ئەگەر جارێک ناچار بکرێم

سوارببم هەر لەگەڵ دە مەتر لەزەوی بەرزبووەوە ئیتر ڕۆحم بۆ خۆی دەرئەچی، چونکە من هەمیشە وام هەستکردووە ڕۆحم لە ژێر پێمدایەو بەستراوە بە زەوییەکەی ژێر پێمەوە.
ئەو چاوزەقە دەنگ گرە ڕاستی کرد، دوای ماوەیەک بێدەنگی ئیتر هەستمان کرد ژێرمان بۆش بووەو هێواش هێواش لە زەوی دوور ئەکەوینەوەو جار بەجارێکیش وەک لە بێشکەدا بین و یەکێک لەسەرخۆ ڕایبژەنێت ئەمدیو ئەودیمان دەکرد.
ماوەیەک بە بێدەنگی تێپەڕی، کەس لەگەڵ کەسدا قسەی نەدەکرد، هێندەش تاریک بوو کەس نەیدەتوانی ڕوخساری ئەوی تر بە باشی ببینێت، دیاربوو بێدەنگییەکە زادەی ئەو ترسە بوو ڕۆحی هەموومانی داگیرکردبوو، چونکە ئێمە دوو سێ ڕۆژ پێشتر لە یەختێکدا مەرگمان بەچاوی خۆمان بینی، هەر بەڕاستی مەرگیش بۆ خۆی ئەوەندەی ئەوە تۆقێنەر نییە، کاتێک لە تاریکە شەودا لە قوڵایی دەریایەکدا شەپۆلەکان شێت دەبن و هەموو شتێک لەگەڵ خۆیاندا تێک ئەشکێنن و نوقمی دەکەن، تۆش توانای هیچ بەرهەڵستی و بەرگریەکت نییە جگە لەوەی وەک قوربانییەکی بێ دەسەڵات خۆت ڕادەستی چارەنووس بکەیت و بیر لە ڕابردووت بکەیتەوە، کە وەک خەوێک تێپەڕبوون، کەچی وەک فیلم لە منداڵییەوە تا دوا ساتی تەمەنت دێنەوە ناو بیرەوەریت و نەفرەت لەو ساتە ئەکەیت تۆی بەم نەهامەتییە گەیاند....
هەر لەخۆتەوە ئەگەر منداڵت هەبێت بیر لەمنداڵەکانت دەکەیتەوە، کە دوای تۆ بێ دایک و باوک دەبن، بیر لە دایکت دەکەیتەوە ئەو تەمەنەی ماویەتی لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی کوڕەکەیدا بەسەر دەبات یان هەموو تەمەنی چاوەڕوان دەبێت، بەڵکو خوا یارمەتی بدات و ڕۆژێک بە ڕێکەوت ڕاوچییەک لەو کەنار دەریایانەدا لاشەی مردووی کوڕەکەی بدۆزێتەوەو بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە....
مسیۆ، سەیرە مرۆڤ تا توشی ئەو کارەساتانە نەبێت هیچ یەکێک لەو شتانە بە هۆش و بیریدا گوزەر ناکەن، کەچی لەو کاتەدا مەرگ گەمارۆت دەدات و چیتر توانای هیچ بەرگریەکت نامێنێت وەک خەو ببینیت بە خەیاڵ لە دونیایەکی تردا دەژیت....
من هەر بیرم لەو ساتانە دەکردەوە، کە شەپۆلەکان شێت دەبن و هێرشە بێ بەزییەکانیان دەست پێ دەکەن و ئێمەش وەک کۆمەڵێک جانەوەر لە قەفەسێکدا بەندکرابن، ناتوانین هیچ بکەین جگە لەوەی هەر بە قەفەسەکەوە نوقم دەبین، کەچی هەر لەخۆمەوە بزەیەکی منالانە کەوتە سەرلێوەکانم، لەبەر ئەوەی خۆشبەختانە ئەمجارەیان ئێمە پارێزراو دەبین، چونکە ماسییە دڕندەکان ناتوانن بۆمان بێنە ژوورەوەو بمانخۆن، ئا کەواتە ئێمە بە ساغ و سەلامەتی نوقم دەبین و هەرکاتێک گەڕان بەدواماندا دەست پێبکات ئەوا هەر بە ئۆتۆمبیلەکەوە، کە جگە

لە چەند پەنجەرەیەکی بچوکی شیش بەند هیچ دەرگاو شوێنێکی کراوەی نییە دەرمان دەهێنن....
من تەواو نوقمی ناو ئەو خەیاڵی خنکان بووبووم لەسەرەوە ئاگام لێبوو کەشتییەک شتێکی درێژی پێوە بوو بە سیمێکی ئەستور قولاپێکی سێ دەمی پێوەبوو بۆ ناو قولایی دەریاکە شۆڕکردەوەو گیری کرد لەژێر ئۆتۆمبیلەکەی ئێمە، بەلام باش نەیگرت و تلێکی دا، کامشادیش کەوت بەسەر مندا. جارێکی تر هەولی دایەوەو قولاپەکەی لە شاسی ئۆتۆمبیلەکە گیرکردو تەکانێکی بە ئێمە داو بە هێواشی بەرەو سەرەوە ڕایکێشاین.... لە پڕێکدا پژمەیەکی کامشاد بە ئاگای هێنامەوەو لەگەڵ پژمەدا سیخوڕمەیەکی تێ کوتام و گوتی؛ ئەوە نوستوویت؟. نا، نەنوستووم، بۆ؟. ئەی ئاگات لێ نییە پاپۆڕەکە چۆن ئەمدیو ئەودیو ئەکا، ڕەنگە وەک ئەو شەوە کەوتبێتە بەر شەپۆلەکان، باشە پێم بلێ؛ ئەگەر ئەم پاپۆڕە نوقم ببێ ئێمە چۆن بتوانین خۆمان دەرباز بکەین، یان کێ هەر پێمان ئەزانێت، کە لەناو ئەم ئۆتۆمبیلەدا بەندکراوین....!.
مسیۆ، هەرکە کامشاد ئەو قسەیەی کرد، ترس دلی داخورپاندم، هەر بەڕاستی ترسام، تەنها شتێک دڵم پێی خۆش بوو، ئەوەبوو پێشتر خەیالم کردبوو، کە هیچ گیانەوەرێکی دڕەندە ناتوانێت بێتە ژوورەوەو بمانخوات، من لە هیچ نەدەترسام لە خواردن و ئەنجن ئەنجن کردن نەبێت لەلایەن ماسییە زەبەلاح و گۆشخۆرەکانی ترەوە....
بڕوام پێبکە کاتێک بە خەیاڵ قرش یان ماسییەکی گۆشتخۆری دان تیژم بەرچاو دەکەوت دەمی دەکاتەوەو هێندەی قەبارەی ناو دەمی گاز لە شوێنێکم دەگرێت و پڕ بە دەمی گۆشت ئەبچڕێت هەستم بە ئازارەکەی دەکرد، ئای، خودایە جێگای ئەو دانە تیژانە چەند بەسوێیە....
من هەر لەو خەیالانەدا بووم، جولانەکردنی پاپۆڕەکە گەیشتە ئاستێک هەندێجار هەستمان دەکرد ئێستا نا کەمێکی تر ئۆتۆمبیلەکە دەکەوێتە سەرلا، چونکە لەگەڵ هەر ئەمدیو ئەودیو کردنێکدا هەمووومان لە شوێنێکدا بەسەریەکدا دەکەوتین. ئەو قوربەسەرانەی دەکەوتنە ژێرەوە تا ئێمە خۆمان لەسەریان لا دەدا نیوە مردوو دەبوون....
وەک ئەوەی لە ناو قەرەبالغییەکی شارێکی گەورەی ئەم دونیایەدا بین کامشاد توند دەستی لە قایشی پانتۆڵەکەم گیرکردبوو، دەیگوت ئاخر با لەیەک ون نەبین و پێکەوە بمرین.....
پاش ئەوەی پاپۆڕەکە کەمێک ئارام بووەوە لە دوورەوە گوێم لە ئاوازی مۆسیقاکەی ئارمان بوو، کە کچەکە بەدەنگێکی دلگیرو هێمن بۆی دەسەندەوە، هەردوو چاوەکانم

داخست و خەیاڵم تا ئەوسەری گەردوون ڕۆیشت، ئەو ئاوازە هەمان ئەو ئاوازو گۆرانییە بوو ئارمان لەکاتی نەهامەتیەکاندا دەیژەنی....
دوای تەواو بوونی ئاوازەکە دەستێکم بە سنگمدا هێناو هەناسەیەکی قوڵم هەڵمژی و لەتەنیشتمەوە دەستی کامشادم دۆزییەوەو توند لەناو هەردوو دەستمدا گوشیم و دڵنیام کردەوە، کە ئەمجارەش ڕزگارمان دەبێت، ئەویش گوتی: چۆن دەزانیت؟ گوتم؛ گوێم لە ئاوازی مۆسیقاکەی ئارمان بوو، لەوەڵامدا گوتی؛ منیش گوێم لێبوو.....

*****                    *****                    *****

مسیۆ، دوای ئەوە پاپۆڕەکە لە شوێنێکی تر لەنگەری گرت، کە ئێمە نەماندەزانی کوێیە، ئۆتۆمبیلەکە، کە ئێمەی تێدا بەند بووین، هاتە خوارەوەو بە دەنگی تایەکانیدا لەوە دڵنیابووین جارێکی تر لەسەر زەوین، لەگەڵ ئەوەشدا نەماندەزانی چەند کاتژمێر بە ڕێگاوە بووین و چەنی تر بە ڕێگاوە دەبین. ئەو کەمە خواردن و ئاوەی ناو جانتاکانمان سەرەڕای ئەوەی دەستمان پێوە گرتبوو خەریکبوون تەواو دەبوون، ئەمەش ئاماژەیەکی خراپ بوو، بەڵام خۆشبەختانە ئەمجارە ڕێگاکە زۆردوور نەبوو، ڕەنگە دوو کاتژمێرێک یان کەمتر دیسانەوە ئۆتۆمبیلەکە لایدایە جێگایەک و وەستا، گوێمان لە دەنگی دەرگای لای شۆفێرەکە بوو کاتێک دابەزی و لەگەڵ یەک دوو کەسدا قسەی دەکرد.
بەبێ ئەوەی یەک وشە چییە تێ بگەین هەمووومان گوێمان هەڵخستبوو بۆ ئەوەی بزانین باسی چی دەکەن، لەپڕێکدا گوێمان لەدەنگی دەسکی دەرگای قەفەسە داخراوەکەی ئێمە بوو کرایەوەو دوو پۆلیس هاتنە سەرەوەو داوایان لێکردین، کە دابەزین.....
کاتێک دابەزین دەمەو ئێوارە بوو، بەلای کەمەوە دە سەعاتێکمان لەناو ئەو قەفەسەدا بەسەر بردبوو. دیسان لەوێ ڕیزیان کردین یەک بەیەک دەستیان بە پشکنینمان کردو ڕەوانەی ژوورێکیان کردین، کە کەمێک لەو ژوورەی پێشوو گەورەتر بوو، بەڵام دوو هێندە بەندکراوی تێدا بوو. جگە لە ئێمە کۆمەڵێکی تر پێش ئێمە هێنرابوون، هەندێک لەوانە یەکتریان دەناسییەوەو بەگاڵتەو تیزپێکردنی یەکترەوە دەیانگوت؛ ئەوە تۆش لێرەیت، ئەی تۆ لێرە چی ئەکەی؟ بەشەرەفم وام دەزانی ئێستا تۆ یان لەژێر بورجەکەی ئایفەلدای لە پاریس یان لە تەنیشت کاتژمێرەکەی بێگ بن لە لەندەن، دە پێم بڵێ بزانم لە کوێ دەستگیرکران، گەشتنە کوێ و تا کوێ ڕۆیشتن....؟.

مسیۆ، ئیتر ئەو شوێنانە وایە پڕن لە مرۆڤ و بابەتی سەیرو سەمەرە، من و کامشاد وەک دووانەیەک لکابووین بەیەکەوەو بستێک لەیەکتر دوور نەدەکەوتینەوە، سیامەندیش یەکێک لەهاوڕێ کۆنەکانی دۆزییەوەو دیاربوو بە دیداری زۆر دڵشاد بوو بۆیە نەهاتەوە بەلای ئێمەداو لەگەڵ ئەو مایەوەو چیرۆکی یەکتریان بۆ یەک دەگێڕایەوە، کە لەم سەفەرانەدا چییان بەسەر هاتووە....

دەنگە دەنگ و هەندێجاریش قاقای بەرز کەشی ناو زیندانەکەی گۆڕیبوو بۆ کاروانسەرایەک، کە کاروانچییەکان لەوێدا یەکیان گرتبێتەوەو هەریەک لەلای خۆیەوە بەسەهارتی سەفەرەکەی بۆ ئەوی تر بگێڕێتەوە بەتەنها من و کامشاد نەبێت لە دوو باڵندەی نامۆ دەچووین بە ڕێکەوت ڕێگایان کەوتبێتە ناو دارستانێکەوە و ئاسمانێک بۆ فرینی ئەوان لەهیچ قوژبنێکەوە دیار نەبێت....

ئەوەی سەیربوو هەندێ لەو زیندانیانە ئەوەندە بەکەیف و دڵخۆشانە سەفەرە شکستخواردووەکانیان دەگێڕایەوە نەتدەزانی پێبکەنی یان بگریت، کەچی ئەوان قاقا پێ دەکەنین و گاڵتەجاڕانە سەرزەنشتی هاوڕێکانیان دەکرد، کە بوونەتە هۆی شکستهێنانی سەفەرەکەیان، ئیتر ئەمە خوویەکی خراپی مرۆڤەکانە بۆ ئەوەی باری سەرشانی خۆی سوک بکات هەمیشە پێویستی بە تاوانبارێک هەیە هەموو شکست و هەڵەکانی خۆی بخاتە گەردنی....

مسیۆ، من و کامشاد مێشکمان ئاوسا بوو لەتاو ئەو هەموو دەنگە دەنگ و هاتو هاوارو پێکەنینە، ئەوە یەکەمجارم بوو لە ژیانمدا مرۆڤگەلێک ببینم ئەوەندە بە چێژ و خۆشییەوە باس لە شکستەکانی خۆیان بکەن....!.

دوای خواردنی ئێوارە دەنگە دەنگ و ژاوەژاوەکە گۆڕا بۆ قسەگەلێکی جدی لە نێوان خۆیاندا تا ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار سیامەند هاتە لامانەوەو گوتی؛ ئێوە دەڵێن چی؟.

بەم پرسیارە من و کامشاد هەریەکەمان بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەوی ترمان دەکرد و لە مەبەستەکەی تێنەدەگەیشتن، ئیتر سیامەندیش خۆی تێگەیشت بۆیە درێژەی پێدا و گوتی: "ئێمە تەنها ئەمشەو لێرە دەبین، سبەی شەو بە ئۆتۆمبیل دەمانبەنە ئەودیوی سنورەکەوەو لەوێ بەرەڵامان دەکەن، دواتریش هەرکەس ئازادە کوێ هەڵئەبژێرێت. زۆربەی ئەمانەی لێرە ئەیانبینیت ئەمە پێنجەم و شەشەم جاریانە لەم گەمەدا بەشدار بن، تەنانەت وای لێهاتووە ئێستا پۆلیسەکان زۆربەیان دەناسنەوە... ئەو کوڕە چاو دەرپۆقیوەی لەڕێگای باسی یاری مارو پەیژەی دەکرد ئەمە یانزەیەم جارێتی لەم ڕێگەدا شکست بهێنێت، ئێستا ئەو وای لێهاتوو بست بە بستی ئەم وڵاتە شارەزایە....".

سیامەند بەردەوام باسی ئەم یاری پشیلەو مشکەی نێوان پۆلیس و ئەوانەی بە قاچاخ دێنە ناو وڵاتەکەیانەوە دەکردو دەیگوت: بڕواتان هەبێت ئێستا

پۆلیسەکانیش چێژ لەم یارییە وەرئەگرن، چونکە هەموو ڕۆژ و هەفتەیەک ئەمە بووە بە ئەرکی سەرەکیان، لەم لاوە دەیانگرن و لەو لاوە ئەوان دێنەوە، جا با پێتان بڵێم؛ ئێوە ئەمە یەکەم جارتانەو هیچ لەم گەمەیە نازانن و تێناگەن، بۆیە با من ڕاست و دروستر پێتان بڵێم؛ کە دوای ئەوەی پۆلیسەکان سنورداشمان دەکەنەوەو لە ناو دارستانە چڕە تاریکەکەی ئەودیو سنوور بە جێمان ئەهێڵن، ئێمە خۆمان ڕادەستی جەندرمەکانی ئەو دیو ناکەین، بەڵکو بەهەمان ڕێگەدا دەگەڕێینەوە، ئەوانەی تۆ لێرە ئەیانبینیت زۆربەیان مانگێک زیاترە بەم ڕێگایەوەن، ئیتر خۆتان دەتوانن بڕیار بدەن لەگەڵ ئێمەدا ئەگەڕێنەوە یان دەڕۆنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون و دیسان چاوەڕوانی قاچاخچی و دەستبڕینی تر دەکەنەوە یان نا، ئەوە ئێوە بڕیار دەدەن کام ڕێگایان هەڵئەبژێرن....!.
من و کامشاد وەک لەبانێک هەڵماندێرن نەماندەزانی بۆ دواوە بگەڕێینەوە یان بۆ پێشەوە بڕۆین، دوای ئەوەی کەمێک سەیری یەکترمان کرد، گوتم؛ وا باشترە لەگەڵ زۆرینەدا بین و هیچ نەبێت ئەمانە ئەزموونێکی باشیان هەیە، بەڵام کێشەیەک هەیە، ئێمە نە خواردن نە ئاومان پێ نەماوە، تۆ دەڵێیت؛ ڕەنگە هەفتەیەک زیاتر بەرێوە بین تا دەگەینە قولایی ئەم ولاتەو ترسی دەستگیرکردن لەسەرمان کەم دەبێتەوە.... سیامەند پێکەنی و گوتی؛ خەمی ئەوەتان نەبێت، سبەینێ پۆلیسەکان خۆیان دوو سێ کەس بۆ بازاڕکردن لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و ئێوەش هەرچیتان پێویست بێت بۆتان دەکڕن، خەمی ئەوە مەخۆن، بەتەنها ئەمەوێت بزانم لەگەڵماندا ئەگەڕێنەوە یان نا، بۆ ئەوەی دواتر گلەیی نەکەن....
مسیۆ، ئەوەی سەیربوو هەموو ئەو قسانەی سیامەند کردنی وەک خۆی هاتنە دی. بایی هەفتەیەک خواردن و خواردنەوەمان کڕی، زیندانییەکان لەناوخۆیاندا گروپ گروپ بۆ گەڕانەوە یان نەگەڕانەوە خۆیان ڕێکخست، من و کامشاد سەر بە گروپەکەی سیامەند بووین لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆیدا، کە ئەوانیش بەم جارەوە دوو سێ جاری تر ئەو ڕێگایان تاقی کردبووەوە....
ئێوارە داهات، چپە چپ و ورتە ورت دەستی پێکرد، دیاربوو دەیانزانی ئیتر کاتی سنورداشکردنەوە نزیک بۆتەوە، هەموو لە نێوان خۆیاندا باسیان لە پلانی گەڕانەوەیان دەکرد. من و کامشادیش خۆمان لە سیامەندو هاوڕێکانی نزیکردبووەوە، کە پێشتر پێکەوە قسەیان دەکرد....
درەنگانی شەو دوو پۆلیس هاتنە بەردەم دەرگای زیندانەکەو هەندێ قسەیان کرد، کە ئێمە هیچ تێنەگەیشتین، بەڵام ئەوانەی ئەزموونیان هەبوو زوو تێگەیشتن و کەوتنە خۆکۆکردنەوەو جانتاکانیان لە کۆڵیان بەست و لە ئامادەباشی ڕۆیشتندا بوون.

سیامەندیش وەک فەرمانمان پێ بکات بە ئێمەی گوت؛ کە زوو خۆمان کۆبکەینەوەو بۆ ڕۆیشتن ئامادە بین....

ئای چ ساتێکی ناخۆش و دڵگوشێنەر بوو ئەو شەوە....!. ترس سەراپای لەشمانی بە شێوەیەک تەنیبوو هێزی لەبەر پێمان بڕیبوو، لەرز ڕۆیشتبووە ناو گیانمانەوەو قاچمان بە ئاستەم زەوییەکەی دەگرت، چونکە پێشتر گوێم لەیەکێک بوو پرسیاری هاوڕێیەکی لەوی تر کرد، ئەویش بەهەناسە هەڵکێشانێکەوە گوتی؛ کوژراو. لاشەکەیمان بە جێهێشت....!. ئەویش لە وەڵامدا گوتی؛ ناشێ ئێوەش لەو کۆمەڵەی ئەو شەوەدا بن، کە کەوتنە ناو کەمینی جەندرمەکانی ئەوبەرەوە....!. با، ئەو شەوە کاتێک سنورداشیان کردینەوە، کەوتینە ناو بۆسەی جەندرمەکانی ئەوبەرەوە....

ماوەیەک بەر لە ئێستا جەندرمەکانی ئەوبەر درکیان بەم پلانی سنورداشکردن لەلایەن پۆلسیەکانی ئەم وڵاتەوە کردبوو، بۆیە لەکاتی دابەزینمان لە ئۆتۆمبیلەکە بۆ ناو خاکەکەیان داینیانە بەر دەسترێژ. تۆ خۆت دەزانی ئەم دوو وڵاتە بۆ خۆیان دوژمنایەتییەکی کۆنیان لە نێواندا هەیە، وا ئێمەش خەریکین دوژمنایەتییەکەیان تازە ئەکەینەوەو بەریان دەدەینە گیانی یەکتر.... تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت پۆلیسێک لەلایەکیان بکوژرێت چی ڕوودەدات! بڕوا ناکەم بێدەنگ دابنیشن و وەڵامیان نەدەنەوە....

ئەویش پەلەی بوو باسی ئەو شەوەی بۆ بکات، گوتی؛ لەناو دارستانەکەدا بە پەلە ئێمەیان فڕێدایە خوارەوەو وەک هەمووجارێک ئۆتۆمبیلەکە بە بێ هەڵکردنی گڵۆپ گەڕایەوە ناو سنووری خۆیان، دیاربوو جەندرمەکان هەستیان بەمە کردبوو، بەڵام لەناو ئەو دارستانەدا هیچ نابیرێت، بۆیە هەرکە گۆیان لەدەنگی ئۆتۆمبیلەکە دەبێت دەست بەتەقە دەکەن، ئێمەش دەستمان بە هاوارکردن کرد، کەچی داینیانە بەر دەسترێژی گوللە، لەپاڵ مندا یەکسەر ئومێد کەوت، منیش بەتەنیشت ئەوەوە خۆم لەسەر زەوییەکە مت کرد، دوای یەک دوو دەسترێژی تر گوێم لێبوو چەند کەسێک هاواریان لێهەڵسا، کە دیاربوو هاواری پێکان بوو....

ماوەیەکی زۆر تەقە بەردەوام بوو، ئەوان لەناو ئەو دارستانە چڕەدا هیچیان نەدەبینی، بەتەنها بە ئاراستەی دەنگەکاندا کوێرانە تەقەیان دەکرد، بەڵام من هەر بەتەنیشت ئومێدەوە خۆم بە زەوییەکەوە لکاندبوو تا ماوەیەکی زۆر بە ئاستەم هەناسەشم ئەدا....

دوای ماوەیەک دەنگی تەقەو هیچ کەسێک لەو ناوەدا نەما جگە لەدەنگی خشەخشێک نەبێت، کە لە دەنگی مشکەکوێرە یان ژیژک دەچوو لەژێر گەڵاکاندا بێنە دەرەوە....

لەپاڵەوە بە هێواشی چەندجارێک بانگی ئومێدم کرد، هیچ وەڵامی نەبوو، بەدەست قۆڵەکانیم ڕاوەشاند هیچ جوڵەیەکی نەبوو، دەستم خستە سەر دەموچاوی هەستم بە

تەڕاییەکی گەرم کرد، کە دواتر زانیم خوێن بوو، ئەو چیتر هەناسەی نەدەدا، زۆرم لەگەڵیدا هەوڵدا، بەڵام دیاربوو فیشەک بەرسەری کەوتبوو، لەگەڵ لاشەیەکی ساردو سڕدا چیت پێ ئەکرێت لە کاتێکدا ژیانی تۆش لە مەترسیدایە! ئاخر پێم بڵێ؛ من ئەمتوانی چی بکەم لەوە زیاتر هەوڵ بدەم خۆم لەدەست جەندرمەکان ڕزگار بکەم...!.
هەرچۆنێک بێت بە سکەخشە و کوڕە کوڕ خۆم لە کەناری ڕووبارەکەی سنور نزیک کردەوە، مانگ تازە هەڵدەهات، کەمێک ڕوناکی خستبووە سەر ڕووبارەکە.... ماوەیەک چاودێرییەکی باشم کرد، دواتر دوو سێ تارماییم بینی لە کەنارەکە نزیک بوونەوە، خۆم بێدەنگ و مات کرد، تا دڵنیام بووم لەوەی، کە مەترسییان بۆ من نییە، چونکە زۆرجار ڕاوچییەکان، کە لەوناوەدا ڕاوە مراویان دەکرد لە پۆلیسەکان مەترسیدارتر بوون، چونکە هەرزوو بە گرتیان ئەدای....
زۆری پێ نەچوو بینیم یەک بە دوای یەکدا بەرەو ناو ڕووبارەکە ئەڕۆن، جگە لەوەش لەبەر تریفە لاوازەکەی مانگدا دیاربوون کۆڵبەپشت بوون، بۆیە بە هێواشی خۆم خزاندە خوارەوە، هەر لەگەڵ دەنگی منیان بیست هەریەکەو بەلایەکدا هەڵهاتن، بەڵام من ئەمتوانی چی بکەم، جگە لەوەی بەدەست وەک سێبەرێک بانگم دەکردن، کە نەترسن و منیش لە خۆیانم، بەڵام تا ماوەیەک ئاسەواری کەسیانم نەبینییەوە.
لەبەر ئەوەی کات ئەوەندەی نەمابوو بۆ دەمەو بەیانی، چیتر نەمتوانی چاوەڕوانی کەس بکەم و بڕیارم دا بەتەنها بپەڕمەوەو لەوبەر ڕووبارەکە چاوەڕوانیان بکەم، کە دەمزانی هەردێن و هیچ چارەیەکیان نییە، بۆیە بەتەنها ملی ناو ئاوەکەم بۆ پەڕینەوە نا، هێشتا من لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا بووم بینیم لە دواوە ئەوانیش یەک بەدوای یەکدا هاتن و لەوبەرەوە یەکمان گرتەوە. ئەوانیش وەک من بە حاڵێکی خراپدا تێپەڕیبوون، چونکە یەکێکیان ئامۆزاکەی کوژرابوو بە هیچ شتێک ژێر نەدەبووەوە.... دواتر لە بەسەرهاتەکانیدا بۆمان دەرکەوت ئەوەندەی بۆ خۆی دەگریا بۆ ئامۆزا کوژراوەکەی نەدەگریا، چونکە ئەو لە ئەم مناڵتربوو، ماڵی باوکی وەک ئەمانەتێک بەدەستی ئەمیان دابوو، دەیگوت؛ من ماڵی مامم باش دەناسم و قەت بڕوا بەوە ناکەن، کە بەڕاستی ڕوویداوە. ئەوان من بە بکوژی ڕاستەقینەی کوڕەکەیان ئەزانن، چونکە ئەوان وا بیردەکەنەوە ئەگەر ئەو ڕووداوە ڕاست بێت بۆ دەبێت هەر کوڕەکەی ئەوان بکوژرێت ئەویتر بۆی دەربچێت....
مسیۆ، کاتێک ئەم قسانەم بیر ئەکەوتەوەو خۆم دەهاتە پێشچاو چۆن ئەدرێینە بەر دەستڕێژی گوللەو لەناو ئەو دارستانە چرو تاریکەدا بە جێ ئەمێنین، ئەوەندەی تر ترس و لەرز دەڕۆیشتە ناو گیانمەوە.... سەرەڕای گەرمی ناو ئۆتۆمبیلەکە، کە بۆگەنی عارەقەو هالاوی دەمی ئەو  سی چل کەسەی وەک ئاژەڵ فڕێدرابووینە ناو

ئەو ئۆتۆمبیلە داخراوەوە، کە بەتەنها چوار پەنجەرەی بچوکی شیش بەندی بۆ هەوا تێدا بوو خەریکبوو ڕەق ئەبوومەوە، لەتاو لەرز خۆم گرمۆڵە کردبوو، لەهیچ ڕستەیەک لەو ڕستانەش تێنەدەگەشتم، کە لەناو خۆیاندا باسیان دەکرد....

کامشادیش بەتەنیشتمەوە خۆی بە منەوە لکاندبوو، هەستم بە ترس و لەرزەکەی ئەویش دەکرد، دەمویست ئەو قسانەی لەوکاتەدا بەناو مێشکمدا گوزەریان دەکرد پێ بڵێم، بەڵام زمانم شکابوو، چیتر نەم دەتوانی زار هەڵبێنمەوە، دەمویست پێی بڵێم؛ ئایا بەڕاستی ژیان ئەوە ئەهێنێت ئەم هەموو ڕەنجەی لە پێناودا بۆ بکێشین....!. ئێمە بۆ خۆیشمان نەماندەزانی لە پێناوی چیدا ژیانمان بەو شێوە خستۆتە مەترسییەوە، دەبوو ئێمە بمرین بەتەنها لەبەر ئەوەی بژین! ئەگەر ژیان هەمووی ئەم مەرگەساتە بێت، کە ئێمە سات بە سات تێیدا دەژین باشتر نەبوو لە خاک و نیشتیمانەکەی خۆماندا بمرین....!.

مسیۆ، ئەو کاتە پرسیاری سەیر سەیر بە مێشکمدا گوزەری دەکردو تەواو لە ژیان نائومێد بووبووم، چونکە دەمزانی مرۆڤ تا لە خاک و نیشتیمانەکەی خۆی دوورتر بکەوێتەوە ڕەگی ئازارەکانی قوڵتر ڕۆ دەچن، من هەر لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان هەستم بە ئازاری نیشتیمان کرد، هەستم دەکرد هەموو یادەوەرییەکانی منالیم لەسەر شانم ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر دەبن، بەڵام نەمدەتوانی هیچ شتێک بکەم، چونکە بەڵێنم بە دازۆی برام دابوو، کە ڕۆژێک بە دوایدا بگەڕێمەوەو لەگەڵ خۆمدا بیبەم بۆ جێگایەک پێکەوە باوەش بەیەکدا بکەین و ئەو تەمەنەی لەبەردەمماندا ماوە بە خۆشی بەسەربەرین....

"لەو کاتەدا هەستم کرد دیسان شایگانی پوژمان ئازار زۆری بۆ هێناوەو چیتر ناتوانێت بەردەوام بێت، پێکێکم بۆ تێکردو جگەرەیەکم لە پاکەتەکەی خۆی بۆ دەرکردو گوتم؛ دەزانم ماندووی، پشوویەک بدە، دونیا ئەوە ناهێنێت".

دوای ماوەیەک بێدەنگی، بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە، گوتی؛ مسیۆ، من نازانم مرۆڤ بۆچی خوڵقاوە؟!. ئایا بەڕاستی من هەبم یان نەبم چی لە هاوکێشەی ئەم گەردوونە ئەگۆڕێ، بوونەوەرێکی چەپەڵی وەک من بەس دەخۆم و دەخەوم و گو دەکەم ببم یا نا چ لە پێکهاتەی ئەم گەردوونە دەگۆڕێت...؟!.

منیش لەبەر ئەوەی پەلەی تەواوکردنی چیرۆکەکەی بووم، هەر لەگەڵ زانیم خەریکە دەکەوێتەوە قسە فرسەتم هێناو پرسیم؛ تۆ پێم بڵێ ئەو شەوە دوای سنورداشکرانەوە چیتان لێ بەسەرهات....؟.

گوتی: مسیۆ، ئەوە چیرۆکێکی درێژە بەم شەوە درەنگە، کە تەواو ماندووم ناتوانم بۆت تەواو بکەم، بەڵام دەتوانم هەر بە کورتی ئەوەت پێ بڵێم؛ دوای ئەوەی ئۆتۆمبیلەکە لە جێگایەک وەستا، شارەزاکان گوتیان؛ ئەوە ئێستا لەسەر پردەکەین و تۆزێکی تر ئەپەڕێتەوە بۆ ئەودیو سنور، دەبێت زۆر باش خۆمان بۆ ڕاکردن ئامادە

بکەین.... قسەکانی ئەوان ڕاستبوو، دوای کەمێک دەنگە دەنگ لە دەرەوە، ئیتر ئۆتۆمبیلەکە لەسەرخۆو بە بێدەنگی دەستی بە جوڵە کرد، دیاربوو ئەو جێگای بەسەریدا دەڕۆیشت شەقام نەبوو، بەڵکو پڕ چاڵ و چۆڵ و گڵ بوو....
تا ئەو کاتە من هەر بیرم لەوە دەکردەوە دوای چەند خولەکێکی تر دەبێت چی چاوەڕوانمان بکات، دەتوانم بڵێم ئەوە یەکەمجارم بوو لە ژیانمدا بە جدی بیر لە مردن بکەمەوەو هەست بە بەرجەستەکردنی مردن بکەم.
ئەو چەند خولەکەی بۆ دابەزینی ئێمە لە ناو ئەو دارستانە چرە تاریکەی هێشتا نەمدیبوو، خۆمم لە ناو باوەشێک گەڵای وەریودا بە مردووی دەبینییەوە، کە دوای یەک دوو ڕۆژی تر چەقەڵ و داڵەکان دێن و قەپاڵ و دەنوک لەلاشە ساردو سڕەکەم دەگرن و منیش بە چاوی هۆش هەستیان پێ دەکەم و ئەیانبینم، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە هیچ ئازارێک ناکەم....
من هێشتا ترس و خەیاڵە تۆقێنەرەکان نیوە مردویان کردبووم و کەمێک لە هۆشی خۆم چووبوومەوە، بوو بە هەرا، هات و هاوارو غەڵبە غەڵب، خواد ئاگای لێیە ئەگەر کامشاد زوو بە ئاگای نەهێنامایە لەژێر پێی هەندێکیاندا لاق و پەراسوکانم ورد دەبوون.....
ئۆتۆمبیلەکە لە شوێنێکدا وەستاو یەکێک لە پۆلیسەکان بە خێرایی دەرگای پشتەوەی کردەوە، ئەوەنەی چاوتروکانێکی پێ نەچوو هەموو خۆیان فڕی دایە خوارەوەو هەریەکە بە لایەکدا بۆی دەرچوون. تا ئەو کاتە من هەر دەستم لە دەستی کامشاددا بوو، ئەویش توند قۆڵی سیامەندی گرتبوو بۆ ئەوەی لێمان ون نەبێت، ئاخر ئێمە هیچ کوێیەک شارەزا نەبووین و نەمان دەزانی ڕوو لە کوێ بکەین، بۆیە هەر لەگەڵ خۆمان فڕی دایە خوارەوە من توند خۆم بە زەویەکدا دا و لە شوێنێ خۆم نەجولام....
پاش ئەوەی ئۆتۆمبیلەکە گەڕایەوەو تارماییەکەی لەبەر چاوەکانمان ونبوو، ئێمە هەرسێکمان هێشتا لە سەر زەویەکە خۆمان بە زەوییەکە لکاندبوو، دەسترێژی گولە دەستی پێکرد.... لە لای ڕاستمانەوە گوێمان لە دەنگ و هاوار بوو، یەک دوو ناڵەی وەک پێکان کەوتە بەرگوێمان، خودا ئاگای لێیە، تەڕایی گەرماییەک لە پشتە ملمەوە بەناوشانمدا ڕێچکەی بەست، هەستم دەکرد پێکراوم، بەڵام جگە لە گەرماییەک هەستم بەهیچ ئازارێک نەدەکرد....
بە بێئەوەی کەسمان قسە لەگەڵ ئەوی تردا بکات نزیکەی چەند کاتژێرێک تا بێدەنگی بەتەواوەتی ناو دارستانەکەی تەنی ئێمە بە دەمدا بە شێوەیەک خۆمان مت کردبوو گەڵاو چیڵ و چەوێڵەکان دەچەقینە ناو دەممان....
هێشتا وەک سێ لاشەی بێ گیانی کەوتوو لەناو ئەو بێدەنگییە تۆقێنەرەی دارستانە چڕ و تاریکەکدا خۆمان بە زەوییەکەوە مات دابوو، لەسەر یەکێک لە درەختەکان

کونەپەپویەک، کە دەنگی هەر لە دەنگی مرۆڤێک بکات و بانگی خەڵکانێک بکات دەستی بە خوێندن کرد، ئەم خوێندنە ئەگەرچی بێدەنگییەکەی شکاند، بەڵام ترسێکی زۆری خستە دڵمانەوە، چونکە کونەپەپو بە شومی ناسراوەو دەڵێن؛ لەهەر جێگەیەکدا بخوێنێت کارەساتێک ڕوو لەوێ دەکات، جگە لەوەی سەرەتا لەدەنگی مرۆڤێک دەچوو بانگی کەسێک بکات، بۆیە بەبێ ئەوەی وشەیەک چیبە لەگەڵ یەکدا بیڵێین توندتر خۆمان بە زەوەییەکەوە گیرکرد.....

لە پڕێکدا دەنگی فڕینی کونەپەپوەکە، کە باڵەکانی بەر لق و گەڵاکان دەکەوت هەر بەیەکجاری دڵ و ناوکی خستینە خوارەوەو وامانزانی ئێستا دەدەن بەسەرمانداو هەر لە جێگای خۆماندا گوللە بارانمان دەکەن، بەڵام دوای فڕینی ئەو کونەپەپوە نەعلەتییە دیسان بێدەنگی ناو دارستانەکەی بە شێوەیەک تەنی هەستمان بە وەرینی گەڵای درەختەکان دەکرد، کاتێک بەردەبوونەوە....

کات تەواو درەنگی کردبوو نەسیمێک لق و گەڵای دارەکانی بەیەکدا دەدا، هەر دەنگێک لە شوێنێکەوە بهاتایە بە ئاسانی ئەگەشتە گوێی ئێمە، لە پڕ گوێم لە دەنگی مۆسیقاکەی ئارمان بوو....

ئەو مۆسیقا بە شێوەیەک تێکەڵی نەسیمەکە بووبوو گومانی ئەوەی لەلا درووستکردبووین، کە دەنگی زرینگانەوەی گوێمان بێت، بۆیە بە دەست گوشینێک کامشادم تێگەیاند، کە ئایا بەڕاستی ئەویش گوێی لەو دەنگەیە، وەڵامەکەی بەهەمان شێوەی من دەستگوشینێک بوو، بۆیە لە ژێر لێوەوە گوتم؛ ئەی سیامەندیش گوێی لێیە، هێشتا دەمی بە زەویەکەوە چەقی بوو گوتی؛ بەڵی ئەویش گوێی لەو مۆسیقایە و وەک ئێمە گوێی هەڵخستووە تا بزانێت ئەو دەنگە لە کوێوە دێت و ترسی ئەوەی هەیە، کە دێوجامە بێت، بۆیە لەسەرخۆ هاتمە قسەو گوتم: پێی بڵێ نا ئێمە ئەو مۆسیقا باش دەناسین، پێویستە شوێن پێی هەڵگرین بە بێ هیچ کێشەیەک لە مەترسی ڕزگارمان دەکات و ئەمان گەیەنێتە شوێنێکی ئارام و ئاسایش.... گوێم لێبوو سیامەند گوتی؛ ئاخر چۆن دڵنیا بین ئەمە تەڵەیەک نییەو ناکەوینە ناو بۆسەیەکەوە؟ کامشاد لە وەڵامدا گوتی؛ من و شایگان ئەو مۆسیقا باش دەناسین، ئەی بۆ خۆت لەبیرت چوو لە یەختەکەدا لە نوقم بوون ڕزگاری کردین، ئەوە هەر هەمان مۆسیقایە، کە ئارمان، ئەو کوڕەی کچەکەی لە شوقەکە هەڵگرت دەیژەنێت، ئەو ژیانی ئێمەی بەو مۆسیقا ڕزگار کردو جارێک پێی گوتین؛ لەهەر کوێیەک توشی نەگبەتی و ئازار و ئەشکەنجە هاتن و گوێتان لە ئاوازی مۆسیقاکەی من بوو، ئەوە بەبێ مەترسی شوێنی بکەون....

مسیۆ، خۆی بوو، دەنگی مۆسیقاکەی ئارمان بوو، وەک کەسانێک دوای تارماییەک بکەوێت ئاوا ئێمەش دوای ئاوازی مۆسیقاکە کەوتین بەبێ ئەوەی بزانین بۆ کوێمان دەبات. دەنگی مۆسیقاکە لەناو تاریکی و چڕی دارستانەکدا وەک چرایەک

بەرپێمانی ڕوون دەکردەوەو ئێمەش لەسەرخۆ بەدوایدا دەڕۆیشتن تا لە ڕووبارەکەش پەڕینەوەو گەیشتینە ناو دارستانە چڕەکەی ئەوبەر ڕووبارەکەوە ئەو ڕێبەرێکی خودایانە بوو بۆ ئێمە....
ماوەیەکی زۆر بە بێ ئەوەی هەست بە ماندوو بوون بکەین شوێن دەنگی مۆسیقاکە کەوتین، ئیتر لە پڕێکدا بە هێواشی دەنگی مۆسیقاکە دوور کەوتەوە تا بەیەکجاری نەما، سیامەندیش گوتی: وا خەریکە دونیا ڕوون دەبێتەوە پێویستە ئیتر لێرەدا بوەستین و نەڕۆین تا ئێوارەی دادێتەوە، چونکە ئێستا لەنزیکی ئەو شارۆچکەین چەند کاتژمێرێک پێش ئێستا لێوەی سنورداشکراینەوە....
ئەو شوێنە ئێمە بەنیازبووین تا شەوی داهاتوو تیایدا بمێنینەوە دارستانێکی چڕو تاریک بوو. لەهەندێ شوێنیدا گۆمی مەنگی تێدا بوو ڕاوچییەکان دەهاتن و ڕاوی مراویان تێدا دەکرد.
درەختەکان بە شێوەیەک پەل و گەڵاکانیان بەناو یەکدا ڕۆیشتبوو دەرباز بوون بەناویدا ئاسان نەبوو، زەوییەکەشی لقی وشکی کەوتوو لەگەڵ گیاکەڵە و خەشخاش هەموو قاچمانی ڕوشاندبوو، ڕاستت دەوێت لەهەندێ جێگادا کاتێک قاچت دادەنا پێیەکانت ڕۆدەچوونەوە خوارەوەو هەمیشە دەترساین لەپڕ بکەوینە چاڵێکەوە قەت نەتوانین بێینە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ چارێکمان نەبوو جگە لەوەی شوێنێکی چڕتر و بێدەنگ بدۆزینەوەو خۆمانی تا ئێوارە دادێ تیا حەشار بدەین.....
هەرچۆنێک بێت لەو چواردەورە بێشەڵانێکمان دۆزییەوە، ئەوەندە چڕ و تاریک بوو بە پشتە کوڕە و خۆ بچوککردنەوە توانیمان خۆمان بخزێنینە ژوورەوە سەرەڕای ئازارو برینداری جەستەمان بەهۆی لقە وشکەکان کاتێک دەچەقینە سەر جەستەمان و برینداریان دەکرد....
بە شێوەیەکی گشتی ئەم دارستانە زۆربەی درەختەکانی لە پۆلی سنەوبەر بوون لە جنسی ژونیپێروس، پیسیاو ئابیس (Juniperus-Picea-Abies) ئەم جنسەی دواییان سەر بەخێزانی پیناسیایە(Pinaceae) نزیکەی دووسەدو پەنجا جۆری لە یانزە جنسی جیاواز هەیە، کە باڵایان تا حەفتا مەتر بەرز دەبێت.... جۆرێک لە ئابیس لە زۆربەی شوێن بە درەختی پیرۆزیش ناوی دەبەن، چونکە چۆن لەلای موسڵمانەکان لە جەژنی قورباندا بە ڕیز بە تەنیشتی یەکەوە مەڕو گاکان سەردەبڕن و دەیانکەنە قوربانی جەژنەکانیان ئاواش لە جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا بە ڕیز دەیانبڕنەوەو لە شوێنە گشتی و ماڵەکاندا بە گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ ئەیانڕازێننەوە. کەسیش ناتوانێت ڕێگا لەوە بگرێت، جەژن و بۆنە ئایینەکان هەمیشە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێویستیان بە قوربانی هەیە....
ئەو ژێر درەختانەی ئێمە خۆمان تێدا حەشاردابوو، کە هەر لە ئەشکەوتێک دەچوو بە درەخت چواردەوری گیرابێت. درەختەکان چەند جۆرێکی جیاواز بوون لە جنسی

ژونیپیروس. ئەم جۆرە سنەوبەرانە لەم جێگانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەن، کە هەر لە باڵندەیەکی گەورە دەچن و باڵەکانیان بەسەر زەویەکەدا کردبێتەوە....
ئەو جێگای ئێمەی لە ژێریدا خۆمان حەشاردابوو لە جاڵجاڵۆکەیەکی توکن دەچوو لاقەکانی ئەوەندە دوور پەلیان هاویشتبوو بە ئاسانی جێگای پێنج شەش کەس لە ژێریدا دەبوویە... باشی ئەم جۆرە سنەوبەرانە لەوەدا بوو دار تەروویەکی زۆریش لەو چواردەوریان وەک شورا ڕووا بوون، بەمەش شوێنەکەی تەوا کردبوو بە سێبەر، بەڵام سەیر گەرم بوو....
مسیۆ، شوێنەکەمان پارێزراو بوو، دڵنیابووین لەوەی هەر کەسێکیش لەنزیکمانە تێپەڕێت نەتوانێت بمان بینێت، چونکە ئەو سنەوبەرانە ئەوەندە چڕ سەر زەوییەکەیان داگیرکردبوو ئێمە بۆ خۆمان بە ئاستەم توانیمان بڕۆینە ژێرییەوە....
ئەگەر بڵێم؛ لەگەڵ ئەوەشدا جێگاکەمان باش بوو ڕاست ناکەم، لەبەر ئەوەی شوێنی باش کوا لەم دونیادا ماوە تا من بەو جێگا بڵێم باش، ڕەنگە تەنها باشییەکەی هەر ئەوە بووبێت لە دەستگیرکردن دەیپاراستین و هیچی تر، ئەگینا سەرەڕای ئەو هەموو مێروولەی تێیدابووین هەندێ تۆز لە گەڵاو لقەکان بەر دەبوونەوەو دەڕۆیشتتە ناو گیانمانەوە لەتاو ئاڵۆش و خورین وەخت بوو ئاگر بگرین، جا بیهێنە پێشچاوی خۆت عارەقەیەکی باشیشت کردبێ.....
بەهەر دەردی سەرییەک بوو ئەو ڕۆژەمان لە ژێر ئەو زەمەند و بێشەڵانەدا تێپەڕاند و لەگەڵ خۆرئاوا بووندا هاتینە دەرەوەو بیرمان لەوە دەکردەوە، چۆن بتوانین خۆمان لەناو ئەم دارستانەدا دەرباز بکەین و بگەینە سەر ڕێگایەکی سەلامەت، چونکە لە زیندانەکە گوێم لێ بوو یەکێک باسی ئەم دارستانەی دەکردو دەیگوت؛ کە چەند کەسێک پێش ماوەیەک لەم دارستانەدا سێ شەوو سێ ڕۆژ بە دەوری خۆیاندا خولاونەتەوەو دواجار هاتوونەتەوە ئەو جێگای یەکەمجار لێی بوون....
سیامەند بەتەمەن لە ئێمە گەورەتر بوو، دیاربوو ئەزموونیشی لە ئێمە زیاتر بوو، پێشتریش جارێک بەم ڕێگادا هاتبوو، بۆیە من و کامشاد هەر چاوەڕوانی بڕیار و قسەی ئەومان دەکرد، ئەویش دوای بیرکردنەوە قسەیەکی زۆر ژیرانەی کرد بۆ ئەوەی بەبێ کێشە لە دارستانەکە بڕۆینە دەرەوە، ئەویش ئەوەبوو لە هەندێ دەلاقەوە جاربەجار ڕوناکی گڵۆپەکانی شارۆچکەکە دەردەکەوتن، بۆیە ئەو گوتی؛ نابێ ئێمە بترسین لەوەی بەرەو شارۆچکەکە بڕۆین، دەزانم ئەمە مەترسیدارە بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوەیە لە دارستانەکە بڕۆینە دەرەوە، دواتر ڕێگاکەمان دەگۆڕین، ئەگینا ڕەنگە تا سبەینێ لەناو ئەم دارستانەدا بۆ خۆمان بخولێینەوە....

مسیۆ، ئەو ڕاستی کرد، هەروەک ئەو گوتی: وەهامان کردو دوای یەک دوو کاژمێرێک لە دارستانەکەوە سەرمان دەرهێنایە دەرەوە، ئیتر بە هۆی گڵۆپی شارۆچکەو گوندەکانەوە بەرچاومان ڕۆشن بوو تا بزانین لە کوێداین و بەرەو کوێ دەڕۆین....
هەندێ ڕووداو، کە لەچاوەڕوانی مرۆڤدا نین وەک فریادڕەسێک لەکاتی خۆیدا پەیدا دەبن، کە ڕەنگە هەندێجار بەتایبەتی بە شوێنیدا بگەڕێین و چاوەڕوانی بکەین بەڵام تۆ ماندوو ببین و ئەو هەر نەیەت....
تاریکی دونیای لەناو خۆیدا قوتدابوو، تەنها ڕێبەرو نەخشەی ئێمە ئەستێرەکانی ئاسمان و ڕوناکی گڵۆپەکانی ئەو شارۆچکەو گوندە بچوکە دوورەکان بوون، کە ئێمە بە ئاراستەیاندا دەڕۆیشتن، لە پڕێکا لە ملەیەکی بچوکەوە دابەزینە خوارەوە بۆ نا زەبەندێک.... دیار بوو گۆمێکی گەورەی لێ بوو، ئەوەی ڕوویدا ئەوەبوو هەر لەگەڵ بە خێرایی دابەزینە خوارەوە بۆ ئەوەی لە ئاسۆکەوە، کەس نەمان بێنێت، گوێمان لەدەنگی چەند کەسێک بوو بەرەو زەمەندەکە هەڵاتن، ئیتر ئێمە لە ترسی ئەوان، ئەوان لە ترسی ئێمە نەماندەزانی چۆن و لە کوێدا خۆمان بشارینەوە...
سیامەند هاواری کرد ڕاکەن.... ئێمە دەستمان بە ڕاکردن کرد، کەچی یەکێک لە دواوە بانگی کرد سیامەند، سیامەند.... لە پەنایەکدا وەستاین تا ئەوان گەیشتن، هاوڕێکەی سیامەند بوو لەگەڵ کوڕێکی تردا.... دوای هەواڵ پرسین و باسی ئەو ڕووداوانەی شەوی ڕابردوو، باس هاتە سەر باسی ئێستا، ئەو دوو کوڕە شارەزای ڕێگاکان بوون، بەڵام گوتیان؛ ئەمجارە سەرمان لێشێواوەو ڕێگاکانی پێشومان بۆ نادۆزرێتەوە بۆیە با کەمێک چاوەڕوان بکەین تا شەمەندەفەرێک دێت، ئیتر هەموو شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە....
مسیۆ، ئەوەیە ئەڵیم؛ زۆرجار ئەوەی تۆ بە حەسرەتەوە بە شوێنیدا خۆتی بۆ ماندوو دەکەیت هەندێ جار خۆی بە قاچەکانی خۆی دێت بۆ لات، چونکە دوای ئەوەی ئێمە بووین بە پێنج کەس و کەسی شارەزاشمان لەگەڵ کەوت، چەند خولەکێکی نەخایاندا شەمەندەفەرێک بە منگە منگ پەیدا بوو، کە بەرەو شارۆچکەکە دەچوو، ئیتر لە نێوان قسەکانی ئەواندا هەستم بە خۆشی و گەشبنییەک دەکرد، کەوا کارەکانمان بە باشی بەڕێوە دەچن.....

***** ***** *****

مسیۆ، کێشەی هەموو ئەوانەی دەبوو ئەو هەموو سنوورە ببڕن بۆ ئەوەی بگەنە قوڵایی شارەکانی ئەو وڵاتە ناشارەزایی بوو، کەسیان نە نەخشەیان پێبوو نە شارەزایەکیان لەگەڵدا بوو، تەنها ڕێنیشاندەرێک ئەوەبوو هەر لە سنوور بەڕینەوە

هێڵێکی شەمەندەفەر بدۆزنەوەو بە تاریکە شەو بەسەر ئەو هێڵەدا بڕۆن تا دەگەنە ئەو شارانەی بە دەیان کیلۆمەتر لە سنوورەوە دوورن، ئیتر لەوێوە بە شەمەندەفەر یان ئۆتۆبوس بگەنە پایتەخت، ئەمەش کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو، چونکە ئەو شەوە ئێمە بە سەر هێڵی شەمەندەفەرەکەدا چەند کاتژمێرێک ڕۆیشتین تا گەیشتنە تونێلێک، ئیتر لەبەردەم دەروازەی تونێلەکەدا پشوویەکمان داو یەکێک لە هاوڕێکانی سیامەند، کە ناوی عەلی بوو گوتی: دەبێت لێرەدا چاوەڕوان بکەین تا شەمەندەفەرێک تێپەڕ دەبێت، چونکە وەک دەڵێن هەموو نیو کاتژمێر جارێک شەمەندەفەر دێت، پاشان دەتوانین بە خێرایی بەناو تونێلەکەدا تێپەڕ ببین ئەگینا وەک ئەوانەمان لێ دێت پێشتر توشی کارەسات هاتوون....
منیش دیسانەوە هەر لەگەڵ ناوی کارەسات هات گوتم؛ کارەساتی چی؟. لە وەڵامدا گوتی؛ پێشتر کەس ئەم زانیاریانەی نەبوو، کە شەمەندەفەرەکان نیوکاتژمێر جارێک دێن، بۆیە هەر ملیان ناوەو کاتێک لە نیوەی تونێلەکەدا بوون شەمەندەفەر هاتووەو لەگەڵ خۆیدا شێلاونی و چەندین کەس بەم هۆیەوە گیانیان لەدەست داوە، بەداخەوە، لەناو ئەم تونێلانەدا چەندین کەس گیانیان سپاردووە، بۆیە دەبێت هەر لەگەڵ شەمەندەفەرەکە تێپەڕبوو، ئێمە زۆر بە خێرایی خۆمان بگەیەنینە ئەو دیوی تونێلەکە....
هەرکە گوێم لەم قسانە بوو دیسان ترس ڕۆچووە ناو دڵمەوەو توشی هەمان حاڵەتی شەوی سنورداشکردنەکە بوومەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەم دەتوانی هیچ بکەم، ڕێگای مەرگ بوو هەر ئەبوو وەک ڕێگاکانی تر تاقی بکەمەوە....
ماوەیەکی زۆر دانیشتین، عەلی جار جار گوێی بە ئاسنی هێڵی شەمەندەفەرەکەوە دەنا، لە پڕ گوتی؛ ئەوە شەمەندەفەرەکە هات، دەبێت خۆمان تەواو بۆ دەربازبوون ئامادە بکەین....
خودایە؛ دوای ئەو قسەیە چەند ترسام، لەرزێکی خراپ ڕۆچووبووە ناو گیانمەوە لەگەڵ ئەوەشدا چین چین ئارەقەم دەردەداو قاچەکانم هێند قورس و ماندوو بوون بە ئاستەم بە شوێنمدا دەهاتن.... بەو کۆڵەپشتە قورسەی شانمانەوە بەناو ئەو تونێلە تاریکەدا ڕامان دەکردو دڵم تا دەهات خێراتر لێی دەدا.... دەنگێک بەردەوام لە گوێچکەمدا دەزرنگایەوە، دەنگی پێچکەی شەمەندەفەرێک بوو، کە لە ئان و ساتدا دەگاتە ناو تونێلەکەو لەگەڵ خۆیدا دەمانبات و لاشەکەمان ئەنجن ئەنجن دەکات.
بەدەم ئەم دەنگە تۆقێنەرەو خەیاڵە ترسناکەکانی ناو مێشکم بەدوای ئەواندا هەڵدەهاتم.... ئەو دیمەنەی لەو تونێلەدا بینیم تەواو جیاوازبوو لەهەموو ئەو دیمەنانەی پێشتر دیبووم یان ئەزموونم کردبوو.... بۆ نمونە لەهەر کێشە و قەیرانێکدا هەمیشە کامشاد خۆی بە منەوە دەنوساند و توند دەستەکانی دەگرتم،

بەڵام ئەو شەوە بینیم بە خێرایی لە پێشی منەوە بە دوای ئەواندا ڕادەکات و بۆ یەکجاریش نەمبینی ئاوڕ بداتەوە تا بزانێت من ماوم یان نا....!.
ئەو شەوە بۆ یەکەمجار بۆم دەرکەوت لە کاتی نزیکبوونەوەی مردندا کەس جگە لە خۆی بیر لە کەسی تر ناکاتەوە، بۆم دەرکەوت لەکاتی مەترسی و ترسدا مرۆڤ نایەوێت تەنها بێت و پەنا بۆ هەموو شتێک دەبات، کە لە نزیکییەتی، بەڵام لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مردندا مرۆڤ نایەوێت لەکەسەوە نزیک بێت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی دەرباز بکات.
هەر لەگەڵ لە تونێلەکە دەرچووینە دەرەوە هەناسەم وا سواربووبوو توانای دوو مەتر ڕێکردنم نەمابوو، بۆیە لە دڵی خۆمدا گوتم؛ خوایە گیان بەجێم نەهێڵن، بەڵکو لە شوێنێکدا بۆ پشوو لابدەبن، کەچی وەک ئەوەی گوێیان لە دوعاکەی من بووبێت یەکسەر لە هێڵە ئاسنینەکان دوورکەوتنەوەو لە تەختاییەکدا خۆیان بە زەویدا دا.
کاتێک منیش بە هەسکە هەسکە گەیشتمە لایان ئەوان لە من ماندووترو ترساو تر دیاربوون و بۆ ماوەیەک کەس توانای یەک وشەی لەگەڵ ئەویتردا نەبوو بۆ وتن.
مسیۆ، مرۆڤ چ بوونەوەرێکی سەیرە! ئەو تونێلە درێژییەکەی نیو کیلۆمەتری تێپەڕ نەدەکرد، ئەگەر لە کاتی ئاساییدا مرۆڤ بیەوێت پیاسەیەکی هێمن و لەسەرخۆ بە ماوەیەکی ئەوەندە درێژدا بکات نازانێت بە چەند چرکە تێئەپەڕێت، کەچی بۆ ئێمە ئەو ماوە بوو بوو بە دەیان کیلۆمەترو تەواو نەئەبوو....
مسیۆ، لەوە ناچێت ئیتر تاقەتی قسەم مابێت، چونکە وا دەمم وشک بوو، شەوگار درەنگی کردو تەواو ماندوو بووم، تۆ ئەوە دەزانی ئەو پەنیرە لەگەڵ شەرابدا بۆ خۆی چەند ئاوکێشە، جا وەرە بە کاتژمێریش چەنەبازی بکەیت و باسی ئەو تونێلە تۆقێنەرانەی ژیان بکەیت، کە پیاندا تێپەڕیویت، بۆیە باشترە لێرەدا بوەستم و ئەو گۆرانییەت بۆ بڵێم، کە لەئارمانەوە فێربووم.....

## شەوی چوارەم

مسیۆ، دوای ئەوەی نۆ دانە شەو بە ڕێگاوە بووین، ئەڵبەتە چیرۆکی ئەو نۆ شەوە وەک چیرۆکە ئەفسانەییەکان ڕەنگە بە گێڕانەوە خۆش و ئاسان بن، ئەگینا دەردی

سەری نەما لەو ڕێگایەدا نەی بینین، هەر لە ترس، برسێتی و تینوێتییەوە بگرە تا بێخەوی و ماندوو بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی خەون و هیوایەک لەبەردەمماندا هەبوو، کە دەبوو پێی بگەین و بەدەستی بهێنین هەموو شتێکمان فەرامۆش کربوو تەنانەت خۆشمان....

ئەگەرچی هەموو هیوایەکی ئێمە لەو نۆ ڕۆژەدا ئەوەبوو، کە زوو خۆر ئاوا ببێت و بتوانین شەو درێژە بە ڕێگاکەمان بدەین، بەڵام هەموو ئێوارەیەک دوای خۆرئاوابوون و بە تایبەتی ئەو کاتانەی بەلای گوند یان شارۆچکەیەکدا تێپەڕ دەبووین و سەیری گڵۆپی ماڵ و شەقامەکانم دەکرد خەمێکی قووڵ بە شێوەیەک سەرسینەی دەگرتم تا ئێستاش هەر لەگەڵ خۆر ئاوا دەبێت و دەبینم خەڵک بەرەو ماڵەکانیان دەگەڕێنەوەو گڵۆپی ماڵەکان لە پەنجەرەکانەوە ڕوناکی دەدەنە دەرەوە هەمان هەستی خەمهێنەر یەخەم دەگرێت.

نازانم ئەو هەستە غەمگینە چی بوو وەک مۆتەکە سەرو دڵی دەگرتم! شەوان کاتێک دونیا خامۆشی باڵی بەسەردا دەداو لە دوورەوە بە دەگمەن ئۆتۆمبیلێکیشت لەسەر شەقامەکان دەبینی هەستێکی تەنهایی قووڵت تیا درووست دەبوو. چونکە لەو کاتانەدا خەڵک دەڕۆیشتنە ناو جێگەکانیان بۆ خەوو بە ئاسودەیی دەنووستن دونیا جۆرێک ئارامی بە خۆیەوە دەبینی، بەڵام ئێمە دەبوو زۆرترین ڕێگا ببڕین بۆ ئەوەی لەو جێگای پێویست بوو پێی بگەین نزیک ببینەوە....

ئەو شەوەی ئیتر دوا شەو بوو بە ڕێگاوە بین، گەیشتنە نزیک شارێک لە شارە گەورەکان و لە دەروازەی شارەکەدا لەسەر چەمێک لاماندا، ئەڵبەتە دوایی بیستمان، کە کاتی خۆی ئەلیکساندەری گەورە پێش ئەوەی پەلاماری وڵاتەکانی ئێمە بدات و داگیریان بکات بۆ پشوودان لەسەر ئەو چەم لایدابوو....

کات دەمەو بەیانی بوو، هێشتا دونیا بوم و لێڵ بوو، کە دابەزینە سەرچەمەکە، خودا ئاگای لێیە دوو ڕەشمارمان لێ پەیدا بوو، کە بەیەکدا ئاڵابوون، هەر بە فیشکە فیشک خەریکبوو زراومان بتەقێنن، ئاخر ئەگەر ئەوانیش وەک ئێمە نەگبەت نەبووبان، شوێن نەمابوو ئەو سەر چەمە نەبێت بەو بەیانییە عەشقی تیا بگۆڕنەوە....! هەرچۆنێک بێت هەم لە ئێمەو لە ئەوانیش تێکچوو، بۆیە هەڵاتین بۆ جێگایەکی دوورتر، بەڵام چۆن هەڵاتنێک، مەگەر لەناو تونێلە تۆقێنەرەکاندا بەو ترسەوە هەڵاتبێتین....!.

ئەوەی بەو دەمەو بەیانییە بۆ ئێمە پێویست بوو، ئەوەبوو کەمێک دەم و چاومان بشۆین و قژەکانمان چاک بکەین و ڕیش بتاشین پاشان وەک خەڵکی ئاسایی بڕۆینە ناو شارەوەو نەبینە جێگای سەرنجی ئەو کەسانەی لەسەر شەقامەکان ئەمانبینن، چونکە مرۆڤ لە حاڵەتی وادا هەر لەخۆیەوە وا هەست دەکات ئەو خەڵکە هیچ ئیش

و کارێکیان نییە بەس تەماشای ئەوان دەکەن، بۆیە لەم جێگانە مرۆڤ تەنانەت گومان لە سێبەرەکەی خۆیشی دەکات....
هەموو ئەو کارانەی پێویست بوون بە خێرایی لەسەر چەمەکە ئەنجاماندان. دونیا خەریکبوو ڕوناک دەبووەوە بەسەر دوو گروپدا دابەش بووین. ئاخر نەدەکرا هەموومان پێکەوە بڕۆینە ناو شارەوە، هەر دەبوو دابەش ببین و بە جیا بڕۆینە ناو شارەوەو ئەگەر لە وێستگای شەمەندەفەر یان ترمینالی ئۆتۆبوسەکانیش یەکترمان بینییەوە وا نیشان بدەین یەکتر ناناسین، ئەمەش کەمتر نیشانەی پرسیار و گومانی لەسەر درووست دەکردین.
من و کامشادو سیامەند پێکەوە بووین بە گروپێک و عەلی و هاوڕێکەی گروپەکەی تر. خودا ئاگای لێیە عەلی بەو دەمەو بەیانییە جۆرە عەترێکی لە خۆی دابوو ئەوەندە توند بوو هەتا ئێستاش بۆنەکەی لەناو لوتمدا ماوەتەوە، گوێم لێبوو سیامەند پێی گوت؛ هەتیو بۆگەنی چڵک و ئارەقەکەت ئەوەندەی بۆنی ئەم عەترە مرۆڤ بێ وەڕەس ناکات....
دوای ئەوەی لەیەکتر دوور کەوتینەوەو هەریەکەمان ڕێگایەکمان هەڵبژارد. سیامەند بە ئێمەی گوت؛ بە هیچ شێوەیەک نزیکی وێستگای شەمەندەفەر نابینەوە چونکە من پێشتر جارێک لەوێ دەستگیر کراوم و هەمیشە پۆلیسی لێیە، باشترین شوێنێک بۆ ئێمە ترمینالی ئۆتۆبوسەکانە، لەبەر ئەوەی هەمیشە قەرەباڵغە و پڕە لە مرۆڤی جۆراو جۆرو دەستفرۆش و هەژار، لەو شوێنانەدا دەتوانین ونبین و کەس گومانێکی لێمان نەبێت کەسانێکین بە بێ هیچ بەڵگەو مۆڵەتێک هاتووینەتە ناو ئەم وڵاتەوە....
ئەگەر لە پایتەختیش دەستگیرمان بکەن وەک پەناهەندەیەک خۆمان دەناسێنین، لە خراپترین حاڵەتیشدا قبوڵمان نەکەن ڕەوانەی هیچ وڵاتێکمان ناکەنەوە، بەڵکو بەڵگەیەکمان بۆ کاتێکی دیاریکراو دەدەنێ تا بتوانین بە شێنەیی ئەو وڵاتە بە جێ بهێڵین، ئەمەش دەرفەتی ئەوە دەدات لەو ماوەدا ڕێگایەک بۆ دەربازبوون بدۆزینەوە....
مسیۆ، ئەو دەمەو بەیانییە کزەبایەکی فێنکی دەهات، ئێمەش بەدوای یەکدا ماوەیەک بە کەناری چەمەکەدا ڕۆیشتن لە پڕ دیسان ئاوازی مۆسیقاکەی ئارمان گوێچکەمانی پڕکرد. لە تەنیشتەوە شانێکم لە شانی کامشاد دا بۆ ئەوەی بزانم ئەویش ئەو ئاوازە ئەبیستێت، بەڵام دیاربوو زۆر دڵخۆش دیاربوو بە توندی دەستێکی بە پشتمدا کێشا....
بەڵێ، خۆی بوو، ئارمان بوو، لەگەڵ کچەکەدا لە پێشمانەوە ڕێیان دەکردو ئارمان مۆسیقای دەژەنی و کچەکەش گۆرانی دەگوت، بە دەم گۆرانی و مۆسیقا ژەنینەوە

سێبەرە سپییەکانیان دەڕۆیشتن و ئێمەش بە دوایاندا شوێن تارماییەکانیان کەوتبووین.
ماوەیەکی زۆر وەک ئەو کەسانەی بە دەم خەوەوە ئەکەونە ژێر سیحری دەسەڵاتی تارماییەکەوەو بە بێدەنگی دوای دەکەون بە بێ ئەوەی بزانن ئەو تارماییە بۆ کوێیان دەبات شوێن تارماییەکەی ئارمان کەوتین. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تارمایی نەبوو، ئەمە سێبەری ئەوان بوو لە پێشی ئێمەوە دەڕۆیشتن، سێبەرە سپییە ڕوونەکانیان ئەوەندە زیندوو بوو دڵنیابووین، کە بۆ خۆشیان لەو ناوە بوون و ئێمە نەماندەتوانی بیانبینین.... لە پڕ من قسەیەکی ئارمانم وەبیر هاتەوە، گوتی؛ بەتەنها ئەوەی لە لەناوچوون دەمانپارێزێت مۆسیقایە، مۆسیقا ناهێڵێت پیر بین و دواتر بمرین، بەڵکو بە زیندوێتی دەمانهێڵێتەوەو لەهەموو کارەساتەکان دەمانپارێزێت....
کاتێک ئارمان بۆ دواجار لە زیندانەکە ماڵئاوایی لێکردین گوتی؛ هیچ خەمتان نەبێت، ئەگەر قەدەر بێت ئێمە یەکتر ببینینەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە یەک دەبینینەوە، دڵنیابن لەهەر کوێ بن من بە جێتان ناهێڵم، بەڵام دەبێت چۆن سۆفییەک لە خەڵوەتێکدا بڕوای بە ڕوناکی خودا هەیە، کە هەر ڕۆژێک بێت برژێتە ناوییەوەو لەناو خۆیدا بیتوێنێتەوە، دەبێت ئێوەش ئاوا بڕواتان بە هێزی مۆسیقا بێت، کە لەناو ڕۆح و هەناسەی خوداوە دێتە دەرەوەو دەستمان دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا بەسەر هەموو کۆسپ و ناخۆشییەکاندا دەمانبات بۆ شوێنێکی ئارام تا بتوانین بحەسێینەوە....
ئێمە بەردەوام وەک ئەوەی جادومان لێکرابێت، بەدوای سێبەرو ئاوازی گۆرانی و مۆسیقاکەی ئەواندا دەڕۆیشتین بە بێ ئەوەی قسەیەک لەگەڵ یەکدا بکەین تا ئەو کاتەی دیسان سێبەرەکەیان لەگەڵ ئاوازەکان بە هێواشی کاڵ بوونەوەو لەبەرچاوان ونبوون، ئێمەش کەوتینە سەر ڕاستە شەقامێکی کەمێک قەرەباڵغ، کە زۆربەی خەڵکەکەی بە یەک ئاراستەدا دەڕۆیشتن....
ئێمەش بە بێ ئەوەی خۆمان بشڵەژێنین و سەر لەخۆمان تێک بدەین ماوەیەک بەو ئاراستەدا ڕۆیشتین تا گەیشتنە دەروازەیەکی گەورە، کە دیاربوو ترمیناڵی ئۆتۆبوسەکان بوو....
دوای ئەوەی ڕۆیشتینە ناو ترمیناڵەکەوە سیامەند ئێمەی لە شوێنێکدا داناو گوتی؛ ئێوە لێرەبن تا من نەگەڕێمەوە نەجوڵێن.... خوادایە ئەو ساتانە چەند بێزارکەرو دڵگوشێنن، کە لە چاوەڕوانییەکی تۆقێنەردا بەسەری دەبەیت، مەگەر من بزانم چرکەیەک لەو چرکە ساتانە چ مانایەکی هەیەو چەند درێژو تاقەت پڕوکێنە...!.
سیامەند ماوەیەکی پێچوو نەگەڕایەوە، ئێمەش وەک ئەوەی لەسەر ساجێکی گەرم وەستابین و هێواش هێواش گەرماییەکە لە قاچمانەوە بۆ ناو لەشمان سەربکەوێت

ئۆقرەمان لێبڕابوو، سەرەڕای ئازاری نیگای ئەو کەسانەی بەلاماندا تێدەپەڕین، سەیرکردنی هەرکەسێک کاتێک بەلاماندا تێپەڕدەبوون هەموو هیواو ئومێدێکی تیا ورد دەکردین و لێدانەکانی دڵمانی خێراتر دەکرد....

کامشاد حاڵی لەمن باشتر نەبوو، چونکە ئەویش وەک من بە جۆرێک پەشێوحاڵ بوو نەیدەتوانی قسەیەک چییە لە زاری بێتە دەرەوە.

تا چاوەڕوانییەکەمان درێژەی دەکێشا هێزی قاچ و ئەژنۆکانمان لاوازتر دەبوو. کابرایەکی ڕیشنی پیر بەلاماندا تێپەڕبوو نیگایەکی تێگرتین هەموو هیواو ئومێدێکمان لەدەست دا، بەتایبەتی دوای ئەوەی گەڕایەوەو لێمان نزیکبووەوەو لەسەرەوە بۆ خوارەوە لێمان ڕاما، ئیتر من خەریکبوو بتەقمەوەو پڕ بە قورگم هاوار بکەم و بڵێم؛ تکا دەکەم وەرن بمانگرن، ئێمە قاچاخین و بە بێ هیچ بەڵگەو ناسنامەیەک هاتووینەتە ناو ئەم وڵاتەوە، تکا دەکەم چیتر بەرگەی ئەم ئازارە ناگرم و وەرن ڕزگارمان بکەن....

مسیۆ، هەر بەڕاستی تەواو لە ناخەوە پڕبووبووم و دەمویست بقیژێنم و بەو بەیانییە زووە هەموو ئەو خەڵکە بهێنمە سەیری خۆم. کابراش ئاوڕێکی بۆ دوای خۆی دایەوەو جگەرەیەکی داگیرساند و دیسان لەسەرەوە بۆ خوارەوە لێمانی دەڕوانی لەپڕ سیامەند پەیدا بوو گوتی؛ دەبێت بە پەلە بڕۆین، کابرای پیرەش سەرێکی ڕاوەشاندو لێیدا ڕۆیشت. خێرایی دڵمان دە هێندە زیادی کرد، چونکە سیامەند زۆر شپرزە بوو، دەمانزانی شتێک ڕوویداوەو دەبێت بە زووترین کات ترمیناڵەکە بە جێ بهێڵین.

ئەو خێرا بەناو خەڵکەکەدا لە پێشی ئێمەوە دەڕۆیشت و جاربەجارێک وەک ئەوەی دڵنیا بێتەوە، کە ئێمەی بە دواوەین ئاوڕێکی دەدایەوەو بەردەوام دەبوو لە ڕۆیشتن، تاگەیشتنە شوێنێک ئۆتۆبوسەکان بە ڕیز بە تەنیشت یەکەوە وەستابوون و چاوەڕوانی نەفەرەکانیان دەکرد، ئیتر کەمێک خێراییەکەی کەمکردەوەو گوتی؛ ئا ئێرەیە، تەنها پێنج خولەکمان ماوە، دەبێت زوو بکەین....

ئۆتۆبوسەکان ژمارەیان لەسەر بوو، هەروەها لە شوێنی وەستانەکانیان تابلۆی گەورە، کە ژمارەی لەسەر بوو هەڵواسرابوو. باش لەبیرم نەماوە، ئێمە دەبوو سواری ژمارە چەند بین ئەوەندە نەبێت ئۆتۆبوسێکی شینی نیلی بوو هەندێک هێڵی سپی و چەند شتێکی لەسەر نووسرابوو....

سیامەند لە پێشی ئێمەوە ڕۆیشت و بلیەتەکانی دایە دەستی ئەو پیاوەی لەبەردەرگای سواربوونی ئۆتۆبوسەکەدا وەستابوو. دوای ئەوە سواربووین هێشتا دڵمان هەر بە خێرایی لێی دەدا و دەترساین ئاشکرا ببین و ڕیسەکەمان ببێتەوە بە خوری.

سیامەند لە تەنیشت ئێمەوە لەسەر کورسییەک بە تەنها دانیشتبوو، من و کامشادیش بەتەنیشت یەکەوە لەسەر کورسییەک، بەڵام تاقە وشەیەک چییە لەگەڵ یەکدا نەدەدواین و ئەگەر هەرکەسێکیش بەلاماندا تێپەڕ ببوایە قەت هەستی نەدەکرد ئێمە دوور بە دووریش یەکتر دەناسین....

***** ***** *****

مسیۆ، ئەو پێنج خولەکەی سیامەند گوتی تا ئۆتۆبوسەکە کەوتەڕێ بە پێنج ساڵ لە ئێمە تەواو بوو. ئەو پێنج خولەکە وەک ئەوە وا بوو لەسەر ئاگرێک دانیشتبم، تاوێک خۆم دەکرد بە نووستوو، تاوێک وەک مرۆڤێکی بێتاقەت سەری خۆم بەلای پەنجەرەکەدا لار دەکردەوە، لە ژێرەوە بە تیلەی چاو سەیری کامشادو سیامەندم دەکرد ئەوانیش دیاربوو بە درۆوە چاوەکانی خۆیان داخستبوو....
ئۆتۆبوسەکە لە شوێنی خۆی جولا، کەمێک لە شار دوورکەوتەوە، بەڵام هێشتا ئێمە هیچ قسەیەکمان لەگەڵ یەکدا نەدەکرد، تەنها ئەوەندە نەبێت بە نیگا یەکمان ئەدواندو بزەیەکی سارد ئەکەوتە سەر لێوەکانمان....
دیارە نازانم چەند جار، بەڵام دەزانم چەندجارێک بۆ دابەزاندن و سەرکەوتنی نەفەری تر لە شارەکانی سەر ڕێگا لایدا. هەروەک پێشتر هەر لەگەڵ لە ترمیناڵێک لای دەدا ئێمە وەک ئەوەی لە ڕێگایەکی زۆر دوورەوە هاتبین و ماندووبین خۆمان دەکرد بە نووستوو، کاتێکیش لە شارەکە دوور دەکەوتەوە چاومان دەکردەوەو بە نیگا لەگەڵ یەکتر ئەدواین....
ئەو کاتەی ئێمە گەیشتنە پایتەخت دوا نیوەڕۆ بوو. دوای ئەوەی بەپەلە لە ترمیناڵەکە هاتینە دەرەوە هەستمان بە ماندووبوون دەکرد، لەهەموو کاتێک زیاتر ماندوو بووین، بەڵام چۆن جێگایەکمان بۆ پشوو دەست بکەوێت!.
سیامەند دەستی بە گیرفانیدا کردو هەندێ کاغەزی دەرهێناو تاوتوێی کردن، پاشان یەکێکیانی لێ جیاکردەوەو گوتی ئەمە خۆیەتی. ئێمە نەماندەزانی ئەو کاغەزە چییە، بەڵام ئەو بە دەستیەوە هەر ئەمدیو ئەودیوی پێ دەکردەوە و لەبەر خۆیەوە چەند وشەیەکی دەگوت....
دوای چەند خولەکێک گوتی: وەرن با کەمێک لێرە دووربکەوینەوە، تەکسییەک دەگرین بۆ ئەم ئەدرەسە، ئەمە هی برادەرێکمە ئەو دەمێکە گەیشتۆتە ئێرەو لەنامەیەکدا بۆی نووسیوم هەرکاتێک گەشتیتە پایتەخت لەم ئەدرەسە ئەمدۆزیتەوە.

سەرەتا ئێمە دڵمان خۆش بوو، دیاربوو سیامەندیش هەروەک ئێمە بیریی دەکردەوە، کە ئەوە ماڵی ئەو بێت یان شوێنێکی نیشتەجێ بێت و هیچ نەبێت بتوانین پشوویەک بدەین و خۆمان بشۆین، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئێمەوە ئەدرەسەکە چایخانەیەک بوو، کە هەرچی لانەوازو پەناهەندەی قاچاخ و بێ بەڵگە بوو لەخۆی کۆکردبووەوە....

نازانم چەنێکی خایاند، بەڵام ئەوەندەمان زانی تەکسییەکە لە شەقامێکی تەسکدا، کە یەک ئۆتۆمبیل دەیتوانی پێیدا تێپەڕ ببێت ڕاوەستاو دەستی بۆ جێگایەک درێژکرد، کە هەندێ مێزو کورسی لەبەردەمیدا دانرابوو.... لە کاتێکی وادا تۆ دەتوانیت چی بکەیت و چی بڵێیت، کە هیچ زمانێک نازانیت و هیچ شوێنێکیش شارەزا نیت!.

بە بێدەنگی دابەزینە خوارەوە، شەقامەکە لەگەڵ ئەوەی تەسک بوو بەم بەرو ئەوبەردا پڕبوو لە دەستفرۆش و بە شێوەیەک قەرەباڵغ و پڕ هات و هاوار بوو هەر لە شەیتان بازاڕێک دەچوو بۆ خۆی.

سیامەند گوتی؛ هیوادارم بەهەڵە نەهاتبینە ئێرە، چونکە وا کات بەرەو ئێوارە دەڕوات و ئەگەر کەسێک یان شوێنێک پەیدا نەکەین، ئەوا بێگومان شەو لە زیندان بەسەر ئەبەین....

دوای ئەوەی ڕۆیشتینە ناو چایخانەکەوە بۆنی دووکەڵی جگەرەو نێرگەلە مرۆڤی ئەخنکاند، بە شێوەیەک قەرەباڵغ و پڕ دەنگە دەنگ بوو کەس لەکەس تێ نەدەگەیشت. سیامەند بە ئێمەی گوت؛ لەبەردەم دەرگاکەدا چاوەڕوان بکەین تا لەهەندێ کەس پرسیار دەکات و سۆراخی ئەو هاوڕێیە دەکات. چاوەڕوانی ئەمجارەمان تەواو جیاواز بوو لە چاوەڕوانییەکانی تر، چونکە کەمێک دڵمان خۆشبوو، کە قۆناغە مەترسیدارەکانمان بڕیبوو، نازانم، هیچ نەدەترساین، ئەگەرچی چاوەڕوانییەکە کەمێک دوودڵی کردبووین، ڕەنگە پەیوەندی بەوەشەوە هەبووبێت هەموو ئەو خەڵکەی لەوێ ئەمانبینین وەک ئێمە وابوون و هەمان چارەنووسی ئێمەیان هەبوو....

دوای ماوەیەک سیامەند لەگەڵ کوڕێکدا گەڕایەوەو ئێمەی پێ ناساند، بیرم نەماوە ناوی ئەو کوڕە چی بوو، تەنها ئەوەندە دەزانم هاوڕێی هاوڕێکەی سیامەند بوو، ئەو پێی گوتین؛ دەبێت کەمێک لێرە چاوەڕوان بکەین تا ئەو پەیدا دەبێت، چونکە لەسەر شەقامەکان کاری دەستفرۆشی دەکات و هەندێ ئێوارە بۆ هەواڵی نوێ سەرێک لێرە دەدات....

مسیۆ، ئەوانەی ماوەیەک بوو لەوێ بوون ڕۆژانە ناچار بوون بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان لەسەر شەقامەکان بە نا یاسایی کاری دەستفرۆشی بکەن، ئەمەش وەک

باسیان دەکرد بە هۆی ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنیان لەلایەن پۆلیسەوە زۆرجار توشی زیان دەهاتن.
سیامەند گوتی؛ هیچ چارێکمان نییە جگە لەوەی لێرەدا چاوەڕوان بکەین تا فەرهاد ئەگەڕێتەوە. لەکاتی چاوەڕوانکردندا، کە لەسەر کورسی و مێزێکی چایخانەکە دانیشتبووین من هەر خەیاڵم لەلای ئەو شەقامە جەنجاڵە پڕ لە هەرایە بوو بە بەردەوام لەخەڵک جمەی دەهات.... کاتێک لەم شەقامەت ئەڕوانی هەستت دەکرد هەرچی مرۆڤی لانەوازو بەدبەختی ئەم دونیا هەیە لێرەدا کۆبوونەوتەوەو یەکیان گرتووە، تەنانەت هەستت بە هەژاری دوکان و چایخانەو چێشتخانەکانیش دەکرد.... خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت هێشتا ئێمە هەر لە سەرمێزو کورسی چایخانەکە چاوەڕوانی فەرهادمان دەکرد، بە بێ ئەوەی وشەیەک لەگەڵ یەکدا بڵێین دیمەنی سەر شەقامەکە سەرنجی هەریەکەمانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو تا لە پڕێکدا کوڕێک لەدواوە هەردوو چاوی سیامەندی گرت و بە لێو ئاماژەی بە ئێمە کرد هیچ قسەیەک نەکەین.... سیامەند بێ یەک و دوو گوتی؛ فەرهاد دەستەکانت لەهەر کوێ بن ئەیان ناسمەوە.... دوای ئەوەی باوەشیان بەیەکدا کردو کەمێک گاڵتەو گەپیان کرد دڵی ئێمەش کەمێک ڕوناکی و خۆشی بۆ گەڕایەوە....
ئەوەی سەیر بوو فەرهاد زۆرشپرزە دیاربوو، لەیەکێک دەچوو بۆ سەفەر بڕوات یان ئێستا لەسەفەر گەڕابێتەوە. بەبێ ئەوەی بهێڵێت سیامەند هیچ بڵێت؛ بە پەلەو زۆر شپرزە دەستی بە قسەکردن کرد؛ سیامەند تۆ بەختێکی باشت هەیە ئەمڕۆ گەشتیت، ئەگینا قەت منت نە ئەدۆزییەوەو ئەو دەردو زوخاوەی من لێرە چەشتم تۆش ئەت چەشت. ڕاستە ئێرە وەک کاروانسەرایەک شوێنێکی ڕاگوزەرە بەڵام لەبیرت نەچێت ژیان بۆ کەسانی وەک ئێمە لێرە زۆر سەخت دەگوزەرێت. لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکمان پێ نییەو زمانیش نازانین نە دەتوانین خانوو بگرین نە لە میوانخانەیەکدا جێگامان دەکەنەوە، بۆیە بە ناچاری دەبێت شەوان لەسەر شەقامەکان یان پەنا دیوارەکاندا ڕۆژ بکەینەوە....
هێشتا ئێمە بەختمان هەبوو لە کاتی زستان و سەرماو سۆڵەدا نەگەشتنە ئەو شارە، چونکە کەمێک لەکەناری شار شاخێک هەیە هەر ئێوارە دێت ئەمانەی تۆ لەسەر ئەم شەقامانە ئەیانبینیت بۆ پشوودان و نووستن ڕوو دەکەنە ئەوێ، ئەگەر چارەیەک بۆ ڕەوشی ئەو خەڵکە نەدۆزرێتەوە ماوەیەکی تر شارۆچکەیەک لەسەر ئەو شاخە درووست دەکەن و دەبێتە دووەم شارۆچکە لە مێژووی ئەم وڵاتەدا، چونکە هەرکەسەو لەلای خۆیەوە پارچەیەک زەوی داگیرکردووەو بۆ حەسانەوەو نووستن ماڵۆچکەیەکی لێ درووست کردووە، ئەگەرچی زۆرجار پۆلیس و شارەوانی دەدەن بەسەریانداو هەمووی بەسەریەکدا تێک و پێک دەدەن، بەڵام دوای چەند ڕۆژێکی تر دیسان درووستی دەکەنەوە.

سیامەند گوێ بگرە، مانەوە لەم شارەدا جۆرێکە لە خۆکوژی، چونکە ئەو پارەیەی پێتە هێواش هیواش کۆتایی دێت و دواتر ڕیسوا ئەبیت. دەزانیت ڕیسوا بوون مانای چی! مانای ئەوەی بۆ ئەوەی جێگایەکی خەوت هەبێت و ژەمێک نانخواردنت دەست بکەوێت و لەبرسانا نەمریت دەست بۆ کاری زۆر قێزەون و نایاسیی ببەیت، هەندێجار بۆ ئەوەی دەستگیرت بکەن و فرێت بدەنە زیندان، هیچ نەبێت لەوێ جێگایەکی نووستن و ژەمێک خواردن هەیە یان لە باشترین حاڵەتدا ناچار بیت بۆ دەستکەوتنی برە پارەیەکی کەم ببیتە هاوڕێی تلیاک و حەشیش فرۆشەکان، ئەمەش خۆت دەزانی کارێکی مەترسیدارە، چونکە دواجار ئەگەر نەکەویتە زیندان ئەوا بۆ خۆیشت ئەبیتە حەشیشەکێش و دەکەویتە سەرجادە، وەک گوتم؛ ئەم شارە زۆر لەوە مەترسیدارترە من و تۆ بیریی لێ بکەینەوە، بۆیە دەبێت بە زووترین کات ئێرە بە جێ بهێڵین، دەبێت بڕۆین....

من ئەم ئێوارە خۆم بۆ سەفەر ئامادە کردبوو، بەڵام حەسەنی هاوڕێم پێی گوتم؛ کە چەند کەسێک تازە گەیشتوونەتە چایخانەکە هەواڵی تۆ ئەپرسن، یەکسەر زانیم تۆی بۆیە گەڕامەوە....

سیامەند گوتی: فەرهاد ئێمە هیچ کوێ پێ نازانین و کەسیش ناناسین هیچیش لە قسەکانی تۆ تێناگەین، دەبێت ئێمە بۆ کوێ بڕۆین....؟. ئێمە ماندووین زۆر ماندوو، تۆ نازانیت ئێمە چەند ڕۆژە بە ڕێگاوەین و تا بە ئێرە گەیشتووین چەنێک دەردی سەریمان دیوە، ئێستا هیچ نەبێت پێویستمان بە پشوویەک هەیە، هیچ نەبێت وا لەبرساندا گیانمان ئەلەرزێت، پێم بڵێ؛ بزانم نیازی کوێت هەیەو دەتەوێت بۆ کوێ بڕۆیت....؟.

فەرهاد گوتی: سیامەند بەتەنیشتمانەوە هەمووی چێشتخانەی هەرزانە دەڕۆین لەوێ نانێک دەخۆین و پاشان هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکەمەوە، بەڵام درۆت بۆ ناکەم ئەمڕۆ ڕووداوێک زۆر ماندووی کردم، تەواوی ڕۆژەکە من بەدەست ئەو ڕووداوەوە وڕو گێژ بووم....

لە کاتی نانخواردندا لە چێشخانەکە فەرهاد گوتی؛ دوو کاژمێر لە دووری ئەم شارەوە لەنگەرگایەک هەیە، دەڵێن: کەشتی وا گەورە گەورەی تێدا لەنگەر دەگرێت دەیان ئۆتۆمبیل و بارهەڵگر بە ئاسانی دەتوانن بچنە ناوییەوە، ئەڵین؛ خۆشاردنەوە لەناو ئەو کەشتیانەدا هەر زۆر ئاسانە.... چەند مانگێک پێش ئێستا کوڕێکم ناسی، کە ئەویش شەوانە لەسەر شاخەکە ئەنووست و پێکەوە لەسەر شەقامەکان کاری دەستگێڕیمان بۆ پیاوێکی پاکستانی دەکرد پێی گوتم؛ من دەڕۆم بۆ ئەو لەنگەرگا چونکە خزمێکی هەواڵی بۆ ناردبوو، بەڵام گوێم لێ نەگرت، کەچی پێش هەفتەیەک تەلەفۆنی کردبوو بۆ چایخانەکە و هەواڵی ناردبوو، کە ڕێگایەکی ئاسانی بۆ دەربازبوون دۆزیوەتەوە، ئەگەر زوو نەگەمە ئەوێ ئەو چاوەڕوان ناکات.

ئێستا هەواڵم پێگەیشتووە ئەو دەرباز بووەو بۆ خۆی پەڕیوەتە بۆ ئەوبەر، بۆیە تا ڕۆژێک زووتر لێرە بڕۆین بەخت و هەلی باشترمان بۆ دێتە پێشێ....
مسیۆ، دوای نانخواردن بەپەلە ئەو جێگامان بەجێهێشت و ڕۆیشتین بۆ وێستگای شەمەندەفەر، ئەوەندە ماندووبووم یەکسەر خەوم لێکەوت، نازانم چەند کاتژمێر بە ڕێگاوە بووین، بەڵام جار جار بێداردەبوومەوە گوێم لێبوو فەرهاد هەر قسەی بۆ سیامەند دەکردو باسی ئەو چەند مانگەی دەکرد لەو شارەدا گوزەراندبووی....
کاتێک گەیشتینە لەنگەرگاکە دونیا تەواو تاریک بوو، بەو پێیەی فەرهاد هەندێ ناونیشانی پێ بوو داوای لێکردین دەبێت زۆر بە پەلە وێستگای شەمەندەفەر بەجێبهێڵین و بڕۆین بۆ شوێنێک پۆلیس نەماندۆزێتەوە، چونکە لەوێ هەرکەسێک دەستگیر بکەن، یەکسەر ڕەوانەی بەندیخانەی پایتەختی دەکەنەوەو دواتر وەک کوڕە چاو دەرپۆقیوەکە دەیگوت؛ دیسان دەکەویتە ناو گەمەی مارو پەیژەکەوە....
بەو تاریکە شەوە بەپەلە وێستگامان بەجێهێشت و بەرەو کەناری دەریاکە کەوتینە ڕێ. بە درێژایی کەناری دەریاکە پارکی گەورە گەورەی لێبوو، لە سوچێکی پارکەکەدا لەپاڵ کۆمەڵێک دار ژاڵەدا بارگەمان خست....
ئەو شەوە فەرهاد باسی ئەوەی کرد، کە بەیانی زوو بەرەو لەنگەرگاکە، کە پێنج سەد مەترێک لێمانەوە دوور بوو دەکەوینە ڕێ. ئەو گوتی؛ ئەم شوێنەش کەمێک مەترسیدارە، هەر لەبەر خۆیەوە بۆ ئەوەی قسەکەی تەواو بکات گوتی؛ جا بۆ ئێمە چ شوێنێک لەم دونیادا مەترسیدار نییە، ئێستا ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین تەنانەت لەناو ماڵ و نیشتیمانەکەی خۆمانیشدا هەر هەست بە مەترسی ئەکەین، ئەگەر وا نییە چی ئێمەی بەم دەردی سەرییەی دونیا گەیاندووە....
فەرهاد ئەو شەوە باسی ئەوەشی کرد، ژیان گوزەراندن لەو شارەدا تەواو مەترسیدارە، مرۆڤ لە پێناو بژێوی ژیانیدا ناچارە دەست بۆ هەموو کارێکی چەپەڵ ببات، ئەگەر پێتان بڵێم؛ زۆرێک لەگەنجەکان دەستیان داوەتە جۆرێک لە کاری لەشفرۆشی بە گێڕانەوەشی هێڵنجم دێت....
زۆرێک لەو کوڕە گەنج و قۆزانە شەوان لەسەر شەقامەکان چاوەڕوانی پیاوە کونییەکان دەکەن تا لەگەڵ خۆیاندا بیانبەنەوە بۆ ماڵەوەو سواری خۆیانیان بکەن.
ئەو شارە سەرەڕای جوانی و دڵگیرییەکەی لێوان لێوە لە مرۆڤی ناشیرین و دزێو....
شەوانە زۆرێک لە کۆڵان و شەقامەکان پڕ دەبن لە پیاوو ژنی لەشفرۆش، ئەگەر پێتان بڵێم؛ هەندێ لە گەنجەکان دوای ئەوەی لەگەڵ پیاوە کونییەکاندا دەخەون و شتێک پارە وەر ئەگرن دواتر ئەڕۆن لە کۆڵانی ژنە لەشفرۆشەکاندا سەرفی دەکەن...!.
لەهەر شوێنێکی ئەم دونیا مرۆڤەکان تێکشکان و ڕیسوابوون ئیتر دیاردەی وا دزێو و پۆخڵ سەرهەڵدەدا مرۆڤ شەرم لە خۆی دەکات تەنانەت باسیشی لێوە بکات. بە

شێوەیەکی گشتی زۆربەی زۆری ئەو لەشکرە گەنجەی لەسەر شەقامەکان ئەیانبینیت نائومێدی بە شێوەیەک لەناوەوە هارپیونی ئەوەی من و تۆ بیری لێ ناکەینەوە ئەوان بیریی لێ دەکەنەوە، هەر لە ساختەچێتی و دەستبڕینی ئەوانەی تازە دەگەنە ئەوێ تا دەگاتە دزی و دەستدرێژی و تاوان....
سیامەند، ئێمە خۆشبەختین، کە خێزانمان لەگەڵدا نییەو جگە لە خۆمان خەمی هیچ کەسێکی ترمان نییە. بڕوا بکە زۆرێک لەو خێزانانەی تازە دەگەنە ئەو شارە هەرزوو دەبنە نێچیری ئەو مرۆڤە ڕیسواو هیچ و پووچانەی وەک مشەخۆرێک لەسەر خوێنی ئەوانی تر دەژین.
هەموو ئەو پیاوانەی دەگەنە ئەوێ بۆ ئەوەی بە خێزانەوە ڕیسوا نەبن و نەکەونە سەر شەقامەکان یەکەم هەوڵیان ئەوەیە بە هەر نرخێک بێت هاوسەرو منداڵەکانیان دەرباز بکەن، بەڵام لەلایەن ساختەچی و هیچ و پوچەکانەوە دەبنە قوربانی و ناتوانن هیچیش بکەن، هەر بە ڕاست دەتوانن چی بکەن! تۆ ئەگەر لە جەنگەڵێکدا بژیت، کە هیچ یاسایەکی مرۆڤانەی تێدا نەبێت دەتوانیت چی بکەیت، جگە لەوەی وەک قوربانییەکی بێ دەسەڵات ئازار بکێشیت!.
سیامەند، بۆیە گوتم؛ ئێوە بەختتان بوو ئەمڕۆ گەیشتن، ئەوەبوو هێشتا من لەوێ بووم و توانیم لە چنگی ئەو هیچ و پوچانە ڕزگارتان بکەم، کە بەردەوام وەک گورگێک خۆیان بۆ نێچیرە تازەکان مەڵاس داوە.... لەو چایخانەی ئێوە چاوەڕوانی منتان دەکرد، دەیان دەستەو گروپی خوێڕی و هیچ و پوچ هەن، بەتەنها کاریان ئەوەیە، کە یەکێکی تازە لە ڕێگاوە بگات فریوی بدەن و هەرچی پارەو پولێکی پێیە لێی بسێنن، دواتر تۆ دەتوانی چی بکەیت! لە باشترین حاڵەتدا دەبێت بگەڕێیت بیاندۆزیتەوەو لەگەڵیاندا بەشەڕ بێیت، لەکاتێکدا ئەوان هیچیان نییە لەدەستی بدەن، ئاخر خراپترین شەڕ ئەو شەڕەیە لەگەڵ کەسێکدا بیکەیت هیچی نەبێت لێی بترسێت لە دەستی بدا!. ئەوانە هەموو گیانیان شوێن چەقۆیە، دەیانجار لەسەر ئەم شەقامانە دراونەتە بەر چەقۆو فڕێ دراونەتە بەندیخانەو پاشان بەرەڵا کراون.
بڕواتان هەبێت، چەندین پیاوم لەو چایخانە دیوە، کە گریاوە، چونکە بە بەڵێنی ئەوەی خێزانەکانیان دەردەکەن بردوونیان بۆ شوقەکانیان و بە دەیان کەس دەستدرێژی سێکسیان کردۆتە سەر ژنەکانیان، پاشانیش، کە لێی تێر بوون لەسەر شەقامەکان بەرەڵایان کردوون، ئەمە دیاردەیەکە ڕۆژانە ئەوەندە دووبارە دەبێتەوە مرۆڤ ناوسکی دێتە ژان....
سیامەند، مەڵێ ئەو پیاوانە گەمژەن ژنەکانیان دەدەنە دەست ئەو خوێڕی و هیچ و پوچانەی خۆیان وەک قاچاخچی دەناسێنن، مرۆڤ کاتێک هیچ دەلاقەیەکی ئومێدی بۆ دەرچوون نەبێت پەنا بۆ هەموو شتێک و کەسێک دەبات، تۆ نازانی ئەو خوێڕیانە لە درۆکردن و فریودانداا چەند بلیمەتن! من بەو هەموو ساختەچێتییەی خۆمەوە دوو

سێ جار خەریک بووە فریویان بخۆم، ئەگەر ئەو کوڕەی، کە باسم کرد نەبوایە هەرچی پارەوپولێکم هەبوو لەدەستم دەدا.
لەو شارە هاوولاتییەکی زۆر بە کوڕ و کچەوە ئالودەی دەرمانخواردن و مادەهۆشبەرەکان بوون، ئەمانە ئەڕۆن ئەوانیش فریو دەدەن و بە پارەیەکی کەم پاسپۆرتەکانیان لێ دەکڕن، ئاخر مرۆڤێکی ئالودەبوو بە مادەی هۆشبەر پاسپۆرتی بۆ چییە؟. ئەم دونیا زۆر سەیرە، ئەوەی لەم ولاتانەدا پێویستیان بە پاسپۆرت نییە هەیانە و ئەوانەش پێویستیان پێی هەیە نیانە. نازانم پاسپۆرت بۆ سەفەرکردن نەبێت کەڵکی چی دەگرێت، ئیتر ئەگەر کەسێک سەفەر نەکات چ پێویستییەکی بە پاسپۆرت هەیە، پاسپۆرت بۆ مرۆڤ وەک باڵ وایە بۆ باڵندە، ئەگەر باڵندەیەک خولیای فڕینی نەبێت باڵی بۆچییە، ئەگەر هەشی بێت شتێکی زیادە....
ئەمانە پاسپۆرت لەو مرۆڤە بیمار و بێ ئاگانە بە نرخێکی هەرزان دەکڕن یان هەندێجار هێندە بێ غیرەت و بی ویژدانن پارەشیان نادەنێ و هەڵدێن، دواتریش دێن دەستی دەیانی وەک من و تۆی پێ دەبڕن بەوەی پاسپۆرتت بۆ درووست دەکەن.
تا ئەو کاتە، هەر فەرهاد قسەی دەکرد و ئێمە وەک دەرمانێکی گێژکەرمان خواردبێت بە حەپەساوییەوە گوێمان لە قسەکانی دەگرت لە پڕێکدا سیامەند پرسی؛ کەواتە تۆ ئێمەت لە قوڕگی شێر دەرهێنا، بەلام ناترسیت لێرەش بکەوینە قوڕگی پڵنگەوە؟. لەوەلامدا فەرهاد گوتی؛ نا لێرە خۆمان خاوەنی خۆمانین بە بێ ئەوەی داوای یارمەتی لەهیچ کەسێک بکەین دەتوانین کونێک بدۆزینەوە خۆمانی تێ بخزێنین و دەرباز بین.... لێرە دوو ڕێگا هەیە بۆ دەرچوون، یەکەمیان کەمێک سەختە، چونکە دەبێت بەختێکی باشت هەبێت بتوانیت بەڕەش بڕۆیتە ناو پاپۆڕەکەوە، هەر ئەمەش بەس نییە چونکە ڕەنگە لەناو پاپۆڕەکەدا پۆلیسی نهێنی دەستگیرت بکات یان لەو سەرەوە لەکاتی دابەزیندا دەستگیر بکرێیت و بەهەمان پاپۆڕ بتگەڕێننەوە بۆ ئێرە.... ڕێگای دووەم زۆر ئاسانە ئەگەر بە وردی ئەنجامی بدەین، ئەویش ئەوەیە لە تەلبەندەکەوە بڕۆینە ژوورەوە بۆ شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکان، بە تایبەتی ترێلەکان ئەوانەی چادردارن، دەتوانین بە چەقۆ ئەو پەت و گوریسانەی چادرەکەی پێ توند کراوە ببڕین و کونێکی ئەوەندەی تێ بکەین بتوانین لێیەوە بڕۆینە ژوورەوە، هەر دەبێت ئەم ڕێگا هەڵبژێرین، چونکە ئەو ترێلانەی عارەبانەکانیان لە تەختەو پلێت درووستکراوە ترسناکە، ئەگەر بتوانیت دەرگاکەش بکەیتەوەو بڕۆیتە ناویەوە ئەوا مەترسی ئەوە هەیە لە ژوورەوە بخنکێیت، پێشتر ئەمە ڕوویداوەو چەندین کەس بە هۆی نەبوونی هەواو گەرماوە لە ژوورەوە خنکاون یان ڕەنگە فێنککەرەوە بێت و لە ژوورەوە وەک چلورە بتبەستێت....

فەرهاد وەک ئەوەی داخێکی زۆری لە دڵدا بێت و خودا ئێمەی بۆ لای ئەو ناردبێت تا لە هەموو زووخاوەکانی ناخی خۆی بەتاڵ بکاتەوە. دیاربوو لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا، کە لە پایتەختدا بەسەری بردوو لە ڕووی دەروونییەوە ئازاری زۆری چەشتبوو، ئەو بەردەوام دەیگوت؛ ئەو شارە لەمێژووی کۆنەوە تا ئەمڕۆ شوێنی ململانێی مرۆڤ و خوداکان بووە. ئەو دەیگوت؛ تێ ناگەم لەهەر جێگایەکی ئەم دونیا تا خوداکان زۆربن کێشەکانی مرۆڤ زۆرترو قوڵتر دەبن.... ئەڵین کاتی خۆی پیرە ئیماندارێک لەم شارەدا بەدوای دادپەروەرییدا گەڕاوە، تا پەیوەندی نێوان ئایندارەکان و بێ باوەڕەکان ئاسایی بکاتەوەو کۆتایی بەو کوشت وبڕە بهێنێت، کە سەدان ساڵ لە نێوانیاندا درێژەی کێشابوو، بەڵام دواجار شکستی خوارد، لەبەرئەوەی دەیگوت؛ (لەلای ئەوانەی خودا هەیە دادپەروەری نییەو لەلای ئەوانەش دادپەروەری هەیە خودا نییە) ئاخر ئەو پیرە ئیماندارەی دواجار بە دەستی کوڕەکەی خۆی دەکوژرێت دەیویست بە چەند وشەیەک کێشەی هەزارساڵەی مرۆڤ، کە خوداو دادوەرییە چارەسەر بکات، لە کاتێکدا لەو کاتەوەی مرۆڤ خودای خۆی لەبەرد داتاشی بۆ مەبەستی بەرقەرابوونی دادپەروەری بوو، بەڵام دوای ئەوەی خوداکان زاوزێیان کردوو زیادیان کرد دادپەروەری پارچە پارچە بوو هەر پارچەیەکی کەوتە دەستی چەند خودایەکەوە، بۆیە تا مرۆڤ و خودا بمێنێت شەڕی دادوەری هەر بەردەوام دەبێت.

هاوڕێیان ئێوە خۆشبەختن نەهامەتی و بەدبەختییەکانی ئەو شارەتان نەدیوە، چونکە ئەوەی من لەماوەی ئەو چەند مانگەدا بینیم و بیستم چەندین ساڵی ئەوێت لە مێشکمدا کاڵ ببنەوە، بۆیە ئەوەی بۆ ئەمڕۆی ئێمە پێویستە ئەوەیە بە زووترین کات دەرفەتێک بۆ خۆ دەربازبوون بدۆزینەوەو لەم دۆزەخە نەفرەت لێ کراوە بڕۆینە دەرەوە....

مسیۆ، دوو سێ ڕۆژ هەموو بەیانییەک تا نیوەڕۆ ئێمە لە دەوری لەنگەرگاکە دەسوڕاینەوە تا دەرفەتێکمان بۆ هەڵکەوێت و خۆمان لەناو یەکێک لە ترێلەکاندا بشارینەوە، کە چاوەڕوان بوون بڕۆنە ناو پاپۆڕەکانەوە، بەڵام ئەو هەلە هەر نەدەڕەخسا، چونکە بە بەردەوامی ئەو ناوە قەرەباڵغ و لە ژێر چاودێریدا بوو...

بەیانییەک دیسانەوە ڕۆیشتینەوە بۆ لەنگەرکاکە، لەوەدا بەخت یاوەرمان بوو کەمێک چۆڵ بوو، لەوە دەچوو شۆفێرەکان بۆ تەواوکردنی کارو مامەڵەی باج و ئەو شتانە ڕۆیشتبوون بۆ بازگەکە، ئێمەش ئەو هەلەمان قۆستەوەو توانیمان لە تەلبەندەکەوە بڕۆینە ئەو دیوە بۆ ناو ئەو ڕیزە ترێلەی، کە بەتەنیشت یەکەوە لەسەرەدا وەستابوون بۆ ئەوەی بڕۆنە ناو یەکێک لەو پاپۆڕانەی بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرا....

یەکێک لە ترێلەکان چادرەکەی ئەوەندە شل بەسترابوو هیچ پێویستی بە بڕین یان دڕاندن نەبوو، سیامەند و هاوڕێکەی ئێمەیان لە ژێر یەکێک لە ترێلەکان بە جێ هێشت و گوتیان؛ تا خۆمان بانگتان نەکەین لە شوێنی خۆتان نەجوڵێن.... ئێمە بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە لە ژێر تایەکانی ترێلەیەکدا خۆمان گرمۆڵە کردبوو، بەڵام ئەوان زۆر بە خێرایی توانیان بەشێکی کەم لە پشتەوەی چادرەکە بکەنەوەو بە پست پست ئێمەیان ئاگادارکردەوە، کە بڕۆین، ئێمەش بە کۆمە کۆم خۆمان گەیاندە لای ئەوان و یەک بۆ یەکتری پشتمان کردە پەیژە تا سەرکەوین و دوایین کەس هاوڕێکەی سیامەند بوو بە هەمووومان دەستمان گرت و هەڵمان کێشایە سەرەوەو ئیتر سیامەند و هاوڕێکەی لەناوە هەندێ لە گرێی چادرەکەیان توند کردەوە....
مسیۆ، ناو ترێلەکە زۆر گەرم بوو، چونکە تا پشتەوە پالێت بە تەنیشتی یەکەوە ڕیزکرابوو، هەر پالێتێکیش کارتۆنی گەورەی لەسەر هەڵچنرابوو، کە بە نایلۆن پێچرابوون، تەنها جێگەیەک بۆ ئێمە بمانتوانیبا جێگای خۆمان بکەینەوە بۆشاییەکانی نێوان پالێتەکان بوو. بڕوات هەبێت ئەگەر ئەو شۆفێرە بۆ ئەوەی لەکاتی لێخوڕیندا پالێتەکان نەجوڵێن و کاڵاکان بەسەریەکدا نەکەون بە توندی شەتەکی نەدایەن ئەوا لەهەندێ شوێندا، کە پێچی دەکردەوە وەک بۆق لە نێوان پالێتەکاندا ئەفلیقاینەوە....
تا ئەو کاتەی ترێلەکە دەستی بە ئاژوتن بۆ ناو پاپۆڕەکە کرد کاتێکی زۆری پێچوو، لە گەرما و بێ هەواییدا خەریک بوو ئەخنکاین، بە بەردەوامیش هەر خەریکی شوێن خۆشکردن بووین....
کاتێک پاپۆڕەکە دەستی بە ئاژوتن کرد، ئیتر ئێمە هەناسەیەکی ئاسودەییمان هەڵمژی. هاوڕێکەی سیامەند کەمێک سوچی چادرەکەی، ئەوەی، کە دانەخرابوو کردەوە، چونکە پێم وابێ ترێلەکە لە قاتی خوارەوەی پاپۆڕەکەدا بوو، چونکە هەم تاریک و هەم کەم هەوا بوو، ڕێک و ڕاست لە شوێنێکی داخراو دەچوو....
بە ڕاژەنین و ئەمدیو ئەودیو کردنی ترێلەکەدا دەمانزانی هێشتا بە ڕێگاوەین، لە هەمووی خۆشتر ئێمە لە خۆمانەوە خۆمان فڕێدابوو ناو ترێلەیەک و ترێلەکەش ڕۆیشتۆتە ناو پاپۆڕێکەوە بە بێ ئەوەی بزانین ئەم پاپۆڕە بۆ کوێ ئەڕوات!.
ئەوەی لەنیوەی ڕێگا بیرمان لێ دەکردەوە ئەگەر پێشتر بیرمان لێ بکردایەتەوە قەت نەماندەوێرا سوار ببین، هەر بە ڕاستی ترسی ئەوەی پاپۆڕەکە بە پێچەوانەی ئەوەی ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد بڕوات، ئەوا ئەو کات ئێمە چی بکەین...!.
فەرهادی هاوڕێی سیامەند کەسێکی زۆر گەشبین و بڕوا بە خۆ بوو، بەردەوام دەیگوت نابێت ئێمە خەمی ئەوە بخوێن ئەم پاپۆڕە بۆ کوێ دەچێت، چونکە ئەگەر ڕووگەکەشمان هەڵە بێت، تازە فێری ئەوەبووین بە هەمان ڕێگەدا بگەڕێینەوە، ئەی نالێن: "لەهەمموو هەڵەیەک وانەیەک".

نازانم چەند کاژمێر بوو لەناو ترێلەکەدا بووین پاپۆڕەکە کەوتە بەر تورەیی شەپۆلەکان، بە شێوەیەک شەپۆلەکان یارییان بەو پاپۆڕە زەبەلاحە دەکرد ئێمە لەناو ترێلەکدا خەریک بوو لە نێوان پالێتەکاندا وەک تەماتە بفلیقێینەوە، چونکە ڕاستە پالێتەکان زۆر تۆکمە شەتەک درابوون، بەڵام کارتۆنەکان لە شوێنێ خۆیان خلیسکابوون و پاڵیان بەیەکەوە دابوو، کە بە ئەستەم ئەمانتوانی جێگای خۆمان بکەینەوە.

شەپۆلەکان ماوەیەکی زۆر بە شێوەیەک درێژەی کێشا ئیتر نەک پالێت و کارتۆنەکان، بەڵکو هەستمان دەکرد ترێلەکەش خەریکە قلْپ دەبێتەوەو ئێمەش لە نێوان کارتۆنەکاندا خەریکبوو بەتەواوەتی هەناسەمان لێ دەبڕا، لە پڕ گوێمان لە دەنگی مۆسیقایەک بوو، ئەوە ئارمان بوو مۆسیقای دەژەنی، بەڵام لە کوێ بوو....!.

مۆسیقاکەی ئارمان نەک هەر ئێمە بەڵکو شەپۆلەکانیشی ئارام کردەوە. لەتەنیشتەوە بە کامشادم گوت؛ تۆش گوێت لێیە؟.

ئەو مۆسیقا هەمان ئەو مۆسیقا نەبوو، کە ئەو شەوەی خەریک بوو هەمووومان لەناو یەختەکەدا نغرۆ بین ژەندی، هێزی ئەو مۆسیقا ئەوەندە کاریگەر بوو توانای بێدەنگکردنی هەموو دونیای هەبوو. لەبیرم دێت لەدوای ئارامبوونەوەی شەپۆلەکانی ئەو شەوە ئارمان گوتی؛ ڕۆحی خودا تەنها لەناو مۆسیقادایە، ئەوەی ئەیەوێت لە ڕۆحی خودا تێ بگات پێویستە لە مۆسیقا تێ بگات، چونکە خودا بەتەنها یەک زمانی ئاخافتنی هەیە، کە هەموو کەسێک دەتوانێت لێی تێبگات ئەویش مۆسیقایە، بۆیە جگە لە مۆسیقا هەرکەسێک بەناوی خوداوە قسە بکات دەیەوێت لە سێبەری هێزی ئەودا دەسەڵاتێک بۆ خۆی بنیاد بنێت و خەڵکان بەوە فریو بدات، کە ئەو پەیامهێنی خودایە، بۆیە لە ڕاستیدا خودا جگە لە مۆسیقا هیچ پەیامهێنێکی نییە، بۆیە هەر کاتێک ویستمان لە خودا نزیک ببینەوە ئەوا دەبێت بڕۆین گوێ لە مۆسیقا بگرین، بەتەنها ئەو دەتوانێت لە نەخۆشییەکان چاکمان بکاتەوە، خەمەکانمان بڕەوێنێتەوەو ئاسودەیی بۆ ڕۆحمان بگێڕێتەوە.....

مسیۆ، ئارمان ڕاستی دەکرد، ئەگەر بە چاوەکانی خۆم نەم دیبایە چۆن بە مۆسیقا شەپۆلەکانی ئارام دەکردەوە، ئەگەر ئەوەم هەست پێ نەکردایە لەهەموو مەترسییەکان بە مۆسیقا ڕزگاری دەکردین بڕوام نەدەکرد، بۆیە کاتێک لەناو ترێلەکەدا گوێمان لە ئاوازی مۆسیقاکەی بوو ئیتر دەمانزانی ئەمجارەش لەم مەترسییە ڕزگارمان دەبێت، بەڵام من هەر دڵم لەلای بوو، کە ئایا دەتوانم جارێکی تر بیدۆزمەوە، چونکە ئەو بە حیساب ئەمانەتێک بوو لەلای من، هیچ نەبێت بتوانم ڕۆژگارێک نامەیەک بۆ فەرزان بنێرم و لەوە دڵنیای بکەمەوە، کە بە سەلامەتی گەشتۆتە جێگا.

لەگەڵ دەنگی مۆسیقاکەدا دیسان ئارامی و بێدەنگی هەموو شتێکی لە ژێر باڵەکانی خۆیدا شاردەوە. ئێمەش لە نێوان پالێتەکاندا بەتەنیشت یەکەوە پاڵمان بەیەکەوە دابوو.
من خەیاڵم هەر لەلای ئەوەبوو، کە لەکاتی دابەزیندا بتوانم چاوم بە ئارمان بکەوێتەوە، ئەو خۆی گوتی؛ ئەگەر قەدەر بێت ئێمە چاومان بەیەک بکەوێتەوە ئەوا هیچ پێویست بە خۆ ماندوو بوون و گەڕانی بێهودە ناکات، ژیان جگە لە قەدەرێک ڕۆحی ئەم دونیای بەیەکەوە بەستۆتەوە هیچی تر نییە....

***** ***** *****

مسیۆ، دوای گوێگرتن لە مۆسیقاکە ئێمە هەر یەکەمان لە شوێنێ خۆماندا خەومان لێکەوت، نازانم کاریگەری مۆسیقاکە بوو یان ماندووبوون و برسێتی....!.
لە پڕ سیامەند بە ئاگای هێنایەوە، کە پاپۆڕەکە گەیشتۆتە شوێنی خۆی. ئەو ڕاستی دەکرد دیسان لەدەرەوە گوێمان لە دەنگە دەنگ و هاڕەی ماتۆڕی ئۆتۆمبیلەکان بوو. هەروەها هەستمان دەکرد ئەو ترێلەی ئێمەی تێداین دەجوڵێت.
بەوەی ترێلەکە تاسەیەکی گەورەی کردو دەنگێکی بەرزی لێبەربووەوەو دیسان کارتۆنەکان خەریک بوو بەسەریەکدا بکەون، ئیتر ئێمە لەوە تێگەیشتین ترێلەکە خەریکە دادەبەزێتە خوارەوە.... ئەوە هێشتا یەکەم هەنگاوی دەرباز بوون بوو بڕیبوومان، بەڵام هەنگاوی دووەم ئەوە بوو چۆن لەناو ئەم ترێلە بێینە دەرەوە! ئەم ترێلە لەگەڵ خۆیدا چارەنووسی ئێمە بۆ کوێ دەبات...؟.
ماوەیەکی زۆری پێچوو ترێلەکە هێشتا بە ڕێگاوە بوو، ئێمەش چاوەڕوانی ئەوە بووین لە شوێنێکدا بوەستێت و دابەزینە خوارەوە بە بێ ئەوەی بزانین ئەو شوێنە کوێیەو دواتر دەبێت ئێمە بۆ کوێ بڕۆین....!.
ئەگەر بە مەزەندە بیڵێم؛ دەتوانم بڵێم، دوو کاتژمێرێک زیاتر بە ڕێگاوە بوو، ئەمە لەسەرێکەوە دڵخۆشکەربوو، کە دوو کاتژمێر لە لەنگەرگاکەوە دوور کەوتبووینەوە. چونکە لەنگەرگا بۆ ئێمە واتای سنووری دەگەیاند و لەسەر هەر سنوورێکیشدا دەستگیر بکرێیت یەکسەر دەتگێڕنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوویت.
بەپێی هەستی خۆمان، کە گوێمان گرتبوو ترێلەکە تەواو هێواشی کردبووەوەو دیاربوو دەیویست بوەستێت. پێشبینییەکەمان ڕاست بوو، ترێلەکە وەستا، ماتۆڕەکەی کوژاندەوە.... ماوەیەک بە هێواشی گوێمان دەگرت، جگە لە دەنگی چەند پیاوێک لە دەرەوە لەگەڵ یەکدا قسەیان دەکرد گوێمان لە هیچی تر نەبوو.

فەرهاد سوچێکی چادرەکەی کردەوەو کەمێک لە دەرەوەی ڕوانی و هەرزوو چادرەکەی داخستەوەو گوتی؛ ئێرە لەوە دەچێت شوێنێکی چۆڵ بێت، چونکە تەنها شەقامێکی باریکە چواردەورەکەی بە دارستان گیراوە، ڕەنگە ئەمە فرسەتێکی باش بێت یەک بەیەک بە خێرایی خۆمان فڕێ بدەینەوە خوارەوەو یەکسەر بەلای چەپدا بۆ ناو دارستانەکە هەڵبێین، چونکە ئەو بەشەی کەمێک چڕ دیارە، دەتوانین بۆ ماوەیەک لەوێدا خۆمان حەشار بدەین.

مسیۆ، ئەوەی پێویست بوو زۆر بە خێرایی و لە چاوتروکانێکدا ئەنجامماندا. خۆمان گەیاندە ناو دارستانەکە. ماوەیەک لە شوێنێکدا خۆمان شاردەوەو چاودێری ترێلەکەمان دەکرد. زۆری نەبرد ترێلەکە دەستی بە ڕۆیشتن کرد، دواتر بۆمان دەرکەوت ئەو شوێنە پارکی پشوودان بوو، چونکە بە بەردەوامی دەمانبینی ئۆتۆمبیلی گەورەو بچوک لەوێدا بۆ ماوەیەک لادەدەن و پاشان دەڕۆن....

لەبەر ئەوەی نەماندەتوانی زیاتر لەو شوێنەدا چاوەڕوان بکەین، خۆمان بۆ ڕۆیشتن کۆکردەوە، لەناو دارستانەکەدا چەند تولە ڕێگایەک هەبوو، ئەمە ڕێ نماییەک بوو، کە مرۆڤ لەناو ئەم دارستانەدا هاتووچۆ دەکات.... بە یەکێک لە تولە ڕێگاکاندا ڕۆیشتین پیرە پیاوێک بە سەگێکەوە بەرەو ڕوومان دەهات، ئێمەش هیچ چارێکمان نەبوو جگە لەوەی خۆمان بە دەستەوە بدەین. نەدەبوو هەڵبێین، دەبوو هەرچۆنێک هەبێت خۆمان زۆر ئاسایی نیشان بدەین....

تا لە پیرە پیاوەکە زیاتر نزیک دەبووینەوە دڵمان خێراتر لێی دەدا، ئەو هیچ پەلەی نەبوو هەرکاتێک سەگەکەی لە ڕێگاکە لای دەدا بە خۆیی و پەتەکەی دەستییەوە بە دیارییەوە دەوەستا. کاتێک لە ئێمە نزیک بووەوە پەتەکەی کردە ملی سەگەکەو جڵەوی گرت....

ئەگەرچی لەناوەوە ئێمە تەواو شڵەژاوو ترساو بووین و دڵمان بە خێرایی لێی دەدا لە کاتی تێپەڕین بەلایدا خۆمان وا نیشان نەدا، کە بێگانەیەکین و بە بێ هیچ بەڵگەو مۆڵەتێک هاتووینەتە ناو وڵاتەکەیانەوە.

لەو کاتەی بەلای پیاوەکەدا تێپەڕین ئەو سەرێکی بە نیازی سڵاو لەقاند، ئێمەش هەمان شتمان کرد، بەڵام کاتێک من لە ترساندا ئاوڕێکم بۆ دواوە دایەوە پیاوەکە لە شوێنی خۆی وەستابوو بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئێمەی دەکرد....

ماوەیەکی زۆر بەناو دارستانەکەدا ڕۆیشتین تولە ڕێگاکان پان و گەورە تر دەبوون، لە بۆشاییەکی ناو دارستانەکەوە مەنارەی کڵێسایەک دیاربوو، هەروەها چەند خانوویەکی بەرزیش بەدی ئەکرا، ئیتر ئەمە بەتەواوەتی دڵخۆشی کردین، کە لە ماوەیەکی کەمدا دەگەینە ئەو شارۆچکەیە.

لە ماوەی ئەو چەند هەفتەیەدا، کە ئێمە بەرێگاوە بووین و لە هەوڵی خۆ دەربازکردندا بووین لە نێوان سنووره وشکایی و دەریاییەکانی ئەو وڵاتەدا ئەوە

یەکەمجار بوو کەمێک هەست بە دڵخۆشی و هیوایەک بکەین، کە ئەو هەوڵ و ڕەنجەی لە پێناو گەیشتن بە شوێنی مەبەست داومانە خەریکە بە ئەنجام دەگات و ئیتر ئێمەش وەک زۆرێک لە مرۆڤەکانی ئەم سەرزەوییە دەتوانین بە ئاسودەیی لە قوژبنێکدا ژیان بە بێ ترس و دڵە ڕاوکێ بگوزەرێنین....

تا هەنگاوێک زیاتر دەڕۆیشتینە پێشەوە زیاتر هەستمان بە ئاسودەیی و دڵخۆشی دەکرد، بەڵام دڵخۆشی و ئاسودەیی مرۆڤ لەم سەردەمەدا هەمیشە تا سەر نییە. شەوێک لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان فەرزان گوتی؛ ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین نابێت هیوای خۆمان بۆ ژیان لەسەر ئاسودەیی و دڵخۆشیی هەمیشەیی بنیات بنێین، چونکە لەم سەردەمەدا ئەگەر شتێکی هەمیشەیی هەبێت ئازارو ناخۆشییەکانە....

مسیۆ، کاتێک بەو ڕێگا پانەدا لە دارستانەکە دەرچووینە دەرەوەو شارۆچکەکەمان بە تەواوەتی لێ دەرکەوت، کە نەماندەزانی سەر بە چ وڵات و کیشوەرێکە خەریک بوو لە خۆشیدا بقیژێنین، سیامەند کاتێک قسەی دەکرد نەیدەتوانی خۆشییەکانی ناوەوەی لەسەر لێوی بشارێتەوە.... زۆرمان نەمابوو بگەینە سنوری شارۆچکەکە ئۆتۆمبیلێک زۆر بە خێرایی بەرەو ڕوومان هات، ئەوەندە بە خێرایی لێی دەخوڕی لەدوای خۆی گێژەڵوکەیەک لە تۆزی جێدەهێشت.

ئێمە زۆر بێخەمانە ڕووبەڕووی ئۆتۆمبیلەکە دەڕۆیشتین، بەڵام کاتێک ئەو گەیشتە لامان یەکسەر وەستاو دوو پۆلیس بە چەکەوە دابەزینە خوارەوەو ڕایانگرتین و دەستیان بە قسەکردن کرد، دواتر تەنها وشەیەک تێگەیشتین وشەی پاسپۆرت بوو.... ئێمە بە زمانێک و ئەوان بە زمانێکی تر هیچ لەیەکتر تێ نەدەگەیشتین، ئەوەندەی نەبرد دوو سێ ئۆتۆمبیلی تر هاتن و چەند پۆلیسێکی تر بە چەکەوە دابەزین، ئەمەش بەتەواوەتی ترساندینی، چونکە ئەو دیمەنە هەر لە دیمەنی ئەو فیلمە پۆلیسیانە دەچوو کاتێک پۆلیسەکان چواردەوری چەند بکوژو تاوانبارێک دەگرن....

خودایە چەند ناخۆش بوو، هەر لەوێدا لەسەردەم پاڵیان خستین و قاچیان لەسەر پشتمان گیرکرد و بە دەستکێشەوە دەستیان بە پشکنینمان کرد....

دوای ئەوەی کەلەپچەیان کردە دەستمان و بە جیا سواری ئۆتۆمبیلەکانیان کردین بەرەو پۆلیسخانە بردینیان....

زیندانی ئەو پۆلیسخانە، کەمێک گەورە بوو. یەک دوو دۆشەک و بەتانی کۆنی تێدا بوو. زەوییەکەی ساردو شێداربوو، بەد بەختییەکی گەورەبوو ئەگەر لە زستاندا فڕێ بدرێیتە شوێنێکی ئاوهاوە، چونکە چەند کاتژمێرێک بەس بوو بۆ ئەوەی سەرماو شێی سارد بڕواتە ناو دەمارەکانتەوەو بۆ هەتا هەتایە نەیەتە دەرەوە....

ڕەنگە بڵێم؛ ئەو زیندانە بۆ ئێمە پێویست بوو، ئێمە قازانجێکی زۆرمان لەو زیندانە کرد، لەبەر ئەوەی سێ کەسی تریش زیندان بوون، دوانیان عەرەب و یەکێکیان

ئەلبانی بوو، ئەوان لەسەر دزی و تلیاک فرۆشتن دەستگیرکرابوون، لە دڵی خۆمدا گوتم؛ سەیرە خەڵکانێک هەبن لەم وڵاتانەدا خەریکی کارێکی لەو جۆرە بن...!.
سیامەند لەگەڵ یەکێک لە زیندانییەکان کەوتە گفتوگۆ، کوڕێکی باش دیاربوو، کۆمەڵێک زانیاری باشی پێداین، ئەو گوتی؛ دواتر ئەگەر بۆ لێپرسینەوە بانگیان کردن یەکسەر داوای مافی پەناهەندیی بکەن و بڵێن؛ لە وڵاتی خۆمان ژیانمان لە مەترسیدا بووە. پێویستە هەریەکەتان چیرۆکێک بۆ خۆی درووست بکات، کە لە وڵاتەکانی خۆتاندا ژیانتان لە مەترسیدا بووە، ئەگینا مافی پەناهەندییتان نادەنێ و ماوەیەک لە کەمپێکدا ڕاتان دەگرن و دواتر ئەگەر بۆ وڵاتەکەی خۆتانتان نەنێرنەوە ئەوا لێرە دەرتان دەکەن، ئیتر ئێوەش بۆ بژێوی ژیانتان ناچار دەبن دەست بکەن کاری خراپ و نایاسایی....
بۆ ڕۆژی دوایی هەریەکێکمانیان بە جیا بۆ لێکۆڵینەوە بانگ کرد، پاش پرسیارو لێکۆڵینەوە پەنجە مۆریان پێکردین و ڕەوانەی کەمپێکی پەناهەندەیان کردین. کەمپەکە ئاپارتمانێکی کۆن بوو لە دەرەوەی شارۆچکەکە، هەر لە شوێنێکی فەرامۆشکراو دەچوو، ڕێک و ڕاست لە قوتابخانە یا کڵێسایەکی چۆڵکراو دەچوو....
ئەو ژوورەی بە ئێمەیان دا چوار تەختی خەوی دوو قاتی تێدا بوو، کە دوو کوڕی گەنج و دوو پیاوی کەمێک بەتەمەن پێش ئێمە لەسەر دوو لەتەخەتەکان ئەخەوتن. یەکێک لە خاسییەتەکانی ئەم شوێنانە ئەوەبوو مرۆڤەکان هەر لەخۆیانەوە دەبوون بە هاوڕێ و حەزیان دەکرد یەکتر بدوێنن بۆ ئەوەی هەواڵ و زانیاری زیاتریان دەست بکەوێت.
دوای حەسانەوەیەکی باش کەمێک هاتینەوە سەرخۆمان، یەکێک لە پیاوەکان گوتی؛ ئێرە جێگایەکە بۆ نائومێدکردنی مرۆڤ، ئێوە هێشتا گەنجن و توانای ئەوەتان هەیە لە پێناو گەشتنتان بە خەونەکانتان بەرگەی نەهامەتی و ئازاری زۆرتر بگرن، من ئامۆژگاریتان دەکەم بڕۆن و ئێرە بەجێ بهێڵن.... من ئەوە نۆ مانگە لێرەدام کەسێک نەهاتووە بپرسێت تۆ لێرە چ کارەیت و چی ئەکەیت لێرە، ئەگەرچی لە بیرۆی زانیاری چەندینجار سکاڵاشم کردووە هەر دەڵێن؛ دەبێت چاوەڕوان بکەیت، لەم جێگانەدا چاوەڕوانی مرۆڤ لەناو دەبات....
پیاوەکە لەقسەکردن کەمێک وەستا و سەیرێکی ئێمەی کردوو بەردەوام بووەوە لە قسەکردن؛ دەزانم کاتێک ئەم قسانە دەکەم یەکسەر خەیاڵتان بۆ ئەوە دەچێت، ئەی ئەگەر وایە من خۆم لێرە چی دەکەم و بۆ ناڕۆم، ئەمە خوویەکی خراپی مرۆڤەکانە بەو شێوە بیر دەکەنەوە کاتێک یەکێک ئامۆژگارییەکی چاکەیان دەکات. من بۆیە خۆم ناتوانم لێرە بڕۆم، چونکە پیاوێکی خەستەو نەخۆشم، ئەگەر هاوکاری ئەم و ئەو نەبوایە دەمێک بوو لەو ڕێگایانەدا بە جێ دەمام و دەبوومە خۆراکی داڵ و چەقەڵ و گورگەکان....

لەو کاتەدا سیامەند پرسی؛ ئەی باشە چۆن و بۆ کوێ بڕۆین؟. کابرا گوتی؛ دەتوانن لێرەوە دەتوانن بە ئاسانی بگەنە پایتەخت، من بۆ خۆم نەڕۆیشتووم بەڵام وەک باسی دەکەن وێستاگای شەمەندەفەری پایتەخت هێندەی ئەم شارۆچکە دەبێت و بووە بە ناوەندێک بۆ بەستنەوەی هەموو دونیا بەیەکەوە. وەک باسی دەکەن ئەو پایتەختە گەورەیە کاتی خۆی منالێک بەناوی "ڕومولوس"ەوە درووستی کرد، ئەگەرچی وەک دەگێڕنەوە باوکی خواوەندی شەڕ بووە، کەچی لەگەڵ برا جمکەکەیدا "ڕێموس" دەڵە گورگێک بەخێوی کردوون.
سەفەرکردن لە پایتەختەوە بۆ وڵاتەکانی دونیا لە ڕۆیشتن لەم کەمپە بۆ ناو شارۆچکەکە ئاسانترە، چونکە بەتەنها کەمێک پارەی ئەوێت و تاکە مەترسیشی ئەوەیە لەسەر سنورەکان دەسگیر بکرێن، ئەمەش وەک دەڵێن زۆر ئاسانە، چونکە ئێوە گەنجن دەتوانن دواتر بە پێ بپەڕنەوە. من زۆرێک دەناسم پێشتر لێرەبوون، ئێستا گەشتوونەتە ئەو وڵاتانەو ژیانێکی بێ دەردی سەری ئەگوزەرێنن....
مسیۆ، دوای سێ شەو لەو کەمپە بە گوێی ئەو کابرامان کردوو ڕۆیشتینە پایتەخت، ئەو ئامۆژگارییەی ئەویشمان لەیاد نەکرد، کە گوتی؛ ئاگاتان لە خۆتان بێت لەناو وێستاگاکانی شەمەندەفەردا نەمێننەوە چونکە پڕە لە دزو بە بێ ئەوەی ئاگاتان لە خۆتان بێت ڕووتتان دەکەنەوەو باخەڵەکانتان دەبڕن، ئەو ڕاستی دەکرد، زۆرێک لەو بیانییە نیشتەجێ بووانەی ئەوێ وەک ئاژەڵێکی مشەخۆر لە دووی ئەو کەسانە دەگەڕان، کە تازە دەگەیشتن و شارەزای شارەکە نەبوون، ئیتر لە چاوتروکانێکدا جانتاکانیان لێ ئەدزین، یان ئەو پەناهەندەو بێ ماڵ و جێگانەی لەناو پارکەکان و کورسییەکان بۆ پشوودان پاڵ دەکەوتن پەمپێکیان دەکردە لوتیان ئیتر بۆ ماوەیەک لەهۆش دەچوون ئەوانیش هەرچیان لە گیرفانیدا شک ببردایە ئەوا دەیان دزی و بۆی دەردەچوون....
مسیۆ، هەندێ هەست هەیە مرۆڤ ناتوانێت دەریان ببڕێیت، چونکە هێندە لە قوڵایی ناخی مرۆڤدایە ئەو کەسە خۆی دەتوانێت لێی تێ بگات.... دوای ئەوەی توانیمان بلیتی شەمەندەفەرمان بەرەو باکورد دەست بکەوێت، بەڵام کاتێک سواری ئەو شەمەندەفەر بووین کە بەرەو باکور دەڕۆیشت لەو کەسە تاوانبارە هەڵاتووانە دەچووین، کە لەناو فرۆکەدا چاوەڕوانی ئەو چرکە ساتە دەکەن بفرێت و لە زەوی دووربکەوێتەوە....
تا ئەو کاتەی شەمەندەفەرەکە لە شوێنی خۆی بزواو کەوتە ڕێ، ئێمە لەترس و دڵەڕاوکێیەکی وادا دەژیاین، کە قەت لەو بڕوایەدا نەبووین ئەو شەمەندەفەرە لە شوێنی خۆی بجوڵێت.... نازانم بۆ لەو کاتەنەدا لە قسەکردنیش دەترساین، لەکاتێکدا ئەو خەڵکانەی دەهاتنە ناو شەمەندەفەرەکەوە دڵخۆشبوون و بە دەنگی

بەرز قسەیان دەکردو قاقا پێ دەکەنین، کەچی ئێمە وەک جرجی تۆقیو لەجێگای خۆماندا خۆمان بچوک دەکردەوەو نەماندەوێرا وشەیەک لەگەڵ یەکتر بدوێین!.
مسیۆ، وا بزانم کات درەنگی کردو تۆ هەر قسەیەکت نەکرد، ها بگرە پێکێک هەڵدە لەچاوی ئەو ساتەی شەمەندەفەرەکە جولاو ڕۆحی ئێمەش بەو جوڵەیە کەمێک ئارام بوویەوەو هەناسەیەکی ئاسودەییمان هەڵکێشا.... نۆش مسیۆ....

# شەوی پێنجەم

مسیۆ نازانم چەند کاتژمێر بەڕێوە بووین، چونکە سەرەڕای دڵەڕاوکێ و ترس ماندووبوون خەوی دەکردە میوانی چاوەکانمان، شتێک وەک خەو دێتەوە یادم ئەوە بوو دوای ئەوەی شەمەندەفەرەکە گەیشتە شارێک وەستا، نازانم بۆچی وەستانەکەی درێژەی کێشا!. لەناو فارگۆنەکە هەندێ نەفەرمان دەبینی بۆ جگەرە کێشان دادەبەزینە خوارەوە، فەرهادو سیامەندیش بە نیازی جگەرەکێشان دابەزین، بەڵام من و کامشاد هەر لەجێگای خۆمان وەک دوو جرجی تۆقیو خۆمان بچوک دەکردەوە، چونکە وەستانی شەمەندەفەرەکە بۆ ئێمە هیچ کاتێک دڵخۆشکەر نەبوو، پێشتریش لەهەر وێستاگایەکدا دەوەستا ئێمە هەناسەمان توند دەبوو. ژیانی ئێمە لە دۆخێکدا بوو، پێویستی بە شەمەندەفەرێک بوو بە بەردەوامی بڕوات و لەهیچ شوێنێکدا ڕانەوەستێت....
من و کامشاد بە ترس و دڵەڕاوکێوە جار بەجار سەیرێکی دەرەوەمان دەکردو لەیەکترمان ئەڕوانی و پەلەی ئەوەمان بوو شەمەندەفەرەکە زوو بکەوێتەوە ڕێ و کۆتایی بەم ترسەی ئێمە بهێنێت، چونکە ترسەکە لە ئاستێکدا بوو چەندینجار لە دڵی خۆمدا دەمگوت؛ ئەگەر ئێستا بمزانیبا شەمەندەفەر لێبخورم ئەوا دەڕۆیشتمە شوێنی شۆفێرەکەو خۆم لێم دەخوڕی و تا ئەو جێگای پێویست بوو تا ئاستی کۆتایی دونیا نەدەوەستام....
من لەو خەیاڵانەدا بووم خۆم شۆفێری شەمەندەفەرەکەم دەکردو بەناو زۆربەی شارەکاندا تێپەڕدەبووم و نەدەوەستام، دوو پیاوی باڵا بەرز بەتەنیشتمانەوە وەستان و یەکێکیان لەناو دەستییەوە کارتێکی نیشاندابن و بە بێ ئەوە لە یەک وشە تێبگەین هەندێ قسەی کرد.... من و کامشادیش وەک دوو پشیلەی ترساو هەر سەیری یەکترمان دەکرد بە بێ ئەوەی هیچ بڵێین....

بە نیازی ئەوەی فەرهادو سیامەند ئاگادار بکەمەوە بۆ ئەوەی بێن و شتێکمان تێ بگەیەنن سەیرێکی دەرەوەم کرد، بەڵام ئەوان لە شوێنی خۆیان نەمابوون. ئەو کابراش کارتەکەی بەدەستەوە بوو بە دەنگی بەرز گوتی؛ پاسپۆرت، بە دەستیشی ئاماژەی بۆ پاسپۆرت دەکرد، ئیتر ئێمەش نەهیچ تێگەیشتین و نەهیچ وەڵاممان دایەوە، بۆیە داوی لێکردین لەگەڵیاندا دابەزینە خوارەوە.....

ئاخ مسیۆ، هیچ شتێک هێندەی ئەوە ناخۆش نییە، کاتێک دەستەکانت بە کەلەبچە دەبەستنەوەو بەناو خەڵکدا دەتبەن و هەموو خەڵک وەک تاوانبارێک سەیرت دەکەن. نازانم ئەو شتە بۆ وایە، با ئەو خەڵکەش تۆ نەناسن و نەزانن کێییت، بەڵام کاتێک بە چاوی تاوانبارێکەوە لێت ئەڕوانن لەناخەوە شەمەزاری ڕۆحت ئەگوشێت، خۆتت لێ ئەبێزێت و هەست ئەکەیت چەند مرۆڤێکی سوک و ڕیسوایت....

کاتێک لە ڕاڕەوی شوێنی سواربوون و دابەزینی شەمەندەفەرەکە دوورکەوتینەوە بە چەند قادرمەیەکی پێچاوپێچدا بۆ ژێرزەمینێک بردینیانە خوارەوەو دواتر بە ڕاڕەوێکی دووروردرێژدا بردینیان. دوو پۆلیسە مەدەنییەکە پاش و پێشیان لێگرتبووین و ئەوەی پێشەوە جیهازێکی پێ بوو بەردەوام قسەی دەکرد تا گەیشتنە جێگایەکی تر، کە بەچەند قادرمەیەکدا سەریانخستین و دیسان بە ڕاڕەوێکی تردا بردینیان.... نازانم ئەو شوێنە بۆ خۆی دوور بوو یان ئێمە لەو کاتەدا پەلەمان بوو بمانگەیەننە شوێنێک و کەمێک پشوو بدەین. بەڕاستی جێگای سەرسوڕمان بوو لەژێر وێستگەیەکی بچوکی شەمەندەفەردا شوێنی وا گەورەو نهێنی هەبێت!. قەت نەمدەتوانی بڕوا بکەم لەژێر ئەو وێستگایەدا شوێنێکی وا هەیە، کە جێگای دائیرەی پۆلیس و زیندانیشی تێدا دەبێتەوە. نازانم ئەمە قەدەری ئێمە بوو یان هەر بۆ خۆی وابوو، کە لەهەر جێگایەکدا شکستمان بهێنایە زیندانێک ئامادە بوو فڕێمان بدەنە ناوییە....

ئاخر بیرم نایە شوێنێک هەبێت ئێمە سەرمان پیاکردبێت زیندانێکی ئامادەی تێدا نەبووبێت، هێندە زیندانەکانی ئەم دونیا بۆ بەندکردن و دەست و پێ بەستنی مرۆڤەکان زۆرن مرۆڤ هەمیشە هەست دەکات ئەو شوێنەی تیایدا ئەژی جگە لە زیندانێکی گەورە هیچی تر نییە....

مسیۆ، تا بە دائیرەی پۆلیس، کە لە ژێر ئەو وێستگادا بوو گەیشتین تەواو ماندوو بووین بۆیە هەرچی پرسیارێکیان لێ دەکردم هەر سەری تێنەگەیشتنم دەلەقاند، تەنانەت داوای ئەوەشیان لێکردین، کە لەسەر کاغەزێک ناوی خۆمان بنووسین ئەوەشم نەکرد، چونکە یەکەم نەم دەزانی بەڕاستی کام ناوەم بنووسم و خوێنەواریشم نەبوو تا هیچ بنووسم، ئەمەش کەمێک ئەوانی توڕە کردو لەناو یەکدا هەر بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد بە بێ ئەوەی ئێمە یەک وشە چییە لێیان بگەین. ئەوەی لە قسەکانی ئەواندا بە بۆچوونی خۆمان تێی گەیشتین پێیان وابوو

ئێمە درۆ ئەکەین و خۆمان لە گێلی دەدەین، بۆیە لەو ژوورە دەریان هێناین و بردینیان بۆ ناو ژوورێکی تاریکی دڵقەبزی شێدارو بۆن پیس لە گۆشەیەکی دووری ئەو پۆلیسخانەیەدا....
ڕەنگە ئەگەر لێم بپرسن ناخۆشترین ڕۆژی ژیانت کامەیە، بەبێ دوودڵی باسی ئەو شەوە بکەم لەو زیندانەدا بەسەرمان برد. ئاخر ئەوە زیندان نەبوو، دۆزەخێک بوو بۆ خۆی، چونکە جگە لە دەرگا ئاسنین نەبێت تاکە پەنجەرەیەکیشی تێدا نەبوو ڕوناکی لێ بێتە ژوورەوەو هیچ گڵۆپ و ڕوناکییەکیشی تێدا نەبوو.
لەماوەی ئەو شەوو ڕۆژەدا بەتەنها پۆلیسێک یەکجار هات، ئەویش خواردنی بۆ هێناین و ڕۆیشت ئیتر چاومان بە هیچ کەسێک نەکەوت سەردانمان بکات، تەنانەت بەتانی یان ڕایەخێکیشی تێدا نەبوو جگە لە دوو سەکۆی کۆنکریت نەبێت، کە ئەوەندە ساردو تەزیوو بوو نەمان دەتوانی لەسەریشی دابنیشین، بۆیە زۆربەی شەوەکە لەگەڵ کامشاددا بەپێوەبووین و بەدەوری خۆماندا ئەخولاینەوە بۆ ئەوەی کەمێک گەرممان بێتەوە، ئاخر بەڕاستی هەستمان دەکرد دەرەوە دە قاتی ئەو ژوورە گەرمترە....
من پێم وابوو ئەو ژوورە بەتەنها بۆ ئەوە درووستکرابوو ئەگەر بیانەوێت یەکێک خۆی بکوژێت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەوێ بەندی بکەن، هەر بەڕاستی شوێنێک بوو یەکسەر مێشکی مرۆڤی بۆ خۆکوشتن ئەخستە کار....
چەند ساتێک لەدوای قاوەڵتی دیسان بانگیان کردینەوە بۆ هەمان ژووری ڕۆژی ڕابردوو، بەڵام ئەمجارە خۆشبەختانە پیاوێکی لێ بوو کاری وەرگێرانی بۆ دەکردین. لەدوای پرسیارو وەڵام و پڕکردنەوەی هەندێ کاغەزو پەنجەمۆر گواستینیانەوە بۆ کەمپێک و لەوێ لەگەڵ دوو کەسی تردا لە ژوورێکدا نیشتەجێیان کردین.
مسیۆ، ئەو کەمپە زۆر گەورە نەبوو، هەر لەخانوویەکی گەورە دەچوو، کەمێک لەدەرەوەی شار بوو، بەڵام شوێنێکی هێندە دڵگیرو جوان بوو مرۆڤ هیچ کاتێک هەستی بە بێزاری و بێ تاقەتی نەدەکرد. کەمپەکە کەوتبووەوە دامێنی کۆمەڵە چیایەکی بەرزو سەوزەوە، ئەو شاخانە هێندە دڵگیرو جوان بوون بەهەر سەیرکردنێکی هێزو وزەیەکی نوێی بۆ ژیان ئەدایتێ.
خەڵکانێکی زۆر لەوێ بێزاربوون و بەردەوام لەبەر خۆیانەوە گلەییان دەکردو شەڕیان بەکارمەندەکانی کەمپەکە ئەفرۆشت، بەڵام وەک هەموو جارێک کارمەندەکان پێیان دەگوتن؛ کەئەوان هیچ بەدەستن و وەڵام دانەوەی مافی پەنابەری کاری دائیرەی بێگانەیە، بۆیە ئێمە ناتوانین هیچتان بۆ بکەین، جگە لە دابینکردنی دەرمان، پزیشک و پێداویستی ڕۆژانە نەبێت، هەندێ جاریش ئەوەندە دڵپاک و سادە قسەیان لەگەڵ ئەو خەڵکەدا دەکرد مرۆڤ دڵی بۆیان دەسوتا، کە حەز دەکەن یارمەتی ئەو خەڵکە بدەن و ناتوانن، بەڵام ئیتر سروشتی مرۆڤ وایە،

بەهیچ شتێک ڕازی نییەو بەردەوام داوای باشترو باشتر دەکات، تەنانەت لەو جێگایانەشدا، کە میوانە لە خاوەن ماڵ زیاتر داوا دەکات و بەمافی خۆیشی ئەزانێت....

من و کامشاد هێشتا زۆر لەوە ماندووتر بووین گلەیی لەبەختی خۆمان بکەین و داوای زۆر شت بکەین. تەنها شتێک ئێمەی نیگەران دەکرد ئەوەبوو ئارمان بدۆزینەوەو نامەیەکی بە دەستخەتی خۆی پێ بنووسین و بۆ فەرزانی بنێرین تا دڵنیا بێت، کە ئێمە بە سەلامەتی گەیشتووینەتە جێگایەک، کە چیتر توانای ڕۆیشتنمان بۆ هیچ شوێنێکی تر نییە.

ماوەی چەند مانگێکمان لەو کەمپەدا بەسەر برد بەبێ ئەوەی هەست بە تێپەڕبوونی بکەین. من و کامشاد ڕۆژانە بەپێ دەڕۆیشتین بۆ ناو شار، کە نزیکەی چل دەقەیەک دوور بوو. دوای پیاسەیەکی درێژ بەکەنار ڕووبارەکەدا سەرێکمان لەبازاڕی جل و بەرگ دەداو بەبێ ئەوە هیچ بکڕین بەهەمان ڕێگادا دەگەڕاینەوە بۆ کەمپەکە. دەتوانم بڵێم؛ ژیانی ئێمە بەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەدەهات وەستابوو. هەموو ڕۆژەکان و شەوەکان وەک یەک دووبارە دەبوونەوە بەبێ ئەوەی وەک زۆرێک لەو خەڵکە بێزارمان بکات، چونکە چیتر شتێک نەبوو ئێمە چاوەڕوانی بکەین، تەنانەت هیچ پەلەی ئەوەشمان نەبوو زوو وەڵامی پەناهەندیی وەربگرین و وەک زۆرێک لەوانەی کەمپەکە بڕۆین لەناو شار ژوورێک بە کرێ بگرین و تەنهایی هەڵبژێرین....

مسیۆ؛ کاتێک بیرم لەو خەڵکە دەکردەوە، کە پەلەیان بوو زوو وەڵامێک وەربگرن تا ژوورێک بکەنە زیندانی هەتا هەتاییان پێکەنینم دەهات، چونکە ئەوەم دەزانی ئەو زیندانەی مرۆڤ خۆی بە دەستەکانی خۆی بۆ خۆی درووستی دەکات زیندانێکی ئەبەدییە و قەت لێی دەرناچێتە دەرەوە. تاریکترین و قوڵترین زیندان ئەو زیندانەیە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی چێی دەکات و ناوی لێ دەنێت ژیانی تاکە کەسی....

شەوان هەندێجار لەگەڵ چەند خەڵکێکدا قسەمان دەکرد و باسی ژیان و چارەنووسی خۆمان دەکرد لەوە تێ گەیشتم، ئەوەی لەو کەمپەدا بوو هیچی وەک ئەوی تر بیریی نەدەکردەوە، هەمووجار ئەمگوت؛ خودایە ئەم جرۆجانەوەرە چییە درووستت کردووەو ناوی مرۆڤت لێ ناوە، کە هیچی لە ئەوەی تر ناچێت و هیچی وەک ئەوی تر بیرناکاتەوە ئەگەر هاو خوێن و هاو چارەنووسیشی بێت....!.

تەواو پێچەوانەی ئەو خەڵکە من لە گواستنەوە بۆ ناو خانووی خۆم زۆر دەترسام، بۆیە هەرجارێک ئەو پێشنیازەیان بۆ دەکردم، ڕەتم دەکردەوە، تا دواجار بەوە ڕازی بووم بۆ کەمپێکی بچوکی هەمیشەییم بگوازنەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو هەستم دەکرد تەنهایی لەسەرخۆ خەریکە گەمارۆم دەدات، چونکە کامشاد بە ئافرەتێک لەناو شاردا ئاشان بووبوو زۆربەی شەوەکان لەلای ئەو دەمایەوە، ئیتر منیش

هاودەم و هاوڕێیەکم نەبوو خەمەکانی لەگەڵدا بەش بکەم و باسی ئەو نەهامەتی و نەگبەتیانەی ژیانمی بۆ بکەم و لێم تێ بگات یان لەگەڵمدا تەواوی بکات....
بۆ ئەوەی شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ نەبن، ڕاستییەکەی ئاوها بوو، پێش ئەوەی کامشاد بەو ئافرەتە ئاشنا بێت، کە ئەویش چیرۆکێکی ترە، ڕۆژانە جوتیارو خاوەن کارەکانی ئەو گوندانەی دەورەبر بۆ کەمپەکە دەهاتن و داوای کرێکاریان دەکرد، کە لە کێڵگەکانیاندا هاوکارییان بکەن، منیش لەبەر ئەوەی پێش میوانخانەی پەپولە سپییەکان ئەو کارەم کردبوو حەزم لێی بوو هەم شتێکی کەم پارەشم دەست دەکەوت، بەڵام کامشاد دەیگوت: ئاخر خوا کەری کردووم بڕۆم کار بکەم و خەوی بەیانیان لە خۆم تێک بدەم، لەکاتێکدا حکومەت بەخێوم دەکات و پارەم دەداتێ!.
دیارە هەر لەسەرەتاوە من و کامشاد ئەگەرچی تەمەنێک پێکەوە بووین هەمیشە دوو ڕای جیاوازمان هەبوو، سەرەڕای جیاوازیی بیرکردنەوەشمان ئەو زۆر کەللە ڕەق بوو، بەردەوام پێداگری لەسەر بۆچوونەکانی خۆی دەکرد، تەنانەت ئەگەر ئەگەر هەڵەش بووایە.
من پێم وابوو هۆکاری کارکردنەکە بۆ پارە نەبوو، بەڵکو ئەو هەموو کاتە زۆرە بوو هەمان بوو، کە زۆرجار لە بێ تاقەتیدا وەخت بوو دڵمان بتەقێ، ئەمەش وایکردبوو زۆربەی پەناهەندەکانی ئەو کەمپە کاتەکانیان بە خەو بەسەر ئەبرد. کامشادیش یەکێک بوو لەو کەسانەی ئەیتوانی شەوو ڕۆژێک بخەوێت و هەڵنەسێت، بەڵام من هەر لەمناڵییەوە خووم بەوە گرتبوو، ئەگەر بە درێژایی شەویش نەخەوم و تا ڕۆژ دەبێتەوە بە بێداری بمێنمەوە نەتوانم بە ڕۆژ خەوم لێ بکەوێت، تەنانەت ئەو چەند شەوو ڕۆژەی بە ڕێگاشەوە بووین و بە شەو ڕێگامان دەبڕی و بەڕۆژ پشوومان ئەدا من کەمترین کات خەوم لێ ئەکەوت.
کامشاد ئەم کارەی منی پێ خۆش نەبوو، ئەو ئەیوست من هەر بۆ خۆی بم و لەلای ئەو بم، لەکاتێکدا تا دوای نیوەڕۆ لێی دەخەوت و دەبوو من بە دیارییەوە دابنیشم تا بێدار دەبێتەوە، بۆیە پێم گوت؛ باشە ئەو کاتانەی من دەڕۆم بۆ کار تۆ نووستوویت و زۆرجاریش کاتێک لەکار دەگەڕێمەوە هێشا لە خەو هەڵنەساویت ئیتر بۆ ئەمەت کردووە بە کێشە؟.
ماوەیەک بەو شێوە ژیانمان پێکەوە بەسەر برد، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر لەلای ئەوەوە هەستم بە ساردی دەکرد، بەڵام من لە ئەو زیاتر هیچ کەسێکی ترم نەبوو بۆیە قەت دڵم بەڕوویدا دانەدەخست و هەمیشە دڵم بۆی کراوە بوو، چونکە دەمزانی ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین زۆر ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت هاوڕێیەکی باش بدۆزێتەوەو متمانەی پێ بکات، هیچ نەبێت من و ئەو ڕابردوویەکمان پێکەوە هەبوو، بەڵام ئەو وا نەبوو....

مسیۆ، نازانم ئەو قسە هی کێیە دەڵێت" ئەگەر ویستت کارەکتەری کەسێک بناسیت دەسەڵاتی بدەرێ" ڕەنگە چۆن دەڵێن؛ "ئاڵتون بە ئاگر تاقی دەکرێتەوە" بۆ مرۆڤیش تواناو دەسەڵات بێت، چونکە زۆر کەسم لەکاتی لاوازیدا بینی پەپولەیەک بوون، بەڵام هەرکە بە نیازەکانیان گەیشتن گورگێکی کەڵبە خوێناویان لێ دەرچوو. لەهەموو ناخۆشتر ئەوەیە؛ مرۆڤ کاتێک پێدەگات و لە شتەکان باشتر تێ دەگات ئیتر تەمەن بەرەو کۆتایی لێژبۆتەوە....

پەیوەندییە ساردەکەی نێوان من و کامشاد زۆر درێژەی نەکێشاو بە شێوەیەک کۆتایی هات وەک ئەوە وابوو من و ئەو لەهەموو تەمەنماندا یەکترمان نەناسیبێ، ئەمەش دوای ئەو ئێوارەیە بوو، کە کوڕێک هاتە ناو کەمپەکەو هەواڵی منی پرسی بوو....!.

دوای ئەوەی یەکێک لە بیرۆکەوە هات و گوتی: کەسێک لەبەردەگا داوای تۆ دەکات، بەڵام لەوە ناچێت ڕەوشی زۆرباش بێت، ئەگەر پێویستت بەهاوکاری هەبوو ئاگادارمان بکەوە....!. هیچ هێندەی ئەم جۆرە هەواڵانە مرۆڤ توشی دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوەی بێزارکەر ناکات، بۆیە تا گەشتمە بەردەم دەرگاکە هەزارو یەک خەیاڵ بە مێشکمدا هات.... جارێک لەخۆمەوە دەمگوت؛ تۆ بڵێیت فەرزان بێت و ئەویش گەشتبێتە ئێرەو بە پرسیارکردن منی دۆزیبێتەوە!. لەبەرخۆمەوە بیرم لەوە دەکردەوە کاتێک فەرزان دەبینم یەکسەر چاوەکانم پڕ لە فرمێسک دەبن و باوەش بەیەکدا ئەکەین و تێر دەگرین.... جارێکی تر دەمگوت؛ دڵنیام ئەوە ئارمانە هاتووە تا هەواڵی گەشتنی خۆیمان پێ بڵێت و لەوە دڵنیامان بکاتەوە، کە ئەویش بەسەلامەتی گەیشتووەو دەخوازێت نامەیەک بۆ فەرزان بنێرین و لەهەواڵی خۆمان ئاگاداری بکەینەوە.... بە ڕێگاوە هەر خەیاڵی سەیر بە مێشکمدا دەهات تاگەشتمە بەردەرگاکە، ئیتر حەپەسام....!.

کاتێک لە کوڕەکە نزیک بوومەوە بۆنی ئەلکهولی مێشکی مرۆڤی کاس دەکرد، بەخێرایی بیرم دەکردەوە بزانم ئەیناسم یان لە کوێ دیومە، بەڵام یادەوەریم سەبارەت بە ناسینی ئەم کوڕە هیچ هاوکارییەکی نەدەکردم....

مسیۆ، ئەم کوڕە زۆر سەرخۆش بوو، نازانم چ پیاو چاکێک ناونیشانی ئۆردوگاکەی ئێمەی پێدابوو، ئەویش دوو وڵاتی بڕیبوو تا گەشتبووە لای ئێمەو هەر لە ڕێگاوە پرسیاری من و کامشادی کردبوو. ئەو کەسەی ناونیشانەکەی پێدابوو، ئەوەندە شارەزایانە هەموو شتێکی بۆ ڕوونکردبووەوە نەمدەتوانی بۆ ساتێکیش درۆیەکی لەگەڵدا بکەم. بەڵام ئەوەی سەیربوو هەر لەیەکەم دیداردا پرسی: تۆ شایگانی پوژمانیت؟ منیش بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتم: خۆیەتی، دەی خودایە هەواڵێکی خۆشت پێ بێت، خەریک بوو باوەشی پێدابکەم، کەچی قسەکەی لەدەمم وەرگرت و گوتی: ئەو قەحبە لە کوێیە؟ من دەمویست قسە بکەم و ئەو بەردەوام دەیگوت: ئەو

قەحبەی خیانەتکارە، خۆت گێل مەکە باش دەزانیت باسی کام قەحبە دەکەم، ئەوەی لە ڕێگا لەگەڵتاندا بوو، ئەوەی براکەت هەڵیگرت، هەر ئێستا دەمەوێت پێم بڵێیت لە کوێیە، ئەگینا لە پێش ئەودا سەری تۆ پاندەکەمەوە... ئەو بەردەوام جنێوی دەداو هەڕەشەی دەکرد، لە پڕێکیشدا  کامشادیش پەیدا بوو، کابراش هەرخۆی ڕادەپسکاندو دەیگوت: ئەگەر ئێستا شوێنی ئەو قەحبەیەم پێ نەڵێن، هەمووتان لەناو دەبەم، هەر دەبێت پێم بڵێن، ئەو خیانەتکارە لە کوێیە....!.
دەبەیەک بەنزینی بەدەستەوە بوو زوو زوو بەرزی دەکردەوە دەیگوت؛ هەر دەبێت بەم دەستانەی خۆم ئەم بەنزینە بەسەریدا بکەم و بیسووتێنم، چونکە سزای هەموو گوناهکارێک سوتاندنە....
منیش بەردەوام دەمگوت؛ تۆ ئارام بەرەوە با لەیەکتر تێ بگەین و ڕاستی مەسەلەکەت بۆ باس بکەم، ئەو بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەی تێی کەوتبوو کەمێک عەقڵی لەسەریدا جولابوو، بە هیچ شتێک سارد نەدەبووەوە. جا لە هەمووی نەگبەتی تر هەر لەگەڵ ناوی ژنت دەهێنا ئەوەندەی تر دەهری ئەبوو....
ئەو بەردەوام لەبەر خۆیەوە وەک کەسانێک بنێشت بجوون کاوێژی دەکرد و دەیگوت: ژن... ژن... ژن... ژن هەر هەموویان قەحبەن، دایکم لەهەر هەموویان قەحبە ترە، هەر ئەبێت ڕۆژێک بێت هەموویان بەدەستی خۆم لەناو بەرم، بەڵام جارێک کاتی نەهاتووە، تا ئەو قەحبە نەدۆزمەوەو بەدەستەکانی خۆم ئەنجن ئەنجنی نەکەم دەست بۆ ئەوانی تر نابەم، هەرکاتێک ئەوم دۆزییەوە تۆڵەی ئەو خیانەتەشیان لێدەکەمەوە، کە لە خودایان کردو لە بەری دارە حەرامکراوەکەیان خوارد....
لەگەڵ کامشاددا زۆرمان هەوڵدا ئارامی بکەینەوەو ڕاستی مەسەلەکەی بۆ باس بکەین و پێی بڵێین؛ ئێمەش وەک ئەو بەدوای کوڕەکەدا ئەگەڕێین و هەر لە ڕێگا لێمان ونبوون، بەڵام ئەو کابرا ئەوەندەی خواردبووەوە چاوەکانی سورهەڵگەڕابوون و قاچەکانی بەباشی زەویان نەدەگرت و هەندێجار لەتری وای دەبرد، دەمگوت ئێستا وا ئەکێشێت بە زەویدا مێشکی وەک شوتی شەق دەبێت، بەڵام دیسان خۆی بە دیوارەکەوە دەگرتەوەو دەستی بە جنێودان دەکردەوە....
هەرچۆنێک هەبوو لە ڕێگای بیرۆی کەمپەکەوە نازانم کێ تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کردبوو هاتن و بردیان و لەکۆڵی ئێمەیان کردوە.... من و کامشادیش بەبێ ئەوەی وشەیەک لەگەڵ یەکدا بڵێین گەڕاینەوە بۆ ژوورەکەمان، دەتوانم بڵێم؛ لەماوەی ئەو هەموو ساڵەی من و کامشاد پێکەوە بووین ئەوە یەکەمجار بوو پێکەوە بڕۆین و لەگەڵ یەکدا قسە نەکەین، ئەو کاتانەشی ساردی لەنێوانماندا هەبوو هەر بە گەرمی لەگەڵ یەکدا قسەمان دەکرد، بەڵام نازانم دوای ئەو ڕووداوە بۆ من و ئەو وشەیەکمان بۆ وتن نەبوو....!.

کاتێک گەڕاینەوە بۆ ژوورەکەمان من وەک ئەوەی لەکارێکی قورسی پڕوکێنەر گەڕابێتمەوە توند خۆم بەسەر ڕایەخەکەدا داو کامشادیش خۆی بۆ ڕۆیشتن بۆ لای دۆستەکەی ئامادە دەکرد....
ڕۆیشتنی ئەو شەوەی کامشاد بۆ لای دۆستەکەی دوا ڕۆیشتنی ئەو بوو لە ژیانی مندا، ئیتر لە دوای ئەو شەوەوە، کە ڕۆیشت یەکجار بینیمەوە ئەویش ئەو کاتە بوو بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانی گەڕابووەوە.....
تەنها شتێک لەماوەی ئەو هەموو ساڵەی، کە بۆ یەک ساتیش چاوم بە کامشاد نەکەوتۆتەوە لەبیرم ناچێت ئەوەیە، کە نەم دەزانی مرۆڤ دەتوانی دەیان ساڵ ژەهری ڕق و کینە لەناو خۆیدا هەڵبگرێت بەرگە بگرێت، بە ئێستاشەوە هەر بیر لەوە دەکەمەوە چۆن مرۆڤ دەتوانێت ئەو هەموو ژەهرە لەناخیدا چەندین ساڵ هەڵبگرێت و نەیکوژێت!.
تا ئەو پاش نیوەڕۆیەی بۆ دواجار گەڕایەوە کەمپەکە من ئاگام لە وردەکاری ڕۆیشتنەکەی نەبوو، کە پێشتر هەموو شتێکی ڕێکخستبوو بەبێ ئەوەی بە من بڵێت.
ئەو ماوەیەی لەلای دۆستەکەی مایەوەو تا ئەو کاتەی بۆ شمەکەکانی گەڕایەوە من هەر دڵم لەلای بوو، سەرەڕایی تەنهایی خۆم بەردەوام خەمم بۆ دەخوارد، بۆیە کاتێک گەڕایەوە زۆر دۆستانە باوەشم پێدا کردو گوتم؛ زۆر بیرم کردی و هەمیشە دڵم لەلات بوو، هیچ نەبێت ئەگەر ئەمجارە ڕۆیشتیت جار بەجار سەرێک بدەوە ئەگەر بە کورتیش بێت، سەرەڕای هەموو شتێک من و تۆ هێشتا هەر دوو براین، کەچی لە وەڵامدا گوتی؛ من هیچ کاتێک برام نەبووەو کەسیش بە برای خۆم نازانم، ئەوەشی تا ئێستا لە نێوانماندا ڕوویداوە پێویستییەکی ژیان بوو، کە هەریەکەمان پێویستمان بەوی تر بووە هاوکاری یەکتر بکەین، بۆیە تۆ چۆن تا ئێستا بۆ خۆت ژیاویت و چۆنت پێ خۆش بووە وات کردووە، منیش مافی خۆمە ئیتر وەک تۆ بۆ خۆم بژیم....
ئاخ، مسیۆ، تا ئەو کاتە نەمزانی من چەند کەسێکی گەمژەو ساویلکەم، کە بە درێژایی چەندین ساڵ ژیانی خۆم بە کەسێکەوە گرێ دابوو، کە پێم وابوو لە داژۆی برام زیاتر جێگای متمانەیە، بەڵام تەواو پێچەوانەکەی ڕاست دەرچوو.... لەم مەسەلەدا من کەس بە تاوانبار نازانم دڵپاکی و ساویلکەیی خۆم نەبێ، چونکە لەبیرم دێت تازە ڕۆشتبووینە میوانخانەی پەپولە سپییەکان و من و ئەو بەتەنیشت فەرزانەوە لە ژوورێکدا دەژیاین، جارێک فەرزان بەدزییەوە بانگی کردم و پرسیاری کامشادی لێکردم و گوتی؛ کوڕێکی چۆنە؟. من لەوەڵامدا بەباشی پەسنم کردو بە شان و باڵیمدا هەڵدا، کەچی فەرزان لەوەڵامدا گوتی؛ هیوادارم هەڵە نەبی!.
ئەوەی ئەمڕۆ ئازارم ئەدا ئەوە نییە، کە کامشاد لەگەڵمدا ڕاستگۆ دەرنەچوو، بەڵکو ئەوەیە بەهۆی ئەوەوە لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان چەندین هاوڕێی باشم لە

کیس چوو. ئەو هەموو شتێکی کرد بۆ ئەوەی کەس بە چواردەورمدا نەهێڵێت و من بەتەنها بۆ خۆی بم، چونکە ئەیزانی تاکە کەسێک لە فەرزانەوە نزیک بێت و جێگای بڕوای بێت من بووم. ئەو لەگەڵ هاوڕێکانی میوانخانەی پەپولە سپییەکان کێشە زۆری بۆ درووستکردم تا ئەو جێگای لەهەموویانی دابڕیم بەتەنها خۆی نەبێت، کەچی پێی دەگوتم؛ تۆ قەت منت بەهاوڕێی خۆت نەزانیوە، بەڵکو کارت پێم بووە، ئەگینا تۆ ئەوەندە لە منالەکانی ترەوە نزیک بوویت لە منەوە نزیک نەبوویت، تۆ جگە لەکەسێکی خۆ پەرست و هیچ و پوچ هیچی تر نەبوویت لە ژیانمدا، چونکە باش دەمزانی لەگەڵ فەرزانی هیچ و پووچدا لە ژێرەوە چۆن هاوکاری منالەکانی ترتان دەکرد، چاک ئاگام لەهەموو شتێک هەبوو، کە بەدرۆ تۆ ئەتگوت؛ من قسەیان لەگەڵدا ناکەم، بەڵام بەردەوام لە ژێرەوە پەیوەندیت پێیانەوە هەبوو....

مسیۆ، دوای ئەو هەموو قسە پڕ لە کینەو ڕقە بەرامبەر بەمن کردنی هێشتا ئەوەندەی ئەوە ئازاری نەدام، کە قسەی بە فەرزان گوت، چونکە فەرزان باوکی هەموو منالەکان بوو، نازانم بۆم باسکردوویت یان نا، فەرزان باوک و مامۆستایەک بوو لەدونیادا وێنەی کەم بوو، چونکە قەت هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، ئەوەشی، کە زیاتر لەمنەوە نزیک بوو جگە لەوەی متمانەی پێم هەبوو بۆ هاوکاریکردنیش لێی ڕادەبینیم، ئەو بەردەوام پێویستی بەکەسێک بوو هاوکاری بکات، خۆی چەندین جار لەبەرچاوی منالەکان دەیگوت؛ ئەگەر کەسێک هەبێت وەک شایگان ڕۆحی کار و هاوکاری تێدا بێت لەگەڵ خۆم بۆ هەموو شوێنێکی ئەبەم، کەچی کامشاد هەموو ئەو شتانەی بە خراپ و شەخسی وەرگرتبوو....

دوای ئەوەی هەموو شتەکانی دا بەشانیداو ژوورەکەی بەجێ هێشت من لە جێگای خۆم چەقیبووم و نەمدەتوانی هەنگاوێ بجوڵێم، لەشم قورس و شتێکی خڕ قوڕگی گرتبووم. کاتێک بیرم لە فەرزان دەکردەوە، ئەو مرۆڤە مەزنەی وەک زەڕنەقوتە هەمووومانی بەخێو کردو خۆی گوتەنی؛ لێگەڕا تا باڵەکانمان پەڕ دەربکەن و ئینجا ڕێگای داین بفڕین، کەچی کامشادیش ئاوا چاکەی پیاوەتییەکەی دایەوە، بۆیە خۆم پێ نەگیراو دام لە پڕمەی گریان.... ئەو شەوە تا لەسەر جێگاکە خەوم لێکەوت من گریام، گریانەکەشم ئەوەندە بۆ فەرزان بوو بۆ خۆم نەبوو. ئەو دوو کوڕەی تر، کە لە ژوورەکەمان بوون زۆر دڵنەواییان کردم و ئەوانیش باسی ئەزموونی خۆیان بۆ کردم، کە چەندینجار لەلایەن هاوڕێکانیانەوە فریو دروان و بەتەنها ماونەتەوە....

چەند ڕۆژێک دوای ئەو ڕووداوە ئیتر بە یەکجاری گوازرامەوە بۆ کەمپێکی هەمیشەیی و چەند کەسێکی ترم لەوێ ناسی، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەیانیان زوو دەڕۆیشتم بۆ کێڵگەکان بۆکارکردن و ئێواران درەنگ دەگەڕامەوە کەمتر هەستم

بەتەنهایی و بێزاری دەکردو هەر زۆریش بێتاقەت بوومایە دەڕۆیشتم بۆ ناو شارو پیاسەیەکم بەکەناری ڕووبارەکەدا دەکردو دەگەڕامەوە....

ماوەیەک ژیانم ئەگەرچی قورس بوو بەڵام ئارام بوو. ڕۆژێکی شەمە هێشتا لە ژوورەکەم نەهاتبوومە دەرەوە یەکێک لە دەرگای دا، یەکێک بوو لە پەناهەندەکانی کەمپەکەی خۆمان، کوڕێکی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ژوورەوەو دەستی بۆ من ڕاکێشاو بە کوڕەکەی گوت؛ ئەوە شایگانە و بۆ خۆی لێیدا ڕۆیشت....

منیش فەرمووم لێکرد، کوڕەکە بەنیازی تەوقە دەستی درێژکردو گوتی؛ من ناوم، ئیبراهیمە هاوڕێی موحەمەدم.... منیش خۆشحاڵی خۆم بۆ دەربڕی و پرسیم؛ کام موحەمەد؟.

لە وەڵامدا کوڕەکە گوتی؛ با لە شوێنێک دانیشین بە درێژی بۆت باس دەکەم، چونکە بەڕاستی زۆر پێویستەو پەیوەندی بە چارەنووسی چەند کەسێکەوە هەیە...!.

لەسەرمێزی ئاشپەزخانەکە دانیشتین، ئیبراهیم دەستی بەقسەکردن کرد؛ من هاوڕێی منالی موحەمەدم، مەبەستم موحەمەدی مێردی ئاوازە، ئەو کچەی لە ڕێگا براکەی تۆ بەناوی ئارمان هەڵی گرت.... منیش بەپەلە قسەکەم لەدەم وەرگرت و گوتم؛ ببورە ئارمان برام نییەو تەنانەت هاوڕێشم نەبوو، بەڵکو ئەمانەتێک بوو لەلام، دووەم؛ ئەو هەڵی نەگرت، بەڵکو کچەکە خۆی ڕەدووی کەوت و ئەوانەی لەوێ بوون دەتوانن گەواهی ئەو ڕاستییە بدەن.... بە خێرایی قسەکەی لەدەم وەرگرتمەوەو گوتی؛ گرنگ نییە، با قسەکەی تۆ بێت. من دەزانم ئەم کارە هەڵەی موحەمەدی تێدایە، بەڵام ئێستا من قسەم لەسەر هەڵە نییە، بەڵکو قسەم لەسەر چارەنووسی ئەوانە.

ئیبراهیم درێژەی بە قسەکانی دا؛ من کاتی خۆی زۆر دژی هێنانی ئەم کچە بووم، چونکە دەمزانی ئەگەر بیشیهێنێت قەت نابێتە خێزانی، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی دونیا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو دڵنیام لەگەڵ ئەم گۆڕانانەدا بیرکردنەوەی مرۆڤەکانیش گۆڕانیان بەسەرداذێت، موحەمەد بۆ ئەوەی شەرعیەت بە قسەکانی بدات دەیگوت؛ ئەوە نییە من و تۆش بیرکردنەوەمان گۆڕاوەو وەک چەند ساڵێک پێش ئێستا بیرناکەینەوە. بەڵام ئەو ئەوەی نەدەزانی مرۆڤ لە گۆڕانی ژینگەو کۆمەڵگادا بیرکردنەوەی زیاتر دەگۆڕێت نەک لەناو هەمان ژینگەو کۆمەڵگادا....

هاوڕێ، لەوەدا تاوانی موحەمەد خۆی بوو، کە پێی وابوو دەتوانێت کارمامزێک ماڵی بکات لەکاتێکدا سروشتی کارمامز ئاژەڵێکی سرکی یاخییە. من دەزانم هەرکاتێک بمانەوێت بەهەر تەڵەو داوێک بێت دەتوانین کارمامزێک ڕاو بکەین، بەڵام قەت ناتوانین دەستەمۆو ماڵی بکەین، ئەگەر هەموو دەرگاکانیشی لەسەر دابخەین، هەرکە دەلاقەیەکی دۆزییەوە بۆی دەردەچێت، جا مەبەستم ئەوەیە ئەو کچەش

کارمامزێکی سرکی یاخی بوو، کەس نەبوو لەو شارەی ئێمەدا ئەو کچە نەناسێت یا ناوی نەبیستبێت....
ئەو کچە ناوی خۆی ئاواز بوو، بەڵام لە شارەکەدا بە کچەی مۆسیقا دەناسرا. جگە لە جوانییەکەی هەر لە منالییەوە دەنگێکی خۆشی ژنانەی پێوە بوو، کاتێک گۆرانی دەگوت؛ مرۆڤ هەناسەکانی ڕادەگرت بۆ ئەوەی دەنگە خۆشەکەی گوێچکەی پڕ بکات لە گۆرانی. جوانی ئەو کچە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، هەموو کوڕو پیاوەکانی ئەو شارە گیرۆدەی جوانییەکەی بووبوون. لەهەر کوچەو کۆڵانێکی ئەو شارەدا دوو کوڕ پێکەوە قسەیان بکردایە یەکسەر دەڕۆیشتنە سەرباسی جوانی ئەو.
دوای ئەوەی ئەو کچە خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات ئەیەوێت لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان مۆسیقا بخوێنێ بەڵام براکانی ڕێگای لێ دەگرن و دەڵێن؛ ئەوەشی تا ئێستا خوێندووتە هێشتا بۆ کچێک زۆریشە، بۆیە لە قوتابخانە دەریدەهێنن و دەیکەنە کچی ماڵەوە....
لەدوای دەرهێنانی لە قوتابخانە گەنجێکی زۆری ئەو شارە خوازبێنی دەکەن. یەکێک لەو کەسانە موحەمەد بوو، کە دراوسێی خۆیان بوو، بەڵام ئەو داواکردنەکەی موحەمەدی بەشێوەیەکی هێندە گاڵتەجاڕانە ڕەتکردەوە لەناو گەڕەک و هاوڕێکانیدا بووبوو بە نوکتە. کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانماندا کۆدەبووینەوەو قسەمان دەکرد، بەگاڵتەوە پێمان دەگوت؛ موحەمەد تۆ دانت نییە کەچی پەلاماری گۆشت دەدەیت. ئەگەر بڵێم؛ یەکێک لەو هۆکارانەی موحەمەدی پاڵ پێوەنا سەری خۆی هەڵبگرێت و وڵات بەرەو هەندەران بەجێ بهێڵێت، ئەو شکستە ڕۆحییە بوو لە خوازبێنی کچەی مۆسیقادا توشی بوو، چونکە هەر لە مێردمنداڵییەوە چاوی خستبووە سەر ئەو کچە و خۆی بەتەما کردبوو، ئەگەرچی من چەندینجار ئەوەم پێ گوتبوو؛ واز لەو خەیاڵە بهێنێت و بەدوای کچێکدا بگەڕێت هاوئاست و هاشانی خۆی بێت، چونکە ئەو کچە پیاوێکی لەو شارەدا بە هاوئاست و هاوشانی خۆی نەدەزانی و کەس نەیدەزانی لەناو مێشکی ئەو کچەدا چ جۆرە پیاوێک بوونی هەیە!.
ئەگەر بڵێم؛ سەرەڕای بڵاوبوونەوەی هەواڵی هەڵگیرسانی شەڕو گەمارۆی ئابووری بۆ سەر وڵات لە شارەکەی ئێمەدا باس و خواسی کچەی مۆسیقا لەهەموو باسەکان گەرمتربوو، کەس سەری لەو مەسەلە دەرنەدەکرد، کە ئەو کچە بەتەمای چییەو نیازی چی هەیە وا بە جوانی و دەنگە خۆشەکەیەوە شارێکی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە....
ئەوەی وتم؛ بەشێکی زۆر لەم مەسەلەدا تاوانی موحەمەد خۆی بوو ئەوەبوو؛ ئەو کچە زۆرێک لە کوڕە بازرگان و دەوڵەمەندەکان خوازبێنیان کردبوو هەروەها بەڵێنی ئەوەیان پێدابوو چ کۆشکێکی لە کوێی ئەو وڵاتە پێ خۆش بێت بۆی درووست بکەن و بەهەشتێکی لەسەر زەوی بۆدرووست بکەن، کەچی ئەو رەتی کردبووە. ئیتر

هەواڵی کچەی مۆسیقا بەشێوەیەک لەناو وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە کوڕی سەرۆکی وڵات شەیدای دەبێت و خوازبێنی دەکات و پێی دەڵێت؛ ئەگەر شووم پێ بکەیت چیت لە دونیادا بوێت بۆت پەیدا دەکەم، کچەش تەنها یەک پرسیار لە کوڕی سەرۆک دەکات، کە چەنێک حەزی بە مۆسیقایە و پەیوەندی لەگەڵیدا چۆنە....؟.
کوڕەکە گوتبووی؛ باسی هەرچی ئەکەیت بەس باسی مۆسیقا مەکە، نازانم هەرکە گوێم لە مۆسیقا دەبێت سەرم دێتە ژان، ئەوە چییە ئەو ژاوەژاوو جیق و فیقە پیاو وڕو کاس دەکات، ئەو کەی داوایە تۆ لە منی ئەکەیت! تۆ باسی شتێکی تر بکە، ئەگەر بخوازیت کۆشکێکت لە ئاڵتون بۆ درووست دەکەم!، ئەگەر پێشت خۆش بێت پڕی دەکەم لەو مۆسیقا بێزارکەرانەی، کە تۆ حەزت لێیانە بە مەرجێک ئەو کاتانەی لێدەدرێن من لەوێ نەبم. ئەگەر بزانم بەو ڕادەیە حەزیشت لە مۆسیقایە، لەم وڵاتەی ئێمەدا چی لە مۆسیقاژەنی بێ ئیش و بێ پارە زۆرترە! ئەگەر بتەوێت داوا دەکەم باشترینیان هەڵبژێرن و بیانهێنن بۆ کۆشکە ئاڵتونییەکەت و شەوانە بە مۆسیقا بتخەوێنن و بەیانیانیش هەر بە مۆسیقا بێدارت بکەنەوە، ئەو مۆزیسیانە بێ کارو بێ کەڵکانە بۆ شتێکی وا نەبێت بۆچی باشن، مادام ئەوەندەت حەز لە مۆسیقایە هەموویان وەک سەگ لەبەردەم کۆشکەکەتدا پەت دەکەم....
کچەی مۆسیقاش پێی گوتبوو؛ وەڵامەکەی خۆم وەرگرت، بەڵام لەبیرت نەچێت مۆسیقا بە دەسەڵات و سەروەت و سامان درووست ناکرێت و ناکڕدرێت، بەڵکو وەک چۆن منداڵ لەناو منداڵدانی دایکدا درووست دەبێت و گەورە دەبێت ئاواش مۆسیقا لە ڕۆحی مرۆڤەکاندا درووست دەبێت، لەبەر ئەوەی لە ڕۆحی تۆدا مۆسیقا نییە، قەت ناتوانیت لەهیچ شوێنێک و بە هیچ شێوەیەک مۆسیقا درووست بکەیت، ئەگەر کارێکی لەو جۆرەش بکەیت ئەوە جگە لەخۆهەڵخەڵەتاندن و فریودانی دونیا هیچی تر نییە. ئێستا تێ دەگەم ئەو هەموو کارەسات و نەگبەتییەی ڕووی لەم وڵاتەی ئێمە کردووە هۆکارەکەی ئەوەیە، کە سەرۆک و کوڕی سەرۆک و بنەماڵەکەیان هیچ هێڵێک بە مۆسیقایانەوە نابەستێتەوە، لە هەر وڵاتێکیشدا سەرۆک، پاشاکان و نەوەکانیان پەیوەندیان وەک ئێوە بە مۆسیقاوە نەبێت، دەبێت خەڵکەکەی هەر چاوەڕوانی کارەسات و نەگبەتی بن و وەک سەگ بەربنە گیانی یەکترو یەکتری بکوژن، چونکە تەنها شتێک ڕێگا لە خوێنڕشتن دەگرێت مۆسیقایە، ئەوەی ئەیەوێت ئەم وڵاتە لەکارەسات بپارێزێ سەربازو هێزە بێشومارە چەکدارەکانتان نین، بەڵکو مۆسیقایە، هەروەکو چۆن جەنگەکانی ئێوە پێویستیان بە خوێنە، خوێنی گەشی گەنجەکان، مۆسیقاش ئاوا پێویستی بە خوێنە، بەڵام خوێنی خەڵک نا، بەڵکو خوێنی خۆت. بۆ ئەوەی مۆسیقا لە ناو ڕۆحتدا پەروەردە بکەیت پێویستە هەموو خوێنی ناو دەمارەکانت بێنە جۆش، هەرکاتێک خوێنی دەمارەکانت لە ڕێگای غەمێکی قوڵی مرۆڤانەی پارچەیەک مۆسیقاوە هاتنە جۆش ئەوکاتە ناهێڵێت لە

وڵاتەکەتدا هیچ کەسێک خوێنی ئەوی تر بڕێژێت، بۆیە پێت دەڵێم؛ ببورە من دەمێکە بڕیارم داوە جگە لە مۆسیقا شوو بە هیچ کەسێکی تر نەکەم....
لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، کە کچێک بە کوڕی سەرۆکی وڵاتی گوتووە؛ من شوو بە مۆسیقا دەکەم. ڕۆژنامەکان و میدیاکانی وڵات وەک ئەوەی "هەنگیان لەداردا دۆزیبێتەوە" هەڵایەکی وا گەورەیان نایەوە کەس ئاگای لە قەیرانی وڵات و ئەو هەواڵانە نەما، کە باسی لە گەمارۆی ئابوری و هەڵگیرسانی جەنگ دەکرد....
لەهەر شوێنێکەوە ئەڕۆشتیت باس بەتەنها باسی کوڕی سەرۆک و کچەی مۆسیقا بوو، چەندینجار بەگوێی خۆم گوێم لەوە بووە، کە گوتوویانە؛ ئەو کچە یا شێت بووە یان جادووبازە، ئاخر چ کچێک ئەوەندە گەمژەیە لەم سەردەمە پڕ لە قەیران و کارەساتبارەدا شووکردنێکی لوکسی وا ڕەت بکاتەوە.....
ئیتر کاری ڕۆژنامەکان لەم سەردەمەدا بۆ ئەوەی زۆرترینی لێ بفرۆشن و سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن جارێ وا هەیە " مێشێکت لێ دەکەن بە گایەک" لە پڕێکدا کەسێکی سادەو گومناوت لێ دەکەن بە قارەمان و بە بڵاوکردنەوەی هەندێ وێنەو بابەتی وروژێنەر بە دونیای دەناسێنن و بۆ لەبیربردنەوەی کێشە بنەڕەتییەکانی ناو کۆمەڵگاو حکومەت خەڵک بەو کێشە لاوەکیانەوە سەرقاڵ دەکەن، ئەمەش وا دەکات هەندێجار ببێتە هۆی کێشەی گەورەو خەڵکێکی زۆر تێیدا ببنە قوربانی هەروەک مەسەلەی کچەی مۆسیقا!.
منیش پرسیم، وەکو چی؟
ئیبراهیم لەوەڵامدا گوتی: لە دوای بڵاوبوونەوەی چەندین وێنەی کچەی مۆسیقاو کوڕی سەرۆک لە ڕۆژنامەکاندا بە شێوەی کاریکاتێرو توانج ئامێز، کە گوایە کچێک بە کوڕی سەرۆکی ڕابواردووەو وەک گەمژەو بێ ئاگا لە هونەر لێی ڕوانیوە ئیتر کوڕی سەرۆک تورەبووەو ئەمەی بە دەسیسەی مۆزیسیانەکان زانیوە، بۆ ئەوەی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، بۆ ئەمەش پرسی بە ڕاوێژکارەکانی کردووە، ئەوانیش هەمان بۆچوونی کوڕی سەرۆکیان هەبووە، کە لەم گاڵتەجاڕییەدا ئەشێت مۆزیسیانەکانیش بەشدار بن بە تایبەتی دوای ئەوەی هەندێک لە مۆزیسیانەکان لە ڕۆژنامە نا حیزبییەکاندا نارەزایان بەرامبەر بە قسەکانی کوڕی سەرۆک دەربڕیبوو، کە وەک چینێکی بێکەڵک و نابوت ناوی هێنابوون....
ڕۆژنامەکان هەمیشە لەبری ئارامکردنەوەی کێشەکان و دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش لە نێوان کێشەکاندا، بە پێچەوانەوە تەنها لەبەر ئەوەی زۆرتر لە ڕۆژنامەکەیان بفرۆشرێت دەچن کێشەکان زیاتر ئاڵۆز دەکەن، ئەمەش لەو وڵاتانەی هەمیشە زەبرو زەنگ دەسەڵاتدارە کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا ئەهێنێت وەک ئەوەی لەو وڵاتەی ئێمە ڕوویدا، چونکە دوای ئەو شکستە گەورەی کوڕی سەرۆک لە خوازبێنی کچەی مۆسیقادا هێنابووی و ڕۆژنامەکان بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە

ئۆپۆزیسیۆن بوون کارەساتێکی خوڵقاند هەزاران خەڵک لەو وڵاتەدا بوون بە قوربانی.....
منیش قسەکەم پێبڕی و پرسیم: چۆن؟
لە وەڵامدا گوتی: کوڕی سەرۆک ڕەتکردنەوەی داخوازییەکەی لەلایەن کچەی مۆسیقاوە هەر بە شکست نەزانی بەڵکو بە سوکایەتی بە خۆیی و بنەماڵەکەی زانی، کە ئێستا بووە بە مانشێتی ڕۆژنامەکان و خەڵکێکی زۆر تەنها ڕۆژنامەکان بۆ ئەوە دەکڕن تا ئەو نوکتەو گاڵتەجاڕییانە لەسەر کوڕی سەرۆک و داخوازییەکەی کچەی مۆسیقا بخوێننەوە، بۆیە ئەویش داوا لە سەرۆک دەکات سنورێک بۆ ئەم گاڵتەجاڕییە دابنێت و کۆتایی بە مەسەلەکە بهێنێت....
سەرۆکیش وەک کوڕەکەی ئازاری ئەوەی دەچەشت، کە ئەم مەسەلە شکۆی بریندار کردوون و هەر دەبێت بەهەر ڕێگایەک بێت سنوور بۆ ئەم سوکایەتی و گاڵتەجاڕییە دابنرێت، ئەویش دوای کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی بڕیار لەسەر ئەوە درا، هەرچی مۆزیسیانی وڵات هەیە بەند بکرێت و ئەوانەیشی لەهەرە ناسراوترینن لەناو ببرێن، چونکە جگە لەوەی بێکەڵکترین چینی کۆمەڵگان مەترسی گەورەشیان لە تێکدانی ئاسایشی وڵاتدا هەیە....
دوای ئەوەی بە بڕیاری سەرۆک هەموو مۆزیسیانەکانیان لەوڵات ڕەشبگیر کردو خۆیان گوتەنی؛ مەترسیدارەکانیشیان لەناو برد ئیتر وەک پشکۆیەک خۆڵەمێشەکەی لەسەر لابەریت جەنگی ناوخۆ گەشایەوەو لەماوەیەکی کەمدا کڵپەی سەندو سەرانسەری وڵاتی گرتەوەو هەڵاتن و نەفرەتکردن لە نیشتیمان بوو بە دروشمی زۆربەی خەڵکی و ئێمەش وەک ئەو هەزارەها گەنجەی نەماندەویست ببین بە سوتەمەنی جەنگەکە وڵاتمان بەجێ هێشت....
من و موحەمەد وەک ئەو هەزاران کەسەی هەموو ڕێگایەکی مەترسیداریان بۆ گەیشتن بە هەندەران دەگرتە بەر سەری خۆمان هەڵگرت و هەرچی دەردو ئازاری پەڕینەوەکانی سنووری وڵاتان بە قاچاخ هەیە چەشتمان، هەر لەدەستبڕین و فرت و فێڵی قاچاخچی و مەترسییەکانی پەڕینەوەی سەرسنوورەکان. قەت لەبیرم ناچێت سەرەڕای ئەوەی پارەشمان بە قاجاخچییەکان دابوو لە سنوورەکان بمان پەڕێننەوە کۆڵێکی گەورە کارتۆنیان پێ هەڵدەگرتین، کە دواتر زانیمان هەمووی جگەرە بووە، خۆ ئەگەر تلیاک و حەشیش بوایەت هەر نەماندەزانی و ناچاربووین، بۆ ئەوەی لە سنوور دەربازمان بێت بچینە ژێر باری داواکارییەکانیانەوە....
کاتێکیش بە دەردی سەرییەکی زۆرەوە گەشتینە هەندەران، دەبوو شەوو ڕۆژ کار بکەین بۆ ئەوەی یارمەتی خێزانەکانمان بدەین، کە بووبوون بە قوربانی جەنگی سەرکردە گەمژەکانی وڵات، بوو بوون بە قوربانی ئەو سەرکردانەی سەریان بە مۆسیقا ژانی دەکرد....

ئاخر زۆرجار لێرە لە میدیاکانی ئەم وڵاتانەوە گوێمان لەوە دەبێت، کە سەرۆک کاتێک توشی ژانە سەر دەبێت، ئەڕوات بۆ کۆنسێرتێک و گوێ لە مۆسیقا دەگرێت، کەچی لەو وڵاتانەی ئێمە سەرۆکەکانمان بە مۆسیقا سەریان ژان دەکات.....
کەمتر لە دوو ساڵ بوو وڵاتمان بەجێهێشتبوو هێشتا جەنگی ناوخۆ گەرمتربوو، ژیانی خەڵک بەدەست جەنگ و گەمارۆی ئابووریەوە وێران بووبوو موحەمەد بڕیاری دا سەردانێکی وڵات بکاتەوەو دیسانەوە بڕواتەوە خوازبێنی کچەی مۆسیقا.
ئەوەشم لەبیر نەچێت، ئەو وڵاتەی ئێمەش وەک زۆربەی وڵاتەکانی دونیا لەکاتی جەنگدا زۆربەی نێرینەکان هەڵهاتبوون و وڵاتیان بەجێهێشتبوو مێینەکانیش بۆ بەدبەختی ژیان لەوێ مابوونەوە بۆیە هەرکچێک ئەگەر چەند لوتیشی بەرز بووبێت خەوی بەوەوە دەبینی کوڕێک لە هەندەرانەوە بگەڕێتەوەو لەگەڵ خۆیدا بیبات، ئەمەش کەم کارەساتبار نەبوو، چونکە زۆرێک لەپیاوە گەمژەکانی ئێمە کاتێک دەگەڕانەوە وەک قەسابی مەیدانەکان چۆن دەست لەپشتی بەرخەکان دەدەن بۆ ئەوەی قەڵەوترینیان هەڵبژێرن ئاوا ژنیان دەهێنا، کچەکانیش سەرەتا بەهەموو کەسێک ڕازی دەبوون بەس لەو دۆزەخە دەریان بکاتە دەرەوە....
زۆرێک لە پیاوە نەخوێنەوارەکان دەڕۆیشتن جوانترین کچی خوێنەواریان دەهێنا بۆ ئەوەی خەوشی نەخوێنەوارییەکەی خۆیانی پێداپۆشن و بە تواناکانی ئەوانەوە خۆیان هەڵکێشن، بەڵام کاتێک دەگەشتنە هەندەران لەماڵەوە بەندیان دەکردن و نەیان دەهێشت تەنانەت کۆرسی زمانیش بخوێنن، چونکە لە مێشکی ئەواندا ژن تەنها دەزگایەکە بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ و چێشتلێنان و ماڵ پاککردنەوە، ئیتر وەک دەڵێن؛ " لەهەرکوێ سەرکوتکردن بەهێزتربێت، یاخیبوون زیاترە" دوای ماوەیەک ژنەکان یاخی دەبوون، ئەمەش یا بە کوشتنیان لەلایەن پیاوەکانیانەوە کۆتایی دەهات یا بە جیابوونەوەیەکی کارەساتبار. ئیتر ئاوایە، ژن تەنها دوو جۆریان هەیەو بەس، یان باشن یان خراپ، جۆری یەکەم ئەگەر ژیانت دۆزەخیش بێت بۆت دەکات بە بەهەشت، بەڵام جۆری دووەم ئەگەر لە بەهەشتیشدا بیت بۆت دەکاتە دۆزەخ.
جا وەک باسم کرد موحەمەد بڕیاری دا سەردانی وڵات بکاتەوەو دیسانەوە بڕواتەوە بۆ خوازبێنی کچەی مۆسیقا، بەڵام من پێم گوت؛ کە کارێکی لەو جۆرە نەکات، چونکە لەباشترین حاڵەتیشدا ئەگەر ڕازی بێت ئەوە بە تۆ ڕازی نەبووە بەڵکو بۆ هەڵهاتن لەو دۆزەخە ڕازی بووە، کەچی ئەو هەر پێداگیری لەسەر دەکردو دەیگوت: ئەگەر هەر بۆ لوتشکاندنیشی بێت ئەو کارە دەکەم....
ئەوەبوو گەڕایەوەو کچەی مۆسیقاش بەبێ هیچ مەرجێک شووی پێ کردبوو، چونکە وەک خۆی بۆی گێڕامەوە لەو کاتەدا ئەو ڕۆشتبووە داخوازی، کچەی مۆسیقا لە دۆخێکی ئەوەندە ناخۆشدابووە ئەم بووە بە ڕزگارکەری، بۆیە لەماوەیەکی

زۆرکورتدا هەموو کارە پێویستییەکانی هاوسەرگیری جێ بەجێ دەکەن و لەگەڵ خۆی و برایەکیدا ئەیباتە وڵاتێکی تر بەنیازی ئەوەی بە قاچاخ بیگەێنێتە لای خۆی، چونکە لەو وڵاتەی ئێمە لێی دەژین ئەوەی مافی پەناهەندەی سیاسی نەبێت بە شێوەیەکی فەرمی ڕێگە بە هێنانی هاوسەرەکەی نادەن، بۆیە ئەویش ئەو ڕێگای گرتبەرو دواتر خۆت ئەنجامەکەیت بینی!.
ئێستا هاتووم تکاو داوایەکت لێ دەکەم ئەگەر شوێنی کچەی مۆسیقا پێ دەزانیت پێم بڵێ: چونکە موحەمەدیش لەو کاتەوە بەدوای تۆدا گەڕاوەو هاتووەتە ئەم وڵاتەوە ونبووەو بێسەرو شوێنە. ئاخر تۆ نازانیت ئەو کوڕە چ ئازارێک دەچێژێت!.
هاوڕێ، بڕوا بکە لە دوای ئەو ڕووداوەوە من هەموو شەوێک لەلای بووم، ئەو کوڕە بەشێوەیەک دەگریا مرۆڤ دڵی دەبوو بە ئاو، کاتێک بیری دەکردەوەو دەیگوت؛ کاتێک چاو دادەخەم و بە ڕووتی لەباوەشی ئەو کوڕەدا ئەیبینم دڵم بەخێرایی دەست بە لێدان دەکات و هەموو لەشم ئارەقە دەردەدات و تایەکی گەرمم لێ دێت، دەیگوت؛ ئەمە شۆکێکە وەک مۆتەکە نیشتۆتە سەر دڵ و ڕۆحم و هەموو تەمەنم لەکۆڵم نابێتەوە کاتێک بەخەیاڵ ئەیبینم بە ڕووتی لەباوەشی ئەو کورەدا ئەخەوێت، ئیتر هەموو گیانم دێتە لەرزین و شتێک وەک بورکان لەناخمدا خەریکە ئەتەقێتەوەو هەلا هەلام دەکات.
ئێستا تێگەیشتیت هاوڕێ مەبەست لەم هاتنەی من چییە؟.
لە وەڵامدا منیش هەموو چیرۆکەکانی خۆمم بۆ گێڕایەوەو پێم گوت؛ کە کچەی مۆسیقاو ئارمانم لەو کاتەوە نەبینیوەتەوە، کە لەسنور پەڕینەوە و ئەو کوڕەش بەدوایدا ئەگەڕێیت پێش ماوەیەک بە حاڵێکی زۆرخراپەوە هات بۆ کەمپەکەمان و دوای ئەوەی خەریک بوو بەزمێک بنێتەوە پۆلیس هاتن و لەگەڵ خۆیاندا بردیان ئیتر چاوم پێی نەکەوتۆتەوە....
ئیبراهیم هەناسەیەکی هەڵکێشاو پرسی؛ بەڕای تۆ دەبێت من ئێستا کوێی بۆ بگەڕێم! پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە سەردانی ئەو بنکەی پۆلیسەم کرد، پێیان گوتم؛ ئەوان شۆردنێکیان بۆ گەدەی کردووەو دوای شەوێک بەرەڵایان کردووە. من موحەمەد باش دەناسم چەند کەللە ڕەقە، هەمیشە هەر ئەو شتە دەکات، کە خۆی ئەیەوێت، بۆیە پێویستە بەهەر ڕێگایەک بێت بیدۆزمەوە، چونکە ئەگەر نەیدۆزمەوە ڕەنگە کەس و کارەکەیان دەیان کەس لەیەکتری بکوژن، چونکە ئەمە مەسەلەی شەرەفە، شەرەف تێ ئەگەی.....!.
مسیۆ، دوای ڕۆیشتنی ئیبراهیم هەموو شەمە و یەکشەمەکەم لەماڵەوە بە ژانە سەر بەڕێکرد. ڕۆژی دووشەمیش کاتێک بۆ کارکردن ڕۆیشتم بۆ کێڵگەکە هێشا ژانە سەری بەری نەدابووم و تەواو وڕو گێژبووم، خاوەن کارەکەم، کە پیاوێکی ئاوا کەمێک بەتەمەن بوو داوای لێکردم، کەمێک پشوو بدەم، بەڵام هەر پێم باش بوو بجوڵێم و

کار بکەم بۆ ئەوەی لەو بیرکردنەوانەی مێشکیان ماندوو دەکردم ڕزگارم بێت، ئەمەش ئاسان نەبوو لە ماوەیەکی کەمدا ئەو هەموو شتە ڕوو بدات و بیرکردنەوەت داگیر نەکات.
ئیبراهیم هەر بەڕاست دەترسا لەوەی ئەگەر موحەمەد کچەی مۆسیقا بدۆزێتەوە بە شێوەیەکی ترسناک ئەیکوژێت، ئەو گوتی؛ ئارمانیش ئەکوژێت، ئا هەردووکیان ئەکوژێت چونکە ئەمە مەسەلەی شەرەفە. ئەو گوتی؛ دوو ڕۆژ پێش ئەوەی بێت بۆ لای من کوڕێک ژنەکەی لەبەرچاوی هەردوو منداڵەکەی لەسەر شەقامێکی گشتی ناو بازاڕدا دەداتە بەرچەقۆ، دەڵێن ئەوەندە چەقۆی لێداوە، شوێن چەقۆکانی ناژمێردرێن، لەبەر ئەوەی لێی جیابووەتەوەو دواتر بۆی دەرکەوتووە کەسێکی تری خۆش ویستووەو لەگەڵیدا ئەڕواتەوە بۆ ماڵەوە. وەک باسی دەکەن کێشەی ئەم ژن و پیاوە زیاتر کێشە تەمەن بووە چونکە پیاوەکە بیست و پێنج ساڵ لە کچەکە گەورەتربووەو کاتی خۆی لەگەڵ باوکیدا هاوڕێ و هاوتەمەن بووە. کاتێکیش کچەکەی خواستووە تەمەنی پازدە ساڵ بووە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت بەیاسایی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات سێ ساڵ تەمەنی بۆ گەورە کردووە.
وەک ئیبراهیم، دەیگوت؛ یەکێک لە کێشە گەورەکانی نێوانیان ئەوەبووە کچەکە ویستوویەتی پیاوەکەی جگە لەوەی مێردێتی ڕۆڵی باوکیشی بۆ بگێڕێ، ئەمەش ڕەنگە لە سایکۆلۆژی زۆربەی خەڵکدا ئەوە حاڵەتە هەبێت؛ کاتێک لەگەڵ کەسێکی بەتەمەنتر لەخۆی بژی سۆزێکی باوکانە یان دایکانەی بۆی هەبێت ئەگەر چی ژن و مێردیش بن.
مسیۆ، لەم تەمەنەدا گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بە گەمژەیی لەدایک بێت بەگەمژەییش دەمرێت، ئاخر ئەگەر پیاوێک گەمژە نەبێت لەتەمەنی چل ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ منداڵێکی پازدە ساڵان یان بیست ساڵاندا دەکات؟. پیاو ئەگەر یەک تۆز عەقڵ لەسەریدا بێت و بیەوێت لەگەڵ ژنێکدا ژیانێکی ئاسودە بژی قەت ناڕوات لەگەڵ کچی لە خۆی گەنجترو منداڵتردا هاوسەرگیری بکات.
لەم تەمەنەدا هەندێجار بیر لەهەندێ کارو سەرەڕۆیی گەنجێتی خۆم دەکەمەوە هێلنجم دێت یان ئەوەندە قاقا بۆ کەرێتی خۆم لێ ئەدەم سکم دێتە ژان. ئاخر ئێستا ئەگەر خۆمێکی بیست ساڵم بۆ درووست بکەن ناتوانم یەک کاتژمێر لەگەڵیدا هەڵ بکەم نەخوازەلا کچێکی بیست ساڵ، کە مەگەر ئەو خودا بۆ خۆی بزانێت چی لەناو مێشک و دڵیدایە....!.

**** **** ****

مسیۆ، ئەو چەند ڕۆژە تەواو بەدەست بیرکردنەوەوەی خراپەوە خەریک بوو تێک دەچووم، چونکە ئەگەر شتێک ڕووی بدایە ئەوا خوێنی ئارمان لە ملی من دەبوو، قەت فەرزانیش لێم خۆش نەئەبوو، جگە لەمەش شتێکی تر، کە زۆر ماندووی کردبووم ئەوەبوو، ئارمانیان وەک برای من ناساندبوو، ئەمەش ناراستەوخۆ تاوانبارکردن و گلاندنی من بوو بە کێشەکەوە. لەمەش سەیرتر تا ئەمڕۆ لێی تێنەگەیشتم دۆزینەوەی من بوو لە کەمپێکی دوورە دەستی قوژبنێکی ئەم دونیا، نازانم ئەم ئینسانە بۆ هێندە خووی خراپی هەیە، کە ئامادەیە بە پێ دوو مەملەکەت بۆ گەیاندنی هەواڵێکی خراپ ببڕێت بەڵام ئامادە نییە بۆ گەیاندنی یەک هەواڵی باش لە شوێنی خۆی هەستێتە سەرپێ.

ماوەیەک بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕی، ڕۆژێک خاوەن کارەکەم بانگی کردم و گوتی؛ تۆ کوڕێکی ئیشکەرو زۆرباشیت، خزمێکمان لە یەکێک لە دورگەکانی ناو دەریای ناوەڕواست هەیە. ژن و پیاوێکی زۆرباشن و هەمان کاری ئێمە دەکەن. ئێستا بەسەردان هاتوون بۆ ئێرە بەڵام لەگەڕانەوەدا پێویستیان بەکەسێکە لەلایان کار بکات. منیش لەناو کرێکارەکاندا تۆم لەهەموویان بە گونجاوتر زانی بۆیە ئەگەر پێت خۆش بێت دەتوانم پێت بناسێنم و بۆ خۆت قسەیان لەگەڵدا بکەو چی داواکارییەکت هەیە پێیان بڵێ....

نازانم، بۆچی ئەو کاتە یەکسەر بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک یەکسەر گوتم؛ باشە. ئیتر خاوەن کارەکەم باوەکریسی پێ ناساندم و دوای دووڕۆژ لەگەڵیاندا بۆ ئەم دورگەیە هاتم....

مانگی یەکەم لەم دورگەیەدا زۆر بێزارو بێ تاقەت بووم و چەندجارێک هەوڵی ئەوەمدا بگەڕێمەوە بۆ شوێنەکەی خۆم، چونکە هیچ نەبێت لەگەڵ قەرەباڵغی خەڵک ڕاهاتبووم و لێرە زۆر هەستم بەتەنهایی دەکرد، بەڵام باوە کریس بەردەوام دڵنیای دەکردمەوە، کە ماوەیەکی تر بەتەواوەتی ڕادێم....

باوەکریس ڕاستی کرد، دوو مانگێک دواتر بەو ژیانە نوێیە ڕاهاتم. ژیانی مرۆڤ تەنها ڕۆتینەو هیچی تر، ئەگەر وا نەبایە مرۆڤ لەدوای زیندانی کردن یەکسەر خۆی دەکوشت، کەچی توانای بەرگەگرتنی ژیانی بۆ دەیان ساڵ لە ژوورێکی تەسک و بچوکدا هەیە.

دوو ساڵێک زیاتر تێپەڕی بوو، هەندێ لە ڕووداوەکان خەریک بوون لەیادەوریمدا کاڵ دەبوونەوە، ڕۆژێک باوە کریس بانگی کردم و گوتی؛ نامەیەکت بۆ هاتووە، بەڵام نازانم لە کێوەیە. منیش کاتێک نامەکەم کردەوە سەیر دەکەم نامەی کامشادە، ئەگەرچی تا ئەو کاتەی بەدەستی من گەیشتبوو سێ مانگی بەسەردا تێپەڕیبوو....

هەموو نامەکە پێکهاتبوو لە چەند دێڕێک، کە بە خەتێکی ناشیرین نووسرابوون....؛
برای خۆشەویستم شایگان گیان
زۆرت بیر دەکەم، ئەوەندە بیرت دەکەم هەموو شەوێک تا درەنگان هەر دەگریم.
ئەمەوێت داوای لێ بوردنت لێ بکەم، چونکە من لەگەڵتدا زۆر خراپ بووم، مرۆڤی وەک تۆ دڵسۆزو ڕاستگۆ لەم دونیا بوونی نییە، من کەسێکی خوێڕی و خۆپەرست بووم، بۆیە خیانەتم لێ کردیت و چارەنووسم بە ئەمڕۆ گەیشت.
ئەمەوێت ئەوەشت پێ بڵێم؛ ئەوا بۆ نزیکەی ساڵێکە لەو بەندیخانەی ئەدرەسەکەم لەخوارەوە نووسیوە بۆ هەتا هەتایی بەندکراوم، ئەگەر سەردانت کردم بەسەرهاتەکەت بۆ دەگێڕمەوە.
برای خۆت؛ کامشاد
مسیۆ؛ دوای ئەوەی نامەکەم خوێندەوە هەر لەخۆمەوە ڕەنگم پەڕی و تف لەدەما وشک بوو، کاتێک کاغەزەکەم بەدەستەوە بوو دەستەکانم ئەلەرزین، باوەکریسیش هێشتا هەر لەتەنیشتم وەستابوو، چاوەڕوانی هەواڵی ناو نامەکەی دەکرد. دیارە باوە کریس زۆربەی بەسەرهات و ژیاننامەی منی لەخۆم باشتر لەبەرە، ئەوەندەم وەک خەرەک بۆ ڕێساوە ئەوکاتانەشی خۆم لەبیرم دەچێتەوە ئەو وەبیرم دێنێتەوە، بۆیە لەمن زیاتر تامەزرۆی هەواڵی یەکێک لە هاوڕێکانم بوو، بۆیە بەپەلە پرسی؛ نامەکە دەڵێت چی؟.
بە کورتی ناوەڕۆکی نامەکەم بۆ باسکردو ئەوەشم پێم گوت؛ دەبێت بەهەر ڕێگایەک بێت، سبەی بگەینە لەنگەرگاکەو بپەڕینەوە بۆ ئەوبەرەوەو لەو شارەی لەنامەکەدا هاتووە بەندیخانەکە بدۆزینەوە....
لە دوای هەر ڕووداوێک مرۆڤەکان هەمیشە دەڵێن؛ ئەگەر ئەوە نەبوایەو ئەمەم نەکردایە یان بکردایە ئەو ڕووداوە ڕووی نەدەدا، بەڵام ئەمانە هەر هەمووی بیرکردنەوەی بێ مانان، کە دوای ڕووداوەکان مرۆڤەکان بۆ خۆ تاوانبارکردن دەیکەن. هەستکردن بە تاوانباری ئەگەر بکەوێتە پێش ڕووداوەکان ڕەنگە ڕێگا لەکارەسات بگرێت، بەڵام لەدوای کارەساتەکانەوە جگە لە خۆدادگاییکردن و خۆ سزادانێکی بێمانا هیچی تر نییە....
کاتێک گەشتینە زیندانەکەو هەواڵی کامشادمان پرسی و ئەفسەرێکی پۆلیس ڕێنمایی کردین بۆ ژووری بەڕێوەبەری لێکۆڵەر، ئیتر لەخۆمەوە دڵم بە خێرایی کەوتە لێدان و گومانێکم لەلا درووست بوو، کە ئەم هاتنەی ئێمە بۆ ئێرە لە کات و جێگای خۆیدا نەبێت....!.
نازانم ئەو حاڵەتە دەروونییە چییە زۆرجار مرۆڤەکان بەرەو دڵەڕاوکێیەک دەبات پێشبینی ڕووداوەکان بکەن و لەخۆیانەوە هەست بە شتێک بکەن بەبێ ئەوەی بەڵگە یان هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە ڕووداوەکان لەلا بێت!.

یەکێک لە سیفەتە خراپەکانی پۆلیسی ئەم وڵاتانە ئەوەیە هەندێجار خوێنساردانە بە شێوەیەک گەرمت دەکەن، لەناو خۆتدا هەست بە کوڵان بکەیت، یان بە پرسیارە گێژکەرەکانیان بتتەقێننەوەو هەرچی لەناختدا هەیە بەجارێ هەڵیرێژی.... ئەو بەرێوەبەرە بەبێ ئەوەی هیچمان پێ بڵێت؛ خوێنساردانە ئەوەندە پرسیاری قۆڕو بێ مانای لێکردم خەریکە بوو هەڵسم و لەسەر مێزەکەی بیخنکێنم و منیش بۆ هەتا هەتایە فرێ بدەنە لای کامشاد، بەڵام ئەو هەر بە ساردییەکەوە هەمان قسەی دەکردەوە، کە ئەوان پێویستیان بەو زانیاریانە هەیە، لەسەر کامشاد... بۆیە چیتر من خۆم پێ نەگیراو هەرئەوەندەم گوت؛ ئێمە ئەو هەموو ڕێگا دوورەمان بۆ بینی ئەو کوڕە بڕیوە، ئەگەر ڕێگا نادەن چاومان پێی بکەوێت، ئەوا با ملمان بشکێنین و بگەڕێینەوە بۆ شوێنی خۆمان.... کەچی هەر بە خوێنساردییەکەی خۆیەوەو لەسەرخۆ گوتی؛ ئاخر مەسەلەکە ئەوەیە، کە ئێوە قەت ناتوانن چاوتان پێی بکەوێت....!.

منیش هاوارم کرد، ئیتر ئەم گاڵتەجاڕییە چییەو بۆ ئەو هەموو کاتە ئێمەتان داناوەو هەرزوو لەبەر دەرگاکەوە ئەوەتان پێ نەگوتین، کە ناتوانین ئەو کوڕە ببینین.... لەوەڵامدا گوتی؛ ئاخر وا پێویستی دەکرد، ئێمەش وەک پۆلیس کاری خۆمان هەیەو ئەگەر چەندینساڵیش بخایەنێت ناچارین بەردەوام لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکان بکەین تا دەگەینە ئەنجامی کۆتایی، ئەگەر پێت بڵێم؛ ڕووداو هەبووە لە دوای بیست ساڵ لێکۆڵینەوە ئینجا گەیشتووینەتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە. ڕووداو هەبووە لەدوای دە بۆ پانزە ساڵ لێکۆڵینەوە ئینجا توانیمانە تاوانبارە ڕاستەقینەکە، کە لە پشت ڕووداوەکەوە بووە بدۆزینەوە، بۆیە ئەمەش بۆ ئێمە ڕووداوێکی لەوجۆرەیە، پرسیار لەهەموو ئەو کەسانە بکەین، کە پەیوەندیان بەو کەسەوە هەبووە، چونکە ئەو کوڕە تاکە کەسێک بووە تا ئێستا کەیسەکەی هاتبێتە لای ئێمە و کەسێک لە ژیانیدا نەبووبێت پەیوەندی پێوە هەبێت، جگە لەو ژنە کوژراوە نەبێت....

کاتێک باسی ژنی کوژراوی کرد، یەکسەر مێشکم بۆ کچەی مۆسیقا ڕۆیشت، ئیتر ئەم مێشکە گووەی من وایە، یەکسەر بیرم بۆ ئەو دوا نیوەڕۆ ڕۆیشت، کە مێردەکەی بۆ کەمپەکەمان هات و خەریک بوو بەزمێک بنێتەوە، ئیتر لەدوای ئەو ئێوارەوە کامشاد بۆ کەمپەکە نەگەڕایەوە، لەخۆمەوە هەر بیرم بۆ ئەوە دەچوو، ئەو هەتیوە بەزمی بە کامشاد کردبێت و کامشادیش وەک تۆڵەیەک ئەو کارەی کردبێت، بۆیە بە پەلە گوتم؛ ژنی کوژراو، مەبەستان لەژنی کوژراو کێیە؟.

چاوەکانی خستە سەرچاوەکانم و زەق سەیری چاوی دەکردم، وەک ئەوەی بیەوێت شتێک لەچاوەکانمدا بخوێنێتەوە یان بە بە زەبری چاوەکانی قسەم لێدەربهێنێت، بە خوێنساردییەکەی خۆیەوە وەڵامی دایەوە؛ خاتوو ئانا ماریا، بەڵێ؛ خاتوو ئانا ماریا، تۆ ئەو ناوە دەناسیت؟.

بۆ ئەوەی خۆم لەدەستی هێزی چاوەکانی ڕزگار بکەم، هەناسەیەکم هەڵکێشاو ڕووم لەو ئەو وەرگێڕاو گوتم؛ ئەمە یەکەم جارە ناوێکی لەو جۆرە ئەبیستم، بەڵام خۆ ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین مرۆڤەکان بۆ ئەوەی کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیان بشارنەوە، هەرجارەو لەژێر ناوێکی جیاوازدا خۆیانمان پێ دەناسێنن، ڕەنگە ئەو ناوەش یەکێک بێت لەو کەسانە....

دواتر پۆلیسەکە، وەک بیەوێت، لەڕێگایەکی ترەوە من بخاتە ناو گەمەکەوە، بە بزەیەکی درۆزنانەوە بەسەرسوڕمانەوە پرسی؛ سەیرە! لچێکی هەڵقورتاندو دیسان گوتییەوە؛ سەیرە! تۆ وەک دەڵێیت، نزیکترین هاوڕێی تەمەنی ژیانت بووە، چۆن دەتوانی بێئاگایی خۆت وا نیشان بدەیت، کە ئەو ژنێک لەژیانیدا هەبووەو چەند ساڵێک پێکەوە ژیاون و تۆش نەیناسیت یان ناویت نەبیستبێت!، سەیرە، دیسان بە پێکەنینە ساختەکەیەوەو دووبارەی کردەوە، مرۆڤ دەتوانێت زۆرشت لەهاوڕێکەی بشارێتە بەتەنها ژنەکەی نەبێت....!.

دوای ئەو قسەیە ئینجا بۆ ئەوە چووم، کە ڕەنگبێت باسی دۆستەکەی کامشاد بکات، بۆیە لە وەڵامدا گوتم؛ ئەگەر مەبەستان ئەو ژنە بێت وەک دۆستێک لەلای دەژیا، ئەوە بەتەنها یەک جارم لە ژیانمدا دیوە ئەویش بەڕێکەوت و لەدورەوە، چونکە هەستم دەکرد کامشاد نایەوێت بەمنی بناسێنێت، ئیتر خەڵکانێکی زۆر هەن کاتێک شتێکیان دەست دەکەوێت، کە قەت لەژیانیاندا بە خۆیانەوە نەیاندیوە وا دەزانن هەموو چواردەورەکەی چاویان لەو شتەی ئەوەو دەیانەوێت لێی زەوت بکەن، کە ئەمە بۆچوونێکی زۆر خراپە، یان وەک پەندێک لەلای ئێمە هەیە دەڵێت؛ (هەموو کەسێک لەناخی خۆیەوە سەیر دەکات).

دیسان بە سەرسوڕمانەوە پرسیەوە؛ کە ئەو هەموو ماوەی من و ئەو زۆربەی کاتەکان پێکەوە بووین، چۆن جارێک بۆ ماڵەوە بانگهێشتی نەکردیت یان پێکەوە لە شوێنێک شتێک بخۆنەوەو ئەوی لێ نەبێت....؟.

ئەم پۆلیسە لەو کەسانەیە کۆڵ لە درێژدادڕی نادەن و بەپرسیار ئەوەندە گێژت دەکەن، دواتر هەر بە وەڵامەکانی خۆت تاوانبارت دەکەن، بۆیە لەوەڵامدا بە دەنگێکی توڕەو بەرزەوە پێم گوت: نامەوێت لەوە زیاتر درێژدادڕی بکەم، چونکە من کاتێک قسە زۆر دەکەم دۆو دۆشاو تێکەڵ دەکەم و سەروبەری قسەکانی خۆم نازانم و ڕەنگە هەزار تاوان و بوختان لە قسەکانمدا بدۆزیتەوە، بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم: کامشاد لە دوای نیشتەجێبوونی لەلای ئەو ژنە ئیتر پەیوەندی لەگەڵ مندا بڕی و بەتەنها یەکجار کامشادیشم بینییەوە، ئەویش ئەو کاتە بوو بۆ شمەکەکانی گەڕایەوە بۆ کەمپەکە. ئیتر لەدوای ئەو ڕۆژە نە دیومە نە ئاگام لەهەواڵی هەیەو ئەمەشم چەندینجار بۆ باوەکریس گێڕاوەتەوە، کە خۆی لێرەیەو دەتوانێت گەواهی بدات، کە چەند بە لەدەستدانی کامشاد ئازارم چەشتووە....!. ئیتر ئەمە کورتەی

چیرۆکی پەیوەندی من و کامشاد بووە، بۆیە تکایە وەک پێشتر گوتت؛ کە ئێمە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین ئەو ببینین ڕێگامان بدە با بڕۆین....
دیسان بە خوێنساردییەوە گوتی؛ ببورە ئێمە نامانەوێت ئێوە بێزار یان تاوانبار بکەین، ئێمەش بۆ کاری خۆمان پێوسیتمان بە زۆرترین زانیاری لەسەر بکوژ و کوژراوەکان هەیە. هەندێ تاوان ڕوودەدەن زۆر ئاڵۆزن، چونکە ناتوانین زۆرترین زانیاریمان لەسەر بکوژەکە دەست بکەوێت، بەڵام سوپاس بۆ تۆ، کە ئەمڕۆ هاتیت بۆ ئێرەو ئەو هەموو زانیارییەت لەسەر ژیانی کامشاد بۆباسکردین، پێش تۆ هیچ زانیارییەکمان لەسەر ئەو کوڕە نەبوو، جگە لە هەندێکی کەم نەبێت لە دەمی خۆیەوە، بۆیە ئەمە دەتوانێت هاوکارێکی باش بێت بۆ لێکۆڵینەوەکانمان....
منیش بەپەلە نامەکەم دەرهێناو گوتم؛ من لەسەرداوای خۆی بۆ ئێرە هاتووم، ئەو لەنامەکەیدا بۆی نووسیوم، کە ئەگەر هاتم؛ هەموو شتێکم بۆ باس دەکات، بەڵام من نەمدەزانی مەسەلە کوشتن و شتی وەهایە.... پۆلیسەکە گوتی؛ مەسەلەکە هەر کوشتنێک نییە بەتەنها، بەداخەوە تۆ درەنگ هاتیت....
ئیتر خەریک بوو سەرم ئەئاوساو لە دڵی خۆمدا گوتم: سەیری ئەم سەگبابە ناکەیت، چ شەڕێکی دەروونیم لەگەڵدا دەکات، باشە ئێستا بۆ بە کورتی پێم ناڵێت: چی بووەو چی ڕوویداوە، تا منیش بە کورتی هەموو شتێکی بۆ ڕوون بکەمەوە، بۆیە هێندە تووڕەبووم، گوتم؛ بەڕێزم لەوە ناچێت ئەمڕۆ ئێمە بگەینە هیچ ئەنجامێک و من بۆ ئەم سەرئێشە نەهاتووم، کێ کوژراوەو چی ڕوویداوە بەجەهەنم، تکا دەکەم ڕێگامان بدە با بگەڕێینەوە، هیچ نەبێت فریای پاپۆڕەکەمان بکەوین....
دیسانەوە بە پێکەنینە ساختەکەی چاوێکی تری خستە سەرچاوەکانم و گوتی: ئێستا تۆ بۆ سەردانی هاوڕێکەت نەهاتوویت و ناتەوێت بزانیت چی بەسەرهاتووە؟ گوتم: بەڵی وایە.... لە وەڵامدا گوتی: ئێ دان بەخۆتدا بگرە با کەمێک شتەکان بۆ ئێمەش ڕوون بێتەوە. ئێمە پۆلیسین و لەهەر ڕووداو یان کارەساتێکدا پێویستمان بە زۆرترین زانیاری هەیە.... ئەمە پەیوەندی بە ئێوەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کارەکەی ئێمەوە هەیە تا زیاتر لە هۆکارو ڕاستی ڕووداوەکان تێ بگەین. ئەگەر هۆکارێکی دەروونی نەبێت، هیچ کەسێک نییە هەر لەخۆیەوە و بەبێ هۆ کەسێک بکوژێت، تەنانەت هۆکارە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانیش هەر هۆکاری دەروونیان هەیە ئەمەش بیانوو نییە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک ئەو مافە بەخۆی بدات کەسێک بکوژێت. دیارە هاوڕێکەی تۆش دەبێت هۆکارێکی دەروونی بۆ کوشتنی هاوسەرەکەی هەبووبێت، چونکە بەتەنها مەسەلەی خیانەت بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤێک نزیکترین کەسی خۆی بکوژێت، ئەگینا دەبوو لەم شارەدا ڕۆژانە دەیان کەس بکوژرایە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بۆ خۆی بوونەوەرێکی خیانەتکارەو لەهەر هەلێکدا بۆی هەڵبکەوێت خیانەت لە نزیکترین کەسی خۆی دەکات، ئەمەش وا لە ئێمە

دەکات بیانووی خیانەت بەس نەبێت بۆ کوشتنی کەسێک و دەبێت زۆر هۆکاری تر لە پشتی ئەو جۆرە تاوانانەوە هەبن، ئەمەش وا لە ئێمە دەکات تا ئەو جێگای تواناما‌ن هەبێت هەوڵ بدەین زۆرترین زانیاری لەسەر بکوژەکە پەیدا بکەین.
من خۆم وەک پیاوێک ئەوە دەزانم، کە گەورەترین ترس و دڵەڕاوکێی پیاوەکان لە ژنەکانیان ئەوەیە، کە ئایا خیانەتیان لێ دەکەن یان نا، بەڵام هیچ پیاوێک لەم دونیادا نییە ئەگەر بە خەیاڵیش بێت خیانەتی لەژنەکەی خۆی نەکردبێت، ئەوەش دەزانم هیچ پیاوێک ئەگەر لە دڵیشەوە لە ژنەکەی خۆی ڕازی نەبێت ئامادە نییە ڕاستگۆیانە وازی لێ بهێنیت و بەدوای ئەو نمونەدا بگەڕێت لە خەیاڵ و مێشکیدا هەیە، بەڵام کاتێک ئەزانێت ژنەکەی پەیوەندییەکی سروشتی یان ناسروشتی لەگەڵ پیاوێکی تردا هەیە کارەسات دەنێتەوە، لەکاتێکدا دۆستی ژنەکەی پیاوەو وەک ئەم بیر دەکاتەوە، کەچی تاوانبارەکە ژن دەردەچێت، کە خیانەتکارە!.
من وەک پۆلیسێکی لێکۆڵەرو هەم وەک پیاوێکی بە ئەزموون خەریکە لەو پرسیارە تێ دەگەم، کە بەردەوام دەڵێن؛ " پیاوەکان ناتوانن لە ژنان تێ بگەن"، کە دەبوو لە ڕاستیدا ئەو ڕستە بەم شێوەیە بوایە: 'پیاوەکان ناتوانن لە پیاوەکان تێ بگەن'، ئەمە کێشەیەکی گەورەی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە، لەبری ئەوەی هەوڵی تێگەیشتن لە خۆیان بدەن، بەدوای تێگەیشتنی ئەوانی تردا وێڵ و سەرقاڵن و کاتێک ناگەنە ئەنجام تووڕە دەبن و هەموو ڕق و قینی خۆیان بەسەریدا قڵپ دەکەنەوە.
لە ئەزموونی خۆمەوە گەیشتوومە ئەو بڕوایەی، تا مرۆڤ لە خۆی تێ نەگات بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لە هیچ کەسێکی تر تێ بگات. کاتێک مرۆڤ لەخۆی تێ دەگات و ئەو مافانەی بۆ خۆی بەڕەوا دەبینێ بۆ بەرامبەرەکەیشی بە ڕەوا ببینێت ئەوا بێگومان هیچ کارەساتێک لەنێوانیاندا ڕوونادات....
کێشەکە ئەوەیە زۆربەی هەرە زۆری پیاوەکان بۆ خۆیان بەڕەوای دەبینن لەگەڵ ژنی پیاوێکی تردا دەست تێکەڵ بکەن و هەموو شتێکی لەگەڵدا بکەن، بەڵام بۆ پیاوەکانی تر ئەو مافە بە ڕەوا نابینن ئەگەر مەیلیان بەلای ژنەکەی ئەمدا هەبێت وەک ئەوەی ژنەکانی ئەمان پیرۆز بن....
زۆربەی زۆری پیاوەکان ئەوەی بۆ ژنە بێگانەکانی دەکەن چارەکی ئەوە بۆ ژنەکانی خۆیان بکەن هیچ کاتێک بیر لەخیانەت و باوەشی پیاوێکی تر ناکەنەوە، ئیتر ئەمە سروشتی ئافرەتە، کە بوونەوەرێکە بەردەوام پێویستی بە سۆزو خۆشەویستی زیاتر لەلایەن پیاوانەوە هەیە، بەڵام کاتێک ئەم سۆزو خۆشەویستییە لەلای پیاوەکەی خۆی نادۆزێتەوە پەنا بۆ جێگایەکی تر دەبات و بەمەش زۆربەی جار دەکەوێتە داوی پیاوە خیانەتکارو ساختەچییەکان و فریو دەخوات، چونکە پیاو بەتەنها پێویستی بە لەشی ئافرەتە نەک دڵ و ڕۆحی، هەربۆیە کاتێک لێی تێر دەبێت پشتی تێ دەکات و باوەشی بە ڕوویدا دادەخات، بەڵام ئافرەت بە پێچەوانەوە دوا شت، کە

بیری لێ دەکاتەوە لەشی پیاوە، کێشەی ئافرەتان ئەوەیە هێندە تینوی سۆزو خۆشەویستین بە ئاسانی پیاوەکان دەتوانن بە هەندێ بەڵێن و قسەی بریقەدار فریویان بدەن....

پۆلیسەکە هێشتا لەسەر قسە پڕوپوچەکانی، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە هاتنەکەی ئێمەوە نەبوو بەردەوام بوو.... بۆیە منیش وەک ئاگر لەژێرمدا بێت هەرزوو بە تورەییەوە قسەکەم پێ بڕی و گوتم؛ بەڕێز؛ ئەگەر ڕوخسەت بفەرموویت ئێمە دەبێت بڕۆین و ئێرە بە جێبهێڵین، چونکە ڕێگاکەمان دوورە....!.

پۆلیسەکە دیسان بە پێکەنینە ساختەکەیەوە دەستێکی بە سمێڵە زەردە زلەکەیدا هێناو گوتی؛ سوپاس بۆ هاتنەکەتان، هەندێ کارتان لە کۆڵی ئێمە کردەوە بەوەی، کە دەبێت ئەم دۆسێیە لەلای خۆمان دابخەین، چونکە ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە هاوڕێکەت پێویستمان بوو ئەمڕۆ بەشێکی زۆریمان دەست کەوت، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆیت ناتەوێت دوا هەواڵی هاوڕێکەت بزانیت و ماڵئاوایی لێ بکەیت....؟.

لەوەڵامدا گوتم؛ لەوە دەچێت ئێمە بە مەیمون تێگەیشتبیت و وەک هەندێک خەڵکی بتەوێت بە ئازاردانی ئەوانی تر دڵی خۆت خۆش بکەیت!.

لەوەڵامدا گوتی؛ نا، ببورە، زۆرجار کارەکەی ئێمە وا دەخوازێت، داوای لێببورن دەکەم ئەگەر ئازارم دابن، چونکە مەسەلەی تاوان لەلای ئێمە قەت کۆتایی نایەت ئەگەر کەیسەکەیشی داخرابێت، ئەگەرچی کەیسی ئەو هاوڕێی تۆ کۆتایی هاتووە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دانەخراوە، بۆیە لەمڕۆوە کار لەسەرداخستنی ئەکەین....

منیش بە پەلە قسەکەم پێ بڕی و پرسیم؛ ئەمە مانای ئەوەیە ئازاد ئەکرێت....؟.

سەرێکی بەداخەوەیی ڕاوەشاندو لێی پرسیم؛ کە ئایا ئەو هەواڵێکی لەوجۆرەی بیستووە، کە کامشاد ژنە دۆستەکەی کوشتووە؟. منیش گوتم: نا، هیچکات بڕواش ناکەم ئەو کاری لەو جۆرە بکات....

لەوەڵامدا گوتی؛ با کردوویەتی و لە دادگا نەک هەر دانی پێدا ناوە، بەڵکو پێداگری لەسەر ئەوەش کردووە، ئەگەر ئێستاش زیندووبێتەوە هەر دەیکوژێتەوە، چونکە ئەوە مەسەلەی شەرەفە....

منیش گوتم؛ کەواتە ژنەکەی خیانەتی لێکردووە؟.

پۆلیسەکە لەوەڵامدا گوتی؛ بەڵێ ئەوە ڕاستە، کامشاد بە هۆی ژانە سەرەوە ڕۆژێک لە سەر کارەکی زووتر لەکاتی خۆیدا بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، دەبینێت ژنەکەی لە ژووری نووستن لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدایە، ئیتر ئەمیش لە ئاشپەزخانەکە چەقۆیەک هەڵدەگرێت هەر بە ڕووتی لەناو جێگاکەدا ژنەکە بەرچەقۆ ئەدا....

بەڵام ڕووداوەکە هەر ئەمە نییە!

منیش پرسیم ئەی چییە؟.

پۆلیسەکە لەوەڵامدا گوتی؛ دوای ئەوەی دادگا بڕیاری زیندانی هەتا هەتایی بۆ بڕییەوە، دوای نزیکە ساڵێک لەم زیندانەی ئێمەدا باری تەندرووستی زۆرخراپ بوو، هەندێجار بەهەفتە بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات دەگریا و جاری وا هەبوو شێتگیر ئەبوو، لەگەڵ زیندانییەکاندا دەیکرد بە هەراو بەردەوام کێشەی بۆ دەنایەوە، بۆیە ناچار بووین لە ڕێگای دەرمانی هێورکەرەوەو دژە خەمۆکی ئارامی بکەینەوە، ئەوەبوو پێش پێنج شەش مانگ باری تەندرووستی جێگیر و زۆر باش بوو بوو، ئەگەرچی غەمگینی هێشتا لە ڕوخساریدا بەدی ئەکرا. ڕەنگە ئەو نامەشی هەر لەوکاتەدا نووسیبێت، بەڵام بەداخەوە درەنگ بەدەستی ئێوە گەیشتووە.... ناتوانم بڵێم؛ ئەگەر زووتر بە دەستتان بگەیشتایە ڕەنگە ڕێگای لە خۆکوشتنی بگرتایە، چونکە ئێستا هەرچی بڵێین زیادو بێ کەڵکە....

هەرکە گوێم لە وشەی خۆکوشتن بوو دڵم تەپە تەپ دەستی بە لێدانی خێرا کردو دەستەکانم دەلەرزین و لێوم یەکیان نەدەگرت، بۆیە بە بچڕ بچڕ پرسیم؛ ئەو خۆی خۆی کوشت.... هەر بەڕاست خۆی کوشت....؟.

لەوەڵامدا گوتی؛ بەڵێ، بەشێوەیەکی زۆردڵڕەقانەو چاوەنواڕ نەکراو، کە ئێمەی توشی شۆک کردووەو هێشتا بەردەوام بۆ دووبارە نەبوونەوەی هەمان ڕووداو سەرقاڵی لێکۆڵینەوەین....

من هێشتا هەموو گیانم ئەلەرزی، بەسەر پۆلیسەکەدا قیژاندم، لەو کاتەوە ئێمەت لێرەدا ڕاگرتووە بۆ ئەوەی ئەو هەواڵەمان پێ بڵێیت!.

دیسان بە خوێنساردییەوە گوتی؛ داوای لێبوردن دەکەم ئەوە ئەرک و کاری ئێمەیە، ئەگەر ئێوە هیچ پرسیارێکتان نەماوە ئەوا منیش هیچ پرسیارێکم نەماوە.

بە قورگی پڕ لە گریانەوە پرسیم؛ دەتوانیت پێمان بڵێیت، لاشەکەی لە کوێ نێژراوە؟.

لەوەڵامدا گوتی؛ بەداخەوە ئەو کەسانەی هیچ میراتگرو کەسێکیان لەدوای خۆیان نییە سەرپەرشتی تەرمەکەیان بکەن دوای ماوەیەک ئەسوتێنرێن....

***** ***** *****

دوای ئەوەی بە پەلەپرۆزە فریای دوا پاپۆڕ بۆ گەڕانەوە کەوتین، من هێشتا بەکوڵ دەگریام و هەموو ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ کامشاددا بەسەرم بردبوون وەک فیلم بە بەرچاوەکانمدا دەهاتن و دەچوون. ئەو ماوەیەی من و کامشاد لەیەکتر دابڕاین و چیتر چاومان بەیەکتر نەکەوتەوە تا ڕادەیەک من مەیلبڕ بووبووم و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەیادەوریمدا کاڵ دەبوویەوە، بەڵام لەدوای ئەو هەواڵە هەموو یادەوەرییەکان وەک تارماییەکی ترسناک گەمارۆیان دام....

مسیۆ؛ تا ماوەیەکی زۆر تارمایی کامشاد بە بەردەوامی بەدوامەوە بوو، بۆ هەر شوێنێک دەڕۆیشتم یان لەبەردەمدا بوو یان لە تەنیشتمەوە. لە دوای ئەو هەواڵەوە وەک ئەو کاتانەی ئەکەوتینە ناو هەر مەترسییەکەوە توند دەستی دەخستە ناو دەستمەوەو شانی پێوە ئەلکاندم هەمیشە هەستم بە بەرکەوتنی شانی و دەستی لەناو دەستمدا دەکرد.... هەرکاتێک بۆ ئالیکی ئاژەڵەکان ئەڕۆشتمە ناو کادانەکەوە یان هەر شوێنێکی ترەوە هەستم بە بوونی لەگەڵمدا دەکرد.
شەوان کاتێک ئەنووستم وەک میوانخانەی پەپولە سپییەکان هەستم دەکرد لەتەنیشتمەوە پاڵکەوتووەو بە قورسی هەناسە دەدات.... دەڕۆیشتم بۆ ناو ڕەزەکان لەوێ ئەمبینی، ئیتر تا ماوەیەکی زۆر ئەو تارماییە بە شوێنمەوە بوو، بۆیە خەریک بوو تێک دەچووم و ژیانم بەرەو وێرانەیەکی خراپ دەڕۆیشت، تا ڕۆژێک باوە کریس لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ لای پزیشکێکی دەروونی و هەموو شتێکی سەبارەت بە ژیانی ڕابردووم تا کارەساتی مردنی کامشاد بۆ گێڕایەوە، کەوا لەدوای خۆکوشتنی هاوڕێکەیەوە تەواو پەشێوحاڵ بووەو بەهیچ شێوەیەک بڕوا ناکات هاوڕێکەی مردبێت و دەڵێت؛ وەک تارماییەک لەگەڵمدا ئەژی....
پزیشکەکە؛ دوای ئەوەی سەرێکی لەقاند، گوتی: ئەوە حاڵەتێکی ئاساییە هەموو ئەو کەسانەی کەسێکی نزیکیان لەدەست دەدەن و بەتەنها لە ڕێگای هەواڵەوە ئەیبیستن و ناتوانن لە پرسەی دوا ماڵئاوییەکەیدا ئامادە بن نەتوانن بڕوا بە مردنی کەسە لەدەستچووەکەیان بکەن، ئەمەش ناتوانم بڵێم؛ دوای چەند ساڵێک بەتەواوەتی ئاسەواری ئەو بیرکرنەوە بنبڕ دەبێت، بەڵام دەتوانم بڵێم؛ لەدوای هاتنە دەرەوە لە خەمۆکی تازێباری، کە زۆرکەس لە دوای بیستنی هەواڵی مردنی کەسە نزیک و خۆشەویستەکانیان توشیان دەبێت تا ڕادەیەکی زۆر ئاسەواری ئەو بیرکردنەوەش کاڵ دەبێتەوە، بۆیە ئەوەی لە ئێستادا بۆ ئێمە پێویستە چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە دەربازبوونیەتی لە خەمۆکی تازێباری. ئەگەرچی ناتوانم بڵێم؛ ئەم نەخۆشییە مەترسیدارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەترسیدارە ئەگەر بە زوویی چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرێتەوە، بۆیە من چەند دانە حەبێکی بۆ ئەنووسم وەک چارەسەرێکی سەرەتایی، ئەمەش دەبێت دواتر لە کاریگەری حەبەکەو کاردانەوەکانی لەشی بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ چارەسەرکردنەکەدا بەردەوام بین....
مسیۆ؛ سوێند بەو شەرابەی هەر لەگەڵ خواردمانەوە دەمامکەکانمان دادەماڵێت و ڕووی ڕاستەقینەی خۆمان دەردەخا دوای بەکارهێنانی چەند دەنکە حەبێک نەک کامشاد، خۆیشم لەبیرچووەوە... ئەو پزیشکە نەعلەتییە پاکەتە حەبەکە پێیدام تەنها دە دانەی تێدا بوو، دەبوو دە ڕۆژ بەکاریان بهێنم و دوای دە ڕۆژەکە سەردانی بکەمەوە تا بزانێت کاریگەرییەکەی لەسەرم چۆن بووە، بەڵام من سێ ڕۆژ زیاتر

بەکارم نەهێنا، چونکە خەریک بوو تێکی دەدام، مێشکمی بە جۆرێک پڕ لە ژاوەژاو کردبوو بۆ یەک ساتیش نەمدەتوانی بیر لەشتێک بکەمەوە، کاتێک دەمویست بیر لە کامشاد بکەمەوە لەخۆیەوە مێشکم لەسەر شتێکی تر کلیکی دەکرد، بە جۆرێک گیزەگیزو سەرقاڵییەک لەناو مێشکمدا پەیدابووبوو جگە لەقاقاو پێکەنین بەخۆم و دونیا هیچی ترم لەدەست نەدەهات.

ئەو ماوە بە شێوەیەک توشی نەخۆشی پێکەنین بووبووم باوە کریس وای دەزانی شێت بووم. بە ئێستاشەوە هەرکاتێک بیر لەو دەنکە حەبە پیسە دەکەمەوە، سەرم لەوە سوڕدەمێنێ حەبێکی هێندەی دەنکە نیسکێک چۆن توانای تێکدانی مێشکی مرۆڤی بەو شێوە هەیە! لەهەمووی ناخۆشتریش ئەوەبوو خەوی لێ تاڵ کردبووم، بە بەردەوامی دەمم وشک و ئیشتیهای خواردن و هیچم نەمابوو. دەتوانم بڵێم؛ تا نزیکەی دوو هەفتەش تەواو ماندو بێ حەواس تاقەتی هیچ شتێکم نەبوو، جگە لەوەی وەک مێشێکی بەدەرمان گێژبوو هەر بەدەوری خۆمدا ئەخولامەوە....

مسیۆ، پەندێک لەلای ئێمە هەیە دەڵێت: "باشی مەکە با خراپ نەبێت" من ئاوام لێهاتبوو، بە باوە کریسم دەگوت؛ ئەم بەڵا چییە بەسەرت هێنام، ئەمە چ چاکەیەک بوو لەگەڵتدا کردم!. کەچی ئەو هێشتا بڕوای وابوو پزیشکەکان لەخۆیانەوە دەرمانی خراپ بە نەخۆشەکانیان نادەن و دەبێت من لەسەر بەکارهێنانی بەردەوام بم، بەڵام من بەگوێم نەکردو چیتر نەک هەر حەبەکانم بەکار نەهێنا بەڵکو تا ئەم تەمەنە جگە لەوەی بۆ دەرهێنانی دانەکانم سەردانی پزیشکم کردووە سەردانی هیچ پزیشکێکم نەکردووە، ئەگەرچی دەیانجار توشی نەخۆشیش هاتووم....

منیش قسەکەم پێ بڕی و پرسیم؛ ئێ دوایی چۆن توانیت بەسەر کۆستە گەورەیەدا زاڵ بیت؟.

لەوەڵامدا گوتی: مسیۆ، یادەوەرییەکانی مرۆڤ وەک ئەو وێنەو نووسینانە وایە لەسەر لمی کەنار دەریاکان دروستیان ئەکەین، بەڵام لەگەڵ هاتنی شەپۆلەکاندا کاڵدەبنەوەو دواتریش بۆ هەتا هەتایە دەسڕێنەوە....

نازانم بۆم باس کردوویت یان نا، یەکێک لە ئومێدەکانی من بۆ ژیان ئەوەبوو ڕۆژێک بتوانم بگەڕێمەوەو داژۆی برام لەگەڵ خۆمدا بۆ ئێرە بهێنم و پێکەوە ژیانێکی ئاسایی دروست بکەین، ئیتر ئەمە تەنها هیوایەک بوو لەبەردەممدا بتوانم ململانێی سەختییەکانی ژیانمی پێ بکەم، بەڵام.....!

پرسیم؛ بەڵام چی؟.

بەڵام ئەوە بەتەنها ئومێدێک بوو بەس، ئەگەرچی باوەکریسیش زۆر هانیدام سەردانێکی نیشتیمان بکەمەوەو بە دیداری داژۆی برام ە کەس و کارەکەم ئەگەر مابن شاد ببمەوە، تەنانەت بەڵێنی ئەوەیشی پێدام هاوکاری تەواوم بۆ هێنانی

بکات و هەموو پێداویستییەکانم بۆ جێ بەجێ بکات، بەڵام کاتێک بیرم لەو کارە دەکردەوە دەترسام، ئا دەترسام.....
دیسان شایگانی پوژمان هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو جگەرەیەکی داگیرساندو مژێکی قوڵی لێداو بە بێدەنگی لە شەپۆلی دەریاکانی دەڕوانی. کاتێک ئەو بە بێدەنگی نیگاکانی لەسەر دەریاکە قوڵکردبووەوە لە ڕێگای ئەو ڕوناکیانەی سەر ڕومەتیان ڕۆشنکردبووە فرمێسکەکانیم دڵۆپ دڵۆپ دەبینی قورس بەردەبوونەوەو پێستە وشکەکەی ڕوخساریان تەڕ دەکرد، بۆیە ماوەیەک لێی گەڕام تا خۆی هاتەوە قسە....
مسیۆ؛ ئەوانەی بەهەر هۆیەک ناچار دەبن یان دەکرێن نیشتیمان بەجێ بهێڵن، هەمیشە بۆ هەر کوێیەک بڕۆن نیشتیمان لەگەڵ خۆیاندا دەگێڕن، بۆیە بۆ تاراوگەنشینان گەورەترین خەم نیشتیمانەکەیانە بە کۆڵیانەوە. هەموو کەسێک دەتوانێت نیشتیمانەکەی بەجێبهێڵێت بەڵام هەرگیز ناتوانێت لەناخیدا بیسڕێتەوە، ئەوانەی نیشتیمان بەجێ ئەهێڵن لە دانیشتوانی نیشتیمان زیاتر لەگەڵ نیشتیماندا دەژین. مرۆڤ لە تاراوگە ئەگەر نیشتیمان لە ڕۆحی دەربهێنیتە دەرەوە بەرگەی یەک ڕۆژ ژیان ناگرێت. بەپێی ئەزموونی خۆم و قسەی زۆرێک لەو تاراوگەنشینانەی بە ڕێکەوت لەم دورگەدا چاوم پێیان کەوتووە، کە هەریەکەیان خەڵکی وڵات و قارەیەکی جیاواز بوون یەک شت دەڵێن، ئەویش ئەوەیە؛ هەمیشە نیشتیمانی ناخی تاراوگە نشینان بە دانیشتوانەکەیەوە لە نیشتیمانی ڕاستەقینە جوانترە، چونکە ئەو نیشتیمانە جوانەی مرۆڤ سی بۆ چل ساڵ پێشتر لەخۆیدا هەڵیدەگرێت و یادەوەرییە جوانەکانی ئەپارێزێت هەمان ئەو نیشتیمانە نییە ڕۆژ بە ڕۆژ لەلایەن سیاسەت و گەمەکانی دەسەڵاتەوە ناشیرین ئەکرێت، خەڵکەکەی هەمان ئەو خەڵکە سادەو جوانە نییەو گۆڕانی گەورەو ڕیشەیی لە بیرکردنەوەو ئەخلاقیاندا ڕوویداوە....
ئەوەی هەمیشە منی لەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان دەترساند ئەوەبوو، نیشتیمان بەدەست جەنگەوە بە شێوەیەک وێران و ناشیرین کراوە ڕەنگە نەیناسمەوە. دەترسام ئەو نیشتیمانە وێرانکراوە وێنە جوانەکەی نیشتیمانی ناو ناخم بشێوێنێ و چیتر هەست نەکەم ڕۆژێک لە یەکێک لە گەڕەکانیدا لەدایک بووم و لەکۆڵانەکانی بەمناڵی گەمەم کردبێت، دەترسام لەگەڕانەوەدا فلامەرزی سەگکوژ نەبینمەوە، دەترسام داژۆی برام لە ژیاندا نەمابێت و جەنگ ئەویشی قوتدابێت، دەترسام بیتای بچکۆلەی خوشکم وەک پیرەژنێکی جگەرسوتاو ببینم یان بەدەست ستەمی پیاوێکی کەللەڕەقی وەک باوکمەوە مەرگ بەئاوات بخوازێت.... دەترسام ئەو مرۆڤە جوانانەی هێشتا لەناو مندا بە زیندوویی دەژیان لەناوچووبێتن....

بیرکردنەوە لەو مرۆڤە جوانانەی لەناو بیرو خەیاڵی ئێمەدا ماڵێکی جوانیان دروستکردووە هەروا ئاسان نییە بەدەستی خۆمان وێرانی بکەین، چونکە ئەو کات بۆ خۆیشمان وێران دەبین....

مسیۆ، بۆ من ئەوەندە ئاسان نەبوو ئەو ماڵە جوانەی لە ناخمدا هەموو یادەوەرییە شیرین و جوانەکانم بە درێژایی تەمەنم تیا هەڵگرتبوو بکەمە گۆڕستانێک و دانە بە دانەیانی تێدا بنێژم. من هێشتا لەگەڵ وێنە جوان و میهرەبانییەکەی دایکمدا ئەژیم، هێشتا دایکم پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی بەردەوام بم لە ژیان و نەکەوم، دەترسام لەوەی بگەڕێمەوەو داژۆی برام یان خزمێکم دەستم بگرێت و گۆڕەکەیم لە گۆڕستانێکدا پێ نیشان بدات و بڵێت دایکی تۆ ئا لێرەدا، لەژێر ئەم پارچە زەویەدا نێژراوە....!.

هەرچەند ئەو ماوە بیرم لە گەڕانەوە دەکردەوە، یادەوەرییەکان بەشێوەیەک سەریان دەکردە ناو بیرکردنەوەم وەخت بوو تێکم بدەن، بۆیە بۆ ڕاکردن لەو ڕەنج و ئازارانە سەرم کردە سەر مەیخواردنەوە، ئەمەش لە حەبەکە کەمتر کێشەی بۆ دروست نەکردم، چونکە کاتێک ئەمخواردەوە چیم لە دڵ و دەروونداا بوو بەجارێ هەڵئەڕشت و خۆم دەکرد بە سینەمای گوندەکە، با ئەوەش لەولاوە بوەستێت چەند کێشەم بۆ خۆم و باوەکریس دروست کرد....

ماوەیەکی زۆر بە ئازارانەوە ژیانم گوزەراند، تا ئێوارەیەک باوە کریس بانگی کردم بۆ لای خۆیی گوتی: کوڕم، من زۆر باش لە تۆ تێدەگەم، لە هەموو ئازارەکانت تێدەگەم، هەرچی بکەیت مافی خۆتە، بەڵام ئەوە بزانە هەموو کەس وەک من لە تۆ تێناگات، بۆیە من ڕێگایەکت بۆ دەدۆزمەوە کەمێک لەم دڵتەنگی و ئازارەت کەم بکاتەوە. ئیتر ئەوە بوو پێشنیاری ئەم شوێنەی بۆ کردم....

ڕۆژێک پێکەوە هاتینە ئێرەو شەوێک لێرە لەگەڵمدا مایەوەو گوتی: ئەم جێگا تەنها شوێنێکە دەتوانییت بۆ خۆت چی لە دڵ و دەروونتدا هەیە هەڵیڕێژیتە ناو ئەو دەریاوە. دەتوانیت تا توانات هەیە لێرەدا بگریت، بقیژێنیت، جنێو بدەیت و بەدڵی خۆت گۆرانی بڵێیت، دەریا بە سنگفراوانییەوە هەمووی لەناو خۆیدا کپ و خامۆش دەکات، تۆش کەمێک بەتاڵ ئەبیتەوە.....

مسیۆ، تۆ پرسیت، کە چۆن لەو خەمۆکییە ترسناکە هاتمە دەرەوە بەبێ ئەوەی بەردەوام بم لەسەر چارەسەری پزیشکەکە؟

بۆ دەربازبوون لە خەمۆکی تازێباری و هەموو دەردەکانی تر دوو شت کۆمەکیان پێکردم، یەکەمیان ئەم دەریای لەبەردەماندایەو دووەمیان مۆسیقا، کە ئەویش قەرزاری ئارمانم. ئەو دەیگوت؛ لەهەر کوێیەک مۆسیقا هەبێت خوداش لەوێیە، خوداش لەهەر کوێیەک بێت میهرەبانی و دادپەروەری لەوێیە، بۆیە هەرکاتێک بە دوای میهرەبانی و دادوەریدا گەڕان دەبێت گوێ لە مۆسیقا بگرن. تەنها شتێک ئێمە

لەهەر دەردو بەڵایەک بپارێزێت و ڕزگارمان بکات مۆسیقایە، بۆیە ئەو شەوانەی بێتاقەتی تا سنوری خۆڵەنابردن لە ڕۆحمدا شۆڕئەبوویەوە ئارمان دەهات و مۆسیقای بۆ دەژەندم ئیتر منیش لەگەڵیدا دەستم بە گۆرانی گوتن دەکرد....

*****　　　　*****　　　　*****

بە پێی ئەو چەند شەوەی گوێم لە چیرۆکی ژیانی شایگانی پوژمان گرتبوو، لەوە تێگەیشتبووم، کە ئارمان و کچەی مۆسیقا ئەو کوڕو گەنجە جوانەبوون لە باخچە دڵگیرەکەی ناو شار پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە مۆسیقایان دەژەند و ڕۆحی ئەو خەڵکەیان لەگەڵ ئاوازەکانیاندا هێنابووە جۆش، بۆیە وەک ئەوەی هەواڵێکی خۆشم بۆ شایگانی پوژمان لەگەڵ خۆمدا هێنابێت گوتم؛ شایگان ئەوان هێشتا زیندوون و وەک دوو عاشق لە پارکەکاندا مۆسیقا بۆ ژیان ئەژەنن.... من بە چاوەکانی خۆم پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە بینیمن و هەمان ئەو ئاوازەیان دەژەند، کە تۆ ئەتخوێند، کەواتە دڵت خۆش بێت ئەوان هێشتا زیندوون و مۆسیقا بۆ ژیان ئەژەنن....
وەڵامەکەی شایگانی پوژمان بزەیەکی سارد بوو. پێکێکی هەڵداو جگەرەیەکی داگیرساند. دوای ئەوەی مژێکی قوڵی لێدا گوتی: مسیۆ، دەزانم، پێش ئەوەی تۆ بۆ ئێرە بێیت، گوێم لێ بوو ئاوازە غەمگینەکەی ڕابردوویان دەژەند، بۆیە منیش لێرەوە لەبەر خۆمەوە ئەو گۆرانییەم دەگوتەوە. هەرکاتێک دڵتەنگی و خەمۆکی وەک تارماییەک دێن و لەسەر دڵ و ڕۆحم هێلانە دەکەن و منیش جگە لە خۆکوشتن بیر لەهیچ شتێکی تر ناکەمەوە مۆسیقاکەی ئارمان دێت و پەنجەرەیەکی ڕوناک لەسەر دڵم دەکاتەوەو سەرلەنوێ بەژیان ئاشنام دەکاتەوە، من ئەوە دەزانم، ئەوان بەتەنها لێرە نین، ئەوان لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیان....
ئەوان ڕۆحی خودایان لە گەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە، ڕۆحی خوداش لەناو تاڵ بەتاڵی ژێی سازەکانیادایە، بۆیە هەرکات ئێمە توانیمان لە ڕۆحی سازەکان تێبگەین و خۆشمان بوویت ئەوا ئەو کات لە هەر جێگایەک بین بە ئاسانی دەتوانین هەست بە ڕۆحی خودا بکەین، کە لەگەڵماندایەو دەمانپارێزیت....
منیش پرسیم؛ ئەی ناتەوێت جارێکی تر چاوت پێیان بکەوێتەوەو لەگەڵیاندا سەبارەت بە هەموو ڕووداوو کارەساتەکان قسەیان لەگەڵدا بکەیت؟.
لەوەڵامدا گوتی: مسیۆ، ئارمان بەردەوام یەک قسەی دەکرد، ئەویش ئەوە بوو، کە دەیگوت؛ ئەگەر قەدەر بێت ئەوا ئێمە لەهەر شوێنێکی ئەم دونیادا بێت چاومان بەیەک دەکەوێتە، بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێت هەرکاتێک پێویست بکات من لێتەوە نزیکم، بەڕاستیش لەهەر جێگایەکدا گوێم لە پارچەیەک مۆسیقا گرتبێت یان گۆرانیم گوتبێت ئارمان و کچەی مۆسیقا لەتەنیشتمەوە ئامادە بوون....

ئیتر ئەوان دوو عاشقی خوداییین و تا ئێمەو دونیا بمێنێت هەر ئەمێنن و لەناو ناچن، هیچ هێزێک و کەسێک ناتوانێت لەناویان بەرێت، چونکە ئەوان لەهەموو قوژبنێکی ئەم دونیادا هەن و هەرکاتێک و لەهەر شوێنێکدا بیانەوێت بە ئاسانی دەتوانن بڕۆنە ناو خوێن و دڵی مرۆڤەکانەوە....

مسیۆ بنوو، کات درەنگی کردووە، وا ئەستێرەی بەیانیش هەڵهات، سبەی دەبێت خۆمان بۆ سەفەری گەڕانەوە ئامادە بکەین، شەپۆلەکانیش خەریکن لە ژەندنی دوا ئاوازی خۆیان ماندوو دەبن، ئەگەر مرۆڤ گوێگرێکی باش بێت ئەوا شەو پڕە لە ئاواز.

زۆرجار بیر لە ناڵەو هاواری ئەو شەپۆلانە دەکەمەوە بە درێژایی شەو خۆیان بەکەنار و گابەردەکاندا دەکێشن هەست دەکەم ئەوانیش سکاڵا لەبەختی خۆیان بکەن یان بەدەم ئازاری شەوەوە شێت بووبن، کێ ئەزانێت چی لەخەیاڵی ئەو شەپۆلە بەدبەختانەدا هەیە بەردەوام وەک کەسێک هەوڵی خۆکوشتن بدات بەهەموو هێزی خۆیان چی تووڕەبوونیان هەیە لە کەنار و گابەردەکاندا خاڵی دەکەنەوە. لەگەڵ هەڵهاتنی هەتاوی بەیانیشدا وەک دەرمانی ئارامکەرەوەیان خواردبێت هێمن دەبنەوە و ئۆقرە ئەگرن و لەبەر تیرۆژەکاندا وەک ئاوێنە ئەبریقێنەوە....

ئیتر مسیۆ، ئەم ژیانەش وەک ئەو شەپۆلانە وایە، چەند هات و هاواری تێدا بێت دواجار بۆ خۆی ئارام دەبێتەوە. تۆ سەیر بکە ئاگر چەند بەخێرایی کڵپە بسێنێت و نێڵە نێل بکات دواجار بە خێرایی خامۆش دەبێت و جگە لەخۆڵەمێشێک هیچ لە شوێنی خۆی بەجێناهێڵێت، ئەمەش بۆ ئێمە ڕاستە، بۆیە چەند فوغان و دادوبێداد بکەین دواجار بۆ هەتاهەتایی بێدەنگ دەبین و ڕەنگە وەک ئاگرەکەش بەختی ئەوەمان نەبێت خۆڵەمێشێکیشمان لەشوێن بەجێ بمێنێت، بۆیە پێویست بەهیچ هات و هاوارو خۆماندووکردنێک لە پێناو ژیاندا ناکات و چۆن هات وەک خۆی لەگەڵیدا بڕۆو لەهەر شوێنێکدا وەستا لەگەڵیدا بوەستە.

مسیۆ، وەک جاری پێشوو هیچ قسەیەکت نەکرد، ئەوە چەندین شەوە منیش وەک ڕادیۆیەکی شکاو لەبەرخۆمەوە قسەو وڕێنە دەکەم بۆیە لەقسەکردنیش تەواو ماندوو بووم، جا لەچی ماندوو نەبووم....؟.

مسیۆ، گەیشتوومەتە جێگایەک لەژیان هەرچی بە هۆشمدا گوزەر بکات ماندووم دەکات، هەموو شتێک ماندووم دەکات، ژیان، نیشتیمان، غوربەت، تەنهایی هەر هەموویان ماندووم دەکەن، بەڵام ئەوەی لەهەموو کەس زیاتر ماندووم دەکات خۆمم، خۆم لەهەموو کەس زیاتر ماندووم دەکات، بۆیە تا نەتوانم خۆم لەدەستی خۆم ڕزگار بکەم ئاسودە نابم....

........................

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی هاوڕێی ئازیزم کاکە گەشبیر ئەحمەد دەکەم، بۆ پێداچوونەوەو هەڵەچن، نمونەیان زۆر بێت